www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاْوكردنەوەی موكریانی

# مەندەلی

## ئەندێشەی هەوار و ئەفسوونی ڕۆژگار

# مەندەلی

## ئەندێشەی هەوار و ئەفسوونی ڕۆژگار

**حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی**

لە عەرەبییەوە

**عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)**

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مەندەلی ئەندێشەی هەوار و ئەفسوونی ڕۆژگار**
- نووسین: حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)
- نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران ڕواندزی
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: ( ٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار
- چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٤
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٣٥٧)ی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (١١٥٨)**

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێڵ:** info@mukiryani.com





www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

# بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

**ئەم بەرهەمە پێشکەش بە:**

- سەرۆک بارزانی نەمر
- شەهیدی نەمر ئیدریس بارزانی
- سەرۆک مەسعود بارزانی پێشمەرگە
- شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان
- خەڵکی مەندەلی ڕاگوێزراو و دوورخراوە و دەرکراو
- خەڵکی مەندەلی ئەوانەی زیندوون و بەخۆراگری ماونەتەوە
- شەهیدان و کۆچکردووان.

# سوپاس و پێزانین

خۆشحاڵم و جێی شانازیمە، کە ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوم بەو ناوانە خوارەوە پێیشکەش بکەم، بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششە دڵسۆز و وردانەی داویانە، کە لە نووسینی ئەم پەرتووکە سوودی زۆرم لێ بینیووە، لە دڵەوە هیوای چاکە و لەخودای گەورەشەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم

- مامۆستا عەزیز حمە ناصر
- میدیاکار سوبحی مەحمود مەندەلاوی
- ئیسماعیل سایە میر هاشمی یاساناس
- شێخ حەیدەر صەفر قەرەلوسی
- بەڕێز خەلیل حاجی مەحموودی مەندەلاوی
- بەڕێز ڕودام ڕەزوان عەبدی قەرەلوسی
- بەڕێز سەعد عەزیز ئاغا نەقیب
- مامۆستا سەباح ناجی مەندەلاوی
- مامۆستا مستەفا محەمەد ئەحمەد مەندەلاوی
- مامۆستا ڕحمان ڕەزوان خانگە مەندەلاوی
- مامۆستا ئەحمەد حەمەد مەندەلاوی توێژەر و ڕەخنەگر و شاعیر و ئەدیب

- مامۆستا محەمەد مەندەلاوی نووسەر و توێژەر
- ئیدریس حوسێن فەیزوڵا مەندەلاوی/ دیزاینەری کتێبەکە لە چاپی عەرەبی
- سەلام مەحموود مەشهەدانی هونەرمەندی شێوەکاری، وێنەی دەربڕینی سروشت و مێژووی مەندەلی کێشاوە
- هەریەکە لە کوڕەکانم (دڵشاد و سازان) و نەوەکەم (لێزان مەحموود مەشهەدانی)



# مەندەلی بەشێکی عەزیزە لە کوردستان

**سەرۆک مەسعود بارزانی**

**بارەگای بارزانی**
نووسینگەی تایبەت

**مقر البارزاني**
المكتب الخاص

---

**بەڕێز، کاک حسین فیض الله المندلاوی**

**سلاو و ڕێز ...**

دیارییەکەتان بەسوپاسەوە، کتێبی (مندلي سحر المكان وعبق الزمان)، بە دیاری بۆ جەنابی (سەرۆك بارزانی)تان ناردبوو بەدەستمان گەیشت.

دەستخۆشیتان لێ دەکەین، ئومێدی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی زیاترتان بۆ دەخوازین.

**نوسینگەی تایبەت**

**16ی ئاداری 2023**

---

Tel: +964 (0) 750 444 1008
Email: barzani@barzanihq.org

ڕێز و سوپاس لە سەرۆک مەسعود بارزانییەوە بۆ نووسەری کتێبەکە



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
دەستەی کارگێڕ

الحزب الديمقراطي الكوردستاني
المكتب السياسي
الهيئة العاملة

الأستاذ حسين فيض الله المندلاوي

تحية واحترام

وردنا نسخة من كتابكم القيّم (مندلي سحر المكان وعبق الزمان) شكراً لهذه الهدية الجديرة، ونشكر سعيكم الكريم والبنّاء في اعداد هذا الجهد الكبير والمهم، وفقكم الله بما فيه خير شعبنا الكريم وطننا الغالي ودمتم بكل خير.

أخوكم
فاضل ميراني
مسؤول الهيئة العاملة للمكتب السياسي

ڕێز و سوپاسی مامۆستای بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی گشتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ نووسەری کتێبەکە

بەرێز ( حسين فيض الله مندلاوي )

**سوپاس و پێزانین**

بە ناوی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بۆ نووسینی کتێبی ( **مندلي سحر المكان وعبق الزمان** ).

ئەم کتێبە دەبێتە هۆکارێکی باش و سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەوانەی گرنگی بە بواری مێژوو دەدەن، ئەوەی لە نێو ئەم کتێبە تۆمارکراوە، گرنگی لەوەدایە کە ئەزموونەکان بە زیندووی دەهێڵێتەوە.

سوپاستان دەکەین و هەر سەرکەوتووبن.

**د. سالار عوسمان**

**بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن**

2023.2.12

ڕێز و سوپاسی مامۆستای بەڕێز دکتۆر سالار عوسمان بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ نووسەری کتێبەکە



وێنەی دەربڕینی سروشت و ڕیشەی مێژوویی مەندەلی بە فلچەی
هونەرمەند سەلام مەحموود مەشهەدانی

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| دەروازە | ٢٣ |
| **باسی یەکەم**<br>**مەندەلی: لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە** | ٢٩ |
| یەکەم: ناوەکانی مەندەلی بەدرێژایی سەدەکان | ٢٩ |
| دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافیی مەندەلی | ٣١ |
| سێیەم: سروشتی خاکی مەندەلی گەنجینەیەکی نەبڕاوەیە | ٣٩ |
| چوارەم: ئاو لە مەندەلی | ٤٧ |
| **باسی دووەم**<br>**مەندەلی: لە ژێر ڕۆشنایی دۆزینەوە شوێنەوار و هەڵکۆڵینەکان و قۆناغە مێژووییەکان** | ٦٨ |
| یەکەم: شوێنەوارەکانی مەندەلی بەگوێرەی ڕای زانایان و پسپۆڕان | ٦٨ |
| دووەم: ئەو شوێنەوارانەی لە مەندەلی دۆزراونەتەوە | ٧٤ |
| سێیەم: قۆناغە مێژووییەکانی شاری مەندەلی | ٧٧ |
| چوارەم: کتێب و سەرچاوە سەبارەت بە واقیعی مێژوویی مەندەلی | ٨٤ |
| پێنجەم: مێژووی تازەی مەندەلی | ١٠٤ |
| **باسی سێیەم**<br>**گەشتی خەبات لە مەندەلی لەماوەی سەدەی بیستەم** | ١١٥ |
| یەکەم: مەندەلی و بڵاوبوونەوەی بیری کۆمونیستی | ١١٥ |
| دووەم: پارت و بزووتنەوەکانی دیکەی  مەندەلی | ١٢٨ |
| | |

| | |
|---|---|
| **باسی چوارەم**<br>**کوردستانیبوونی مەندەلی** | ١٣٥ |
| یەکەم: سروشتی مەندەلی کوردستانییە | ١٣٥ |
| دووەم: ڕەوشی دانیشتوانی مەندەلی | ١٣٦ |
| سێیەم: مەندەلی و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ | ١٤١ |
| چوارەم: مەندەلی و ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠, | ١٤٧ |
| پێنجەم: مەندەلی و ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ | ١٥٠ |
| شەشەم: ڕاپرسی قوتابخانەکان لە نێوان قوتابیانی قوتابخانەکان سەنتەری مەندەلی | ١٩٦ |
| حەوتەم: گرنگترین ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ لە قەزای مەندەلی ڕوویاندا | ١٩٨ |
| هەشتەم: لایەنە ئەرێنییەکانی (باشەکان) ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ | ٢٠٧ |
| نۆیەم: پەیوەندیکردنی ئەندامانی لیژنە ناوچەی مەندەلی بە شۆڕشی کردی ڕزگاریخواز | ٢١٠ |
| دەیەم: نەوەکانی مەندەلی پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلولەوە دەکەن | ٢٢٥ |
| یازدەهەم: کوڕانی مەندەلی خۆبەخشانە چوونە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلولدا | ٢٣٨ |
| دوانزەهەم: ڕاگواستن و دووخستنەوەی بنەماڵەی ژمارەیەک لەو کەسانەی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە | ٢٤٤ |
| سێزدەهەم: ناوی ئەو شەهیدانەی خەڵکی مەندەلی کە لەسەر ڕێگای کوردایەتی و کوردستان شەهیدبوون | ٢٤٧ |
| چواردەهەم: نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥, | ٢٤٩ |

| | |
|---|---|
| پازدەهەم: دووبارە ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لە ساڵی ١٩٩١ | ٢٥٢ |
| شانزەهەم: مەندەلی و حزبە کوردستانییەکان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس | ٢٥٤ |
| حەڤدەیەم: مەندەلی و سازکردنی ڕیفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کوردستانەوە | ٢٥٨ |
| **باسی پێنجەم**<br>**رووخسار و لایەنە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکانی شاری مەندەلی** | ٢٦٠ |
| یەکەم: داب و نەریت و ڕووخسارە کۆمەڵایەتییەکانی شاری مەندەلی | ٢٦٠ |
| دووەم: پیاوانی ئایینی | ٢٧٠ |
| سێیەم: سیمبوڵە کۆمەڵایەتییەکانی قەزای مەندەلی لە سەدەی بیستەم | ٢٧٧ |
| چوارەم: خێڵەکانی دەوروبەری شارۆچکەی مەندەلی | ٣٠١ |
| پێنجەم: دیوەخانەکانی مەندەلی | ٣٠٣ |
| شەشەم: عەشیرەتەکانی مەندەلی بە وەفان، لە نووسینی ڕۆژنامەنووس سوبحی مەندەلاوی | ٣١٢ |
| حەوتەم: جووەکانی شارۆچکەی مەندەلی | ٣١٨ |
| هەشتەم: شاعیرانی مەدەلی | ٣٢١ |
| نۆیەم: ناو و ناونیشانی دیاری مەندەلی بە درێژایی سەدەکان | ٣٥٢ |
| **باسی شەشەم**<br>**رووخسارە کشتوکاڵی و کەلەپورییەکانی مەندەلی** | ٣٦١ |
| یەکەم: ڕووخسارە کشتوکاڵییەکان | ٣٦١ |
| دووەم: **ڕووخسارە کەلەپورییەکان** | ٣٨١ |
| | |

| | |
|---|---|
| **باسی حەوتەم**<br>**یادەوەرییە کەڵەکەبووە پەرشوبڵاوەکانی نەوەکانی مەندەلی** | ٣٩٩ |
| یەکەم: سایە میر هاشم.... ناونیشانی کوردایەتی لە مەندەلی | ٣٩٩ |
| دووەم: چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرلەمانتار نازەنین حوسێن مەندەلاوی | ٤٠٤ |
| سێیەم: وتاری ... داواکاری قەرەبووکردنەوەی پێویست | ٤١٠ |
| چوارەم: دیدار..هەڵوەستەیەکی خێرا لەگەڵ کاک عبدالحوسێن عەباس بەڕێوەبەری ناحیەی مەندەلی | ٤١٢ |
| پێنجەم: چاوپێکەوتن... ئازاد حمید شەفی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی مەندەلی | ٤١٣ |
| شەشەم : دیدار لەگەڵ مامۆستای بەڕێز و پەروەردەکار ئیبراهیم عەلی شەفی | ٤١٦ |
| حەوتەم: دیدار لەگەڵ شێخ تەڵب عەبدولکەریم شێخی خێڵی نەدا لە مەندەلی | ٤٢١ |
| هەشتەم: دیدار... نوسەر و فەقێ د.عەبدولجەبار مەلا صاڵح مەندەلاوی | ٤٢٤ |
| نۆیەم: چەند کۆپلەیەک لە نووسینەکانی پرۆفیسۆر سەلاح جەباری | ٤٢٦ |
| دەیەم: بڕگەیەک لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ زەمەد کازم زوهێریی نووسەر | ٤٢٩ |
| یازدەهەم: مەندەلی لە ئەرشیفی پرۆفیسۆر موحسین بەنی وەیس | ٤٣١ |
| پاشکۆ و وێنەکان | ٤٤٥ |

## ئەم کتێبە:

بەدرێژایی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ، کە لەگەڵ بنەماڵەی کاک حوسێن فەیزوڵڵام بەسەر برد، بەوپێیەی یەکەم زاوایان بووم، مەندەلی، بە هەموو یادەوەری و خەمەکانییەوە، زۆرترین بابەتێکە، کە ئەوان بەخۆشەویستی و دڵسۆزییەوە یادی دەکەنەوە، ساڵانێک لەمەوبەر، پێشنیارم بۆ کرد، کە دەست بکات بە نووسینی شتێک لەسەر مەندەلی، کە هەموو وردەکارییەکانی ئەم شارە دێرینەی لەخۆگرتبێت، ڕەنگە زۆر کەس لە خودی خەڵکی مەندەلی نەیزانن، کاک حوسێن کۆگایەکی مێژوویی ڕووداو و کەسەکان و زۆر هەڵوێست بووە، کە ئەو خۆی شایەتحاڵی بووە، هەندێکیانی بیستووە و هیچیانی لەبیر نەکردووە، یادەوەرییە بەهێزەکەی، ئەوەندە فراوانە، کە لەوانەیە زیاتر لە کتێبێک لەخۆبگرێت، لەوێوە گەشتی نووسینەکەی دەستپێکرد. ئێمە لە زۆر وردەکاریدا پێکەوە بووین و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم خەونە گەشەی کرد، مامۆستای وێنەکێشان لە مەندەلییەوە دەستی کرد بە گەشتێکی لێکۆڵینەوە و گەڕان، بۆیە دەبێت ئەم کتێبە هەمەلایەنە و گشتگیر بێت و هەموو شتێک دەربارەی مەندەلی لەخۆ بگرێت، لە هاوڕێ و خەڵکی شارۆچکەکەی و ڕووداوێک کە ڕەنگە هەندێک لە وردەکارییەکانی لەوێدا لەبیرکرابن، دوای چوونە ناو وردەکارییەکانی بەشێک لە لایەنە مێژوویی و جوگرافی و تەنانەت زانستی و زمانەوانییەکانیش ڕووبەرووی چەندین سەختیی بوونەوە، کە بەرە بەرە دەستییان بە زیادبوون کرد، بەڵام پێداگری نووسەر لەسەر بەردەوامبوون لە تەواوکردنی بابەتەکانی کتێبەکەی، کە دەستی کرد بە فراوانبوون بۆ ناوچەکانی دەرەوەی پانتایی یادەوەریی زیندووی ڕووداوەکان. ئەم پێداگرییە بەس بوو بۆ درێژەدان بە سەفەری

توێژینەوە و گەڕان و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی لەبیرنەکردنی ناوێک یان ڕووداوێک، بەتایبەت کە ڕەنگە خەڵکی ئەم شارە هەوڵبدەن ڕەخنە لە هەر شتێکی بچووکیش بێت بگرن، کە لێرە یان لەوێ بەدی دەکرێت، بەم شێوەیە ڕۆژێک دێت تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە ڕوون دەبنەوە، کە باس لە بابەتی گرنگ و یادەوەرییەکی زیندوو دەکات، لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک، لە شارێکدا، کە زۆر ڕووبەرووی نادادپەروەریی و پەراوێزخستن و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و لەناوبردن بۆتەوە، تا بوو بە وێرانە قەزایەک، دوای ئەوەی دووەم شارۆچکەی عێراق بوو.

کتێبەکە لە حەوت بەش پێکهاتووە، یەکەمیان تایبەتە بە لایەنی جوگرافی و مێژوویی شاری مەندەلی، کە تێیدا باسی ناونانی شارەکە بەدرێژایی سەدەکان کراوە، هەروەها لەم بەشەدا باس لە ئاوی مەندەلی کراوە، لەمیانەی باسکردنی ڕووبار و چەم و کانیاوەکانییەوە، بێ گومان کێشەی ئاو لە مەندەلی کۆنە و پانتاییەکی بنەڕەتی لەم باسە وەرگرتووە.

بەشی دووەم بریتی بوو لە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و شوێنەوارەکانی مەندەلییە، ئەمەش سەرەڕای دەگمەنییان بە پشتبەستن بە سەرچاوە شوێنەوارییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها باسی قۆناغە مێژووییەکانی شارەکە لە کۆنەوە تا مێژووی مۆدێرنەکەی کراوە، نووسەر پشتی بە کتێب و سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ناسراو بەستووە.

هەرچی بەشی سێیەمە بەناونیشانی (گەشتی خەبات لە مەندەلی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا)، باس لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیستی بیری لە مەندەلی دەکات، سەرەتا باس لە لیستی کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی کۆمۆنیستی لە مەندەلی دەکات و لە بەشێکی دیکەشدا باس لە لایەن و بزووتنەوەکانی دیکەی مەندەلی دەکات.

تەوەری چوارەم، کە بە بۆچوونی تایبەتی خۆم گرنگترین تەوەرە، بە ناوی (کوردستانیبوونی مەندەلی)، لێرەدا پرۆفیسۆر حوسێن فەیزوڵڵا، نووسەری کتێبەکە، توانییویەتی بە شێوازی زانستی و پیشەیی، کوردستانیەتیی ئەم شارە دێرینە بسەلمێنێت، ئاماژەی بەو هەڵمەتە شۆڤێنییانە کردووە، کە شارەکە تووشی بوو، لەوانە دیپۆرتکردنەوە، دەربەدەرکردن، دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و چەندین جۆری دیکەی نادادپەروەری کە نەوەی ڕەسەنی کوڕدی شارەکە تێیدا ژیاوە، ئەمەش لە ئەنجامی بەشداریکردنیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، ئەم توێژینەوەیە ڕێکخراوە نهێنی و ئاشکراکان و ڕووداو و ناوەوەکانیانی لەخۆگرتووە، بە دڵنیاییەوە بەشداریی نووسەر لەم ڕێکخراوانە و تەنانەت سەرکردایەتیکردنیان لە هەندێک قۆناغدا، تۆمارێکی مێژوویی گرنگ لە بەشداریی شارەکە و خەڵکەکەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەبەخشێت، لەم توێژینەوەیەدا نووسەر مامەڵەی لەگەڵ گێڕانەوەی کەسایەتییە سیاسییەکان، لەوانەش سەرۆک عەشیرەتەکان و مامۆستایان و قوتابیان و ئەوانی دیکە کردووە، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە یەکەمین ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند. هەروەها لیستی ناوی ئەو کەسانەشی لەخۆگرتووە کە لە مەندەلییەوە پەیوەندیان بە شۆڕشی کوڕدستانەوە کردووە. هەروەها ناوی ئەو شەهیدانەش، کە خوێنی پاکی خۆیان لە پێناو کوردستاندا کردە قوربانی.

لە بەشی پێنجەم نووسەری کتێبەکە باس لە ڕووخسار و لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی شاری مەندەلی دەکات، کە داب و نەریت و دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆگرتووە، کە لیستی ناوی پیاوانی ئایینی بەرایی و کۆتایی و سیمبۆڵە خێڵەکی و کولتوورییەکانیان و کەسایەتییە ناسراوەکان لە هەموو ناوچە و گوندەکانی مەندەلی تۆمارکردووە، نووسەر

ئەو جولەکانەش کە لە مەندەلیدا دەژیان نە بواردووە، ناوی ئەوانیشی هێناوە، هەروەها باسی شاعیرانی بەرایی و هاوچەرخی مەندەلی کردووە.

نووسەر بەشی شەشەمی بۆ ڕووخسارە کشتوکاڵییەکان و کەلەپوورییەکانی مەندەلی تایبەتکردووە، کە تێیدا باسی بەناوبانگترین باخەکان و جۆرە بەناوبانگەکانی خورمای مەندەلی کردووە، تەنانەت لیستی ناوی سەرکاریی و جووتیارانیشدا جێکردۆتەوە، لەکاتێکدا بازاڕ و میوانخانە و حەمام و تەنانەت سینەما و پاسەوانانی شار و شورا و گۆڕستان و ئاشەکان لە نێو لیستی ڕووخسارە کەلەپوورییەکانی شارەکەدا بوون.

سەبارەت بە بەشی حەوتەم و کۆتایی، لە یادەوەریی هەمەچەشنی کەڵەکەبووی خەڵکی مەندەلی، کە نووسەر کۆمەڵێک نووسینی چاپکراوی لەبارەی مەندەلی و کارەکتەرەکانی و ڕووداوەکانی کۆی کردۆتەوە.

ئەو ژمارە زۆرەی وێنەی کەسانی دەگمەن و گشتی کە لەلایەن نووسەرەوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کۆکرابوونەوە، نوێنەرایەتی ئەرشیفێکی فۆتۆگرافی گرنگ و جوانیان دەکرد.

ئەم کتێبە گەشتێکی چێژبەخشە و سەرچاوەیەکی گرنگە لە کەسایەتییەکی سیاسی و پەروەردەیی ناسراو، کە لەناو زۆرێک لە ڕووداوەکاندا ژیاوە، هەروەها کەسایەتییەکانی دیکەشی لەخۆگرتووە، بە ئامانجی بە بەڵگەنامەکردنی مێژوو و واقیعی شارەکەی خۆیان کە شاری مەندەلییە.

کتێبی (مەندەلی... ئەندێشەی هەوار و ئەفسوونی ڕۆژگار) زانیاری مێژوویی و جوگرافی لەخۆ دەگرێت و یادەوەرییەکی زیندووی خەباتگێڕێکی سەرسەختە، کە ئەویش نووسەری ئەم کتێبە کاک حوسێن فەیزوڵڵا مەزڵوم مەندەلاوییە.

**سوبحی مەندەلاوی**

## دەروازە

### بە ناوی خودای میهرەبان

لەوەتەی چەندین ساڵە، بە بیرکردنەوەیەکی خاکییانە، هیوا و گەشبینی و ئارەزووم بوو، کتێبێکی سادە و ئاسان، دوور لە کۆت و بەند و لاساییکردنەوە و ئالۆزیی، نزیک لە واقیع و ڕاستگۆیی بنووسم، ئامانج و ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەم  و دەیخوازم بە ڕاستگۆیی و لە بابەتەکانییدا پشتی پێدەبەستم، هەوڵمدا لە کاتی تۆمارکردن و نووسینەوەدا، تابۆم کرابێت زیاتر مەیلم بۆ هەڵبژاردنی واقیع و ئەو ڕووداو و پێشهاتە بەرجەستە هاوچەرخەکان  بێت، لەوەی لە هەناوی سەرچاوە و نووسینەکاندا هەیە، پشتم بە هەندێک برا بەست، کە شایەتحاڵی ئەم سەردەمەمان بوون، کە پێویستم پێی بوو بە پێدانی ئەو زانیارییانەی کە ئەوان لە ڕۆژان و ساڵانی سەدەی بیستەم و ساڵانی دواتردا بەسەریاندا تێپەڕیوون، پاشان بەپێی توانا سادەکانم لەبارەی مەندەلی، شاری شوێنی جادوویی و گوڵاوی سەردەمەکەی، پشتم بە خودای مەزن بەست و دەستم کرد بە توێژینەوە و بەسەرکردنەوە و پەیوەندیکردن، توێژینەوەیەک بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆن، ئامانجم لەم نووسینە نە پارە و نە ناوبانگ و نە شکۆمەندییە، بەڵکو یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەم کارەم، خۆشەویستی و شەیدایی خۆمە بۆ شارۆچکەکەم مەندەلی، بۆئەوەی نەوەکانی دوای ئێمە شارۆچکەکەیان لەبیرنەکەن، کە باوک و باپیریان لێی لەدایک بووە و لە باوەشیان گرتووە، ئەمەش گرنگترین و باڵاترین پاڵنەرە.

لە شارۆچکەی مەندەلی، بە درێژایی مێژوو و قۆناغەکانی مێژوو، پیاوی گەورە و بە شکۆی لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی زانست، ئەدەب، هونەر، وەرزش، سیاسەت و جەنگاوەری گۆڕەپانی شەڕەکانی تێدا هەڵکەوتووە.

شارۆچکەی مەندەلی، تا ئەم دواییانە، شارۆچکەیەکە بە سروشتی خۆی بەسۆز و بە فیز بووە، سەرەڕای سادەییەکەی و شێوازە کۆنەکەی ناوی، پڕی بوو لە تەلارسازیی و ئەپارتمانت، سەرەرای دەوڵەمەندی زەوییە چاکەکەی لە ڕووخساریدا دیار بوو خاوەن ژیانێکی سادەیە.

مەندەلی بە پێی یاسای سروشتی خۆی و ئەخلاقی خەڵکەکەی ئارام و هێمن بوو، بە یەکگرتوویی نەوەکانی بەیەکەوە بەسترابوونەوە و نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورکمان برایانە تێیدا دەژیان، هەروەها مەزهەب و باوەڕەکانی لە موصلمانی شیعە و سوونە و مەسیحی و جوولەکە برایانە گوزەرانیان دەکرد، خەڵکەکەی نان و ئاو و خورمایان لەنێوان خۆیان بە ئاشتی و ئارامی بەش دەکرد، دانیشتوانی مەندەلی تا ساڵی ١٩٦٨ بەمشێوەیە مایەوە، لەو ساڵەی کە پارتی بەعس هاتە سەر دەسەڵات، لەو مێژووەوە ئیدی شتەکان تێکەڵاوبوون و دۆخەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو، هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان نەما، نکۆڵی لە ژیان کرا، ڕۆژەکان تێپەڕین، خراپی سیستەم ئیدارەدان فراوانتر بوو، جومگە و بەهاکانی دانیشتووان داتەپین و بڕگەکانی یاسای سروشتی کۆمەڵگەی مەندەلاوی هاوسەنگییان نەما، کەس لە پریشکی بڵێسەی خراپە و نالەباری ڕزگاری نەبوو، تەنانەت بەها و پیاوەتی و داب و نەریتیەکانیش تێکچوون، ئیدی شمشێری ڕژێم لەسەر مل و گەردەنی هاوڵاتیان بوو، بەداخەوە تۆوی ململانێ و ڕق و کینە و گومان و ترس نەشونمای کرد، هەر لەو قۆناغەدا لەشوێنی وشەی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و خۆشەویستی و فەزیلەت و پیاوەتی و بەهاکان وشەی درۆ و فرت و فێڵ و هەڵخەڵاتاندن و تۆمەت بەخشینەوە جێگەیان گرتەوە، گەردەلوولی فیتنە زۆرینەی ماڵ و خێزانەکانی بە چەکی پان عەرەبیزمی (یەکێتی- ئازادی- سۆسیالیزم) پووچ وێرانکرد، تا وای لێهات باوک لەناو ماڵی خۆیدا لە منداڵەکەی بترسێت، برا لە براکەی و دەوروبەرەکەی ڕابکات و جیران بە وریای و پارێزییەوە لەگەڵ جیرانەکەی

مامەڵە بکات و هاوڕێ متمانەی بە هاوڕێکەی نەمێنێ، شکۆمەندترین کەسی شارەکەیان زەلیلکرد، ڕۆژگار تێدەپەرێ و برینەکانی خەڵکی مەندەلی، بەبێ ئەوەی چاکببوونەوە، قووڵتر دەبنەوە، هاوارکردنەکەیان بەقەد ئازارەکەیان دێت، بە فەرمانی زۆرەملێی ناڕەوا ئەو کوردانەی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕانەوە عێراق، لە مەندەلی دوورخرانەوە و ڕێگرییان لێکرا بێنەوە شارەکە. لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە شەوێکدا تەواوی خێڵی قەرەلۆس لە مەندەلی دوورخرانەوە، ئەم ڕێوشوێنە تەنها یەکێکە لە شێوازەکانی سەرکوت و گۆشەگیریکردن کە دژی کورد (کە زۆرینە بوون) لە مەندەلی ئەنجامدرا، دواتریش دانیشتوانی گوندەکانی جەریەو کۆمەسەنگ و گەڕەکی ناوچەی کەبرات ڕاگواستران، ئەوانە هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەدابوو، تەنها لەبەرئەوەی لە نەتەوەی کوردبوون.

مەندەلی و خەڵکەکەی بە وشکە ساڵی و بڵاوبوونەوەی پەتا و ڕووداوی سروشتی لە هەندێجار و کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی و کەمی سامانی ئاژەڵی تێپەربووە، بەهۆی کەمی ئاوی ناوبەناوە، هەروەها بەهۆی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی حکومەتی شاهەنشاهی ئێران. لە مەندەلی سێ بنەماڵە هەبوون، کە دەسەتێکی باڵا و درێژیان لە ئابووری و سامانی شارۆچکەکەدا هەبوون، ئەوان پشکی شێرییان لە بەرهەم و بەرووبوومی زەوی کشتوکاڵی و بێستانەکان هەبوون، ئەو سێ خانەوادەیەش ئاغاکان و بنەماڵەی ئەفەندی (بەیات) و بنەماڵەی چەلەبی بوون.

ئەوانە لە بازاڕی گەورە و موڵک و دوکانی بازرگانی و بازاڕ و حەمامیان هەبوو، سەرەڕای دەوڵەمەندی و توانایان، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەوانی تردا، سادە و خاکی و خۆبەزلنەزان و میانڕەوی و دادپەروەر و خاوەن ئەخلاقی باش و کەسانی کۆمەڵایەتی بوون، لەسەردەمی داگیرکاری تورکی عوسمانی و داگیرکاری بەریتانیا و لە سەردەمی کۆمارییشدا، هەروەها دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨یش، ئەوانە چ لە لای دەسەڵاتداران یان لای

خەڵکی خاوەن پێگەی خۆیان بوون. لەماوەی ئەو هەموو قۆناغانەش شارۆچکەی مەندەلی پشکی شیاوی خۆی لە خزمەتگوزاری و پڕۆژەکاندا نەبوو، وەک ئەوەی مەندەلی و خەڵکەکەی بەشێک نەبووبن لە عێراق، ئەمە لە کاتێکدایە کە مەندەلی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی عێراقەوە، یەکێک بووە لە کۆنترین قەزاکانی عێراق، شوێنەوارە دێرینەکانی ناو مەندەلی ڕاستی ئەو قسەیە پشتڕاست دەکەنەوە و دەیسەلمێنن کە خاوەن شارستانییەتییەکی دێرینە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، خەڵکی مەندەلی دڵخۆش و گەشبین بوون بە خۆشگوزەرانی و سەردەمێکی نوێ بۆ هەڵگرتنی کابوسی نادادپەروەری و ستەم و قەرەبووکردنەوەی خەڵک و شارۆچکەکە، لەپای چەندین ساڵەی وێرانکاری و بێ مافییان، تاکو ئاستی ژیان و خزمەتگوزاریی خەڵک بەرزبکرێتەوە و مادەی (١٤٠)ی دەستووری نوێی عێراق بۆ مەندەلی و شارەکانی دیکەی ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستان لە نێوان هەرێم و ناوەند لە بەغدا جێبەجێ بکرێت، کە لە ئێستادا ئەو ناوچانە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمەوەن، لەلایەن بەغدا کاروباری هەڵدەسوڕێندرێ، بەڵام ئەم مادەیە لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە هەڵپەسێنراوە، مەندەلیش بە پشتگوێخراوی و وێرانەیی مایەوە، بەبێ ئەوەی تەنانەت لەلایەن میدیای عێراقی و کوردستانیشەوە ئاوڕی لێبدرێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە و هۆکاری دیکەش، هەستی ناسیۆنالیستی و پاڵنەری ڕۆحی دانیشتوانی دوورخراوە و ئاوارەبوو بە شێوەیەکی ئەرێنییە و پاڵنەری گەڕانەوەیان بۆ شارەکە نییە، ئیرادە و بیرکردنەوە لە گەڕانەوە، لانیکەم بۆ ئێستا، بەهێز نییە، بۆیە بەرپرسیارێتی گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ مەندەلی تەنها لەسەر خەڵک نەوەستاوە، بەڵکو لەسەر بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانە چ لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بێت یان لە هەرێمی کوردستانەوە بێت. نەگەڕانەوەشیان بۆ شارۆچکەی مەندەلی و خاکەکەی خۆیان کارەساتێک و نەهامەتێک و

ئازارێکە کەس ئەنجامەکەی نە لە ئێستا و نە لە داهاتوو بەدڵ نابێت، شوێنەوارە قوڵەکەی نەگەڕانەوەیان و کاریگەرییە کارەساتبارەکەی بۆ سەدان ساڵ لەسەر نەوە دوای نەوە دەمێنێتەوە، بۆیە جگە لە هیوا هیچی دیکە نامێنێتیەوە، لە هەناوی کارەساتەکانیشدا هیوا و ئومێدێک هەر دەمێنێ.

خوێنەری بەڕێز، لە پرۆسەی نووسینی ئەم کتێبەکەدا داوای لێبوردن دەکەم، لەوانەیە قسەکی لابەلا یان هەڵەیەک یان شتێکم بێ مەبەست لەبیرچووبێ یان دەستەواژەیەکی نامۆم بەکارهێنابێت، هیوادارم لە ئاست چاوەڕوانییەکانتدابووبم، لەرێگەی چاکەنوواندنەوە سەرکۆنەی براکەت بکە. داوای لێبوردن لە شاعیری گەورەی عێراقی مەعروف ئەلرەسافی دەکەم، چونکە بیرۆکەی قەسیدەی (**البلدة المفجوعة مندلى**) لە قەسیدەی (الأرملة المرضعة)ی ڕەسافی ئیلهامی وەرگیراوە. دووبارە داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم، ڕەنگە لە وەزن و قافییەدا هەڵەم کردبێ، چونکە من نە شاعیرم و نە ئەدیبیشم، بەڵکو خەم و وابەستەییم بە شارۆچکەکەمەوە وای لێکردووم ئەم شیعرە بنووسم:

**البلدة المفجوعة مندلى المنكوبة**

| | |
|---|---|
| هـويتها ليتنى مـاكنت اهواها | تبكى وقد أتعب الاهمال سلواها |
| انهارها شحة والتيه ماضية | واليبس ترسله فى اليم مجراها |
| شكت من الغدر فالجفت منابعها | وانشق كالبور من روع: عطا شاها |
| غاب الذى كان يحميها ويسعدها | فالطعن من بعده بالهجر اجفاهـــا |
| الهدم افجعها والهم اضعفها | والكرب اتعبها والجهل ارداها |
| فمنظر الحزن مشهود بمنظرها | والبؤس مرأة مقرون بمراها |
| غدر الدخيلين قد انهى مكانتها | فاهتز اكرمها واهتز اغلاها |
| ومزق الحكم ويل الحكم معلمها | حتى بدا من هموم الهدم كرباها |
| تمضى بأقدارها والقحط يتبعها | كانه فرعن نالت مناجاهـ |
| حتى غدا طيبها بالوغد مغتربا | كالعمر فى السجن اندست بقاياها |

تقضى وتحمل بالعسرى ظليمتها حملا على الصبر مرهونا بعقباها
قد حملتها بأوجاع مهـ ددة فى النفس مبعثها فهم ومغزاها
ما انس لا انس انى كنت افهمها تشكو الى ڕبها اوصاب دنياهـــــا
تقول : يارب لا تترك بلا أمل هذه الطبيعة وارحمنى واياهـ
ما يفعل الاهل فى تحسين مرفقها ان سدها الضر حتى جف مرعاها

**ئەمەش قەسیدەی (الارملة المرضعة)ی شاعری گەورە مەعروف ڕەسافییە**

لقيتها ليتنى ما كنت ألقاها تمشى وقد أثقل الإملاق ممشاه
أثوابـــــها ڕثة والرجل حافية والدمع تدرفه فى الخد عيناها
بكت من الفقر فاحمرت مدامعها واصفر كالورس من جوع محياها
مات الذى كان يحميها ويسعدها فالدهر من بعده بالفقر أشقاها
الموت أفجعها والفقر أوجعها والهم أنحلها والغـ م أصناها
فمنظر الحزن مشهود بمنظرها والبوس مرآه مقرون بمرآها
كر الجديدين قد أبلى عباءتها فانشق أسفلها وانشق أعلاها
ومزق الدهر ، ويل الدهر، منزرها حتى بدا من شقوق الثوب جنباها
تمشى بأطمارها والبرد يلسعها كأنه عقرب شال ت زباناها
حتى غدا جسمها بالبرد مرتجفا كالغصن فى الريح واصطكت ثناياها
تمشى وتحمل باليسرى وليدتها حملا على الصدر مدعوما بيمناها
قد قمطتها بأهـ دام ممزقة فى العين منشرها سمج ومطواها
ما أنس لا أنس أنى كنت أسمعها تشكو إلى ڕبها أوصاب دنياها
تقول يا ڕب، لا تترك بلا لبن هذى الرضيعة وارحمنى وإياها
ما تصنع الأم فى تربيب طفلتها إن مسها الضر حتى جف ثدياها

# باسی یەکەم

# مەندەلی: لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە

## یەکەم: ناوەکانی مەندەلی بەدرێژایی سەدەکان

بەدرێژایی سەدەکان شارۆچکەی مەندەلی چەندین ناوی بەخۆیەوە بینیووە، ئەو ناوانەش بەپێی سەرچاوە و نووسینە عەرەبی و بیانییە کۆن و نوێیەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە

ئەناستاش ئەلکەرمالی دەڵێت: لە گۆڤاری (لغة العرب)، مەندەلی بە (بوندەنیجین) ناسێنرابوو، وا دیارە ناوی ئەسڵی "وندنیکان"ە، وەک ئەوەی ئەمە کۆی ناوی "وندنیک" بێت، ئەمەش لەسەر شێوازی زمانی فارسییە، بەمانای (پەریە باشەکان) هاتووە، خوێندنەوەی لەلایەن خەڵک بە شێوەی جووت بە (وندینک)، بەهۆی ئەوەی بەزۆری بە شێوەی مەڕفوع هاتووە، بۆیە زۆربەی خەڵک حاڵەتە نەصبەکەی وەرگرت بۆ ئاماژەکردن بۆ ناوەکە، هەروەک ئەوەی بە (البحرین)ی گوتووە، بەڵام ئاخۆ چۆن ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بۆتە پیتی (جیم)، لەوانە لە زمانێکی دێرین وابووبێت، ئێستا لە ئێمە شاراوایە، لەوانەیە لە داهاتوودا دەربکەوێت.

هیرسفێل بە کورتی دەڵێت: ناوی مەندەلی لە (وردریکا) یان (ئاردلیکا) یان (ئەردریکا)ەوە پەرەی سەندووە بووە بە (بەندنێج) یان (بەندنێجین) بۆ (مەندەلیج) بۆ (مێندلیج) بۆ (مەندلی)، ئەمەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێی ناسراوە .

هێرۆتس دەڵێت کانیاوی نەوتی بە ناوی (ئەردریکا) هەیە، شارۆچکەی ئێستای مەندەلی شارۆچکەیەکە لە نێوان دەشت و شاخدایە، بە فەرمانی خەلیفەی دووەم لەلایەن قەعقاعی کوڕی عەمرو بەپێی بۆچوونی هێرۆتوس دوای فەتحی جەلەولا و حەلوان و خانەقین فەتحکراوە.

ناوەکەی لەو سەردەمەدا (پێندنیک) بووە، واتە (سنووری چاکەکاری نێوان دەشت و شاخ)، وشەکەش فارسییە، عەرەبیش پێیان دەگوت (ڕیبات حەسەن)، لە سەردەمی فارسەکاندا پێی دەگوترا (تەیسەفۆن)، لە سەردەمی عەباسییەکان پێی گوتراوە: (لەحف) یان (ئەلکور)، (بادریا و بەکسایا) شارۆچکەیەک بوون سەر بە (بەندنیجین).

ناوی شارۆچکەی مەندەلی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەمی زایینی، هەر لە کۆنەوە تا سەدەی هەشتەمی کۆچی بە (پێندینجین) ناسرابوو، چەندین بۆچوون هەیە سەبارەت بە سەرچاوەی ناوەکە، لەوانە بۆ نموونە پێی گوتراوە (فریشتە باشەکان)، هێرۆدۆتسی مێژوونووس بە (ئەردریکا) ناوی بردووە و لەبارەیەوە دەڵێت کە کانە نەوتی تێدابووە، لە دوو وشەی (بەند) و (نیک) پێکهاتووە، بەمجۆرە ماناکەی دەبێتە (سنووری باشی)، ئەمەش بەهۆی هەڵکەتەکەی کە کەوتۆتە نێوان دەشت و شاخ.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و لەماوەی سەدەکان و نوێبوونەوەکان، ئیدی (بێندنیکان) و (بێندنێجین) لە کۆتاییدا بوون بە (مەندەلی)، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەمەی دوایی بووە ئەو ناوەی کە ئێستا زۆر بڵاوە، سنوورەکانی شارۆچکەکە (مەندەلی) لەو سەردەمەدا (واتا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا) شارۆچکەی (دەبراله) بوو لە ئێرانی ئەمڕۆدا (ناوچەی سۆماری ئێستا)، بنکەیەکی پۆلیس هەبوو، کە تا ئێستاش بەو بنکەیە دەگوترێت بنکەی پۆلیسی عوسمانییەکان. شارۆچکەی مەندەلی چەند گوندی گەورەی هەبووە، وەک ( تەیب) و (بەیات)، لە سەردەمی عەباسییەکاندا پێی دەگوترا (کور)ی شاخاویی، ئاوی زۆر بوو، خێر و نیعمەتی زۆری هەبوو، هەروەها بادریا و بەکسایاش بەوەوە پەیوەست بوون، چونکە (تەیسەفۆن) هی هەردووکیان بوون، بەشێکیشی هی بەدرەیا بوو، تەیسەیفۆن سەر بە بەصرە بووە لە سەردەمی پاشاکانی تائیف و لە سەرەتای ئیمپراتۆریەتی

عوسمانییدا. دواتر شتەکان گۆڕاون، مەندەلی و بەدرە تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی سەر بە ویلایەتی بەغدا بوون.

لەم کاتەدا یەکێک لە خزمەکانی کاک خدر، کاک مەهدی، لە خەڵکی مەندەلی، لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوویان لە بەسرە کرد و لەوێ نیشتەجێ دەبن، ئێستا نەقیبی بەصرەن، ئەم ڕێبوارە ناوی کاک محەمەد سەعید ئەلئەعرەچی بوو، یەکێکە لە نەوەکانی کاک شەعبان ئەلریفاعی، کە لە شارۆچکەی مەندەلی لەسەر ڕووبەری زەوییەک نێژراوە لە نێوان قەڵای بالی و ناوچەی ئاغەوات (بازاری گەورە)، ئەمەش بەر لە٤٩٠ ساڵ پێش بەرواری ئەمساڵ (نزیکەی ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی، واتە لە سەردەمی (مانع مەقاس السعدون).

**دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافیی مەندەلی**

زانراوە کە زنجیرە چیای حەمرین لە موصلەوە دەست پێدەکات و بە هەندێک ناوچەی سەلاحەدین و کەرکوک و دیالەدا تێدەپەڕێت، ئەم زنجیرە چیایانە لە دەڤەری مەندەلی دەکەوێتە تەنیشت زنجیرە چیای زاگرۆس. زنجیرە چیای حەمرین لە ناوچەی مەندەلی دەڕوانێتە سەر دۆڵێکی فراوان کە ئاوی کانیاو و دۆڵە تەقیوەکان تێیدا کۆدەبنەوە، لە لایەکی دیکەوە ئاوی ڕووباری (گەنگیر) کە تاکە ڕووبارێکە لە دەروبەری چیای (پشت کوە)ی ڕۆژهەڵاتی ئێران و شوێنی دیکە هەڵدەقوڵێت، بە ناوچەکانی ئێراندا تێدەپەڕێت تا دەگاتە زەویەکانی مەندەلی، دوای ئەوەی لقی زێیەکان لە ڕووباری بچوک بچوک لەدیوی ئێران کۆدەبنەوە دەچنە ناو یەک ڕێڕەڕەوە، دوای تێپەڕبوونی بە زەوییە ناڕێک و سەخت و پێچاوپێچەکان لە ئێراندا دەچێتە ناو چەمێکەوە کە پێی دەگوترێت (گەنگیر).

مەندەلی لە ڕووی مێژووییەوە شارۆچکەیەکی بەناوبانگە لە لێواری نەهرەوان، لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی مەندەلی، زەوییە شلەکان هەڵکەوتووە، لەشێوەی پانکەیە هاوتەریبە بە سنووری ئێران،

ڕووبەری ئەم زەوییە پانکەییە فراوانە بەرزی و نزمی هەمەچەشنی هەیە، لە شاخ و گرد و دۆڵ و دەشتی پان بەرین، ئەو زەوییانە چەندی بە ئاڕاستەی باشور و ڕۆژاوای مەندەلی بڕۆین، نزم دەبێتیەوە و چەندیش لە باکووری ڕۆژهەڵات بە ئاڕاستەی ناوچەی سۆمار بچین، زۆر بەرز دەبنەوە. تەها ئەلهاشمی لەبارەی جوگرافیاکەی دەڵێت (هەرچی سەبارەت بە لقی باشووری جەبەل حەمرینە، ئەوا هاوتەریب درێژ دەبێتەوە بۆ سنوورەکانی عێراق و ئێران، کە هێڵی سنووری بە گوندنشینترین شوێنەکاندا تێدەپەڕێت و لە باشووری مەندەلی کۆتایی دێت).

شاکر خەسباکی نوسەر دەڵێ: ئەو ناوچەیە شاخاوی و نیمچە شاخاوییە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و لە دەشتە نیشتەنییەکەی بەهۆی گردۆلکە نزیکەکانی هێڵێک جیاکراوەتەوە، کە بەشێوەی کەوانەیەکی درێژە، لە نێوان مەندەلی لە باشووری ڕۆژهەڵات و چیای شنگال لە باکووری ڕۆژئاوا، زنجیرەی بەرزاییەکانی حەمرین لە نێوان مەندەلی و ئەلفەتحە ئەو بەشەی ئەو (کەوانە) پێکدەهێنێت، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە.

مەندەلی قەزایەکی گرنگە و یەکێکە لە کۆنترین قەزاکانی عێراق، پێشتر لە سەردەمی دوایین دەسەڵاتی عوسمانیدا سەر بە لیوای بەغدا بوو، هاوکات لەکۆتاییەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسیشدا یەکێک بووە لە شارۆچکەکانی سەر بە بەغدا، ئەو کات پێی دەگوترا (بەندەنیجیین)، ئێستاش بووەتە یەکێک لە قەزاکانی سەربە دیالە، شارۆچکەی مەندەلیش بە چەند کیلۆمەترێک لە سنووری ئێرانەوە دوورە. شارەکە دەکەوێتە نێوان قەزاکانی خانەقین لە باکوور، شاری بەدرە لە باشوور، شاری سوماری ئێرانی لە ڕۆژهەڵات و بەلەدڕوز لە ڕۆژئاوا. شارۆچکەکە بە باخی میوەی زۆر دەورە دراوە، بە گوند و لادێکان تەنراوە، کە لە نزیک یەکترەوە هەڵکەوتوون.

مەندەلی شارۆچکەیەکی دێرینە، دامەزرێنەر و مێژووی دامەزراندنی دیار نییە، بەپێی ئەو هەڵکۆڵینانە (هەڵکەندنانەکان) کە لەم دواییانەدا لەلایەن



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی و بیانی ئەنجامدراون، دەرکەوتووە ئەم شارۆچکەیە زۆر کۆنە و شارستانییەتێکی بێ هاوتای لە پێش مێژوو لە عێراق و ناوچەکەدا هەبووە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی و بیانی لەو هەڵکۆڵینانەیان لە خاکی مەندەلی بەردەوام بن لە ئاییندە بەڵگەی دێرینی ئەم شارۆچکەیە و شارستانییەتییەکەی دەدۆزرێتەوە و نیشان دەدرێت، بەتایبەتی بەڵگەی کشتوکاڵیبوونەکەی.

ڕژێمی پێشوو (بەعس) لە ١٩٨٧/٢٦/٧ی بە بڕیارێک قەزاکەی کردە ناحیە، سنوورەکەی بەمشێوەیەی لێهات: لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە، لە ڕۆژئاوا بەلەدڕوزە، لە باکوورەوە قەزای خانەقین و بەشێک لە ناوچەیەکی قەزای موقدادییە و لە باشوورەوە قەزای قەزانییەیە.

سروشتی خاکی مەندەلی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، سیمای شەپۆلاوی (شێوە پانکەیی) هەیە، لە نێوان دەشت و دۆڵ و گرد و بەرزاییە پیچ پێچەکانی، کە ئەمەش وردی وردەکارییە هەمەجۆرەکانی سروشتی بەرزی ونزمی خاکەکەی دەخاتەروو، کە چەندە لەوپەڕی داهێنان و جوانی و شکۆمەندیی دایە، کە زنجیرە چیای حەمرین بەسەر ناوچەیەکی فراواندا درێژبۆتەوە، هەر لە دەوروبەری موصڵەوە دەست پێدەکات و بە زۆر ناوچەدا تێدەپەڕێت، لەوانەش بە ناوچەی مەندەلی دەروات، تا دەگاتە بەدرە و جەسان (واسیت و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوان لە باکورەوە بۆ ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە لە ڕێڕەوێکی پێچاوپێچدا کە لوتکە و ناوی زۆریان هەیە، ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنی زەوی و فرەچەشنی تایبەتمەندییەکان و دووری لە شوێنی خۆیان، وادەکەن مرۆڤ سەریان سوڕبمێنێ، بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرسوڕمانە، دەوڵەمەندی خاکی مەندەلییە بە خێر و بێری سروشتی، کە زەوییەکەی بە پیت ترین زەوی سێ خاکی جیهانەکەیە: وەک خاکی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا و خاکی مەندەلی لە کوردستان و خاکی ئۆکرانیا لە یەکێتی سوڤیەتی جاران (ئۆکرانیا ئێستا).

زنجیرە چیای حەمرین لە دیوی باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی مەندەلییەوە باڵادەستی مەکانی خۆی دەسەپێنێ، تا دەگاتە زنجیرە چیای زاگرۆس کە ڕاستەوخۆ تەریبە لەگەڵیدا، کە خاکی مەندەلی عێراق لە خاکی ئێران جیادەکاتەوە، زەوییە بەرفراوانەکانی مەندەلی بەناو دەیان گوند و لادێ و ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی کشتوکاڵی و سەدان باخی میوە و ژمارەیەکی زۆر ماڵ لەو ناوچەیە درێژدەبێتەوە. ئەو گوند و لادێیانەی کە لەم دۆڵە فراوانەی نێوان هەردوو چیاکە بڵاوبوونەتەوە، بەدەوری شارۆچکەی مەندەلیدا، لە هەموو لایەکەوە دەوری شاری مەندەلییان داوە، ئەم گوند و لادێیانە تا ڕێککەوتنی شومی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ی زایینی و پاشەکشەی شۆڕشی ئەیلولی کورد، لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا پڕی بوو لە دانیشتوان.

ئەم دۆڵە فراوانە، بە سروشتی جوانە دڵڕفێنەکەی، بە ڕەنگی بەهارییەکەی وەک بەرگێک داپۆشینی لایەکانی لوتکەکانی چیای حەمرین لەم ناوچەیە (مەندەلی) دادەپۆشێ و وا دەکات تابلۆیەکی نایابی هونەری بە چەندین ڕەنگ و تایبەتمەندی بنەخشێ و دەربکەوێ، لوتکەکانی ئەم زنجیرەیە و درزە بەردینەکانی لە زستان و بەهاردا سەرچاوەی ژیان و مانەوە و هیوا و گەشبینی پێکدەهێنن، دوای ئەوەی ئاوی باران و لافاوەکان دادەبەزن بۆ ئەوەی بەرەو دۆڵی فراوان بڕژێن و خاکی باش و دەوڵەمەندی بەپیت ئاودێری بکەن و خێروبێری هەمەجۆر لەم خاکە دەڕوێت. بەڕاستی زەویەکانی مەندەلی و لەم دۆڵە فراوانەدا بەڵێنی بەخشینیان پێدراوە، هەمیشە لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەمرۆ خاکێکی بەخشندە و بە پیت بووە.

دوای ئەوەی لە وەرزی زستان و بەهاری هەر ساڵێکدا قوڕ و لیتەی لافاوە و تاقگەکانی ئێران لەودیوی چیای (پشت کو) و ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە دەڕژێن، بڕێک لەو ئاوانە لە دیوی ئێرانەوە بە بەنداو و کەناڵەکانەوە بەریان پێدەگیرێت و ئەوانی دیکەش بەرەو زەویەکانی دۆڵی مەندەلی گەورە

دێن، کە بەهۆیانەوە خاکە بەپیتەکەی بە جۆرەها بەروبوومی کشتوکاڵی و مزرەمەنییەکان وەک لیمۆ و پرتەقاڵ و دارخورما دەتەقێتەوە، بەمەش پشتێنێکی سەوزایی چڕ لە باخەکانی میوە پێکدەهێنن، کە دەوری شارۆچکەی مەندەلی دەدەن، ئەم سروشتە شکۆمەند و جوانە شارەکە لە باوەشدەگرن، مێرگێکی سەوزی پێکدەهێنێت، کە ڕووبەرێکی فراوانی چۆڵەوانی بە سەوزایی دەڕازێنێتەوە، لە لایەکەوە سەیری مەندەلی بکەیت دەبینی کە سەوازییە شۆڕبۆتەوە بەرەو شارۆچکەکە بە شێوەیەکی ئەندازەیی جوان و ورد و ئەو سەوازییە ڕێکخراوە، تا کۆڵان و بیناکانیشی بە بەرگی سەوز داپۆشیوە، ئەو سەوزاییە هەر لە شارەکە ناوەستێ بۆ حەوشی پشتەوەی هەموو ماڵێک و شوێنە گشتییەکان وەک باخچە و مەزارگە درێژدەبێتەوە، سەبارەت بە خانووی ماڵەکانیش یان پشتەوەی یان پێشەوەی حەدیقەیەکی بچووکە پێی دەگوترێت باخچە، باخچەش وشەیەکی کوردییە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بە واتای (باخ) و (چە) دێت (چە)ش بچووککراوەی باخە، ئێستاش لە نێو خەڵکدا واباو و بەکاردێت بەواتای بێستانی بچووک، کە جۆرەها دار و دارخورما و میوەی مزری لێ دەچێنرێت. سەوزایی هەر ماڵێک لەگەڵ ڕووبەری خانووەکە و خەڵکەکەیدا گونجاوە.

باخچە وەک شوێنێکی گەشتیاری تایبەت وایە، لەلایەن خاوەن ماڵەکە لە ڕۆژانی جەژنەکان و زەماوەند و خەتەنەکردنی منالان و وەرزی حەج و بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک بەکاردێت، مەندەلی ئەم سروشتە دڵڕفێنەی هەیە و شوێنی جوگرافی گرنگەکەی هەیە. کەشوهەوای مەندەلی هەوایەکی پاک و بێگەرد و دوور لە پیسبوونی ژینگەیی و پیشەسازیی خنکێنەری هەیە، ئاوهەوایەکی مامناوەند و تاڕادەیەک گونجاوی بۆ هەر چوار وەرزەکە هەیە، ئەمەش بەهۆی زۆری بێستانەکان و زۆری زەوی گشتوکاڵی و نزیکی لە شاخی حەمرینی عێراقی و چیای پشتکۆی ئێرانی. مەندەلی بەم سروشتەوە، شایستەی ئەوەیە پێگەکەی بۆ گەشتوگوزار بقۆزرێتەوە، بەهۆی ئەوەی

مەرجی سروشتی و شوێنی جوگرافیای جیاواز و هەیە و لە سنوورەکانی ئێران نزیکە، بەتایبەتی ناوچەکانی جاریە، باتکۆکەر و کوبرات و ناوچەی گۆمە سەنگ و سەرەتای ڕووباری گەنجیر و ناوچەی حاجی یوسف و ئیمام کەرزەدین لە ناحیەی قەزانییەی نزیک مەندەلی، بەو پێیەی ئەو ئاوەی لە کانیاوەکانی ناوچەی حاجی یوسفەوە هەڵدەقوڵێن، ئاوێکی کانزایی گونجاوە، کە سەلمێنراوە چارەسەری زۆرێک نەخۆشیەکانی پێست (گرویتی، کەچەڵی، خورانی پێست، سووربوونەوەی پێست، پەڵەی پێست، ڕەقبوونی پێست). نەخۆشیەکانی دیکەی پێست کردووە ، ئاوی ئەم کانیانە لە ناوچەی حاجی یوسف و دەوروبەری بە شەو و ڕۆژ بەبێ وەستان و پچڕان لە هەموو وەرزەکاندا ساڵ، بە درێژایی مێژوو، و لە کۆنەوە، هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە ڕووبارەکانەوە.

گرنگی ئاوە کانزاییەکانی ناوچەی حاجی یوسف بۆ چارەسەر و چاکبوونەوە لە گرنگی ئاوی حەمام عەلیلی دەوروبەری موصڵ کەمتر نییە ئەگەر زیاتریش نەبێت، پێگەی جوگرافی دیاری مەندەلی، لەگەڵ سرووشتە ناوازە و دۆڵە فراوان و سامانە زۆرەکانی، تەڵسمێکی خۆی هەیە کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ، بۆیە چاو ناتوانێ لەسەری لابچێت، تا جوانییەکەی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشتەکەی دەبیینێت، هیچ دژایەتییەک لەم دۆڵە فراوانەدا نییە، ناتەبایی نێوان تۆپۆگرافییا جۆراوجۆرەکانی و سروشتی خاکەکەی نییە، وەک چۆن هەموویان تەواوکەری یەکترن، بە جوان و شۆخی ناوازە وەسف دەکرێن.

درێژی ئێستای ئەم دۆڵە فراوانە، دوای گۆڕینی مەندەلی لە قەزایەکەوە بۆ ناحیە، نزیکەی (٦٠) شەست کیلۆمەترە و پانی ئێستای نزیکەی (٣٠) کیلۆمەترە، دوای ئەوەی چەند کیلۆمەترێک لەم دۆڵە دابڕێنراو خرایە سەر بەلەدروز یان قەزای قەزانییە، ئەم دۆڵە فراوانە لە کومەسەنگ لە نزیک ڕووباری گەنگیر لە سنووری ئێران دەست پێدەکات لە ڕۆژهەڵات و لە چەم

نەفت کۆتایی دێت، لە کۆندا نێوانی سەرەتا و کۆتایی ئەم دۆڵەیان ناونابوو بە (وادی ئەلخەیر) (بەپێی قسەی دانیشتوانە بەساڵاچووەکانی شاری مەندەلی) ئەم ناوچەیە باشترین خاکی شارەکەیە، کە ژیان تێیدا پەرە دەسەنێ، بەو پێیەی ئەم دۆڵە لە کۆنەوە دەوڵەمەند بووە بە هەموو شتێکی بەنرخ زەوی و مرۆڤی باش، ئەو مرۆڤانەی کە بە ڕەچەڵەک بەندەنیجین، واتە بەپێی سەرچاوە و کتێبەکان سنووری (چاکە یان خاکی چاک).

ئەم دۆڵە، دۆڵی خێر و بێرە، ڕابردوویەکی دوور و درێژیی لە دێرینی هەیە، سیماکانی بە ڕوونی دیارن، باس لە دێرینی ئەو خاکە دەکات، کە بەخشندەیە بە چاکەی هەمیشەیی، هەروەها باسی ژیانی نەوەی مرۆڤ لە ناوچەکەدا دەکات، کە چۆن باڵادەستی خۆی بەسەر ئەو ڕووبەرە پیرۆزە درێژکردۆتەوە و توانیوویەتی بژی و درێژە بە ژیان بدات و یەکەم خشتی شارستانییەت لە کشتوکاڵ و ئامرازەکانیدا بۆ مرۆڤایەتی دابنێ، تاکو مرۆڤ نەوە لە دوای نەوە بە ڕێک و پێکی قۆناغەکانی تەواو بکات، بەمەش ئەندازەی ژیان و پەرەپێدانیمان بۆ جێبێڵێت، تاکو بەردەوام بوو و بە ئێمە گەیشت و ئێمەش بەمەمان وت مێژووی باپیرانی بەراییمان.

بەم وەسفە واقیعییە و جوانی سروشتەکەی، کە خۆشی و ئاسوودەیی و دڵنیایی بۆ بە دەروونەکان دەبەخشێ، زەویەکانی ئەم دۆڵە فراوانە لەگەڵ چەندین دۆڵی لاوەکیدا تێکەڵ بووە، کە بەناوبانگترینیان دۆلی کەنگیر و دۆڵی نەوت و دولی جاریەیە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ قووڵایی شارۆچکەکە درێژدەبێتەوە، هەروەها بۆ بەشێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە، هەندێکجاریش لە چەند شوێنێکدا دۆڵی کەنگیر لەگەڵ جاریە یەک دەگرن، لەوانە: لە گوندی بتکۆکار و گوندی جاریە و گوندی کوبرات، دۆڵی جاریە بە زۆر ناوچەدا تێدەپەڕێت، لەوانە گوندی حەواسی (هەواسیە) و هەردوو گوندی دوو شێخ (لە ئێستادا سەعدون) و دارۆ و دۆڵی (مارن ). هەرچی دۆڵی (چەم نەفت)ە، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی قەرەلۆسەوە لە نەفتجی درێژ

دەبێتەوە، بە ژمارەیەک گونددا تێدەپەڕێت لە قەرەلۆسەوە، بە گوندەکانی کچینا - سێلی - قیتول - نەفتچی چەرموندی لە بیتکۆکر و گوندە لابەلاکانی دیکەی درێژدەبێتەوە. هەروەها گوندی ئەلەنادی عەرەبیش لەوێ هەیە، دۆڵی نەفت (جەم) بە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی نەقیب و حاجی یوسف و کانی سەنگەر کولکوش (کەرکوش) کۆتایی دێت، کە سروشتی زەویەکانی تەختە و هەندێک جار شەپۆلاوییە و لە زستان و بەهاردا بە چیمەنی سروشتی کێوی (کەلا) داپۆشراوە.

لەم دواییانەدا و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥ زاینی، بەنداوێک لە ناوچەیەکی نزم لە ناوچەی جاریەی سەرەوە لە نزیک ناوچەی کۆمەسەنگ لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی مەندەلی دروستکردنی تەواوبوو، تاکو ئاوی لافاو و ئاوەرۆکان و ڕووباری کەنگیر (کە لە ڕۆژهەڵات لە ئێرانەوە دەهات) گلبداتەوە بەتایبەت لە وەرزی زستان و بەهاردا، خەڵک بۆ زۆر مەبەست هیوایان بەم بەنداوە هەبوو بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و باخداری لە وەرزی هاوین و پاییزی هەموو ساڵێکدا، ڕەنگە قەیرانی کەمی ئاوی شارۆچکەکە و گوندەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام بەنداوێکە هەرچەندە لە ئاستی پێویستی هیوای خەڵکدا بوو، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی ژیان و سروشت و پێگە بۆ شارەکە بگەڕێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە سامانی مەندەلی بەهۆی گرنگی زیاتر بە مەزاری زۆرێک لە پیاوچاکان زیاتر بوو، لەوانەش مەزارگەی شێخی مەندەلی - مەزارگە سەید ڕەحمان - مەزاری شێخ شەعبان (سەید شەعبان) - مەزاری بابا تاهیر - مەزاری حاجی یوسف - مەزاری ئیمام کەرزەدین - مەزاری خدر ئیلیاس - مەزاری باوە تاهیر - مەزاری ئیمام عەلی و مەزاری پێغەمبەری تاران بنیامین. کە برا بچووکەکەی پێغەمبەر یوسفی ڕاستگۆیە سەلامی خوای لەسەر بێت، ئەمەش بەگوێرەی وتەی ئاوەدانکەرەوانی ئەو مەزارانە.

به هۆی پاکییەکەیەوە لەرووی کەسایەتی و بێگەردییەکەیەوە لەلایەن خەڵکەوە ناوی لێنراوە (پێغەمەبەری تاران)، مەندەلی خاکی مێژوو و شارستانییەتە، خاکی خێر و بێر و گەشتیارییە، خاکی بەخشین و نیعمەتە، ئەگەر کەمیی ئاو نەبووایە، مەندەلی دەبووە بەهەشتی خودایە لەسەر زەوی.

**سێیەم: سروشتی خاکی مەندەلی گەنجینەیەکی نەبڕاوەیە**

شارۆچکەی مەندەلی بە پشتێنەیەکی سەوزایی هەمیشەیی دەورە دراوە، کە پێکهاتووە لە باخچەی چڕ و زەوی کشتوکاڵی و دارستان و ڕووەکی سروشتی، بە تێپەڕبوونی کات ڕووبەری ئەم پشتێنە سەوزاییە لە دەوروبەری شارۆچکەکە زیادی کردووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ڕووبەری سەوازییەکەی و ناوچە گوندنشینەکان و گەشەی ژمارەی دانیشتووانەکەی.

شارۆچکەی مەندەلی و ناوچە جوگرافییەکانی گوندەکانی دەوروبەری، بە درێژایی سەردەمی کۆن، شاهێدی ڕابوونێکی کشتوکاڵی بوو، کە لە شوێنەکانی دیکەدا بە دەگمەن ئەو گەشانەوەیە کشتوکاڵییە دەبینرا، ئەمەش هاوشان بووە لەگەڵ ڕابوونی ناوازەی ئاوەدانی و شارشتانی، لەسەر خاکی بەپیتی مەندەلی کە زیاتر خاکە بەپیتەکەی گەنجینەی سروشتی هەبوو، هەر لە کۆنەوە ئەم خاکە لە سەرەتای شارستانییەتی مرۆڤایەتی سروشتی بە جوانییەکەی لە باوەشی گرتبوو. بە کەشوهەوای گونجاوەکەی و خاکە بە پیتەکەی وای لە مرۆڤی کۆن کردووە بە پەرۆشەوە بتوانێ پێیەکانی لەسەر ئەم خاکە بەخشندەیە بە گەرمی و بەحەماسەت و بە عەقڵانییەت جێگیر بکات، ئەمەش یەکێک بوو لە نهێنییەکان و بەردەوامیی ژیان لەم ڕووبەرە زەوییە بەپیتەدا، مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتای شارستانییەتی مرۆڤایەتیمان پێدەڵێت، ئەوانەی لەسەری ئەم ڕووبەر ژیاون و لەسەر خێروبێرەکەی گوزەرانیانکردوە، بە تایبەت مرۆڤی کۆن توانیوویەتی بە ئاسودەیی و بە

هیواوە کۆشش بکات بەردەوامی بە ژیان بدات، ئەوەی خواستی لێ بێت بە عەقڵ و ویژدانی بەدەستی بێنێ، ئەو مرۆڤە لەو قۆناغە مێژووییە لەسەر ئەو خاکەی ناوی مەندەلییە، کە هەڵیبژاردووە لەسەری بژێت بەراستی ئەو مرۆڤە لەوپەڕی زیرێکی و ئاقڵیدابووە، مەزەندەیەکی دروستی هەبووە، زیرەکییەکی خۆرسکی سەرسورهێنەر و و بەهرەیەکی گەورەیە، کە هیچ بەهرەیەک یان هیچ ئاستێکی زیرەکی ناتوانێت، لەم قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆندا هاوتای بێت. بەم هەڵبژاردنە دروست و ناوازەی بیرکردنەوە، لەگەڵ زیندوویی و چالاکیی و جۆش و خرۆش، شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکەکەی کە لە بنەڕەت خەڵکی باندنجین، بوونەتە بەشێکی گرنگ و پەرەسەندوی شارستانییەتی کۆن و ئێستای مرۆڤایەتی، ئەمەش بە تێپەربوونی کات و قۆناغ دوای قۆناغ و سەدە دوای سەدە و نەوە دوای نەوە، بەوەی ئێمە ناومان لێناوە ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە دەژین.

ڕەنگە نهێنییەکانی سروشتی خاکی مەندەلی بە هەندێک ڕاستی مێژوویی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و گەڕان و توێژینەوەی شوێنەوارناسییەوە ڕوون بکرێتەوە و تویژینەوەی زانستی لەسەر سەرەتای مرۆڤایەتی و جووڵەیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، بەدوای بناغە سەرەتاییەکانی ژیان و گوزەرانکرد. ئەم شارۆچکەیە (مەندەلی) بە شارستانییەتی کۆن و ڕەسەنایەتی دانیشتووانەکەی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا، هێشتا نهێنیەکی بۆ زۆرێک لە توێژەرانی شوێنەوارناس سەرسوڕهێنەرە. تا ئێستاش، ڕێژەی لێکۆڵینەوە و گەڕان بۆ ئەم شارە، شاری مەندەلی، نەگەیشتووەتە ١٠%ی شوێنەوار و ڕووخسارە شارستانییەتەکانی ئەم شارۆچکە دێرینەیە، کە لە سەردەمی ئێستادا و پێشتر لە لەبیرکراو و پشتگوێخرابوو.

توێژینەوە شوێنەوارییەکان، هەرچەندە تاڕادەیەک کەمن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ گرنگی و بەهای ئەم شوێنە و مێژووە کۆنەکەی و شارستانییەتی



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

مرۆڤایەتی لەوێ، ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤی کۆن لەم شوێنەدا کە خاکی مەندەلییە، بۆ هەزاران ساڵ نیشتەجێ بووە، ڕابوونی کشتوکاڵی لە شوێنەکانی تری میزۆپۆتامیا هاوتای کەم بوون، ئەم ڕابوونە کشتوکاڵییە هاوشان بووە لەگەڵ ڕابوونی شارستانی، لە ڕێگەی کردنەوەی کەناڵەکانی ئاودێری و داهێنانی ئامێری کشتوکاڵی لەو سەردەمەدا.

بەهۆی گرنگی ستراتیژی و بەرگری و ئابووری شارۆچکەکە و بەپیتی خاکە سروشتییەکەی، لە سەردەمی ئیسلامی و ئەو سەردەمانەی کە بەدوایدا هاتن، لە قۆناغەکانی دەستبەسەرگراتن و لکاندنیدا ناوی مەندەلی لەسەرچاوەکان هاتووە، لەو سەردەمانی کە دەوڵەتۆچکە و میرنشینەکان زاڵ بوون، لە ناوەڕاستی ئەم گۆڕانکاریانەدا شارۆچکەی مەندەلی ببوو گۆڕەپانی زۆرێک لە ڕووداوەکان، سەرەڕای پشتگوێخستن و بێباکی بەرپرسانی شارۆچکەکە و پارێزگا و هەتاکو بێ باکی بەغدای پایتەختیش، هەروەها کەمتەرخەنی (دەستەی شوێنەوار و کەلەپوری عێراقی) کە ئەویش لەلای خۆیەوە خەتای ئەمەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەموو ئەو لایەنانە خۆیان بە بەرپرس نەزانیووە لە گەڕان و پشکنین بەدوای شوێنەوارە دێرینەکانی شارۆچکەکە.

سەرباری هەموو ئەم هەڵوێستە نێگەتیڤانە و ئەو پشتگوێخستنە بە ئەنقەستانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی ئەرێنی بۆ گەڕان بەدوای شوێنەوارە شوێنەوارییەکاندا بە شێوەیەکی بچووکیش بێت دەبینرێت، کە لە ڕێگەیەوە بەڵگەی شوێنەواری دێرین دەرکەوتوون، کە پێشتر ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە پاراستنی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی هەبووە، وەک باسم کرد، بەپێی سەرچاوەکان کۆنترین شوێنەوار کە شارۆچکەی مەندەلی دۆزرابێتەوە، بوونی کەناڵێکی ڕاڕەوی ئاوییە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤٠٠٠ پێش زایین). هەروەها شوێنەوارەکانی (جگە مامی) و (چۆخە مامی) لە ناوچەی قەرەلوس و شوێنەوارەکانی قەڵاسەفی (قەڵای سەفید)،

قەڵایەکی سپیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان، ئەو قەڵایە دەکەوێتە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری شارۆچکەی مەندەلی، لە ناوچەیەک کە خێڵی هەواسی کوردی تێدا نیشتەجێیە، پێی دەوترێت گوندی هەواسی، کە خێڵێکی دێرین و ڕەسەنی ناوچەکەیە.

ئەو ڕابوونە کشتوکاڵییەی کە شارۆچکەی مەندەلی و دانیشتوانی گوند و گوندەکانی گرتەوە، بە ڕێکەوت نەبوو، ئەوانەی بەدواداچوون بۆ مێژووی شارەکە دەکەن، بۆیان دەردەکەوێت، کە کشتوکاڵکردن ڕووبەرێکی بەرفراوانی لە خاکی شارەکە داگیرکردووە، بەدرێژایی سەردەمەکان گرنگی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش شانبەشانییەو پێشکەوتن و گەشەسەندنانە بووە، کە شارەکە بەخۆیەوە بینیووە، خاکی مەندەلی خاکێکی بەپیت و پر نیعمەت و پڕ بەخشینە، تامی بەرهەمی میوە و خورماکەی ئەوەندە تایبەتمەندە، کە لە ڕووی تام و خۆشیەوە، ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی شارەکانی دیکە نەدۆزرێتەوە، هەر بۆیەش خاکی مەندەلی ناودەبرێت بە خاکی باش و بەپیت،ئەمە سەرباری شیرینی سروشتەکەی، کە بە ڕەنگی بەهارییەوە داپۆشراوە، لەلایەکی شارەکە لوتکەکانی چیای حەمرین درێژدەبێتەوە، کە هاوتەریبە لەگەڵ مەندەلی، بۆیە چاوەکان سەرسام دەبن بە و بڵاوبوونەوە و شکۆمەندی شاخەکە لە هەندێک کاتدا، هەروەها بە درێژبوونەوەی فراوانی لەگەڵ دۆڵەکە لە کاتەکانی دیکەدا، ئەمەش وای لە باوباپیرانمان کردووە بەو دۆڵە بڵێن دۆڵی خێر.

لای خەڵکی شارەزا و پسپۆڕانی کشتوکاڵ و باخداری شاراوە نییە، کە بەپیتی خاکەکەی کە بۆ جۆرەها میوەی لیمۆ و جۆرە جیاوازەکانیان گونجاوە، هەروەها بۆ دارخورما و بۆ سەوزە و دانەوێڵە لەگەڵ جۆرە جیاوازە جیاوازەکانی گونجاوە، وەک گەنم، جۆ، گەنمەشامی، گوڵەبەڕۆژە و ئەوانی دیکە، لەگەڵ هەبوونی ئاو و کەشوهەوای گونجاو، کە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە لەو

شوێنەی کە ناوی (بەندنیجن) بووە، وشەکە لە دوو بڕگەی (باند) و (نێجین) پێکدێت، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد واتە سنووری چاکە، بناغە بنەڕەتییەکانی وایکردووە بە درێژایی وەرزەکان زەوییەکەی بۆ کشتوکاڵکردن بشێت، بەڵام کێشەی کەمی ئاو لە دوای ساڵی ١٩٠٥ەوە بە ڕوونی دەستی بە دەرکەوتن کردووە، واتە ماوەی قۆناغەکانی ڕێککەوتنی دیاریکردن و کێشانی سنوورەکانی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی باڵادەستی فارسی و عوسمانی، کە لەو کاتەدا عوسمانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر عێراق هەبوو، بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنەش حەوزی سومار درا بە ئێران، لە بەرامبەر ڕووبەرێک زەوی لەسەر سنوورەکانی قەرەتوو و هۆرین و شێخان لە نزیک خانەقین درا بە ئێران. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ناڕەوایە، مەندەلی گلەیی لە کەمی ئاو دەکرد و باخ و کێڵگەکانی وشکبوونەوە و لەناوچوون ئەمەش بووە هۆی کۆچێکی بەرچاوی دانیشتوانەکەی بۆ ناوچە و شارەکانی دیکە، بەتایبەتی بەغدای پایتەخت، خاوەن موڵک و باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکان و خاوەنی ئەو ئاشانەی کە بە تاڤگەکان کاریان دەکرد، تەنانەت خاوەن موڵک و شوێنە بازرگانیەکان و کۆگا و ئاغاکان و ئەفەندییەکان (بەیات وخانەوادەی چەلەبی و هەتاکو جوتیاران و کاسبکاران) لەنێو کوچکردوانی شارەکاندابوون، کوچکردنی ئەوانە بۆشاییەکی فراوانی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دروستکرد، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو سێکتەرەکانی شارۆچکەکە هەبوو، ئەگەر کێشەی ئاو بووایە کەسەری سەر سنگی خەڵک و بە ئەنقەست لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان پشتگوێنەخرابووایە، ئەوا ئەم پارچە زەوییە (مەندەلی) دەبووە بووکی ناوچەکە، چونکە ئەو خاکە دەوڵەمەندە بە کانزاکان، لەوانەش نەوت و پێکهاتە نەوتییەکان هەروەها سروشتی خاکی مەندەلی کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتییەکانی دارخورما و دار میوە و میوەجات و لیمۆ، هەروەها بەهۆی نزیکیی لە شاخ و

دۆڵی فراوان، و بوونی کەشوهەوای گونجاوی، هەموو ئەم تایبەتمەندیانە شارەکە دەکەنە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و نەبڕاوە.

خەڵکی مەندەلی سەرەڕای نزمی ئاستی ژیان و هەژاریان، بەڵام بە سەلامەتی و ئارامی و برایەتی و دەژیان. مەندەلی بەمشێوە ئارامیەی گوزەران تا گەیشتە ساڵی ١٩٦٨ و هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ دەسەڵات، دوای ئەم مێژووە ئیدی با بەپێچەوانەی خواستی کەشتی هەڵیکرد، لەم ڕێکەوتە و ساڵانی دواتر، ئیدی وشکە ساڵی و ڕۆژگاری ئازاراوی دەستی پێکرد، چەمک و بەهاکان لە چاکەوە بۆ خراپ لە نێو خەڵکدا گۆڕاون، ڕۆژگاری ستەم و چەوساندنەوە و سووکایەتیکردن و نادادپەروەری هاتەپێشەوە، تا دۆخ و بابەتەکە گەیشتە ئاستێکی وا ڕێگری بکرێت لەوەی دانیشتوانەکەی بە زمانی کوردی کە زمانی دایکی زۆرینەی دانیشتوانی مەندەلی قسەی پێ بکەن، دوای ڕاگواستن و دوورخستنەوەی بەزۆری دانیشتوانی کورد، بەتایبەت لە گوند و لادێکانی دەوروبەری شارۆچکەکە، لە دوای چەند مانگێک دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥ نائومێدی و بێهیوایی باڵی کێشا بەسەر دەروونی زۆربەی خەڵکی. چونکە مەندەلی و گوندەکانی و خێڵەکانی پێشتر هەرگیز نە لە مێژووی دووری و نەمێژووی نزیکی  لە سەرانسەری قۆناغەکانی کۆن و مۆدێرن، وەک ئەوەی لە ئەم قۆناغە پڕ ئازارە بەدەست سوڵتانەکانی سەردەمە نەینالاندووە، هیچ کاتێک ئەوەندە نادادپەروەریی بەرامبەر بە دانیشتوانی ئاوارە و دیپۆرتکراو و ڕاگوێزراو بە ناڕەوا و زۆرەملێ نەکراوە، نە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و نە لە دوای ڕووخانی ئەمە ڕژێمە لە ساڵی ٢٠٠٣.

گواستنەوە و گۆڕینی مەندەلی لە شارۆچکەیەکەوە بۆ قەزایەکی ئیداری لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینی و بەستنەوەی بە بەلەدروزەوە، تەنیا بەڵگەیەکی تۆکمەی دیکەی ئەم ڕژێمە ناڕەوایەیە لە سیاسەتەکەی بەرامبەر بە مەندەلی کردی، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە مەندەلی یەکێک بووە لە کۆنترین قەزا

ئیداریەکانی عێراق لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی. مەندەلی لە سەردەمی داگیرکاریی تورکیای عوسمانی تاسوجێک (لیوایەک) بوو، سەرەڕای ئەو خیانەت وغەدرەی بە ئەنقەست بەرامبەر مەندەلی و دانیشتووانەکەی کرا، بەڵام نە نائومێدی و بێبەشی نەیتوانی کار لە دەروونیان بکات، ئەوان هێشتا هیواخوازن گوڵی نێرگس بە سروشتی خۆی لە هەموو بەهارێکی هەموو ساڵێک لەسەر خاکی باشی بەپیتی مەندەلی بەردەوام گەشەکردن بکات و گوڵ دەربکات.

دوای ساڵی ١٩٦٨، مەندەلی لە پاشەکشەی بەردەوامدا بوو، بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقیش زیاتر پاشەکشەیکرد، شارۆچکەکە و خەڵکەکەی جگە لە وێرانکاری و بەڵا و کارەسات هیچی دیکەیان نەدیت، مەندەلی وەک شارۆچکەی جنۆکانی لێهات، هەمووی بووە وێران و خاپوورکرا. .بەداخەوە دوای ڕووخانی ڕژێم لەساڵی ٢٠٠٣، نە حکومەتە فیدراڵییە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و نە بەرپرسانی ئیداری لە پارێزگاکەدا هیچ چاکسازییەکیان ئەنجام نەدا، هیچ خزمەتگوزارییەک و هیچ هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی مەندەلی نەدرا، هەروەها هیچ قەرەبوویەکی خەڵکەکەی نەکرانەوە، بەهۆی ئەو وێرانکاری و وێرانکاری و ئاوارەبوون و ڕاگواستنەی کە تووشی بوون و دەستبەسەر زەوییە بەرفراوانەکانی قەرالۆس داگیرا، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بە بڕیاری ژمارە ٦١٧ لە ساڵی ١٩٨١ ئەنجامدرا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣، زۆرێک لە بنەماڵە و ئەندامانی خێڵی قەرەلوس گەڕانەوە بۆ سەر زەوی و دێهاتەکانیان، هەروەها بنەماڵەکانی گەڕەکی (کەبرات) و ناوچە گوندنشینەکانی دیکەش گەڕانەوە، بەڵام چەکدارە تیرۆریستەکانی ناوچەکە ڕێگری گەڕانەوەیان لێکردن، وەک چۆن زۆرێک لە گەڕاوەکان لە ماڵەکانیان و لەسەر زەویەکانیان تیرۆر کران، لەنێویاندا شەهید (شێخ یوسف شاقی دۆسە قەرەلوسی) و پازدە شەهیدی

یاوەری دیکە، لە ئامۆزا و خانەوادەکەی، هەروەها (شەهید تالیب ئینا قەرەلۆسی)، بەرپرسی ناوچەی مەندەلی پارتی، لەگەڵ هاوەڵانی لە خەڵکی شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکی قەرەلۆس و شەهید (عادل وسین)ی کادری پارتی لە ناوچەی مەندەلی، لەگەڵ گروپێک کەسی دیکەی یاوەری، هەروەها شەهید (حاجی تاهر باخی قەرەلوسی) و ئەوانەی لەگەڵی بوون، شەهید (عادل کامیل حاجی مەحموود مەندەلاوی) و شەهید (عەلی حوسێن دارا چەرموندی) و شەهید بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای مەندەلی، (عەمید سۆبحی بیرام چەرموندی)، لەگەڵ ئەندامانی ژمارەیەک پاسەوانی پۆلیسی فیدرالی و شەهیدانی دیکەی قەزای مەندەلی، هەموو ئەو تیرۆرانە کاریگەری لەڕادەبەدەر دەروونی نەرێنییان هەبوو، لەسەر بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ شارۆچکەکەیان، ئەم ڕووداوە خەماویانە دوای ڕووخانی ڕژێم ڕوویاندا و برینی کۆنی ساڵانی ڕابردووی کولاندەوە و لە یادەوەری مێژووی هاوچەرخی مەندەلیدا شوێنیان دەمێنێ. سەبارەت بە ئاوارە و دەرپەڕێنێنراوەکان، ئەوان لە ئێستادا تێداماون، ئایا بگەڕێنەوە یان نا! هەرچی سیاسەتی دیفاکتۆیە مایەی خەم و خەفەتە، بۆ هیوای گەڕانەوەی بۆ شارۆچکەی مەندەلی، بۆ سەردەمی پێشوو خۆی بەر لە ساڵی ١٩٦٨، بەهیوای ئەوەی تەلیسمی شوێنەکەی و بۆنە خۆشەکەی بۆ بگەڕێتەوە، خاکی مەندەلی بە سروشت و هەڵکەوتە جوگرافییە جیاوازەکەی سامانێکی لەبن نەهاتوو و زەوییەکی پڕ خێر و بێر و جوانی سروشتە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**وترى الارض هامدة فاذا انزلنا عليها الماء اهتزت وربت وانبتت من كل زوج بهيج**

**صدق الله العظيم**

**چوارەم: ئاو لە مەندەلی**

١- ڕووباری مەندەلی و سەرچاوەکانی شارۆچکەی مەندەلی و گوندەکانی و لادێکانی دەوروبەری بە پلەی یەکەم پشت بە ئاوی وەرزی باران بارین و پشت بە تاکە ڕووبارێک دەبەستن، کە لە خاکی ئێرانەوە لە چیای پشتکۆ هەڵدەقوڵێت و پێی دەوترێت ڕووباری (گەنگیر)، ئەم ڕووبارە بە زەوییەکانی حەوزی سۆماری ئێراندا تێدەپەڕێت، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی پێش ساڵی ١٩٠٥ی ئەو شوێنە سەر بە قەزای مەندەلی بووە، کە سنووری قەزاکە لەوێ کۆتایی دێت، پێش ئەم مێژووە، لە ناوچەی (دەبراله)، لە چوارچێوەی چیاکانی ئێران، بە دووری چەند کیلۆمەترێک لە مەندەلییەوە ، ئەم زەویانە ئێستا پێیان دەوترێت (سومار)، ئەوساکە تەقریبەن کەسی لێ نیشتەجێ نەبوو، هەروەها هیچ کشتوکاڵێکیشی لێنەدەکرا، هەموو ئاوەکانی ئەم ڕووبارە و چەمەکان بەرەو مەندەلی دەهاتن، دانیشتوانەکەی بە خۆشی گوزەرانیان لەو سەردەمەدا دەکرد، چونکە ئاوی زۆر بەردەست بوو، بەڵام دوای ئەوەی سنوورەکان لە نێوان فارس و عوسمانییەکان کێشرا، ئێستا ڕووبەری حەوزی (دەبراله)ی سومار درا بە ئێران، لە بەرامبەردا ڕووبەری هورین و شێخان و قورەتوو بە عێراق درا، بەپێی ڕێککەوتنێک کە لە نێوانیاندا ئەنجامدرا و مەندەلی و خەڵکەکەی ڕووبەرووی بەردەوامی کێشەی کەمی ئاو و بێبەشی و هەراسانکردن دەبوونەوە، ئەم ڕەوشە بەمشێوەیە مایەوە تا سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤، پاشان داگیرکردنی عێراقی لەلایەن بەریتانیا، کاتێک حکومەتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٢١ی پێکهات، دۆخەکە خراپتر و ئاڵۆزتر و ناخۆشتر بوو، کاتێک شا ڕەزا پەهلەوی (باوک) حوکمڕانی گرتەدەست و کۆنترۆڵی دەسەڵاتی لە ئێران کرد، ڕەوشی مەندەلی و خەڵکەکەی بە باخ و کێڵگەکانییەوە خراپتربوو، چونکە شای پەهلەوی دەڤەری سۆماری کردە کێڵگەیەکی تایبەت بەخۆی، لەو سەردەمەوە هیوای خەڵکی مەندەلی و هەوڵەکانیان بە ئاڕاستەیەکی نادیار

ڕوویشت، له سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا خەڵک، لەسەر حیسابی خۆیان و بە هاوکاری حکومەتی عوسمانی، بیریکیان (کاریزێکیان) بەناوی کەهاریز لەناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران لێدا و بۆ سەر زەویەکانی مەندەلی و بوشر ڕایان کێشا، ئەم پرۆژەیە بەوپەڕی خێراییەوە دەستپێکرد و کاری لەسەر کرا، دوای دیاریکردنی سنوورەکان و بیرەکانی کەهاریز، هاوشێوەی بیرەکانی دیکەی ئاوی ژێر زەوی، کە لای خەڵکی ناوچەکە پێی دەگوترێت بیری (قامش)، کە ئاوە ژێر زەوییەکە لەنێوان دوو کاریز دەبینرێت چۆن دەڕوات، ئاوی ژێرزەوی پێش ئەوەی بەشوێنی خۆی بگات، دابەش دەکرێت بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکانی میوەدا.

له سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئاوی کاریز، لەپاڵ ئاوی ڕووباری گەنگیر، دەیتوانی پێداویستییەکانی مەندەلی پڕبکاتەوە، بەڵام سەرەڕای کەمییەکەی سوودی بۆ خەڵک هەیە. ڕووباری گەنگیر سەرباری کەمییەکەی لقی زستانە و لقی هاوینەی هەیە، لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و خەڵکەوە، بەشی زستانە بۆ کێڵگە و بەشی هاوینە تەنها بۆ باخچە بەکاردەهێنرێت.

کۆمەڵێک لق له ڕووباری سەرەکی سەدر (گەنگیر))ەوە دەردەچن، لەوانە:

أ- **ڕووباری ئەوقی (عەوقی)...** ئەم ڕووبارەش بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

عەوقی باڵاجۆ (ڕووباری سەرەوە) و فەڵشت، ئاودێری زەویەکانی قەرەلوس دەکەن تا دەڕژێتە ناو دۆڵی (نەفت) لەوێش زەویەکانی ئەلسەبع و ئەلمەیلی نزیک دۆڵەکە ئاودێری دەکەن، کە ئەو زەویانەش بە نزیکەی (٤٠٠) دۆنم مەزەندە دەکرێن، ڕووباری فەڵشت بە تەنیا زەویەکانی ناوچەی فەڵشت و باخەکانی ئاودێری دەکات، نزیکەی ٣٠٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەبێت.

ڕووباری فڵشتیش بەسەر دوو لقدا دابەشبووە: ڕووباری جینی و ڕووباری فڵشت.

ب- **ڕووباری سووق**: چەمێکی بچووک لەم ڕووبارەوە لە سەرەتاکەیەوە لێیدەبێتەوە، پێی دەوترێت ڕووباری شێخ، نزیکەی دە دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەسەر حەوزی ئەم چەمە دەچێنرێت، پاشان ئەو ئاوەی کە دەمێنێتەوە دەڕژێتە (بەزایز)، پاشان دەڕوات دوای تێپەربوونی بە تاقگەکانی ناوچە شاخاوییەکانی جارییەی دەچێتە ناو شارۆچکەکەوە، پاشان لە نزیک مزگەوتی گەورە تێدەپەڕێت، دوای تێپەڕین بە بازاڕی گەورەدا ڕووبارەکە دەبێتە دوو بەش:

1. **زێیەکە پێی دەوترێت ڕووباری بۆیەر قەلەم حاجی.**
2. **زێی بزایز سوق**

ج - **ڕووباری باغ:** ئەم ڕووبارە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی یەکساندا: ڕووباری باغ و ڕووباری قەزانییە، ئەم ڕووبارە دوای ڕێڕەوی خۆی بە دووری دەبڕێت، دەگاتە زەوییەکانی دوو شێخ (سەعدون) لە ئێستادا، دوای دەردانی پشکی خۆی لە ئاو، بۆ کێڵگە و باخەکانی دەوروبەری قەزانییە دەچێت.

د- **ڕووباری وێردی**، پشکی ئاوی خۆی لە دۆڵی گەنگیر بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەردەگرێت و بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری گوندی زەهیریە دابەشی دەکات.

هـ - **ڕووباری ئۆرێجا (هۆرێجا)**، لەسەدا سەد ئاوەکەی بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەی هەواسەدا دابەش دەبێت، ئاوە زیادەکەشی بە دۆڵی قووڵدا دەڕوات، بە ناحیەی قەزانییە (باشووری ڕۆژهەڵات)دا تێدەپەڕێت. خەڵک لە کۆنەوە و تا ئەمڕۆش ناویان ناوە (مەرەن)، هەروەها بە گوندەکانی دوو شێخ و دەرو تێدەپەڕێت، پاشان ئەوەی تر بەرەو پارێزگای دەهلا دەچێت و پێی دەوترێت دۆڵی حەڕان. زەوییەکانی دەهلە ئاودێری دەکات، بەتایبەتی لە ماوەی لافاودا هەموو ساڵێک، دواتر ئاوە زیادەکەی لە ڕووباری هوریجەی سەربە پارێزگای واست دەکات، ئەوەی دیکە لە نزیک شارۆچکەی

کوت دەڕژێتە نا ڕووباری دیجلەوە، ئەمە لە ڕۆژانی لافاو لە وەرزی زستان و بەهاردا ڕوودەدات، بەڵام لە وەرزی هاوین و پایزدا ئاو لە زەوییە کشتوکاڵییەکان دەبڕدرێت، ئەوەی هەیە بۆ باخەکانی میوە و هەندێک لە کێڵگە سەوزەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە دەمێنێتەوە، هەندێکجار باخەکان تووشی کەمیی ئاو دەبن، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و پایزدا، هەندێکجاریش باخچەکان وشک دەبن بەهۆی کەمی ئاوەوە، بۆیە دار و دارخورما و بەروبوومەکان کەم دەبن و کوالیتییان خراپ دەبێت.

ئاوی هاوین و پایز دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش و بە یەکسانی بەسەر ڕووبارەکان دابەشکراوە: ڕووباری فلّشت، ڕووباری سوق و ڕووباری باخ، هەریەکێک لەم ڕووبارانە لە چەمێک یان چەند چەمێکی خۆیان هەیە و تاڤگەیان لەسەرە، بەهۆی ئەو تاڤگانەوە ئاشەکان بەڕێوەدەبرێن، کە ژمارەیان (٢٧) ئاشی ئاوییە، خاوەنداری زۆربەی وەک موڵک و ماڵ دوکان و باخەکان بۆ بنەماڵەی ئاغاوات (نەقیب) و بنەماڵەی ئەفەندی (بەیات) و بنەماڵەی چەلەبی دەگەڕێنەوە، ئەو ئاشانە لەلایەن چەند کرێکارێک و ژمارەیەک جوتیار بەڕێوەدەبرێن، زۆربەی ئاشەکان دەکەوێتە ناوچەی جاریە و گوندەکانی دەوروبەری، ناوچەکە وەک شوێنێکی گەشتیاری گونجاوی خاوەن کەشوهەوای مامناوەند و هەوایەکی پاک دەردەکەوێت، لە لایەکی ترەوە هیچ لقێک یان زێیەکی هاوبەش لە نێوان مەندەلی و بەلەدڕوزدا نیە.

**٢- کانیاوی ئاو لە زەوییەکانی مەندەلی**

لە خاکەکانی مەندەلیدا مێرگی سەوز هەیە، کە کانیاو و سەرچاوە و چەم وای تێدایە، کە وایکردووە خورماکانیان بە باشترین جۆری خورما بەرهەم بێت، لەو کانیاوانە:

**١. کانیاوی مێرگی نەقیب**

کانی فەرەج - کانی ئەسپی - کانی جەلالی - کانی عەباس - کانی ڕەحمان - کانی تەویلە - کانی قەڵاجان کانی تەندوور - کانی چەقەڵ - کانی

مەحموود شەتب - کانی ئەحمەد شەتب - کانی داود سلێمان - کانی ئازریج - کانی لەشع - کانی تۆبالیە - کانی فەرق - کانی حاجی یوسف - کانی زەیب - کانی فەرق کە گەورەترین کانییە لە مێرگی نەقیب لەگەڵ کانی بەلقیس و کانی حاجی یوسف و کانی توبالی، لەم مێرگەدا کانیاوی بچووکی تر هەن. شایەنی باسە زانایەکی جیۆلۆجی بیانی لە ساڵی ١٩٢٨ ڕاپۆرتێکی وردی پێشکەش بە حکومەتی شاهانەی عێراق کرد، کە تێیدا هاتبوو: ئەگەر ئەم کانیاوانە (کانی فەرەج و کانی فەرق بە شێوەیەکی سەردەمیانە و هونەری هەڵبکۆڵدرێت)، ئەوا ئاوەکەی بۆ ئاودانی باخەکان بەش دەکات، ئەندازیارەکەش بە گوێرەی قسەی خەڵکە بە تەمەنەکە ئەمریکی بوو.

ب - کانی گوندەکانی زەویەکانی قەرەلۆس و گوندی ئەلنەدا کە بریتین لە: کانی خەیزەران - کانی سوهەیل – کانی خەستە - کانی مەدینە - کانی کەتارە - کانی مەکتۆ - کانی ئەنگێرە.

لە دەوروبەری جەرگەی شارۆچکەی مەندەلی چەندین کانیاوی بڵاوبوونەتەوە کە بریتین لە:

ئەیون شۆکە - کانی زراق – کانی یوزباش - کانی خەلیل – کانی بەغدادی - کیانی سەنگەر - کانی حەلیۆت - کانی محەمەد سەباح - کانی محەمەد صەباحی گەورە - کانی المجرزەمین - کانی حەکمان ـ کانی غەزەل - کانی چاوڕەش - کانی ماشە - کانی دەستکرد.

لە هەندێک باخی میوەدا کانی هەیە، لەوانە باخەکانی ناوچەی جارییە، لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە.

**٣. مەندەلی و کێشەی ئەو ڕووبارانەی لە ئێرانەوە دێن**

ئەگەر مێژووی ئەو گەلانەی پێشوو کە حوکمڕانی عێراقیان کردبوو بەسەر بکەینەوە، بە مەندەلیشەوە، ئەگەر پێداچوونەوە بە مێژووی ئەو گەلانەی پێشوو کە حوکمڕانی عێراقیان کردبوو، بە مەندەلیشەوە، دەبینین کە دەبێ ڕۆڵی ئەم شارۆچکەیە بە وازهێنان یان کەمکردنەوەی کشتوکاڵ لە

هەردوو دیوی دۆڵی گەنگیر لە دیوی ئێرانەوە سەیربکرێت، بۆ ئەوەی ئاو بتوانێت بگەیەنرێتە مەندەلی و باخەکانی میوە و کێڵگەکانی و دانیشتووانەکەی. لە سەردەمی فارس و ئاشووری و بابلی و کلدان و کاشی و کیسرا و عەرەبە موصڵمانە جۆراوجۆرەکاندا، دەبینین شارۆچکەی مەندەلی بەدەست تینوێتی و کەم ئاویەوە نەینالاندووە، بەڵکو لە دۆخێکی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریدا بووە، بەهۆی زۆری ئاوەکەی بۆ ئاودانی باخ و کێڵگەکانی، ئەگەر ئەم قسەیەمان ڕاست نەبێت، ئەوا دەبوو کتێب و سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ بکردابووایە، هەروەها ئەگەر وانەبووایە، ئەوا مەندەلی و خەڵکەکەی بە درێژایی سەدەکان لەم ناوچەیەدا نەیاندەتوانی بمابووانەیەوە و لەناو دەچوون، هەروەک ئەوەی کەم ئاویی و وشکە ساڵی کاریگەری لەسەر شار و شارەکانی دیکە هەبوو، کە بە تێپەڕبوونی کات ئەو شارانە نەماون. لە کۆتایی دەوڵەتی عەباسی و لە سەردەمی پاشاکانی تایفدا، دوای ئەوەی کەناڵی نەهرەوان ژێرئاوکەوت و وێران بوو، لە هەندێک قۆناغدا خەڵکی (بەندنیجیون) دەبووە پشکی میرێک (هیوا) هەندێجاری دیکەش دەبووە پشکی میرێکی دیکە، لەو حاڵەتانەدا خەڵکی مەندەلی ناچار بوون دانوستان لەگەڵ ئەو حکومەتە فیۆداڵە بکەن، کە زاڵ بوو بەسەر ناوچەی هێوان (ئەرجان) یان سومار، ئەویش بە پێدانی هەندێک دیاری ساڵانە بۆیان، لە بەرامبەر دەستبەرداربوونیان لە هەر دوو دیوی دۆڵی (گەنگیر) و نە چاندنی لە دیوی ئێرانەوە، کاتێک خێڵەکانی ڕۆژئاوای ئێران لێیەوە بەهێزتر دەبن، بە تایبەت ئەوانەی لە هەردوو دیوی ڕووباری گەنگیرەوە نزیکن و حکومەتەکەی هاوشێوەی خێڵی کەلهوڕ یان سەرۆکی خێڵی لوڕستانە، والی پشتکۆ لەودیو شاخەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەلومەرجەدا دانوستان لە نێوان نوێنەرانی خەڵکی مەندەلی و ئەم سەرۆکە سازدەکرا، سەرۆک خێڵێک، کاتێک دێت بۆ ڕاوکردن لە نزیک ناوچەی مەندەلی، لەگەڵ شاندێکی پلە باڵا نوێنەری خەڵکی شارۆچکەی مەندەلی وەک میوانێکی بەڕێز دەچنە لای،

بەجۆرێک ئەم شاندە چەندین دیاریی کوالیتی باش لە خورما و شتی دەگمەنی گرانبەها (١٠) هەزار قران (لە تۆمەن بچووکترە لەرووی هێزی کڕینەوە) لە پارەی ئێرانی پێشکەش بەو میرە دەکەن. لەبەرامبەر ئەوەشدا میرەکە بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئاو بە ئاڕاستەی شاری مەندەلی بەربداتەوە، کەس بوێری ئەوەی نییە یاری بە بڕ ئەو ئاوەکە بکات، کە بۆ شارۆچکەی مەندەلییە دێت، ئەم ڕێکەوتن و ڕێکخستنانە لە سەردەمە تاریکەکاندا بوون، بەتایبەت دوای ڕۆیشتنی دەسەڵاتی عوسمانی لە خاکی عێراق و هاتنی ئینگلیزەکان و حکومەتی نیشتیمانی شاهانەی عێراق.

کاتێک هەندێک چەکی ئاگرین لە سەردەمی حکومەتی عوسمانیدا دەرکەوت لە سەردەمی سوڵتان سەلیم یاوەر و کوڕەکەی سولەیمانی مەزن ، هەروەها مورادی چوارەم، بەپێی ئەو پەیماننامانەی کە لە نێوان ئەوان و سەفەوییەکان و حکومەتەکاندا بەسترا. کە دواتریش لەگەڵ حکومەتەکانی دواتری ئێران دووبارە کرایەوە. ئەوسا سنوری مەندەلی دووبراله بوو، واتا هەموو ئەو زەوییانەی دەگرێتەوە کە کەوتبوونە هەردوو لای ڕووباری گەنگیر تا کانی هیوان سەر بە مەندەلی بوو.

سوپا و پۆلیسی خۆجێی بەتەواوی ئەم سنوورە و حەوزەکەی دەپارێزن و بەسەری زاڵن، هەروەها لەبەر ئەوەی فەوجێک یان چەند فەوجێکی سوپا بە درێژایی ساڵ لە شارۆچکەی مەندەلی جێگیرن، تا هێڵی سنووری، بۆ پرس و کێشەی دیکە، یان سەرپێچی، یان دەستدرێژی، لە ئەگەری سەرپێچی و دەستدرێژی لەلایەن هۆزە ئێرانییەکانی دراوسێی سنوور و دەستکاریکردنی بڕی ئاو، لە حاڵەتێک وادا خەڵکی شارۆچکەی مەندەلی موڕاجەعەی حکومەتی خۆجێی خۆیان و والی بەغدا دەکەن، والی بەغدا بە بروسکە داوای پێداویستی و پشتیوانی دەکات، پاشان سوپا و خەڵک و هۆزەکان بە یەک وزەی بەرز و بە تۆپ و تەقەمەنی و چەکی جۆراوجۆرەوە دەجووڵێن بۆ بەرزەفتکردنی ئەم خێڵانە لە لایەنی ئێرانەوە و

سنووردارکردنی دەستدرێژییان بۆ سەر شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکەکەی و سووتاندنی کێڵگەکانیان، وەک ئەوەی بە ماوەیەکی کەم پێش جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٤ شتێکی وا ڕوویدا، کاتێک فەرماندە ئەمین یەمنی بەگ هات تاکو هۆزە سنوورییەکانی ئێران لە شارۆچکەی مەندەلی عێراق تەمبێ بکات و سنورێکی توند بۆ سەرپێچی و پێشێلکارییەکانیان دانا، بەم ڕێوشوێنە ئاو بە ڕێژەیەکی پێویست بۆ شارۆچکەکە مەندەلی و خەڵکەکەی و خاکەکانی بەبێ پچڕان و بەربەست دەهات.

لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی لیژنەیەک بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان ئێران و حکومەتی عوسمانی پێکهێنرا، شاندەکە بریتی بوون لە نوێنەری ئینگلتەرا، نوێنەری ڕووسیای تزاری، نوێنەری تورکیا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، نوێنەری ئێرانی شاهێنشاهی، نوێنەری تورکیا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، عەزیز بەگ بوو، ئەو لیژنەیەی پێشتر باسمان کرد، سنوورەکانی نێوان شارۆچکەی مەندەلی و ئێران، لقی جەبەل حەمرینیان کرد و بڕیاریاندا کە لەو ئاوەی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانەوە دێت، شارۆچکەی مەندەلی پشکی ئاوی خۆی لەم ڕووبارەدا هەبێت، کە دەکاتە (٢١١) نیوە بۆ هەریەک لە ئێران لە حەوزی سومار و عێراق لە ناوچەی مەندەلی.

لەم دواییانەدا خەڵک بینیان و هەستیان بەوە کرد، کە ئاماژەیەکی باش یان هیوایەک سەبارەت بە چارەسەری کێشەی ئاو لە ئارادا نییە، ئەم بڕیارەش ڕێڕەوی خۆی دەگرێتەبەر، تا ئەو دەبێتە پەیماننامەیەکی واژۆکراو لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاماژە بۆکراوەکانی سەرەوەدا. بۆیە خەڵکی شارۆچکەکە بە هاوکاری حکومەتی خۆجێی و ڕەزامەندی پارێزگاری بەغدا، بڕیاریاندا کارەکانی کارێز لە زەوییەکانی ناوچەی سۆماری ئێران لێ بدەن، ئەوەش دەزانرێت کە ئێران و حکومەتەکەی لەو کاتەدا قۆناغەکە لاواز بوون، و کۆمەڵێک کەسایەتی فیۆدالی لە ئێرانەوە باڵادەست بوون و کۆنترۆڵی خێڵ و دانیشتووانیان دەکرد و حکومەتی ناوەندی ئێران هیچ دەسەڵاتێکی



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

بەسەریانەوە نەبوو، تەنها لە شارە گەورەکان دەسەڵاتی هەبوو، هەروەها هیچ دەسەڵاتێکیشی بەسەر ئەو خاک و مەمالیکانە نەبوو، ئەرکی تەواوکردنی ئەو کارێزانە لەرووی دارایی و ماندوبوونەوە، کەوتەسەر شانی خەڵکی مەندەلی.

سەرەڕای هەوڵ و ماندوبوون و خەرجکردنی پارە، خەڵکی قەزاکە سوودمەند بوون لە دروستکردنی ئەم کارێزە ژێرزەمینانە لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی گونجاو ئاوی پێویستی خۆیان دابینکرد، چونکە ئاوی کارێزەکان و تێپەڕبوونی لە ژێر زەویەوە لە دیوی ئێران تا دیوی عێراق و تا شارۆچکەی مەندەلی، گرنگییەکەی کەمترە لە گرنگی ئەو نیو پشکە ئاوەی، کە لە تاکە ڕووباری گەنگیر ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، شایەنی باسە کە لەلایەن خەڵکی مەندەلییەوە بە کارێز دەگوترێت (قەمش)، ئەم پڕۆژە حەیاتییە نوێیە بەردەوام بوو تا سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ی و تا سەردەمی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوەی خایاند، ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ پێکهات دۆخەکە گۆڕا و قەیرانی ئاو ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر بوو.

چڕی دانیشتوان و دێرینی شارستانییەت تەنها بە بوونی ئاوی زۆر دروست دەبێت، ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی کێڵگەکانی مەندەلی ئەوانەی دوور یان نزیکن لە هەرێمی وادی نەفت (چەم نەفت) و تەحمایە، دەحلا و ترساق، هەموویان بە ئاوی نەهرەوان ئاو دەدرێن.

بوونی شوێنەوارەکان لەو زەویانە پاڵپشتی لەو گوتمانە دەکات، سەبارەت بە ئاودێریکردنی زەوییەکانی دەوروبەر و نزیک شارۆچکەکە، ئەوا ناکرێت بە ئاوی ڕووباری نەهرەوانی بۆ ڕابکێشرێت، بەهۆی بەرزی زەوییەکانی مەندەلی و بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە، تەنها دەبێت لە ڕێگەی ئێرانەوە

ئاوی بۆ بێت، واتە لە ڕێگەی دۆڵی گەنگیرە، کە لە خاکی هەیوانی ئێرانەوە دابین دەکرێت.

لە کتێبی (دۆڵی سامەڕا) کە لە لایەن پرۆفیسۆر ئەحمەد سووسە نووسراوە، هاتووە: شارۆچکەی مەندەلی بە بەرزی ١٣٧ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، لە کاتێکدا بەغدا تەنها ٣٤ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

**- بیرۆکەی دروستکردنی بەنداوێک لە شارۆچکەی مەندەلی**

لە ساڵی ١٩٠٥، خەڵک دوای سکاڵایەکی زۆر، سکاڵایان بردە بەردەم پارێزگاری بەغدا، وەفدێکی باڵایان نارد بۆ شارۆچکەکە کە کەسایەتی ناسراوی شایستەی ئەم بابەتەیان لەخۆگرتبوو کە پێیان سپێردرابوو، زیاتر لە پەنجا کەسایەتی لە وەفدەکەدا بەشدارییان کرد، شاندەکە بە سەرۆکایەتی سەید صاڵح ئەلنەقیب و سەید عەبدوڵا ئەفەندی ئەلبەیاتی بوو، لەو کاتەدا مەلا نەجم پارێزگاری بەغدا بوو، دوای ئەویش نازم پاشا بووە والی بەغدا، شاندە گرنگییەکی زۆریدا بە دامەزراندنی بەنداوەێک بۆ هەڵگرتنی ئاو و کۆنکریتکردنی دۆڵەکە لە دەروازەکە لە نزیک نزیک چیای کیسکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەندەلی، بۆئەوەی لە وەرزی زستان و بەهاردا ئاوی زیادە کە لە خاکی ئێران لە حەوزی سۆمارەوە دێن گلبداتەوە. پارێزگاری بەغدا لەلای خۆیەوە، ئەم پرۆژە گرنگە و ئەم بیرۆکەیەی قبوڵ کرد و پشتگیری لێکرد و پشتڕاستی کردەوە و پشتگیری خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە دووپاتکردەوە، کە پێشنیار کراوە لە شارۆچکەکەدا دامەزرێت و بە خێرایی ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاو لە مەندەلی. دەستبەجێ پارێزگاری بەغدا دەستی بە پەیوەندییە چڕوپڕەکانی کرد، بەبێ دواکەوتن و نزیکبوونەوەی لە بابولعالی، ماوەیەک بەسەر ئەم ڕێوشوێنانەدا چوو، بەپێی ڕێکارە ڕۆتینییەکانی حکومەت، ڕێکەوتێکی باش بوو، کە جەمال پاشا پۆستی پارێزگاری بەغدای گرتە ئەستۆ. لەهەمان ماوەدا، عەبدوڵا ئەفەندی ئەلبەیاتی ئەندامی ئەنجومەنی عمومی پارێزگای بەغدا بوو، بەهۆی

پەیوەندیی نزیکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پارێزگاری بەغدا، جەمیل پاشا، توانی لەبارەی سوودە گرنگەکانی ئەم پرۆژەیە قەناعەتی پێبکات، پارێزگاریش لە بەرامبەردا بروسکەی بۆ وەزارەتی ئیشغال کرد، ، ئەم وەزارەتە بۆ زۆر بابەت لە کارەکانی پەیوەست بەم وەزارەتەوە پشتی بە پارێزگار بەستووە، ئەمەش پێویستی دەستپێکردنی ئەم پڕۆژە گرنگە پێشبینیکراوەی بەبێ دواکەوتن خێراتر کرد، وەزارەتی ئیشغال گرنگیی تایبەتی بە پێشنیار بۆچوونەکانی پارێزگار جەمال پاشا دەدات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەشدا وەزارەت پەیوەندی بە هەندێک کۆمپانیای ئاوەوە کرد، لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ دوو ئەندازیاری ئەڵمانی هاتن و گەیشتنە مەندەلی و چوون ناوچەی شاخاوی کیسکەیان پشکنی و بڕیاریاندا، کە ئەم پڕۆژەیە نزیکەی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار لیرەی تورکی بە زێڕ تێدەچێت. ئەم ڕاپۆرتە بە خێرایی بۆ نازم پاشا والی نێردراوە، ئەویش بە زۆرترین کات و بە گرنگییەوە ئاڕاستەی ئەستانەی دەوڵەتی تورکیای عوسمانی کرد، پڕۆژەکە پەسەند کرا، لەگەڵ بڕی پارەی دیاریکراو، ساڵی ١٩١٤ حکومەتی عێراق ئەم بڕە پارەیەی بە سکەی زێڕی پاک خستە ناو بودجەی خۆیەوە.

لە بەدبەختی شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکەکەیدابوو، کە یەکەم شەڕی جیهانی لەم ماوەی ئەمساڵدا لە نێوان تورکیا و ئەڵمانیا و نەمسا لە لایەک و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ڕووسیا لەلایەکی دیکەوە سەریهەڵدا، لەگەڵ ئەم شەڕە نەفرەتییە، ئەم پڕۆژە پێشبینیکراوە (بەنداوی مەندەلی) ڕووناکی نەدی، بەمەش هیوا و خەونی خەڵک نەهاتەدی و بیرۆکەکەی بەنداوەکە لە قۆناغی سەرەتاییدا نێژرا، بەبێ ئەوەی دواتر بیری لێ بکەرێتەوە.

٥- هاتنی شا فەیسەلی یەکەمی عێراق بۆ شارۆچکەی مەندەلی

لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا، ئێران ببووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ڕووسەکان و عوسمانییەکان، بۆیە ئێران بە ڕەوتی ڕووداوەکان و کاردانەوەکانیان سەرقاڵ بوو، لەم ماوەیەدا ئاو بەشێوەیەکی تاڕادەیەک باش

لە خاکەکانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی گونجاو و لەبار دەهاتە مەندەلی، بەڵام دوای ئەم بەرووارە، شتەکان وردە وردە خراپتر و خراپتر بوون و دۆخە نالەبارەکە توندتر بوو، دۆخی نالەباری کەمی ئاو لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە ساڵی ١٩٢٠ توندتر بوو، شتەکان وردە وردە خراپتر بوون و خراپتر بوون و دۆخی نالەباری کەمی ئاو لە مەندەلی لە دوای ساڵی ١٩٢٥ توندتر بوو، لەم ماوەیەدا لیژنە و کەسانی پسپۆڕ هەبوون لەنێوان عێراق و ئێران دەهاتن و دەچوون، بەمەبەستی ئەوەی ئاو لەنێوان مەندەلی و سۆماری دابەش بکەن، دوای ئەوەی ئەم لیژنانە دەچنە سومار و دەگەڕێنەوە بۆ مەندەلی، شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ باری پێشتر، بەو پێیەی ئێرانییەکان لە حەوزی سومار، لە دیوی ئێرانەوە، ئاوەکە دەدزن و دەستکاری ئەو ڕێژەیە دەکەن، کە بۆ مەندەلی تەرخانکرابوو، تاکلایەنە مامەڵەیان بە بەردانەوە و گرتنەوەی ئاوەکە دەکرد کە ڕێڕەوی بەرەو مەندەلی دەهات، هەروەک چۆن پێشتر هەمان هەڵوێستیان هەبوو، ئاوا مامەڵەیان بە ئاوەکە دەکرد، خەڵک زۆر بێزار بوون لەم هەڵوێستە نەرێنییانەی ئێران و لە زۆری ئەو سکاڵا و ناردنی تەلەگرام و پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کەسانی پەیوەندیدار و بەرپرسانی حکومەتی عێراقی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش وەزارەتی ئیشغال، لە یەکێک لە قۆناغەکانی ئەم قەیرانەدا (ئاو کەمیکرد)، ئاو بە شێوەیەک کە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر لە مەندەلی ببڕدرا، بۆیە خەڵکەکە چوونە دائیرەی تەلەگراف و پۆستەخانەی شارۆچکەکە، لە یەک کاتدا چەند تەلەگرامێکیان بۆ حکومەتی ناوەندی بەغدا و ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی عێراق نارد، ئەوسا هەریەکە لە یاسین هاشمی و مەحموود ڕامز و ڕەشید عەلی گەیلانی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنە بوون، ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران دژی حکومەت وەستایەوە بەهۆی زۆر ئەو گلەیی و گازاندانەی کە لەلایەن شاندەکانی شارۆچکەی مەندەلی دەهاتن و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وڵامی نەدەدانەوە و کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر

زەوی پیشان نەدەدا و هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی مەندەلی لە کەم ئاوی و گرتنەوەی ئاو لەشارەکە نەدەدا. لە ئەنجامی گلەیی لەم کێشەیە و هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران، مەلیک فەیسەڵی یەکەم ناچار بوو بە شێوەیەکی شەخسیی لە شارۆچکەی مەندەلی ئامادەبێت. لە ئەنجامی ئامادەبوونی شەخسی مەلیک و سەردانەکەی بۆ شارۆچکەکە، بۆ خۆی شایەتحاڵی کێشەی ئاوی شارەکە بوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەش بەڵێنی بە خەڵکی مەندەلیدا، کە کاری جددی و خێرا دەکات بۆ بە ئاهانای ئەو خەڵکە هەژار و مەینتبارەی شارەکە بێت، دوای بەڵێنەکەی، شارۆچکەکەی بەجێهێشت، بەرەو بەغدا گەڕایەوە، ڕێک لەم کاتەدا ئێرانییەکان بەتەواوی ئاو لە شارۆچکەکە دەبڕن. لە مانگی تەممووزدا ، خەڵکی شارۆچکەی مەندەلی کۆبوونەوە، مامۆستا عمران موسا ئەفەندی بەیاتی و براکانی و ژمارەیەک لە پیاوەماقولان لەنێویاندابوون. بروسکەیەکی خێرا و توندیان نووسی و ئاڕاستەی مەلیک فەیسەڵی یەکەم  و سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران و ئۆپۆزسیۆن و ڕۆژنامەکانی بەغدای عێراقیان کرد، بروسکەکە بە وشەیەکی کورت نووسرابوو: **(تاکەی)** ئەم دواکەوتن و خەمساردییە، تینوێتی هیلاکی کردین؟ ڕزگارمان بکەن، چونکە ئارامیمان کۆتایی هاتووە. بروسکەکە واژۆی بەڕێز ئیلیاس ئاغای نەقیب  و کاک عمران موسا ئەفەندی ئەلبەیاتی و بەڕێزان تاهر شوکر و مەهدی شوکر و زاهیر البەندنیچی و ناسری حاجی حوسێن ئاغای نەقیب و حوسێن عەلی حەمدی و عبدالوەهاب و حاجی محەمەد، ئەوە سەرباری کۆمەڵێک خاوەن موڵک و بەشێک لە خەڵک بەسەرەوە بوو، لە ڕۆژی دووەمدا ، بروسکەکەی خەڵکی مەندەلی لە ڕۆژنامەکانی بەغدا بڵاوکرایەوە، لەسەر ئیدانەکردنی هەڵوێستی حکومەتی عێراق قسە کرابوو، لە شانشینی عێراق تا کەی مافەکانمان دەستبەسەردا دەگیرێت و هیچ یارمەتیدەرێک نییە و ئێمەش بێدەنگین؟

٦- چوونی شاندی چەندبارەی مەندەلی بۆ بەغدا لەسەردەمی پادشایەتی سەبارەت بە پرسی ئاو:

لە ساڵی دواتر، دوای سەردانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ شارۆچکەی مەندەلی لە ساڵی ١٩٢٥، ئاوەکە بە تەواوی کەم بووەوە، دار و دارخورماکان وشک بوون، بەروبوومی کشتوکاڵ و باخچەی میوە کەم بووەوە، خەڵکی مەندەلی شاندێکی دڵسۆز و چاکیان نارد، ئەوانیش پێکهاتبوو لە بەڕێزان (عەبدولسەتار موسا ئەفەندی ئەلبەیاتی، و محەمەد ئاغای نەقیب و زاهیر ئەلبەندنیچی و حاجی تاهیر شوکر بوون. دوو ڕۆژ پێش ئەوەی شاندەکە سەفەری بەغدا بکەن، خەڵک دەیان بروسەکەیان بۆ حکومەتی عێراق و بۆ ئەو کەس و و بەرپرسانی بەغدای پایتەخت و باعقوبە ناردووە و ئۆپۆزسیۆن و چاپەمەنی عێراقییان بڵاویان کردەوە، کە ئاوەکەیان بە تەواوی وشک بووە و دەبێت بە خێرایی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، بەهۆی ئەم تاقیکردنەوە تەلەگرامێکیان بۆ شا فەیسەڵی یەکەم و ئەنجوومەنی وەزیرانی نارد، کە تێیدا ڕایانگەیاند کە شاندێکی باڵا دێنە بەغدا، بەرێوەبەرایەتییەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە بری خەڵکی شارۆچکەی مەندەلی پێداچوونەوە دەکەن و لەگەڵ گەیشتنی شاندەکە بۆ بەغدا، ڕاوێژیان بە وەزارەتی ناوخۆ و دارایی و نووسینگەی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و نوێنەران و دەرباری شاهانە و ژمارەیەک کەسایەتی ناسراوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەو کاتەدا کرد، سەید جەعفەر عەسکەری جێگری سەرۆک وەزیران بوو، لە بارەگای ئۆفیسی فەرمی خۆی بە یەک وشە گوتی، چی بکەین بۆ شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکەکەی؟ ئێمە ئاو لە کوێوە بۆ ئێوە بێنین؟ مافی ئێوەیە لە دۆڵی خۆتانەوە ئاو وەربگرن، مەبەستی مافی ئێوەیە لە بەشە ئاوی دۆڵی (ڕووباری گەنگیر)، کەواتە چیتان دەوێت؟ وەفدەکە لەو تەنگانە و ئەو نەهامەتی و بێبەشییەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە ئاگاداریان کردەوە و داوایان لێکرد کە پڕۆژەیەک ئەنجام بدات، کەناڵێک دروست بکات بەهۆیەوە

ئاو لە ڕووباری دیالە بیگەیەنێتە سەر زەویەکانی شارۆچکەکە، لەم هەڵوێستەدا جەعفەر ئەلعەسکەری، هاواری کردە سەر سکرتێرەکەی و وتی: فایلی قەزای خالسم بۆ بهێنن، کە دوێنێ بروسکەیەکی لە دانیشتوانی قەزای خالس پێگەیشت بوو، ئەو بروسکەیەی بۆ شاندەکە خوێندەوە، کە ووتبوویان: ئێمە لەنێوان دوو ڕووباری دیجلە و فوراتداین وا خەریکە لە تینوان دەمرین، پاشان بە زمانی ئاخاوتنی خۆی بە شاندەکەی گوت: من هیچ شتێکم بۆ ئێوە نییە، چونکە بودجە زۆر لاوازە و بەرگەی خەرجکردنی یەک فلس ناگرێت بۆ داواکارییەکەتان و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی مەندەلی، دوای وەڵامدانەوە و دەمەقاڵەیەکی توندوتیژ و گفتوگۆیەکی چڕ، شاندەکە ئۆفیسەکەیان بە تورەیی و بێ هیواییەوە بەجێهێشت و بەرەو دەرباری پاشایەتی ڕۆیشتن، کە شا فەیسەڵ ساڵێک لەمەوبەر کاتێک سەردانی شارۆچکەی مەندەلی کرد لەوێ بوو بەڵێنی پێدابوون بەم زووانە ئاویان بۆ دابین دەکات و ئەو بڕی پارەی پێویست لە خەزێنەی شاهانەی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خەرج دەکات، کاتێک گەیشتنە دەرباری پاشایەتی، لەلایەن بەڕێز کاک ڕەشید عالی گیلانی بەڕێوەبەری مەراسیمە شاهانەییەکانەوە پێشوازیان لێکرا، داوای لێکردن بێنە ئۆفیسەکەی و ئەوانیش باسی کێشەی ئاو و ئەو قسانەی کە جەعفەر عەسکەری جێگری سەرۆک وەزیران پێی گوتوون، کرد، هەڵوێستی گەیلانی ئەرێنی بوو، وتی، براکانم، ئەندامانی شاندەکە، (سەرۆکی حکومەت یان یەکێک لە وەزیرەکان بەپێی بودجەی خۆی مامەڵە دەکات) بەڵام کە شا فەیسەڵی من بەڵێنی پێداون، کە لە گەنجینەی خۆیەوە پارە بۆ پڕۆژەیەکەتان خەرج بکات، جەنابیان وەزیری ئیشغال و گواستنەوەی ڕاسپارد، کە لەگەڵ هەندێک ئەندازیاری پسپۆڕدا بچێتە شارۆچکەی مەندەلی،دەست بە گەڕان و نەخشەگرتن بکەن، پاشان دەست بە کار و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکەن، بەو پێیەش کەیسەکەتان هاوشێوەی کەیسەکانی دیکە نییە، لەم ڕووەوە دڵنیابن، پێویست بە دیتن و چاوپێکەوتنی

مەلیک ناکات، داوات لێدەکەم سبەی وەرنەوە بۆئەوەی لەم شوێنە چاوتان بە وەزیری ئیشغال بکەوێت و لەسەر وادەیەک ڕێکبکەون کە لەگەڵیدا بچن بۆ مەندەلی.

بۆ ڕۆژی دووەم، شاندەکە لەگەڵ وەزیر ئەمین زەکی بەگ کۆبووەوە، کە بەر لە وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ئیشغال و گواستنەوە، نوێنەری قەزای سلێمانی بوو، دڵنیایی پێدان وئەندامانی شاندەکەی ناچار بە بگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەی مەندەلی کرد. دوای دوو ڕۆژ لە وادەی دیاریکراو و ڕێککەوتنەکە وەزیری پەیوەندیدار و وەزیری ئیشغال و گواستنەوە لەگەڵ ژمارەیەک کەسی پەیوەندیدار کە پسپۆڕن لەو بابەتەدا هاتنە شارۆچکەی مەندەلی چاوییان کەوت بە خەڵکی مەندەلی، کە بە خۆپیشاندانێکی بەرفراوان و پڕ لە ژاوەژاو  پێشوازیان لێکردن، چڵە داری وشکبووە و لاسکە خورمای ڕزیویان بە دەستەوەگرت بوو، دروشم و تاری توند و بریندارکەریان دژی حکومەتی عێراق دەوتەوە، ئەمەش پۆلیسی ناچار کرد دەستوەردان بکات بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران. لە ماوەی مانەوەی تەنها سێ سەعاتی وەزیر لە مەندەلی و دوای وتوێژ لەگەڵ دەستەبژێرێک لە خەڵکی شارەکە، وەزیر و ئەوانەی لەگەڵی بوون گەڕانەوە، هیچ چارەسەر و پێشنیارێکی پێشکەش نەکرد، تەنها بە فەرمانی خۆی یەکێک لە ئەندازیارەکانی لە شارۆچکەکەدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەخشە و ناوچەکان بۆ پڕۆژەی داهاتوو جێهێشت.

گلەیی و سکاڵا و داواکاری و تەلەگرام لەلایەن خەڵکەوە لە سەردەمی سەرۆکی شارەوانی بەڕێز مووسا کازم شاکر بەردەوام پێشکەشی حکومەت دەکرا، ئەو سەرۆک شارەوانەیە هەوڵ و تەقەلای خۆی خستەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی شارۆچکەکە و خەڵکەکەی لە قەیرانی کەمی ئاو، کە  ئەمەش وەزارەتی ناوەخۆی ناچارکرد بۆ ئەوەی نێردەی تایبەت و پشکنەری کارگێڕی خۆی ( کە بەڕێز جەلال بابان بوو) بنێرێت بۆ شارۆچکەی مەندەلی

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە و لەم دۆخە. لەلایەن خەڵکەوە چەندین چارەسەر و پێشنیازیان نووسران و لە کاتی گەیشتنی بۆ شارۆچکەی مەندلی ڕادەستی بەڕێز جەلال بابانیان کرد، ئەوانە لە شاندەکەی مەندلیەوە بەشدار بوون، ئەوانە بوون: بەڕێز عەبولستار ئەفەندی ئەلبەیاتی و خودی قائیم مەقامی شارەوانی مەندەلی، ئەوانە کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەسەر پێشنیارەکانی شاندی مەندەلی کرد و گونجاوترین و ئاسانترین و کەم خەرجیترین ڕێگاچارەیان بۆ پڕۆژەکە دۆزیەوە، کە بەهۆیەوە شارۆچکەکە و خەڵکەکەی زیندودەکاتەوە، بە تێپەڕبوونی کات ڕێگری لە جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەک لەسەر زەوی مەندەلی کرا، خەڵکیش بوو چەندین باری دیکە هەناسە سارد دەردەچوون، حکومەت دانیشتوانی قەزاکەی سەرقاڵ کرد، خەڵکەکە لە پێگەی خۆیاندا نەیاندەزانی چی بکەن؟ چارەسەری مەسەلەکە لە کوێدایە؟

بیرۆکەی پڕۆژەکە بووە خەونێک بەردەوام دەهاتە خەوی خەڵکەکە، بووەتە سەرابێک کە هیچ سوود و چارەسەرێکی نییە و تینوێتی خەڵک و باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان ناشکێنێ، لەکاتێکدا ئەوان بەردەوام لە نەهامەتی و بێبەشی و سەرلێشێواویدا کاروبارەکانیان بەسەر دەبرد و مۆتەکەیەکی نادیاردا بۆ داهاتوو چاوەڕێیان بوو، ئەم ڕەوشە خەریک بوو جەستەیانی دەخوات و لەناویانی دەبرد. ئەوەی لە باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان مابووەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژانێکی نائومێدیان دەکرد، بەبێ ئەوەی بەرپرسانی دەوڵەت هیچ گرنگییەکییان پێ بدەن.

بەم شێوەیە مەندەلی و خەڵکەی بۆ زیاتر لە سەدەیەک بەردەوام بوون لە ئازار و وشکە ساڵی و قات و قڕی وەرز و ساڵەکان. مانەوەی خەڵکەکە لە شارۆچکەکەیان جگە لە غیرەت و خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ شارەکە نەبێت هیچی دیکە نەبوو، کە ئەمە سەرباری هەژاریی و برسێتی پاڵنەرێکی بەهێزە و یەکەم و دوا هاندەر بوو، کە خەڵکەکە شارۆچکەکەیان بەجێنەهێڵن، چۆن کاری وا دەکەن، مەندەلی لانەی خۆیان و باوب و باپیرانیانە.



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

دوای ساڵی ١٩٦٨، مەندەلی و خەڵکەکەی تووشی ناخۆشی و کارەساتی زیاتر بوونەوە، بەتایبەتی دوای ئاوارەبوونی زۆرەملێ کە لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەم واقیعە سەیر و نامۆیە، ئەوەی لە دارخورماکانی مابوونەوە، بەردەوام بەرەنگاری دەکرد و وەک شاخ بە زەوییەوە چەقیبەستووبوون، سێبەرەکانی بەسەر خاکەکانیدا بڵاودەکردەوە، بە هیوای ئەوەی کەسێک بێت و ڕووی تێبکات و هەڵی بگرێتەوە، ئەو چڵە دارخورمایانە سەرەڕای نەخۆشیی ئێستایان، لانە و شوێنی چاکی خۆیان جێناهێڵن، چاوەڕوانی گەڕانەوەی خەڵکەکەی دەکەن وەک پێشتر، ، ئەگەر بە قووڵایی مێژوودا بگەڕێین و لە ژێر ڕۆشنایی دۆزینەوە و هەڵکەندنی شوێنەوارییی بیانی و عێراقیدا بڕوانین، شوێنەواری کەناڵێکی ئاویی دەبینرێت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی شەشەمی پێش زایین، لەوێ لە نزیک شوێنی چاکمامی دەرکەوتووە، کە بە دووری ( ٤) کم لە باکووری شارۆچکەکە لە قەرەلۆس هەڵکەوتووە، هەروەها دەرکەوتووە، کە کەناڵی زۆر بۆ مەبەستی ئاودێری لێدراون، بەو پێیەی لە سەردەمی سامەڕا لە کۆنەوە سیستەمی ئاودێری لە شوێنی خۆیدا لە سامەڕا پیادەکراوە، کاری هەڵکەندن بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە مەندەلی و بەدرە بەردەوام بووە، پرۆسەی ڕووپێوی لە مەندەلی تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بووە، دوای ئەوە بە هاوکاری (جۆن سیمۆن) کە سەرۆکایەتی تیمی کۆمیسیۆنی ئەمریکی بوو بۆ کاری ڕووپێوی دواخرا، لەو کاتەدا وتی: هەڵبژاردنی ئەم شوێنە لەبەر دوو هۆکاری جوگرافی بوو، یەکەم هەڵکەوتەکەی شوێنەکە لە دامێنی زنجیرە چیای زاگرۆس و لەبەرئەوەی درێژ دەبێتەوە بە دووری نێوان گردی ئەلسەوان (کە دەکەوێتە باشووری حەسونە و سامەڕا و حاج محەمەد)، دووەم فاکتەری جوگرافی: ئەم ناوچەیە لە دەشتە لافاوییەکانە و مەندەلی و بەدرە دەکەونە کۆتایی هێڵی شاخەکە، کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات و بەدرێژایی سنووری ئێران درێژدەبێتەوە. ئەم دەشتە

ورده ورده له دۆڵی ڕووباری دیجله بەرەو سەرەوە، بەرەو گردەکان بەرز دەبێتەوە و تا بە (١٣٧ م) بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا لە مەندەلی دەگات، لە کاتێکدا لە بەغدا ئەم بەرزییە دەگاتە (٣٤ م) لە ئاستی دەریادا، جگە لەوەی ئەو دەشتەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین کشتوکاڵییە، وابەستەی بارانە، بە زنجیرە چیای زاگرۆس دەورە دراوە، کە بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم ناوچەیە نیشتەجێ بوو، ئاماژە بەوە دەکات کە (٥٠) تەپۆڵکە یان کۆپلەی هەیە، ئەو گرد وتەپۆڵکانەی کە مەندەلی ڕووپێو و تۆمار کراون، زۆربەیان بەرزیان زۆر نیە و ناوی ناسراویان نییە، قاپی قوڕین (فەخار)ی تێدا دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی زایینی، کە هەموویان قاپی هەمەجۆر بوون.

کەسانی دیکەش هەبوون، کە کارکردنی دڵسۆزانەیان لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی ئاو و کەمیەکەی لە شارۆچکەکەی مەندەلی کردە سەرشانی خۆیان، کێشەی ئاو بۆتە نیگەرانی و خەمی ئەوان، بەتایبەتی دوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، کاتێک شاندی باڵا پێکهێنرا بۆ ئەوەی بچنە بەغدا و چاویان بە بەرپرسە پەیوەندیدارەکان بکەوێت، لەنێویاندا وەزیرەکان و ئەوانیش بە دەنگی بڵند هاواریان دەکرد:

مەندەلی و گەلەکەی لە تینوێتی ڕزگار بکەن و بە سەردانە دووبارەکانیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆدەبوونەوە و ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ مەلیک فەیسەڵی یەکەم کرد، بۆ ڕزگارکردنی مەندەلی لە تینوێتی و نادادپەروەری، بەڵام نەگرنگیان پێ و نە گوێیان گرت، تەنیا بەڵێنی بێ بنەمایاندا.

لە خوارەوە ناوی ئەم شاندە دووبارەبووانە دەخەینەڕوو، کە نوێنەرایەتی شارۆچکەکە و خەڵکەکەیان دەکرد:

١. موسی عمران بەیاتی
٢. حسین عەلی حمادی مەندەلاوی

٣. عەبدلوەهاب حاجی محەمەد مەندەلاوی
٤. فليح حسون مەندەلاوی
٥. محەمەد خود دار مەندەلاوی
٦. محەمەد اغا نەقيب
٧. عەبدولڕەحمان جاسم مەندەلاوی
٨. حسين موسی ميل مەندەلاوی
٩. حاجی ولی مەندەلاوی
١٠. عبد الجليل موسی ئەفەندی بەياتی
١١. مەحموود اغا نەقيب
١٢. مەحموود شكر مەندەلاوی
١٣. مەهدی شوكر مەندەلاوی
١٤. عبدولرەزاق الشكر مەندەلاوی
١٥. محەمەد غائب مەندەلاوی
١٦. سليمان ئاغا نەقيب
١٧. حەبيب عيدی مەندەلاوی
١٨. مەسعود علی جادر الممەندەلاوی
١٩. صاڵح جعفر مەندەلاوی
٢٠. محەمەد مظفر مەندەلاوی
٢١. جەبار ئاغا نەقيب
٢٢. طاهر الشكر مەندەلاوی

لە ناحيەی قەزانييەش ئەمانە نوێنەری ناحييەكەبوون

١. امير حەمزە جاسم جويری
٢. محولی ئەحمەد
٣. ئيبراهيم صادق

لەو کاتەدا ڕۆژنامە عێراقییەکان بایەخیان بەو سەردانانە و شاندەکان بۆ لای بەرپرسان، هەروەها تەلەگرامەکان دەدا و کێشەی ئاو بوو بووە کێشەی سەرەکی خەڵکی شارۆچکەکە، لە لایەکی دیکەوە لە ناوچەی حەوزی سوماری ئێران، سەرهەنگ ئیمیلی کاربەدەستی ناوچەکە فەرمانی ڕووخاندن و تێکدانەی ئەو کارێزانەی دەرکرد کە خەڵکی مەندەلی بە پارە و هەوڵەکانی خۆیان دروستیان کردبوو.

ئاوی کارێزەکان (ئومێدێک بوو بۆ خەڵکی مەندەلی) بەم کارە قێزەونەی بە پڕکردنەوە و ڕووخانی کارێزەکان، توڕەیی و دڵەڕاوکێی خەڵک زیاتر بوو، بەتایبەتی خاوەن باخەکان، هەروەها جووتیارانیش، ئەم دۆخە نەگبەت و خراپەی کەمی ئاو، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاووڵاتیان و بەتایبەت خاوەن موڵک و جووتیاران هەبوو، نارێکی و نارەحەتی کەوتە سەریان و زۆرێکیان ناچار کرد شارۆچکە و گوند و لادێکانیان بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بەدوای داهاتدا بگەڕێن، تاکو بژێوییەکی حەڵاڵ بۆ خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن، نائومێدی ڕووی لە خەڵک و دەروونییان کرد (کە زیاتر لە ٤٥ هەزار کەس بوون) حکومەت و بەرپرسە یەک لە دوای یەکەکان دەستپێشخەرییان نەکرد، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی ئاو. ئەم پشتگوێخستنە بووە هۆی ڕۆیشتنی زۆرینەی خاوەن موڵکەکان و بەشێک لە سەرکارییەکان و جووتیارەکان، زەوی و باخەکانی بەجێهێشت شارۆچکەکەیان جێهێشت.

## باسی دووەم

## مەندەلی:

## لە ژێر ڕۆشنایی دۆزینەوە شوێنەوار و هەڵکۆڵینەکان و قۆناغە مێژووییەکان

**یەکەم: شوێنەوارەکانی مەندەلی بەگوێرەی ڕای زانایان و پسپۆڕان**

هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان نهێنییە مێژووییەکانی ئەم شارۆچکەیە (مەندەلی) دەردەخەن، ئەو نێردە بیانیانەی کە لە ساڵی (١٩٦٦ز) هاتنە ناوچەکە، جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی شارۆچکەی مەندەلی بۆ زیاتر لە (٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵ پێش زایین درێژدەبێتەوە، کە چڕییەکی زۆری دانیشتووان و سیستەمێکی ئاودێری پێشکەوتووی هەبووە، لە بەهاری ساڵی پێشوودا (١٩٦٦ی زایینی)، نێردەی شوێنەوارناسی بەریتانیا ڕووپێوی ئەو ناوچەیەی کرد، کە لە نێوان شارۆچکەی مەندەلی و شارۆچکەی بەدرە درێژدەبێتەوە، کە بەمانەی خوارەوە جیادەکرێتەوە:

١. کەوتۆتە ناو دەشتی لیتەیی کە لە لوتکەی شاخەکاندا بە درێژایی سنووری عێراق ـ ئێران درێژدەبنەوە،

٢. بەرزی ناوچەکە لە سەد و سی و هەشت مەتر (١٣٨ مەتر)ە، لە کاتێکدا زەوییەکە ئیدی دواتر بەرە بەرە بە ئاڕاستەی ڕۆژاوا دەبێتەوە تەختایی، ئەمەش ڕێگر بوو لەوەی ئەو ناوچەیەی پێشتر باسمان کرد، سوود لە ئاوی ئاودێری لە ڕووباری دیجلە وەربگرێت (واتە ناوچەی مەندەلی ١٣٨م بەرزترە لە ڕووباری دیجلە یان تەنانەت ڕووباری نەهرەوان).

٣. ناوچەکە لە ئاودێری پشت بەو چەم و زێیانە دەبەستێ، کە لە بەرزاییەکانی دیوی ئێرانەوە لە حەوزی سومار و چیای پشتکۆوە دێن.

٤. بەڵگە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە گۆڕانی کەشوهەوا لەو ناوچەیە ڕوویداوە، ناوچەکە پێشتر پر دانیشتوان بووە، بۆیە نێردەکە چاوەڕێی ئەوە بوو، کە ناوچەکە خاوەن سیستەمێکی ئاودێری جیاواز بووبێت، کە لەگەڵ ئەو چڕییە دانیشتوانەی بگونجێت، ناوچەی کوخەمامی لەدووری ٤ کم لە باکوری شارۆچکەی مەندەلی لە قەرەلوس ئەو سیستەمە ئاودێرییە بینراوە، بەڵگەکان بوونی سیستەمی ئاودێری کە کۆنترین کەناڵەکانی ئاودێریە لە جیهاندا و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠) پێش زایین دەسەلمێنن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گرد و تەپۆڵەکانی دەوروبەری شارۆچکەکەش ڕووپێوییان بۆ کراوە، چەندین دەفری گۆزکە دۆزراونەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، هەروەها لە گردەکانی گۆمەسەنگ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی مەندەلی لە گوندی کۆمەسەنگ لە ناوچەی سەرووی جاریە ئێستا و لە تەنیشت سنووری عێراق و ئێران، نێردەکە کەلوپەلی شووشەیی و قاپی شاخینی دۆزیەوە، ئەو دۆزراوانە لەگەڵ ئەو کەرەستانەی کە لە چەرمۆ و حاج محەمەد هەبوون بەراورد کران.

هەروەها هەڵکەندنی هاوشێوە لە ناوچەی نەفتخانە کە پێنج (٥) کیلۆمەتر لە باکووری شارۆچکەی مەندەلی دوورە ئەنجام دراوە، دەرکەوت شوێنەواری وا دۆزراوەتەوە کە بۆ نەوەی یەکەمی خانەوادەی (لایسین و لارسا) دەگەڕێتەوە، یەکێکیان لە گردی چیچکان و ئەوەی دیکەیان لە گردی کوخەمامی لەنێوان گردی حەسون و گردی کوخەمامی کە پێشتر باسمان کرد، کوخەمامی بەرزییەکەی لە نێوان (٢- ٥ م) بەرزدەبێتەوە و بۆ (١٠٠ بۆ ٢٠٠م) درێژ دەبێتەوە، باوەڕ وایە ئەو سەرەی کە لە کوخەمامی دۆزرایەوە،

شوێنەوارێکی جیاواز بێت، دەتوانرێت بەو سەرە کەلەپووریەی کە لە ناوچەی وەرکا (باشووری عێراق) دۆزراوەتەوە بەراورد بکرێت.

درێژبوونەوەی دەموچاو و وێناکردنی چاوەکان و ئەو کەرەستە و ڕەنگانەی کە بەکارهێنراون دەتوانرێت بەراورد بکرێت بەوانەی کە لە شوێنەوارانەی کە لە سامەڕا بەکارهێنراون یان ڕەنگە مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆیلایەتی بگەڕێنەوە.

لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی بە ئاڕاستەی دۆڵی نەفتچەم، گردی شوێنەواریی دیکەش هەن، یان ساسانییە یان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەمی ئیسلامی، وەک گردی کۆساخ  و حاجی یوسف لە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی، جگە لە قەڵای سەفید (قەڵاسەفی)، کە گۆزکەی عەباسی لێ دۆزراوەتەوە، پێدەچێت قەڵای فەلاسفی لە بنەڕەتدا شوێنەوارێکی ساسانیی بێت، هێشتا بوارێکی فراوان هەیە بۆ توێژەران و شوێنەوارناسەکان بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری بەنرختر.

شایەنی باسە توێژەری ئەمریکی (جاکسۆن)، لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر تۆپۆگرافیای ڕووباری دیالە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕووبارە لە ڕابردوودا بە ئاڕاستەیەکی نزیکتر بەلای شاری مەندەلی دەڕۆیشت لەوەی ئێستا دەڕوات، خەڵکی لەسەر ڕووباری دیالە پڕۆژەی ئاودێری خۆیان ڕێکخست و، لە باکووری شارۆچکەکە شارستانییەتی کشتوکاڵی خۆیان لە بێستانی دارخورما دامەزراند، زنجیرەیەک بەدرێژایی دۆڵەکە هەیە، کە لە شاخەوە درێژدەبێتەوە لەلای گوندی کومەسەنگ لە ناوچەی جاریەی باڵا، ئەم گردانە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو، جگە لە گروپێک نەبن، کە دەکەوێتە کۆتایی نزیک زنجیرەکە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی عەباسیەکان، لەنێو ئەم زنجیرەیانەدا ، زنجیرەی (تەمرخان) هەیە ، کە گەورەترینیانە، کە گۆسکەی بەردین و بەردی شووشەیی ڕەش و دەفری بەردینەکانی تێدایە دەرکەوتووە، سەبارەت بە

قاپی گۆزکەیی ئەوا هاوشێوەی ئەوانەیە، کە لە ناوچەی حاج محەمەد دۆزراونەتەوە، ئەم گۆزکەیە لە مەندەلیدا باو بووە، هەروەها ئەو دەفرانەی کە دۆزرانەوە لە گردێکی بچووکی نزیک تەمرخان هاوشێوەی ئەو جۆرەیە کە لە ئەریدۆ دۆزراوەتەوە، هەروەها لە گردێکی  نزمتر لە باکووری تەمرخان بۆ یەکەمجار گۆزکە دۆزرایەوە، کە پەیوەندییەکی مێژوویی بەو شتەوە هەیە کە لە سامەڕا و لە باکووری شارۆچکەی مەندەلی لە دەڤەری هەزارکری دۆزراوەتەوە، کە گەورەترین گردی شوێنەواریی لێیە، لە ناوخۆدا بە (چیچکان) ناسراوە، زۆربەی ئەو شتانەی لەسەر ڕووی ئەو گردە دۆزراونەتەوە، بۆ شانشینی (ئیسین و لارسا)دەگەڕێنەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تریان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئورو و سەردەمی کۆیلایەتی دووەم.

سەبارەت بە ناوچەی کوخەمامی، د.حوسێن ئەحمەد سەلمانی شوێنەوارناس، سەبارەت بەو شوێنە و گرنگییەکەی بۆ شارۆچکەی مەندەلی دەڵێت: دەکەوێتە چەند کیلۆمەترێک لە باکووری شارۆچکەی مەندەلی، شێوەیەکی چوارگۆشەی هەیە و ڕووبەرەکەی (١٠٠ بە ٢٠٠ مەتر چوارگۆشە)ە، دوو بۆ پێنج مەتر لە دەشتی تەنیشتیەوە بەرزترە.

هەڵکۆڵینەکان لە شوێنی کوخەمامی لەساڵی ١٩٦٦ - ١٩٦٧ لەلایەن نێردەی شوێنەوارییی هاوبەشی قوتابخانەی شوێنەواری بەریتانی و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی ئەمریکی شیکاگۆ دەستی پێکردووە، هەڵگیراوەکانی سەر ڕووی گردەکە لە پارچە گۆزکەی حەسونە سامەڕا و حاجی محەمەدی سەردەمی کۆیلایەتی دووەم پێکدێت،  جگە لە نموونەی گۆزکەکانی سەردەمی نەوەی سەدەی ئەکادی، لەگەڵ هەندێک لە گۆزکەی ڕەنگاورەنگ، کە بەوانەی لە ناوچەی کۆشی باشوری ڕۆژاوای ئێران هەن دەچن، سەرباری ژمارەیەک گۆزکەی سەردەمی حلف، ئەو گۆزکانەی لە چوخەمامی دۆزراونەتەوە ڕەنگاو ڕەنگ بوون، هاشێوەی ئەوەبوون کە لە حلفی هەبوون، لە نێو ئەو شێوەیانەی لەم شوێنەدا دەرکەوتن قاپێک

(دەفرێک) بوو کە بنەمای ئەڵقەیی و نووسراوی ئەندازەیی لەسەر بوو، ڕەنگی سپیی لە گۆزکەی فرەڕەنگدا بەکاردەهێنرا، دەتوانرا بە بەکارهێنانی ڕێگەی کاربۆنی تیشکدەری (١٤) مێژووەکەی دیاری بکرێت، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٤٨٩٦ پێش زایین دەگەڕێتەوە، خوالێخۆشبوو دکتۆر تەقی دەباغ لەبارەی شوێنی کوخەمامی لە شارۆچکەی مەندەلی دەڵێت دەباغ: بە کۆتایی باشووری بڵاوبوونەوەی گوندەکانی سەردەمی حەلەف لە عێراق دادەنرێت.

دکتۆر حوسێن ئەحمەد سەلمان لە سەر ئەم بابەتە، وتی: (زۆر ڕاستە، شوێنەوارەکانی شارۆچکەی مەندەلی بە تایبەتی کۆخەمامی نوێنەرایەتی کۆتایی باشووری ئەو گوندانە دەکات، کە لە شاری حلف لە عێراق دۆزراونەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ماددی و شوێنەوارییە، کە شارۆچکەی مەندەلی یەکێکە لە ناوچەکانی باشووری کوردستانی عێراق). پرۆفیسۆر قەیس حوسێن ڕەشید، سەرۆکی دەستەی گشتی شوێنەوار دەڵێت: دەستەکەیان لەساڵی ٢٠٠٧ەوە دەستی بە هەڵکەندن کرد لە پارێزگا ئارامەکان، پلانەکەیشی ئەوە بوو، کە ڕێوشوێنی ڕزگارکردنی ئەو شوێنەوارانە ئەنجام بدات ، دەشڵێت: شارۆچکەی مەندەلی یەکێکە لە شارە شارستانییە دێرینەکان و شوێنی گرنگی هەیە، بەڵام لە بواری هەڵکەندنی شوێنەواریدا پشتگوێخراوە، بەو پێیەی دوایین هەڵکەندنی ڕاستەقینە لە ساڵی ١٩٦٧ ئەنجامدرا، مەندەلی لەرووی شوێنەوارییەوە دۆخێکی باشی هەبوو، لە ئێستاشدا بە گرنگییەوە سەرنجمان لەسەر کاری ڕزگارکردنە، بەڵام ئاستەنگ هەیە، لەوانە کەمی پارەی تەرخانکراو و کەمی کادیرانی شوێنەواریی، شوێنە شوێنەوارییەکانی شارۆچکەی مەندەلی لە دۆخێکی باشدان، بەڵام پێویستیان پاسەوانیکردنی توندی هەیە. بەرپرسانی دەستەی شوێنەواری عێراق و بەرێوەبەری پشکنینی نێردە بیانییەکان داوایان کردووە پرۆسەی کۆڵینکاریی و پشکنین لە پێگەی چوخەمامی بکرێت، چونکە ئەو پێکەیە گرنگی ژیاریی و مێژوویی خۆی هەیە، دۆسیەی شوێنەواریی ئەوێ بەهۆی گرنگییەکەیەوە

پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە، بەرپرسانی دەستەی شوێنەواری عێراقیش بەڵێنیان پێداوین لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاری هەڵکەندنی بۆ ئەنجام بدەن، داوا لە نوێنەرایەتییە بیانییەکان دەکەن دەست بە هەڵکەندن و دۆزینەوەیان لەوێ بکەن.

پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل مەندەلاوی دەڵێت: وێرانەکانی شارۆچکەی مەندەلی لە نێوان چۆخەمامی (جیکە مامی و قەڵا سەفی (قەڵاتی سپی) درێژدەبێتەوە، ئەمەش درێژبوونەوەیەکی سروشتی باشووری کوردستانە، ڕێبەری شوێنەواریی عێراقی ئاماژە بە بوونی زیاتر لە (٧٨) حەفتا و هەشت شوێنی شوێنەواریی تۆمارکراو دەکات، کە ئاماژەن بۆ درێژبوونەوەی شارستانییەکی ڕوون لە باکووری هەرێمی کوردستانەوە بۆ بۆ شارۆچکەی مەندەلی درێژبۆتەوە، سەرەڕای کەمی پرۆسەی هەڵکەندنی شوێنەواریی کە لە شارۆچکەی مەندەلی ئەنجامدرابێت، کە تەنها ئەو نێردە شوێنێوارییەی بەریتانی و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٧ ئەو ئەنجامیاندا، کە دەریانخست کە شوێنەوارەکانی دێرین ڕەسەنن، لە ڕاپۆرتی جوان ئۆنس کۆڵینکاری ئینگلیزی هاتووە، دەڵێت: لە گەڕانە و پشکنینەکانی ناوچەی مەندەلی لە چۆخەمامی (جیکەمامی) شتێکی گرنگ هەیە، ئەویش درێژبوونەوەی سەدەی بەر لە مێژوو لە باکوور و باشووری شارستانییەتی میزۆپۆتامیا، لانیکەم لە ناوچەی شارۆچکەی مەندەلی. جوان ئۆنس شوێنی چۆخەمامی بە یەکێک لە گەورەترین شوێنەکان وەسف دەکات کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو، ئەو شوێنە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی، لەوێ لە قەڵای سەفید، کومەسەنگ، ئیمام حاجی یوسف، چیجکان، بابا کۆجی، تەمرخان، سەید ڕەحمان، تل هەزار کوبری و چەندین دیکە هەن. لایەنی پەیوەندیدار و توێژەر و پسپۆڕی شوێنەواری چاوەڕوانی ئاشکراکردنی شارستانییەتی ئەم

شارۆچکە (مەندەلین) دێرینەن، پێشتریش باسی ئەو شوێنە شوێنەواریانەی مەندەلیمان کرد.

پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل مەندەلاوی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: شارۆچکەی مەندەلی یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستانی عێراق، کە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان گرنگی شارستانییەکەی لە سەردەمی پێش مێژووی ئەم شارەیان دەرخستووە. نێردە بیانییەکان، کە ڕووپێوی ناوچەکەیان کرد (مەندەلی) سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی لەو کەرەستانەی کە لەوێ دۆزراونەتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو پڕۆژە ئاوەدانی و ناوەندە دانیشتووانە بوون، کە چاوەڕوان دەکرێت هەبووبن، ئەوە ڕێکەوت نییە، کە هەرێمی کوردستان لانەی کۆنترین شارشتانێتی کشتوکاڵی بێت.

هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان بوونی شوێنەواری شارستانییەتێکی کشتوکاڵی لە چەرمۆ پشتڕاستکردەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی (٦٥٠٠ - ٧٠٠٠ پێش زایین)، هەروەها مرۆڤی سەردەمی بەردینی ناوەڕاست لە ئەشکەوت و لەسەر شاخ و قەد پاڵی چیاکان ژیاون و دانیشتووانەکەی لەوێ بڵاوبوونەتەوە، سوودیان لە زەوییە بەپیتەکان و ئاوی زۆر و کەشوهەوای گونجاو وەرگرت، تاکو بناغەی کۆنترین شارستانییەتە مرۆییەکان لەو سەردەمە دابمەزرێنن.

**دووەم: ئەو شوێنەوارانەی لە مەندەلی دۆزراونەتەوە**

أ: شوێنەوارەکانی قەرەلۆس

١. **جیجکان**: شوێنێکی شوێنەوارییە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار بە هاوکاری نێردە بیانییەکان هەڵکۆڵنیان کرد و شوێنەواری گرنگیان لە چۆخەمامی دۆزیەوە.

٢. **تەمرخان**: کە گردێکی گەورەیە و شوێنەواری جۆراوجۆری تێدایە.

٣. **کۆکتەپە:** وشەیەکی تورکییە، گردێکی سەوزە.

٤. **دوو جێگا:** بە عەرەبی بە واتای دوو گرد دێت، وشەیەکی کوردییە.

٥. **قەڵا کۆنە:** ئەمە وشەیەکی کوردییە بە واتای (قەڵای کۆن) یان کۆشکی کۆن دێت.

٦. **میدینە:** بچووککراوەی وشەی (مدینة)یە.

٧. **کەناری:** گۆرستانێکی کۆنە، باوەڕ وایە شوێنەواری جۆراوجۆری تێیدا هەڵکەوتبن.

**ب: شوێنەوارە کۆنەکانی ناوچەی نەدا:**

لە چەم نەفت لە ڕۆژئاوای مەندەلی، کە چەند گردۆڵکەیەکی گاز و کۆشکی گەورە و کۆشکی بچووک و مەرجانییەکان، ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ڕووبارێکی دێرین، کە لەلایەن ئەمینەدینی کوڕی مەرجانەوە هەڵکەندراوە، بە مەبەستی ئاودانی زەوییە وەقفەکانی مزگەوتی مەرجان و شەقامی ئەلڕەشید لە بەغدا و گردی عەلیوی و ڕووباری کادوری لە ئەلبو جەواری و گردەکانی کەلاعە لە خاکەکانی ئەلمەروانی (حوسێن ئەلعەلاوی) و لەوانە کەل و پەلانێک دۆزرنەوە، کە بۆ قۆناغە جیاوازەکان دەگەڕێنەوە.

**ج: شوێنەوارە گرنگەکانی نزیک مەندەلی:**

**١.** قەڵای سەفید (قەڵای سپی)، دەکەوێتە باشووری مەندەلی و شوێنەواری ساسانی تێیدا دۆزراوەتەو

**٢.** تەل ڕەحیم.

**٣.** تەل ئەبو نەخیلە.

**٤.** تولول بەلدە، لە زەوییەکانی عەبدولڕەحمان جاسم، کە پێی دەگوترێت :جۆعدار ئاغا.

**٥.** گۆڕەکانی سەکور.

شورای ئۆردوگای ئامانولاخان: لە نزیک ماڵی جەبار ئەحمەد ئەفەندی لە قەزای نەقیب، ئێرانییەکان کاتێک شارۆچکەی مەندەلییان داگیرکرد لە



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

سەردەمی پارێزگار داود پاشا لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ وەک ئۆردوگایەک بۆ سەربازەکانیان بەکاریان دەهێنا ، لە ساڵی ١٩٦٧ ئەم دیوارە لەگەڵ هەندێک دیواری مەندەلیدا بە فەرمانی سەرۆکی قائیم مەقامی شارۆچکەکە، عەبدولڕەئوف فالح، بە مەبەستی قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوچەکە و فراوانکردنی ڕێگاوبانەکان دەوروبەری، ئەم دیوارە ڕوخێنرا.

**د: شوێنەوارەکانی ناحیەی (ئۆمریات) و (طور ساق) سەر بە قەزای قەزانییە، بریتین لە:**

١. خەبط طەروش.

٢. ئەبو هیلال عەرقوب: لە ڕۆژاوای ڕەمیح مەنسور، لەساڵی ١٩٤٧ز بە وتەی شایەتحاڵەکان.زێرێکی زۆری تێدا دۆزراوەتەوە.

٣. ئەبو سەمەک.

٤. تەل مەحموود: نزیک زەویەکانی دادوش فەرحە.

٥. تەل عەبد.

٦. تەل موجەصەص.

٧. تەل فریا

٨. تەل مەیاح: نزیک نەهرەوان.

٩. تەل دیمە: لە بزایزی زەویەکانی حەربووت عەجوج هەڵکەوتوون.

هەروەها لە مەندەلی هەندێک مەزارگەی پیرۆز هەن، لەوانە مەزارگەی حاجی یوسف، ئیمام کەرزەدین، بابا کۆجی و ئەوانی دیکە. ئەم شوێنانە جێگەی سەرنجی خەڵکن، خەڵک ساڵانە و بە درێژایی چوار وەرزەکە سەردانیان دەکەن، چونکە پێیان وایە خاوەنی ئەو مەزارگانە ئەولیا و پیاوچاک بوونە و لەلایەن خودای گەورەوە ڕێزیان لێگیراوە، پێویستە سەردانیان بکرێت، هەروەها ئەم شوێنانە بۆ پشوودان و کات بەسەربردن و کۆبوونەوەی نێوان خێزان و ئازیزان، بە دەرفەتێکی گرنگ دادەنرێت، کە دەبێت خەڵک بیقۆزنەوە، لە لایەکی ترەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و

چاکبوونەوە لە هەندێک نەخۆشی پێست ئاوەکانی حاجی یوسف بەکاردێت. هەرچی لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە و لە ناوچەی جاریە بە تایبەتی نزیک سنووری ئێران، لە ڕۆژهەڵاتەوە، نزیک ناوچەی کومەسەنگ، کە چەند کیلۆمەترێک لە سەنتەری شاری مەندەلییەوە دوورە، ناوچەیەکی سروشتیە بۆ کەشت وگوزار، ئەمەش بەهۆی کەش و هەواو مامناوەندییەکەی و زۆری زەوی کشتوکاڵی و بوونی باخ و بێستانەوە، هەروەها کەوتۆتە نێوان دۆڵ و دەشت و بێستان و چەندین ڕووبارەوە، هەروەها ئەو ئاشانەی کە لەسەر تاڤگەکانی ناوچەکە بە درێژایی ساڵ کاردەکەن، لەوێ لەنزیک باکورەکەی زۆر شوێنەواری بە بەها و گرنگ هەیە، کە مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین دەگەرێتەوە. سەری ئەو کچە کە لە باکوری شارۆچکەی مەندەلی دۆزرایەوە، دەتوانین بڵێین: مۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا بەم دۆزینەوەیە گەنجینەیەکی بۆ سەر گەنجینە شوێنەواریانە زیادکرد، ئەم گەنجینەیە ناوازەیە دەوڵەمەندە بە سیحر و جوانی مێژووەکەی بۆ پێش مێژووە لە باکووری مەندەلی دەگەڕێتەوە.

## سێیەم: قۆناغە مێژووییەکانی شاری مەندەلی

مێژووی مەندەلی (پندنیگین) مێژوویەکی زۆر کۆنە، لەو کاتەوەی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجار پێی داناوە لەسەر ئەم شوێنە باشەی سەر هەسارەی زەوی لەوەتەی هەزاران ساڵ لەمەوبەر، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٦٠٠٠ پ.ز)، بەپێی ئەو هەڵکۆڵینە شوێنەوارییانەی کە لەلایەن نێردە بیانییەکان و بە هاوکاری لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق لەماوەی نێوان ١٩٦٦ بۆ ١٩٦٧ ئەنجامدراون.

شارۆچکەی مەندەلی عێراق، یەکێکە لە شارە مێژووییە دێرینەکان، سەرەڕای نەبوونی لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی لەوێ، بەڵام نێردەی بەریتانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکانی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٧-

١٩٦٨ی سەدەی بیستەم کاری کردووە و توانی چەند بەڵگەیەکی فیزیکی بدۆزێتەوە، کە قووڵایی کولتووری ئەم شارۆچکەیە و دەوروبەری دەسەلمێنن، کە پەیکەرێکی سەری ژنێک دۆزرایەوە، کە تا ڕادەیەک هاوشێوەی سەری ئەو ژنە بەناوبانگەی سۆمەرییە، کە لە ناوچەی وەرکا لە پارێزگای موثەنا دۆزرایەوە. زیاتر لە (٣٥) شوێنی شوێنەواریی لە شارۆچکەی مەندەلی تۆمارکراون، زۆرێک لە شوێنەکان تا ئێستاش شوێنەوارناسان بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی پێی نەگەیشتوون.

لە سەردەمی ئیسلامیشدا مەندەلی بەشێک بووە لە میرنشینە کوردییەکانی وەک حەسنەوی و جاوانی و بابانییەکان، یاقوت ئەلحەمەوی ئاماژەی بە مەندەلی کردووە و دەڵێت: شارۆچکەیەکی بەناوبانگە لەلای چیاوەوە (مەبەستی چیای پشتکۆیە) کەوتۆتە تەنیشت نەهرەوان، چەندین زانا و شاعیر و فەقێ لێ هەڵکەوتووە، مێژوونووسی عێراقی عەبدولرەزاق حوسنی دەڵێت: کانیاو و زێ لەخۆدەگرێت ودەڕوانێتە سەر دۆڵێکی فراوان.

لە کاتێکدا لێسترەنگ سەبارەت بە مەندەلی گوتوویەتی، کە یەکێکە لە ناوچەکانی قەزای بەدرەیە (بەدرە لە ئێستادا)، دواتر خراوەتە سەر ناوچەی سومار تا ساڵی ١٩٠٥ پێش ئەوەی سۆمار بخرێتە سەر خاکی ئێران.

لە پەیمانی بەناو زەهاب (زەهاو) لە ساڵی ١٦٣٩ز، کە بەپێی ئەو پەیماننامەیە ناوچەکانی مەندەلی و بەدرە و جەسان لکێنران بە خاکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە پەیمانی ئەرزە ڕوم لە ساڵی ١٨٢٣ز، کە پەیمانەکە بۆ ڕێکخستنی کاروباری لەوەڕاندن و جووڵە لە هەردوو دیوی سنوورەکە بەسترابوو، لە کاتێکدا ئەو زەویانەی کە دەکەوێتە نێوان خانەقین و مەندەلی لە بەرامبەر دانپێدانانی عێراق بە ماوچەی سۆمار، لکێنران بە سەروەری عێراقەوە، دواتر ئەو زەوییانەی هەردوولای ( ئێرانی و عێراقی) بە زەوی موحەوەلە (محولة) ناسراوبوون، لەلایەکی دیکەوە عەلادین ئەلسەجادی دەڵێت: باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) لەم

پارێزگایانە پێکدێت: سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، بەشێک لە موصڵ و هەردوو قەزاکانی خانەقین و قەزای مەندەلی لە قەزای دیالە و ناحیەی بەدرە و جەسان لە قەزای واست (کوت)، ئەم بۆچوونەش لەلایەن دکتۆر شاکر خەسبەک و مستەفا شێخ نیعمتە الله شەوە هەبووە، تەنها ئەوە نەبێت کە دووەمیان (مستەفا) درێژی سنوورەکانی کوردستان لە عێراقەوە بە نزیکەی (٢٩٤) کم لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ ئێران بە نزیکەی (٦٣٠)کم و لەگەڵ ناوچە عەرەبیەکانی عێراق و سوریا بە نزیکەی (٥٠٤)کم مەزەندەکردووە.

هەروەها محەمەد مەردوخی کوردستانی ناوی ئەو ناوچانەشی خستۆتە ڕوو، کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، زێدی باوک و باپیرانیان لە کۆنەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەو ناوچەیەدا بووە، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

ئەو ناوچانەش بریتین لە:

١. هەردوو لیوای ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی بەتەواوەتی.

٢. دەڤەرەکانی دهۆک، ئامادی، ئاکرێ، شنگال، شێخان، زاخۆ و ناوچەکانی دیکەی لیوای موصڵ.

٣. ناوچەکانی خانەقین، مەندەلی، قەزانییە و قەرەتوی سەر بە شاری دیالە.

٤. ناوچەکانی کەرکوک: سەنتەری شار، داقوق، پردێ والتۆن کۆپری، کفری، توزخورماتوو، قەرە حەسەن لە لیوای کەرکوک.

سەبارەت بە هەردوو توێژەران، غەمی عەبدولا و (ت،ڤ) ئەریستەفی، ئەوان پێناسەی (هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر بنەمای سنووری یەکە ئیدارییەکانی قەزا و قایمقامیەتەکان کردووە و هەر یەکێکیان ( لەو توێژەرانە) پێیان وایە هەرێمی کوردستان سەرجەم قەزا و ناحیەکانی قایمقامیەتەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک دەگرێتەوە، لەگەڵ قەزاکانی تەلکیف،

شنگال، شێخان، عەقرە و دهۆک و پارێزگای موصڵ و خانەقین و مەندەلی و کفری لە قەزای دیالە و قەزای توزخورماتوو لە شاری سەڵاحەدین.

پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد مەندەلاوی نزیکەی هەمان بۆچوونی سەرەوەی هەیە، بەو پێیەی سنوورەکانی کوردستانی عێراقە بەم ناوچانەی خوارەوە دیاری کردووە:

دهۆک، هەولێر، سلێمانی و قەزاکانی شێخان و تەلعەفەر و شەنگال لە پارێزگای نەینەوا.

هەروەها قەزای کەرکوک سەنتەری شارەکە و قەزاکانی کفری و شارەبان (لە ئێستادا موقدادیە) و خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە، و قەزای توزخورماتوو لە پارێزگای سەلاحەدین، بەپشتبەستن بە یاداشتنامەی فەرمانگەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ژمارە ٣٧٨٦/ . ٣٧١، بەرواری ١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، سەبارەت بە پێناسەکردنی سنوورەکانی کوردستانی گەورە، کە لە چوارچێوەیەدا ئاماژەی پێکراوە: کە **(کوردستانی عێراق هەموو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و چیای حەمرین، تا دەگاتە شارۆچکەی مەندەلی، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە سنووری فارسی- ئێران جیادەکرێتەوە)**، سەبارەت بەو نەخشانەی کە کێشراون و دانراون، لە نەخشەکەی عیسمەت شەریف بۆ کوردستانی عێراقی داڕشتووە، بەمشێوەیە سنوورەکانی لە باشوورەوە بە شارۆچکەی بەدرە تا مەندەلی دیاری کردووە و تەنانەت زنجیرە چیای حەمرینیشی لەخۆگرتووە، هەرچی محەمەد ئەمین زەکی بەگە، نەخشەی کوردستانی گەورەی دروستکرد لەسەر بنەمای نەخشەی خێڵە کوردییەکان، لەمەشدا پشتی بە نەخشەکەی سێر مارک سایکس و نەخشەی ئێتنۆگرافیای مێژەر لوتکێرک و نەخشەی کۆمیتەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩١٢ و ئەو زانیاریانەی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامیەوە وەرگیراون بەستا بوو، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، سنوورەکانی باشووری کوردستان لە شارۆچکەی

مەندەلی دەستپێدەکات و خانەقین دەگرێتەوە، تا دەگاتە زنجیرە چیای حەمرین، بەدرێژایی تەریب بە شاری موصڵ درێژدەبێتەوە و لەوێشەوە بۆ باشووری شەنگال، هێڵەکە لە سنووری نێوان عێراق و سوریا کۆتایی دێت. لەو نەخشەیەش کە دیرک کینین دایڕشتووە، سنووری باشووری کوردستانی عێراق لە سنووری عێراق و سوریا لە باشووری شنگال و بە درێژایی باشووری شاری موصڵدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ڕێڕەوی ئاویی ڕووباری دیجلە و بۆ پەراوێزی باکووری شاری بەغدا و لەوێشەوە هێڵێک بەرەو باشووری شارۆچکەی مەندەلی لەسەر سنووری عێراق و ئێران درێژدەبێتەوە. ئەس بۆ نەخشەی (brouk بروکە)، زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە ناوچە کوردنشینەکان دەکات، کە جەرگەی مەندەلی و خانەقین و هەموو ناوچەکانی باکووری زنجیرە چیای حەمرین و لە بەشەکانی باکووری پارێزگای موصڵ (نەینەوا) دەگرێتەوە، لەوانەش چیا شنگال دەگرێتەوە.

لەم سەرچاوانە و بۆچوون و لێدوانانە سەبارەت بە ناسنامەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی، دەتوانن ئەمانەی خوارەوە هەڵبێنجین:

١. شاری مەندەلی یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان و خاوەنی شارستانییەتێکی جیاواز و نوێنەرایەتی دەروازەی باشووری سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

٢. شارۆچکەی مەندەلی لە ڕووی مێژووییەوە بەشێک بووە لە میرنشینە دێرینەکانی کورد.

٣. شارۆچکەی مەندەلی لەلایەن زۆرێک لە گەڕیدە کۆنەکانی عەرەب و بیانییەوە باسی لێوەکراوە.

٤. شارۆچکەی مەندەلی دەکەوێتە ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

لە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی مەندەلیدا دەرکەوت، کە عەرەب و تورکمانی شیعە دەنگی خۆیان بە خستۆتە پاڵ دەنگی کوردەوە، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز شێخ ئازاد حاجی حەمیدشەفی قەرەلۆسی، سەرۆکی

ئەنجومەنی شارەوانی لە مەندەلی، بۆئەوەی شارەکە بخریتەوە سەر هەرێمی کوردستانەوە. سەبارەت بە پرسی نیشتەجێبوونی عەرەب لە شارۆچکەی مەندەلی د.خەلیل ئیسماعیل محەمەد مەندەلاوی دەڵێت: قەزای مەندەلی یەکێکە لە کۆنترین یەکە کارگێڕییەکان کە تیایدا لیوای دیالە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق پێکهێنرا، جگە لە سەنتەری شارۆچکەی قەزاکە، ناحیەی بەلەدروز و قەزانییەی لەخۆگرتبوو، گرنگی ناحیەی مەندەلی لەبەر ئەوەیە کە بە دەروازەی باشووری هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێت بۆ شار و ناوچەکانی عێراقی عەرەبی. ئەم گرنگییەی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەی، وایکرد حکومەتەکانی عێراق بەدرێژایی سەدەی بیستەم کاربکەن بۆ دەستەبەسەراگرتن و کۆنترۆڵی کردنی شارەکە، بە خێرایی جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕانی دیمۆگرافی دانیشتووانەکەی تاکو لە بەرژەوەندی کەمینەی عەرەبی بێت، ئەوەی دواتر بە سیاسەتی بەعەرەبکردن ناسرا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتی بەعەرەبکردنەدا، وەک بەڕێز دکتۆر خەلیل ئیسماعیل مەندەلاوی باسی دەکات، قەبارەی دانیشتوانی کورد لە ماوەی سالآنی ١٩٥٧ تا ١٩٧٧ وردە وردە بە ڕێژەی ٥٪ کەمی دەکرد. سالآنەش قەبارەی دانیشتوانی عەرەب بە ڕێژەی ٢٢% زیادی کردووە، گۆڕینی ناوی گەڕەکەکان (دوکانەکانی نیشتەجێبوون، گۆڕەپانەکان، شەقامەکان و هەندێک گوند و خێڵی کوردی بە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

خودی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی ١٩٤٧ کوردیشی گرتەوە کە ٧,١٨%ی دانیشتوانی عێراقە و دەرکەوتووە کە ٩١,٣ و ٩٨%ی دانیشتوانی پارێزگانی هەولێر و سلێمانی پێکدەهێنن، ٥٣% دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک، ٣٥,٤% دانیشتوانی پارێزگای موصڵ، و ٢٦,٦% دانیشتوانی پارێزگای دیالە پێکدێنن.

لە کاتێکدا، کە کورد لە خانەقین و مەندەلی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی لەوێ پێکدەهێنا و هەندێک ئاماری نافەرمی ئاماژە بەوە دەکەن کە ١٥٠

هەزار (سەد و پەنجا هەزار) هاوڵاتی لە مەندەلی نیشتەجێ بوون، کە زۆرینەیان کورد بوون، ئەمەش وایکرد حکومەتە پاوانخوازەکان کار بۆ بە عەرەبکردنی شاری مەندەلی بە ئاوارەکردن و ڕاگواستنی خەڵکی کورد و بەردەوامبوون لە هاندانی کۆچی خێزان و خێڵە عەرەبەکان بۆ قەزاکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا و لەژێر بەرنامەی تەعریبکردندا بدات، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانەکەیدا. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب بوو لەسەر حیسابی دانیشتوانی ڕەسەنی کورد لە مەندەلی، بە پاڵپشتی و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق، کە (بۆ عەرەبەکانیان دابین کرد)، جگە لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، پاداشتی و ئیمتیازە داراییەکان و دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵیی و پێدانی پێشینە و قەرز و دروستکردن و دامەزراندنی گوند و هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی و جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری مەندەلی، هاندانی زۆرێک لە هۆزە عەرەبییەکان کە بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی شوێنێک بۆ خۆیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری مەندەلی قەزاکە هەنگاو بنێن، بە سوودوەرگرتن لە دەشت و دۆڵە بەپیتەکان و بڵاوبوونەوەی کانیاو و بیرە ئیرتیوازییەکان و بیرە سروشتییەکان لە ناوچەکان و ئەو لافاوانەی کە لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دێن. سیاسەتی بەعەرەبکردن و ناردنەوەی بەزۆری کورد و ئاوارەبوونی خێرا و بەهێزبوونی هزری ناسیۆنالیستی کورد زیادی کرد. وەستانیان لە تەنیشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە، ئەمەش وایکرد دەسەڵاتداران ئەندامانی خێڵە کوردییەکان لەوانەش خێڵی قەرەلۆس زیاتر ئاوارە و دەربەدەر بکەن و دەست بەسەر زەوی و ماڵە کشتوکاڵییەکانیاندا بگرن و فەرمانبەرەکانیان بەتایبەتی مامۆستایان بگوازنەوە بۆ ناوەراست و باشووری عێراق، مەندەلی لە شەڕی ئێران ـ عێراقدا زیانێکی زیاتری پێگەیشت، دوای شەڕیش نە ئاوەدان کرایەوە و نە قەرەبووی خەڵکەکەیان کردەوە، زەویە سووتێنراوەکانیان فەرامۆشکران و

جێهێڵدران و زنجیرەی بەعەرەبکردن و ئاوارەکردنی کورد و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو.

**چوارەم: کتێب و سەرچاوە سەبارەت بە واقیعی مێژوویی مەندەلی**

ڕاستییەکی نەگۆڕ هەیە و شاراوە نییە، ئەویش ئەوەیە، کە کتێب و سەرچاوانەن، کە لەسەر زاری مێژوونووسان هاتوون، کە هەم ئاماژە بە واقیعی مەندەلی لە ڕووی دیمۆگرافی و و مێژووییەوە دەدەن و هەمیش بوونەکەی دەسەلمێنن. لە خوارەوە هەندێک لەو سەرچاوانە دەخەینەڕوو، بەڵام تەنها ئەوەندە سەرچاوەش نین:

أ- پرۆفیسۆر جەمیل ڕۆژبەیانی لە توێژینەوەیەکی وردی خۆیدا لەسەر شارۆچکەی مەندەلی، جەختی لەوەکردۆتەوە کە کۆپییەکی بەڵگەنامەی فەرمی دەستکەوتووە، کە دەریدەخات، ژمارەی دانیشتوانی مەندەلی تێکەڵەی کورد و تورکمان و عەرەبی هەبووە، لەم بەڵگەنامە فەرمییەشدا ئەمانەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:

١. خەڵکی هەردوو گەڕەکی قەڵای بالی و قەڵای جەمیل بەگ بە زمانی کوردی و بە دوو شێوەزاری کەڵهوڕی و لوڕی قسە دەکەن، جگە لە کۆمەڵێکی بچووک کە بە زمانی فارسی قسە دەکەن.

٢. زۆرینەی خەڵکی قەلەم حاجی جگە لە شێوەزاری لوڕی، بە زمانی کوردی و شێوەزاری گۆرانی قسە دەکەن.

٣. خەڵکی هەردوو گەڕەکی بۆیاقی و سوق الکبیر بە زمانەکانی تورکمانی و کوردی و عەرەبی قسە دەکەن.

٤. خەڵکی گەڕەکی ئەلنەقیب بە زمانی عەرەبی و تورکمانی قسە دەکەن.

٥. خەڵکی گەڕەکی کەبرات بە زمانی کوردی و شێوەزاری لوڕی قسە دەکەن.

سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شارۆچکەی مەندەلی ئاشکرا دەکات و باسی لە نەتەوەکان کردووە:

١- ناوچەی قەڵا بالی، ژمارەی دانیشتووان: ٢٠٥٩ کەس، کە دەکاتە ٢١,٣%ی کۆی دانیشتوانی مەندەلی، کە هەموویان کوردی شیعە مەزهەبن.

٢- ناوچەی قەڵات جەمیل بەگ: گەورەترین گەڕەکە، کە ژمارەی دانیشتووانی ٧٠١٣ کەسە، واتە ٣٢% کەس لە کۆی دانیشتوانی مەندەلی، کە زۆرینەیان کوردی شیعەن.

٣- ناوچەی قەلەم حاجی: ژمارەی دانیشتوانی ٦٩٤ کەسە، واتە ٧,١% لە کۆی دانیشتوانی مەندەلین، کە زۆرینەیان کوردی تایفەی کاکەیین (عەلی ئیلاهی).

٤- ناوچەی بویاقی: ژمارەی دانیشتوانی ٢٠١٨ کەس، واتە نزیکەی ٢٠%ی کۆی دانیشتوانی مەندەلی، تێکەڵێکن لە تورکمان و کورد و کەمێک عەرەب.

٥- ناوچەی سوق الکبیر: ژمارەی دانیشتوان: ١٠٣٢ کەس واتە نزیکەی ١٠%ی کۆی دانیشتوانی مەندەلی تێکەڵەیەکن لە تورکمان و کورد و کەمە عەرەبێکی تێدایە.

٦- ناوچەی ئەلنەقیب: ژمارەی دانیشتوان: ٨٠٨ کەسە، واتە نزیکەی ٨% لە کۆی دانیشتوانی مەندەلی، تێکەڵەیەکن لە عەرەب و تورکمان و کەمێک کورد.

لەم بەڵگەنامە سەرژمێرییە فەرمییەدا دیارە (سەرژمێرییەکی دانیشتوانە، کە لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٧ ئەنجامدراوە) کە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی مەندەلی زۆربەیان کوردی شیعە مەزهەبن و نزیکەی ٧٠%ی کۆی دانیشتوانی مەندەلی پێکدەهێنن، لەکاتێکدا تورکمان و عەرەب، بە سوننە و شیعەیانەوە، بە یەکسانی ١٥% بە ١٥%ی دانیشتووانەکەی پێکدێنن.

شایانی باسە هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردن و ئاوارەبوون و ڕاگواستن بەدرێژایی دەیان ساڵ، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٦٨ کە ڕووبەرووی کوردی مەندەلی بووە، ڕووبەرووی دانیشتوانە تورکمانەکە نەبووە، بەڵکو تەنها هاوڵاتی کوردی گرتەوە.

ب- کتێبی (مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامی) لە نووسینی د.ئەحمەد مەحموود خەلیل: لەلاپەڕە (٤٤ و ٤٥) دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت لە بەرەبەیانی مێژوودا بە دوای زێدی کورددا بگەڕێین، دەبێت بچینە ناو بەشە دوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوورەوە، ئەم سێ ناوچانەی خوارەوە زێدی کوردانن: زنجیرە چیا بەرزەکانی ئەرمینیا و کوردستانی تورکیا و چیای زاگرۆسی ڕۆژاوا.

بەم شێوەیە دەبینیت کورد لە سەردەمی ئێستادا لەسەر خاکێکی بەرفراوان لە سنووری تورکیا و فارس دەژی

لە مەندەلییەوە بۆ ئارارات، کە زەویەکەیان زۆر سنوور دەبڕێت و دەچێتە ناو قەوقازیاوە.

هەروەها لە کتێبی: (مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا) لەلاپەرە١٤٧، ئەمانەی خوارەوەی خستووەتەڕوو؛

دوای ئەوەی عەرەبەکان، ئەلمەدائینیان فەتحکرد، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لەشکرێکی بە سەرۆکایەتی هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕەزای لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٦ کۆچی بۆ جەلەولا نارد، شەڕێکی توند لە نێوان هەردوو لا (ئیسلامی و فارسی) ڕوویدا، سوپای فارس شکستی هێنا و فەرماندەی سوپای فارس کە ناوی یەزدەگورد بوو لە ساڵی ١٩ی کۆچی ناچار بوو حەڵوان بەجێبهێڵێت و پاشەکشەی بۆ ڕۆژهەڵات کرد و عەرەبەکان دەستییان کرد بە هێرشکردنە سەر قوللە فارسییەکانی کوردستان، عەرەبەکان بە سەرکردایەتی جەرای کوڕی عەبدوڵای باجلی بەرەو مەندەلی ڕۆیشتن، خەڵکەکەی داوای ئاسایشیان کرد، لەبەرامبەر پێدانی

باج و خەراج، ئەویش گیانی پاراستن و پاشان بەرەو خانەقین ڕۆیشت، هەروەها لە کتێبەکەیدا، لەلاپەرە ١٧٢، ئەمانەی خوارەوەی هاتووە:

لە ساڵی ٣٩٦ی کۆچی، فەرماندەی گشتی سوپاکان، هێزێکی سەربازی بەسەرکردایەتی سەرکردەیەکی گەورەی دەیلەم نارده (مەندەلی)، کاتێک گەیشتنە ئەوێ، زۆرێک لە کوردەکان بەرەو ڕوویان هاتن.

ج- کتێبی (سنوورەکانی باشووری کوردستان، لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە، لەماوەی پێنج هەزار ساڵ و لێکەوتەکانی لکاندنی بە عێراقەوە) لە نووسینی پرۆفیسۆر عەبدولڕەقیب یوسف، چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥، سەبارەت بە مەندەلی، لاپەڕەکانی (٢٢٢ و ٢٢٣) هاتووە:

شارۆچکەی مەندەلی دەکەوێتە دامێنی چیای حەمرین لەسەر سنووری عێراق و ئێران، بە دووری ٧ کم، ناوەندی قەزای سەر بە پارێزگای دیالە، ناوەندی قەزای باقوبە، مەندەلی لە ڕۆژهەڵاتەوە ٩٥کم دوورە لە سەنتەری شاری بەعقوبە دوورە. لە ڕۆژاوای شارەکە هەردوو ناحیەی قەزانییە بە دووری ١٠کم لەباشور و ناحیەی بەلەدروز بە دووری ٣٥کم لە ڕۆاژاوای هەیە.

شارۆچکەی مەندەلی: دۆڵی ڕووباری گەنگیر کە ئاوەکانی لە خاکی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، دەکەوێتە ڕۆژهەڵات لە چیای پشتکۆوە لە دیوی ئێران، ئەو ڕووبارە چیای حەمرین لە ناوچەی کومەسەنگ (واتا تەپۆڵکەی بەردین) دەبڕێت، شارۆچکەی مەندەلی بەهۆی خاکە بەپیتەکەیەوە لەم دۆڵە فراوانەدا جیا دەکرێتەوە و ئەمەش بەهۆی زۆری مادەی کالیسیۆمەوەیە کە تێیدایە.

لە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەکەدا چەندین مێرگی سەوز هەیە، لەوانە مێرگی نەقیب، کە بەردەوام بە ئاوە و هەمیشە سەوزە، مێرگی دیکەشی زۆرە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆن، شارۆچکەی مەندەلی پەیوەست بووە بە دانیشتوان و شارستانییەتی زاگرۆسەوە، دانیشتوانی ڕەسەنی لە

هەمان جۆری خەڵکی زاگرۆس بوون، لە باکوورەوە هاتوون و گوند و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە پەراوێزی چیاکان دروستکردووە، پێش ئەوەی شەپۆلی مرۆیی بگاتە ناوەڕاست و باشووری عێراق، دەستییان بە کشتوکاڵکردن کردووە.

پرۆفیسۆر عەبد ئەلرەقیب یوسف لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، هەندێک لە مێژوونووسان پشتڕاستیان کردووەتەوە، کە مەندەلی و بەدرە و جەسان و زورباتییە، کە هەموویان لە بناری ڕۆژئاوای چیای پشتۆکۆی ئێراندا هەڵکەوتوون، بەشێکی گرنگی ژیانی هەرێمی کوردستانن و دانیشتوانیان کوردی لوڕن.

د - کتێبی (عێراق لە ڕابردوو و لە سەردەمی نوێدا) کە هی نووسەری ناسراو عەبدولڕەزاق حوسنییە، تێیدا هاتووە کە:

خەڵکی مەندەلی و خانەقین و بەدرە و جەسان و عەلی غەربی (کە ئەوانە شار و ناوچەی سنوورییین لەگەڵ ئێرانن لە ڕۆژهەڵاتی عێراق، بێ ترس کۆرپە و منداڵەکانیان دەناردە دیوی ئێران، بۆ ئەوەی شیری دایکیان پێ بدەن و گەورە ببن و پاشان دەیگەڕێننەوە بۆ شار و ماڵەکانیان.

ئەوەی نووسەری ناوبراو عەبدولڕەزاق حوسەینیی نووسیویەتی، بەڵگە و سەلمێنەری بەهێزیی بوونی پەیوەندییە نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی نێوان دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەگەڵ دانیشتوانی دیوی ئێرانی، کە ناوچەکانی کوردستانن لە زەویەکانی دەوروبەری چیای پشتکۆ و لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق، سەرەڕای پارچەپارچەبوونی لوڕستان کە بەشێکی گرنگە، تەنانەت پەیوەندی تائیفی نێوان کورد لە هەردوولادا دابەش نابێت و هەرگیز ناسڕێتەوە، ناردنی کۆرپەیەک بۆ ئێران لە شارە سنوورییەکانی عێراقەوە، بابەتێکی ناوازەیە، کە ئاماژەیە بۆ یەکگرتوویی خاک و خزمایەتی دەکات (یەکێتی جوگرافیا و

دانیشتوان)، مێژوونووس عەبدولڕەزاق حوسێنی زیاتر باسی ئەمە دەکات دەڵێت: زۆرینەی دانیشتوانی ئەو قەزایانە کوردن.

هـ - ئەوەی لە سەرچاوە و نووسەران و مێژوونووسانەوە لەبارەی مەندەلی هاتووە، دەخەینەڕوو، لەوانە:

١- فایق سامەڕائی کە بۆ ماوەیەک سەرۆکی سەندیکای پارێزەران لە عێراق بووە و بە یەکێک لە نەتەوەپەرستە عەرەبەکان دادەنرێت، گوتوویەتی: (سنورەکانی کوردستان لە شنگالەوە تا مەندەلی درێژدەبنەوە)، لە ڕاپۆرتێکدا بەناوی (پرسی کورد) کە لە سەردەمی جەمال عەبدولناسری سەرۆک کۆماری کۆچکردووی میسر پێشکەشی حکومەتی کرد، ئەمەی خوارەوە لە ڕاپۆرتەکەی هاتووە:

کوردستان بە مانا فراوانەکەی واتا ئەو وڵاتەی کە کورد وەک کۆمەڵە مرۆڤێکی یەکگرتوو و یەکپارچەیی تێدا نیشتەجێیە، زێدی کورد لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا دابەش بوو، لەگەڵ هەندێک پارچەی دیکەی لە یەکێتی سۆڤیەت (پێشتر)، لە باکورەوە سنوورەکە بە نزیککراوەیی بە بەرادان یان (دان) دازروم دارزەنجاندا تێدەپەڕێت، واتە بە کەوانەیەک کە دەچێتە ناو ئەلمارش (مەڕعەش) دەگرێتەوە تا حەلەب، لە باشووری ڕۆژئاواوە بە درێژایی بناری گردەکانەوە دەڕوات تا دەگاتە ڕووباری دیجلە ، پاشان بە ڕۆژهەڵاتی ئەم ڕووبارە درێژ دەبێتەوە بەرەو خوار دەچێت و دوای ئەوە بەرەو باکور لەگەڵ زنجیرە چیای حەمرین خواردەبێتەوە تا شارۆچکەی مەندەلی لەسەر سنووری عێراق و ئێران دەڕوات. ئەم دەستەواژەیە لە سامەڕائییەوە بۆ بەڕێز فەوزی لە کتێبەی (قاسم والاكراد خناجر وجبال)، لاپەرە ٢١ گوازراوەتەوە و گوتی: ڕاپۆرتەکەی بەڕێز فایق ئەلسەمەڕائی لە نێو ئەو ڕاپۆرتانەدا بوو، کە سەبارەت بە پرسی کورد لە عێراق لەلایەن ئەندامانی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقەوە نووسراوە، لە ماوەی سەردەمی سەرۆک کۆماری کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر پەنایان

بۆ میسر بردبوو، لەسەر داوای خودی سەرۆک جەمال عەبدولناسر پێشکەشی حکومەتی میسریان کرد.

تاکو حکومەتی میسر لەبارەی پرسی کورد بەرچاوی ڕوون بێت، لەوەی بڕیار بدات، وەک پاڵپشتیەک کەمێک کات لە ئیزاعەی قاهیرە بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١ی زایینی)، ئەمەش لەسەر داخوازی شۆڕشی کوردی ئەو سەردەمەوە (١٩٦٢)ەوە بووە، یان پاڵپشتی نەکات.

فایق سامڕائی بەڵێنی بە هەرەیەکە لە عەدنان ڕاوی و مەحموود دوڕە و پرۆفیسۆر هیلال ناجی دۆستی گەلی کورد و پارێزەر و نووسەر و توێژەر کە شیعری (برای کوردم)ی نووسیوە، دابوو، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بینینی دەوڵەتی کوردی. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، بوو بە سەرۆکی سەندیکای نووسەرانی عێراق، هەروەها پرۆفیسۆر هیلالی ناجی وتارێکی لە کۆنفرانسی پارێزەرانی عەرەب لە قاهیرە لە شوباتی ١٩٦١ پێشکەکرد و پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد دەکرد، یەکێک بوو لە یەکەم ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، کە داکۆکی لە کورد و دۆزە ڕەواکەی کرد.

٢- پرۆفیسۆر جەرجیس گابرێل هومی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (نەتەوە عێراقییەکان، ڕابردوو و ئێستایان)، لە لاپەرە ١٤٧، ئەمانەی خوارەوە نووسیوە:

ناوی کوردستانی لێنراوە، وڵاتێکە، کە لە باکووری هێڵی (ئێریڤان – ئەرزروم- ئۆرونجا – فالقوس)ەوە درێژدەبێتەوە (لە ماراشەوە) یان مەراس بەرەو حەلەب و بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا ڕوو لە شاخەکانی گرێدراو بە ڕووباری دیجلە و بە لەگەڵ ڕووبارەکە بەرەو باکووری چیای حەمرین و تا شارۆچکەی مەندەلی درێژدەبێتەوە، ئەمە لە لای باکوور و باشووری ڕۆژئاواوەیەوە بوو، هەرچی بەرەو ڕۆژهەڵات لە ناوچەی ئێریڤانەوە (یەریڤان)، لە بەرەو باکو، بەشێک لە (خۆی) و ڕەزاییە (ورمێ) و مەهاباد و

سۆبح بەلات و سوننەت ڕاکر بەناو قەرەند و پاشان مەندەلی درێژ دەبێتەونە، بەمەش هەموو ناوچە شاخاوییەکان ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە.

باسیل نیکیتین، کونسوڵی ڕووسیا لە ورمێ، کە ئاشنایە بە دۆخی کوردستان و گەلی کورد، لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی (کوردەکان ل٢٩)، پاش ئەوەی باس لە بۆچوونی زانای ڕووسی مینۆرسکی، شارەزا لە بواری مێژووی کورد دەکات، سەبارەت بە سنوورەکانی کوردستان بە ڕوونیباسی لە دوو خاڵی گرنگی کردووە:

أ - چیای ئارارات

ب – دوورگەی ئەسکەندەرۆنە

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەمڕۆ کورد لەسەر زەوییە بەرفراوانەکان دەژی، کە لە نزیک بەغدا و لە مەندەلی دەست پێدەکات بە سنوورەکانی ئێران و تورکیە تا چیای ئارارات درێژدەبێتەوە.

٤- محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (مێژووی کورد و کوردستان ل٢١) لە میانەی توێژینەوەکانی

سەبارەت بە سنوورەکانی کوردستان، بەم شێوەیە قسەی کردووە؛

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو نەخشە نیشتمانییە بکەین کە لەلایەن لیژنەی کۆمکاری گەلانەوە دەرچووە، هەروەها لەو نەخشەی کە هاوپێچ کراوە بە کتێبی (چوار سەدەی عێراقی مۆدێرن) لە نووسینی بەڕێز (لۆنگریک)، هەروەها لە نەخشەی هاوپێچکراو بە کتێبێکی دیکە بە ناوی (میراتی خەلیفەکان)، بەڕێز سایکس، دواتر کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان)ی کاپتن های، کە تێیدا دەڵێت: دەبینین سنووری نەتەوەیی باشووری کوردستان بە گشتی ئەو هێڵەیە کە لە نێوان مەندەلی و ڕێژگەی زێی بچووک درێژ دەبێتەوە.

سەبارەت بە ئینگلیزەکان (نووسەرانی کتێبی کورد و کوردستان)، کە لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی لە فەلەستین پێشکەشیان کرد، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ڕێککەوتن کە سنوورەکانی کوردستان درێژدەبێتەوە بۆ مەندەلی، لە هەمان ڕۆژدا سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا چەرچڵ کە چاوی بە شا فەیسەڵی یەکەم کەوت، چەرچڵ بە یەک وشە بە مەلیک فەیسەڵی گوت ڕاستە ئێمە بەڵێنمان پێ داوی دەوڵەتی عەرەبیت لە (عێراق) بۆ دابمەزرێنن، نەوەک ئیمپراتۆریەت، بۆیە سنوورەکانتان لە جەبەل حەمرین تێناپەڕن، پشت چیای حەمرین کوردستانە، هەرچی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بوو، کە ساڵی ١٩٢٥ لەمیانەی کێشمەکێشی تورکی – بەریتانی شاندێکی بۆ ویلایەتی موصڵ (کوردستانی باشور) ناردبوو، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی پێشکەشکرد:

١- ئەگەر پاساوی نەتەوەیی بە فاکتەری چارەنووسساز هەژمار بکرێت، ئەوا دەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست ببێت، ئەم فاکتەرە لە کتێبی کێشەی موصڵ لە نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر فازڵ حوسێن ل٢٣ باس کراوە.

٢- لیژنەی کۆمەڵەی گەلان یەکێتی جوگرافی و ئابووری کوردستانی دووپات کردەوە، تەنانەت بە ناوی (ویلایەتی موصڵ)یشەوە بێت.

٣- جەختی لەوە کردەوە کە ویلایەتی موصڵ یەکەیەکی خۆبەخۆ و سەربەخۆیە، بەو پێیەی لە زۆربەی لایەوە بە سنووری سروشتی دەورە دراوە، هەروەها تۆپۆگرافیای خاکەکەی لە دەشت و گرد و شاخ پێکاتووە، ناوچەیەکی گواستنەوەیە لە نێوان بیابانی تەخت و وشک واتا (عێراق) و شاخەکانی کوردستان واتە ناوەڕاستی کوردستان، کە بڕێکی زیاتر ئاوی بارانی هەیە. لە نێوان ناوچەی ڕۆژئاوا (سوریا) و ناوچەی باشووری ڕۆژهەلاتی (عێراق و کوردستان و ئێران) وەک ئەوەی لە کتێبی بە ناوی (کێشەی موصڵ ل٩١) هاتووە.

٦. ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، جەبەل حەمرینی بە هێڵی سنووری کوردستان داناوە. بەم شێوەیەی خوارەوەی **نووسیووە: عێراق لە هیت و تکریت (یان ناوچەی جەبەل حەمرین) زیاتر درێژنابێتەوە**، لیژنەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان پشتڕاستی کردەوە، کە لە هەموو ئەدەبیاتی جوگرافییدا لە فەتحی ئیسلامی تا بەرواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥، بەهیچ شێوەیەک ناوچەی جێناکۆک ڕۆژێک وەک بەشێک لە عێراق دەرنەکەوتووە.

خوێنەر دەتوانێت بۆ سەرچاوەی کتێبی (کێشەی موصڵ ل٧٨) بگەڕێتەوە، کە لە نووسینی پرۆفیسۆر فازڵ حوسێنە، بەم شێوەیە لیژنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێگەی ئەم بەڕووخستنە زیادەی زانیارییە جوگرافی و مێژوویی و نەتەوەیەوە، سەلماندی کە کوردستانی باشور لە ڕووی جوگرافی و نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە و لە دەرەوەی عێراقدایە.

ئەم زانیاریانە لە کتێبی (سنوورەکانی باشووری کوردستان لەڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە)ی پرۆفیسۆری بەڕێز عەبدولڕەقیب یوسفی توێژەر و نووسەر تۆمارکراوە.

لە خوارەوە ئاماژە بە چەند کتێب و بڵاوکراوە و سەرچاوەیەک دەکەین، جگە لەو سەرچاوە و بڵاوکراوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، لە نێو ئەو سەرچاوە و کتێبانەدا ئەمانەی خوارەوە هەن:

١- کتێبی (التاخی) بەناونیشانی (ناسیۆنالیزمی کوردی: خوێندنەوەی مێژوویی) لە نووسینی هادی ڕەشید چاوشلی: چاپخانەی ئیرشاد، ساڵی ١٩٦٧ چاپکراوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

ئێدمۆندزی ڕاوێژکاری ئینگلیزی، کە ماوەیەکی زۆر لە عێراق ژیاوە، سنوورەکانی کوردستان بەو شێوەیە دیاری دەکات: سنوورەکەی لە باکوور ئەو هێڵەیە کە لە ئێریڤان (یەریڤان) و دارزەروم و ئازەربایجانەوە درێژ دەبێتەوە، پاشان بە کەوانەیەک لە ڕێگەی مەعرووشەوە درێژدەبێتەوە بەرەو

حەلەب و ڕۆژئاوا لەگەڵ دامێنی چیاکان تا ڕووباری دیجلە دەچێت، پاشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕێڕەوی ڕووبارەکە تا چیای حەمرین، تا دەگاتە سنووری عێراق و ئێران لە نزیک مەندەلی درێژ دەبتەوە، سنوورەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ئێران درێژدەبنەوە ، سەرەتا لە ئێریڤانی ڕووسی (یەریڤان)ەوە دەست پێدەکات، کە ناوچەکانی باکۆ لەسەر دەریاچەی ورمێ، پاشان بۆ مەهاباد کە پێی دەوترێت ساوجی باڵاک (سابڵاخ) و زافەر و ناوچەکانی سنە و کرماشان دەگرێتەوە، تا گەرووی قەرەند، پاشان تا مەندەلی، کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کوردی لوڕە، کە لوڕیش بە پێی سەرچاوەکان بە کورد دادەنرێن.

٢- سەبارەت بە پڕۆفیسۆر مەحموود دوڕە، لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (پرسی کورد)، چاپی دووەم، سنوورەکانی کوردستان بەم شێوەیە دیاری دەکات:

ناوچەی شاخاوییە کە دەکەوێتە باشووری چیای ئارارات لە ئەرمینیای سۆڤیەت (پێشتر)، و ڕووبەرێک لە نێوان باشووری ڕۆژئاوای خەزەر و باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش لەخۆدەگرێت، کە درێژدەبێتەوە بۆ ناو ئازەربایجانی ئێران و ئەرمەنستانی سۆڤیەت، بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و دێتە خوار بەرەو باشوور بۆ دامێنی جەزیرە، لە باکووری عێراق، بەشی باکووری ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوای ئێران، لە باشوور بە هێڵێکی خەیاڵی لە شارۆچکەی مەندەلی عێراقییەوە تا کرماشانی ئێران کۆتایی دێت.

٣- زێدی کورد و دانیشتوانەکەی لە عێراق، لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیی دان، کە هەموو دانیشتووانەکەی کوردن، هەروەها ژمارەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای کەرکوک نزیکەی ٥٣%ی دانیشتوانەکەیە.

سەبارەت بە پارێزگای موصڵ، پێش دروستکردبوونی پارێزگاری دهوک، زۆرینەی ئەم ناوچانە کورد بوون ئەوانیش بریتین لە: دوهۆک، ئامێدی، زاخۆ، شنگال، شێخان، مەخمور، و عەقرە. لە پارێزگای دیالە، هەردوو

قەزاکانی خانەقین و مەندەلی ڕێژەی دانیشتوانی کوردیان (٨٠%) لە کۆی دانیشتوانەکەیە، لە پارێزگای کوت (واستی ئێستا)، زۆرینەی کورد لە قەزاکانی بەدرە و جەسان هەن، لە پارێزگاری عەممارە (لەئێستادا میسان)، بەشێک لە شارۆچکە و گوندەکانی کوردن، هەروەها کورد بە زۆری لە شارۆچکەی عەلی ئەلغەربی هەیە. لە بەغدای پایتەختیش کورد هەیە، ژمارەی کورد لە عێراق نزیکەی چارەکێکە لە کۆی دانیشتوانی عێراق.

٤- گرنگترین شارە کوردییەکانی عێراق بریتین لە: سلێمانی/هەولێر/ ئەم دوو شارە سەرچاوە و کولتوور و چالاکی و میدیای نەتەوەیی کوردین، ئەم دوو شارە هێمای ڕەسەنایەتی و دێرینیی گەلی کوردستانن، بەتایبەتی هەولێر، کە زیاتر ڕەگی لە مێژوودا هەیە. هەروەها کەرکوک بە یەکێک لە شارە کوردنشینەکان دادەنرێت، هەروەها شارە ناسراوەکانی دیکەی کوردستان لە عێراقدا هەن، لەوانە دهوک، ڕەواندوز، زاخۆ ، شەنگال، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، سەعدیە کەلار، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان، ئاڵتون کۆپری و پردی و چەمچەماڵ و شار و ناوچەکانی دیکە.

سەبارەت بە زمانی کوردی، زاراوە باوەکانی شار و ناوچەکانی کوردستانی عێراق، زمانی کوردی بە یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندە زیندووەکان دادەنرێت و چەندین زاراوەی ناوخۆیی هەیە، بەپێی ناوچەی نیشتەجێبوون و ئامادەبوونیان، شێوەزاری بادینانی، کە لقێکی کرمانجییە، لەلایەن کوردانی موصڵ، دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ و زاخۆیە، لە وڵاتی تورکیا لە ناوچەکانی دیاربەکر، ماردین و ئەوانی دیکە قسەی پێدەکرێت.

سەبارەت بە شێوەزاری سۆرانیش، ئەوا لە لایەن دانیشتووانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکەوە قسەی پێدەکرێت.

سەبارەت بەو زاراوە زاڵەی دانیشتووانی شارەکانی خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، سەعدیە، قەزانییە، تێکەڵەیەک لە شێوەزارەکانە، لەوانە سۆرانی و لوڕی و کەڵهووڕییە، جگە لەوەی باسمان کرد، زاراوەی دیکەش هەن، بەڵام

هەموو ئەو زاراوانە، کە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردان باوە، بە پێی بۆچوونی زانای فەرەنسی (پۆل بابەندەر) کە ڕۆژهەلاتناسیشە، کە لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ژمارە (٤) بلاوکراوەتەوە، دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی ، سەبارەت بە زمانی کوردی بەم شێوەیە دەڵێت:

زمانی کوردی زمانێکی ناسکە و تۆنی مۆسیقی هەیە و وشە و هاووتاکەی دەوڵەمەندی هەیە، مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی فێری بێت، دەوڵەمەندە بە پەند و حیکایەت و وتەی کۆنی باپیران و زمانێکە گرەنتی ئەوەیە هەیە ببێتە زمانی توێژینەوە و پرسە جیاجیاکان.

بوێری و ئیڕادە و خۆڕاگری و زیرەکی کورد، وای لە زمانەکەیان کردووە لە دەربڕینی بابەت و شتەکان بە شێوەیەکی سروشتی لە مانا و مەبەست و ئەوەی دەخوازێت دربڕدرێت جیاواز بێت.

لەمانەی سەرەوە، ئەم ڕۆژهەلاتناسە فەرەنسییە سەلماندی کە زمانی کوردی سەرەڕای کەمی سەرچاوەی ئەدەبی و کتێب و چاپەمەنی و گۆڤار و میدیا، بە زمانی کوردی، بەڵام یەکێکە لە زمانە زیندووەکان، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، زمانەکە میراتی دێرین و هاوچەرخی خۆی پاراستووە، هەروەها نەبوونی قوتابخانە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بە فەرمی لە مێژوودا و بە درێژایی سەدەکان جگە لەو کاتانەی نووسەران یان مەلاکان لە هەندێک مزگەوت و شوێنی عیبادەتەکان و بە دەگمەنیش لە هەندێکیشدا ماڵەکان و فیربوونی زمانی کوڕدیان لەئەستۆ گرتووە.

ئەمە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی و زمانەکەی بوو لەو سەردەمە مێژوویی نەتەوەیی و کولتوورییەکەیدا، سەردەمی پێش جەنگی جیهانی یەکەم.

بەڵام لە ئێستادا کتێب و نووسین و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەمەچەشن و زۆرە بە زمانی کوردی، کە لە عێراقدا نووسراون و بلاوکراونەتەوە، بە تایبەت لە کوردستان و ڕووسیا و ئێران، جگە لەو ئامرازە میدیایی و

ڕۆشنبیرییانە، ڕادیۆش بوونی هەیە، کە بە زمانی کوردی قسە بکات و بە شێوەزارە لۆکاڵیەکان یان گشتیەکان کە لەناو دانیشتوانی کورددا بڵاوبوونەتەوە، بدوێ و کولتوور و مەعریفە و زانستی لەناو دانیشتوان و لە ماڵ و شار و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بچەسپێنێ و بۆ تێکۆشان و خەبات هانیان بدات و دەستی هاوکاری بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازە کوردییەکانیان درێژ بکات و بە پێی هەلومەرج و وزەی خۆیان بەشدارییان تێدا بکەن. دوای نسکۆ و شکستەکان کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، زمانی کوردیش بە ئامانج گیراوە، کە زمانی دایکە و نەتەوەکەیانە.

ئەوان دەیانویست زمانەکەیان بە زیندووی نەمێنێتەوە و بەردەوام بڵاونەبێتەوە، تەنانەت هەڵمەتی ترسناکیش لەلایەن بەشێک لە ڕژێمەکانی ناوچەکە و فەرمانڕەواکان و سوڵتانەکان دژ بە فۆلکلۆری و جل و بەرگی کوردی و قسەکردن و ئاخاوتن بە زمانی کوردی کرانە ئامانج.

و- کتێبی (کورد: توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژووییە، لاپەرە ٨٧ و ٨٨) لە نووسینی باسیل نیکیتین: ئەمانەی خوارەوەی تێدایە:

کورد بە شەپۆلێکی بەرفراوان بەسەر ناوچەیەکی جوگرافیای فراواندا لە باشوورەوە بۆ باکوور بڵاوبووەوە، کە سنووری عێراق ـ ئێران، سەرەتا لە مەندەلییەوە لەخۆدەگرێت، دواتریش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئێران و تورکیای تا چیای ئارارات و دەوروبەری باشووری قەفقاز و ئەرمینیا و ئازەربایجانی (سۆڤیەت پێشتر). کورد لەو ناوچانەدا دەژیا، تا جەنگی جیهانی یەکەم، ناوچە و شارەکانی گردۆڵەکانی ئەرمەنستان لەگەڵ ئەرمەنییەکان بەیەکسانی دەژیان.

هێڵی هاوتەریب لەگەڵ ئەرزروم لە تورکیا بە سنووری باکوری خۆیان دادەنرێت، هەرچی سنووری باشوورە ئەوا کورد لە دەشتەکانی میزۆپۆتامیا لەنێوان دووباری دیجلە و فورات لە عێراق نیشتەجێ بوون، لە ڕۆژئاواشەوە بوون و ژمارەی دانیشتوان و مانەوەیان بە گشتی بەند بووە

بە ڕووباری فوراتەوە، وردتر بڵێین لە لای (ڕووباری قەرەسوا)، بەڵام کورد لە ئاسیای بچووک قووڵتر درێژ دەبێتەوە و دەژین، لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی مسیاوشن بڵاوبوونەتەوە، هەروەها وەک گرووپی جیا لە نزیک ناوچەکانی کۆنیا و سیبلیس بڵاوبوونەتەوە، تەنانەت تا دەگاتە دەریای ناوەڕاست. لە ڕۆژهەڵاتەوە توخمە دابەشکراوەکانی کوردەکان (پەرشوبڵاوە)، لە خوراساندا هەن، کە لەلایەن شا عەباس سەفەوییەوە لە نزیک قەزوین و پارێزگای فارس ڕاوەدوونراون. نادر شا لە ساڵی ١٧٣٧ ڕاوەدووی ناون بۆ ئەمدیوی سنور، تا ساڵی ١٧٤٧، هەروەها لە مازەندەرانیش کوڕد هەیە.

م - کتێبی (مەندەلی لە مێژوودا، کۆن و مۆدێرن)، لە نووسینی مەلا محەمەد جەمیل ڕۆژ بەیانی، بە ناوی (شوێنی مەندەلی لە مێژوودا، ل١٣)، کە تێیدا ئەمانەی خوارەوە هاتووە:

شارۆچکەی مەندەلی پێگەی مێژوویی خۆی هەبووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا یەکێک بووە لە ناحییەکانی (قەزاکان)ی سەر بە ئەستان (پارێزگا)ی شاز قوباد، پاشان لە چوارچێوەی ئاستانی شاز فیروزدا هەژمار کرا.

لەم کتێبەدا وتەیەکی سترنگ دەهێنێتەوە: گرنگترین شارەکانی تۆجی: بەدرەیا (بەدرە) و دەبەکسایا (بانح شاە) بوون، کە ژمارەیەکی زۆر گوندی خاوەن خاکی بەپیتی تێدابوون.

ئەلعەزاوی باسی لەوەش کرد کە لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی کە دەکاتە ١٢٥٨ی زاینی، لە نێو بەرهەمە کۆنەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەژمار کراوە.

لێرەدا شایانی باسە کە نووسەری بەڕێز مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، پێشتر لە شارۆچکەی مەندەلی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا وەک ئیمام و بانگخوازی ئایینی و دەسەڵاتی فەقێ لە مزگەوتی گەورەی ناو بازاڕی وەک ئیمامی ئەهلی سوننە دامەزراوە.

ئەم ئیمام و بانگخوازە ئاستێکی بەرفراوان و بەرزی زانیاری لەبارەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی هەبوو، بوونی لە نێو خەڵکی مەندەلی لەو ماوەیەدا، حزورێکی چالاک و زیندوو بوو، دوور بوو لە کۆنەپەرستی ئایینی و تائیفی و نەتەوەیی، بەڵام ئەو شانازی بە ناسنامەی نەتەوەی کوردیی خۆیەوە دەکرد، لەو کاتەی کە لە مەندەلی بوو، مەلا جەمیل گەنجێکی قۆز و خۆشەویست بوو لە سەرەتای سی ساڵیدا، تەمەنی بێگەرد و سیفەتە باشەکانی و پاکیزەیی وای لێکرد لە نێو دانیشتوانی شارەکە خۆشەویست و قەدرگران بێ، ئەمەش وای لێکرد بووە خاوەن کەسایەتیەکی بەرز و پێگەیەکی باڵا لە دەروونی دانیشتووانەکەی.

شێخی ڕێزدار، مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی، بەشداری دۆخی نالەبار و خەم و پەژارەی خەڵکی شارۆچکەکەی دەکرد لە بارەی کەمی ئاو، کە ببووە هۆی نەمان و لەناوچوونی باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکان و کۆچکردن و ڕۆشتنی خەڵک لە شارەکە بە تایبەت چینی جووتیاران و خاوەن موڵکەکان.

ناوبراو بەهۆی مەیلی و هەڵوێستی لەسەر پرسی کورد و مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی شارۆچکەکە چاودێری دەکرا.

مەلا جەمیل لە ڕەوشتدا جوان بوو، ڕەفتار و ناوەکەی وەک یەک وابوون، خاوەن ئەدەب و ناوبانگێکی جوان بوو، لە نێو خەڵکی شارۆچکەکەشدا چاکەکار ناسرابوو، لە شەوێکدا لەناکاو خزمەتە ئاینییەکانی گواسترایەوە بۆ شارێکی دیکەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٧ شارۆچکەکەی بەجێهێشت.

ن- کتێبی (کورد، توێژینەوەیەکی جوگرافی ئێتنۆگرافییە) کە لەلایەن دکتۆر شاکر خەسباکەوە نووسراوە، لە چاپی یەکەم، لەلاپەرە٧، لەسەر زاری نووسەرەکەی، ئەمانەی خوارەوە هاتووە:

سەبارەت بە سنوورە جوگرافی ڕۆژئاوای (باشووری کوردستان) بە هێڵێک نیشان دەدرێت، کە لە باشووری کوردستانەوە لە دیوی ئێرانەوە دەست پێدەکات و بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و دەچێتە

ناو شارۆچکەی مەندەلی و بە ڕۆژئاوای خانەقین تێدەپەڕێت تا گردەکانی حەمرین و زنجیرەی یەکەمی چیای شێخان، پاشان دەسوڕێتەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بە درێژایی بناری گردەکان تا فبشخابور لەسەر ڕووباری دیجلە دەچێت پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بەرەو چیای شەنگال دەگەڕێتەوە تا لە ڕووباری فورات لە نزیک تەرابلوس کۆتایی دێت.

ز- کتێبێک بەناونیشانی (عێراق، کۆن و مۆدێرن)، لە نووسینی مێژوونووسی ناسراوی عێراقی عەبدورەزاق حوسنی، سالی سالی ١٩٨٥، چاپی سێیەمی بەشێوەی پاکنووسکراوەی لە چاپخانەی ئەلعیرفان، صەیدا لە لوبنان چاپکراوە، کە ئەمەی خوارەوەی تێیدا هاتووە:

شارۆچکەی مەندەلی لە دووری چەند کیلۆمەترێک لە ڕۆژئاوای چیای پشتکوی ئێرانی هەڵکەوتووە، هەروەها لە دووری ٩٣ کم لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی باقوبەیە، شارۆچکەی مەندەلی دەڕوانێتە سەر دۆڵێکی فراوان، کە ئاوی کانیاو و سەرچاوەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، وەک پێشتر باسمان کرد ئەو سەرچاوانە لە شاخی پشتکوی ئێران هەڵدەقوڵێن و ڕووبارێک پێکدەهێنێت، کە بە شارۆچکەی مەندەلیدا دێت.

ئەم ڕووبارە لەلایەن خەڵکی مەندەلییەوە پێی دەوترێت ڕووباری گەنگیر، لەملاو ئەولای ڕووبارەکە باخی چڕ بڵاوبووەتەوە، کە چەندین میوە و لیمۆی بەرهەمدێنێ، لەوانە هەنار و پرتەقاڵ و لیمۆ و ئەوانی دیکە، هەروەها خورمای ناسراو و بەناوبانگی لە هەموو عێراق هەیە، کە کوالیتی بەرزیان هەیە، لەوانە خورمای خەستاوی، ئەزرەق ئەزرەق، مەکتوم و ئەشراسی دێر حاجیو و قەرنەفل، جۆری دیکەشی وەک خەزراوی، بەهرا و بەهراب و بەربن و زوهدی و جۆری دیکە خورما، کە زیاترە لە ٨٥ جۆر و پۆلێن، کە ئەمەش وای لە شارۆچکەی مەندەلی کردووە لە سەرانسەری ناوچە و شارەکانی عێراقدا ناوبانگێکی باش و تایبەت و دیار و بەرفراوانی پێ ببەخشێت، بەتایبەتی لەنێو باخەوانان و تەنانەت دەرەوەی عێراقیش.

شارۆچکەی مەندەلی هەوای پاک و تەلارسازی باشی هەیە، بە شێوازە کۆنەکەی لە بیناسازی و بونیاتناندا، خاوەنی چەندین کافێ و کۆمەڵێک باخچە و هەندێک کۆشکی دەوڵەمەندانە، لە ڕووی بیناسازی و تەلارسازییەوە ستایلی جوانە و باڵەخانە حکومی تێدایە، لەنێویاندا بینای سەرای، کە (سەرای) وشەیەکی بەڕەچەڵەک کوردییە و بە واتای (سێ ڕا)، واتا بە یەکگەیشتنی سێ ڕێگا، بەڕێوەبەرایەتی قائیمەقامی تێدایە.

لە شارۆچکەی مەندەلی جگە لە کلینیکێکی بچووک، یەک نەخۆشخانە هەیە، بەشی پۆست و تەلەگراف و بەشی تۆمار و بەشی باری شارستانی و بەشی پۆلیس و بەشی شارەوانی و دادگای بەدائەی مەندەلی لەخۆدەگرێت. کۆمەڵێک قوتابخانەی سەرەتایی بۆ کچان و کوڕان، یان تێکەڵاو هەیە، هەروەها قوتابخانەیەکی ناوەندی تێکەڵاو و یەک قوتابخانەی ناوەندی لە ئێستادا لە دوای ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ دامەزراوە، قوتابخانەیەکی ناوەندی کچان لە ناوەڕاستی شەستەکاندا دروستکراوە.

سەبارەت بە ئاوی پاکی خواردنەوەش، لە ڕێگەی بۆرییەکەوە دەهێنرێتە ماڵەکان و بەڕێوەبەرایەتییە فەرمییەکان و قوتابخانەکان کە بەستراوەتەوە بە پڕۆژەیەکی سادەی دابینکردنی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە، ئاوەکە یان لە ڕووباری گەنگیرەوە دێت، یان لە هەندێک بیری ئێرتیوازیەوە دێت، کە خەریکە تەواو دەبن (وشک دەبن)، بەشێک لەو بیرانە لە سەردەمی پاشایەتییدا لە ساڵی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن کۆمپانیای هوڵەندی – بەریتانی لێدراون، کە لەو ماوەیەدا خەریک بوو شارەکە بەهۆی گرتنەوەی ئاوەی ڕووباری گەنگیرەوە لەلایەن ئێرانەوە لە تێونان بخنکێن.

یەکێک لە داب و نەریتی خەڵکی مەندەلی، وەک لە نێو دانیشتووانی قەزای خانەقین و بەدرە و جەسان و عەلی غەربی و زوڕباتیە باوە، ئەوەیە کە منداڵی ساوایان دەنێرن بۆ چیای پشتکۆی ئێران بۆ دادە ئێرانییەکان، بە جۆرێک کە منداڵەکە گەورە بوو، دەیگەڕێننەوە بۆ شارۆچکەی مەندەلی بۆ

لای دایک و باوکی، وەک چۆن لە باقی ناوچە سنوورییەکان و شارە سنوورییەکان کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەمان کار دەکەن.

ئەو زمانانەی خەڵکی مەندەلی و گوندەکانی و دەوروبەری بە پێی دەدوێن، زمانێکی جیاوازە، دەبینیت زۆرینەیان بە کوردی قسە دەکەن، ئەوانی تریش تورکمانی و فارسی دەزانن و ڕەنگە هەندێک جار بە زمانی عەرەبی تێک بگەن، بەڵام بە عەرەبیەکی تێکشکاو (لاواز و شکستە)، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی مەندەلی لە ماوەی ساڵی ١٩٧٥ نزیکەی ٨ هەزار کەس دەبوو.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی قەزای مەندەلی: تۆمارە حکومییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بەپێی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧، نزیکەی ٥٣ هەزار و ٥١٨ کەس بووە.

لە کتێبی خەڵک و ژیاننامە و سەرچاوەکان و لە کتێبی مێژوودا باسێکی زۆر هەیە ، چ عەرەبی و چ بیانی، کە شارۆچکەی مەندەلی لە سەردەمی کۆندا چۆن بووە و تا ئێستاش توێژەران نووسەران بە شاری مەندەلی دەڵێن، بەندەنیج یان بندنیج، وەک کتێبی بەناونیشانی (مەندەلی لە میانەی سەردەمەکان) لە نووسینی: پرۆفیسۆر عمران موسا ئەفەندی ئەلبەیاتی مەندەلاوی، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کۆماری عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ئەمانەی خوارەوە سەبارەت بە مەندەلی هاتووە:

هێر سفێڵد دەڵێت: بەندنیج لە فارسی کۆنەوە بە (وردنیکە) هاتووە، بە زمانی ئاشووری (ئەردەنیکا) یان (ئاردریکە) هاتووە، هەروەها وتی: کانەی نەوتی تێدایە، (لاشەرینگ)ی نووسەریش لە کتێبەکەیدا بە ناوی (وڵاتانی خەلافەتی ئیسلامی، وەرگێرانی گۆرگیس عەواد) لەلاپەرە ٨٨ دەڵێت: لە باشووری شەقامی خوراسان، لەسەر سنوورەکانی خوزستان، دوو شاری گرنگ هەن، کە شایەنی ئاماژە بۆکردنن، ئەوانیش بریتین لە: بەندنیجین

(مەندەلی) و (بەیان)، ئێستا ناوی بەندنیجین لەسەر نەخشەکە نەماوە، بەڵام ئەم شارۆچکەیە جاران گرنگترینی شاری تاسوجی ( بەدرەیا و بەکسایە) بووە، تا ئێستاش شارۆچکەی بەکسایە بوونی هەیە، هەردەبێت شوێنی بەندنجینیش لە نزیکەوە بێت، ئەم دوو تاسوجانە دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی (نەهرەوان). ژمارەیەکی زۆر گوندی تێدایە کە خاوەن خاکێکی بەپیتن و بەندەنیجینیش ناوەندی ئەم دوو تاسوجانە بووە، وەک ئەوەی یاقوتی حەمەوی باسیکردووە ناوەکەی بە فارسی (وندنیکان) بووە، ئیبن موستەفی مێژوونووسیش باسی لەوە کردووە، کە ئەم ناوە لە سەردەمی خۆیدا بە (بندنیکان) یان (بێندیکان) گۆکراوە، مەندەلی لەلایەکی بە چیاکانی کوردستان دەورە دراوە، ئاوی چیاکە لە ئەرجانەوە بۆ مەندەلی ئەمرۆ دێت، کە پێشتر پێیان گوتووە (پەندنیکان) یان (پێندیکان). زۆرن سەرچاوەی جۆراوجۆرە چ عێراقی بێت یان عەرەبی و بیانی لە کتێب و نووسینەکان سەبارەت بە شارۆچکەی مەندەلی بوونیان هەیە، بەڵام ئێمە نموونەمان هەڵبژاردووە، لەم سەرچاوە زۆر و فرانەی ئەوە سەلماوە کە واقیعی مەندەلی مێژووە کۆن و مۆدێرنەکەی و جوگرافیا و شوناسەکەی کوردستانییە، لە کۆتاییدا و کۆتاییش نییە، شایەتحاڵێکی زیندوو هەیە، کە بە سەرچاوە لە سەردەمی ئێمەدا دادەنرێت، ئەویش شاعیری ناسراوی عێراقی عەبدولڕەزاق عەبدولواحیدە، کە خەڵکی شاری عەممارەی پارێزگای میسانە، کە بۆ یەکەمجار دوای تەواوکردنی خوێندنی لە شارۆچکەی مەندەلی لە ساڵی ١٩٥٢ وەک مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندی مەندەلی دامەزراوە، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا لە یەکێک لە کەناڵە عێراقییەکان، ئەمانەی خوارەوەی وت: لە دوایین ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسی دەزگای هەواڵگری عێراق لە سەردەمی پاشایەتییدا، بە ناوی بەهجەت عەتییە، بە قسەیەکی ڕوون پێی گوت: گوێ بگرە عەبدولڕەزاق، ئێمە پێویستمان بە کێشەیەکی زۆر نییە، لەگەڵ ئەم شیعرانەی تۆ، کە تەنیا هەرزەکاران چەپڵەت بۆ لێدەدەن، تۆ ئێستا



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

بڕوانامەی هەڵسوکەوتی باش وەردەگریت، فەرمانی دامەزراندت دەردەچێت، تۆش دەچیتە مەندەلی، خەڵکی ئەویێ لە مەندەلی بە کوردی و تورکمانی قسە دەکەن، کەمیان بە عەرەبی دەزانن قسە بکەن. عەبدولڕەزاق عەبدولواحید لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: بڕوانامەی هەڵسوکەوتی باش و فەرمانی دامەزراندم وەرگرت و هاتمە شارۆچکەی مەندەلی و لە قوتابخانەی ناوەندی مەندەلی دەست بەکاربووم، لە ساڵی ١٩٥٢ەوە لەلایەن پرۆفیسۆری بەڕێز صالح ئیبراهیم محەمەدەوە بەڕێوەدەبرا، دوای ماوەیەک لەگەڵ بارودۆخ و دەوروبەر و دانیشتووان ڕاهاتم، دوای ئەوەی لەگەڵ زمانەکانی مەندەلی لە کوردی و تورکمانیدا سەختیم بینی، کە زۆرینەیان زمانی عەرەبییان نەدەزانی، تەنها کەمێکیان نەبێت، ئەوانی دیکە نەیاندەزانی قسەی پێبکەن، بەڵام من میهرەبانی و هاوڕێیەتی باش و قەدرزانیم لێیان دۆزیەوە و بەخشندەیی و سەخاوەتم لێیان بینی، ڕوو لە هەر شوێنێکی مەندەلی بکەی، سەیرت دێ هەمووان قسە لەبارەی کەسێکی وەک شاعیر عەبدولڕەزاق عەبدواحێد دەکەن، کە کەسێک بووە خەڵکی عیمارە، زۆربەی تەمەنی منداڵی و گەورەیی خۆی لە عیمارە و بەغدا ژیاوە، کەچی دێت باسی شارۆچکەیەکی دوورەدەستی وەک شارۆچکەی مەندەلی دەکات، بە قەناعەتەوە وا وەسفی دەکات، دەڵێت مەندەلی شاری گەنجینەکانە.

**پێنجەم: مێژووی تازەی مەندەلی**

١- مەندەلی لەمیانەی میرنشینە کوردییەکان و ئەوانی دیکەدا.

مەندەلی لە دوا قۆناغەکانی مێژووەکەیدا لە چوارچێوەی میرنشینە کوردییەکان و ناکوردییەکاندا بووە، ئەوانیش میرنیشینەکانی: میدیا، ئەخمینی، فارسەکان، بارسییەکان بوون.

دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکانیان، لەوانە ساسانی (کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردییە)، پاشان بنەماڵەی ساسانی کوردی، هەروەها لە

سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامییدا، مەندەلی پەیوەست بووە بە میرنشینێکی کوردییەوە، کە ئەویش میرنشینی (بەنو ئەناز) بوو، لەماوەی ساڵانی ٣٨٠ کۆچی تا ٥١٠ کۆچی، کە میرنشینێکی فراوانە بوو، لە خاکەکانی کوردستانی گەورەوە، کە مەندەلی و کرماشان و حەلوان و شەهرەزووری لەخۆگرتبوو. تەمەن و حوکمڕانی ئەم میرنشینە کوردییە نزیکەی ١٣٠ ساڵ بوو.

دوای ئەم بەروارە، مەندەلی پەیوەست بوو بە میرنشینێکی دیکەی کوڕدییەوە، بە ناوی میرنشینی حەسنەوییە بوو، دوای ئەم میرنشینە کوردییە، مەندەلی چووە سەر میرنشینێکی دیکە، کە ئەویش کوردی بوو، ئەویش میرنشینی بابان بوو، کە شاری سلێمان ناوەندەکەی (پایتەختەکەیەتی حوکمڕانی) بوو، پاشان لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییدا، کە پێی دەگوترا دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی، بۆ ماوەیەکی زۆر، مەندەلی بوو بە ژێر دەسەڵات و ئیڕادەی ئەم دەوڵەتە، تا ڕۆژانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤، کوردستان، لکێندران بە دەوڵەتی عێراقەوە، شارۆچکەی مەندەلی بە فەرمی بوو بە بەشێک لەم دەوڵەتە پاشایەتییە نوێیە (دەوڵەتی عێراق).

شارۆچکەی مەندەلی لە سەردەمە کۆنەکان تووشی جۆرەها شێوە داگیرکاری و لەشکرکێشی لەلایەن ڕژێمەکانی وڵاتانی دیکە بۆتەوە، لەوانە فەتحی عەرەبی- ئیسلامی، لەوانەش داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی تورکی ئیسلامی، کە عێراقی داگیرکرد و سەرباز و هێزەکانی لە سەرتاسەری عێراق و لە بەشێکی بەرفراوانی کوردستان جێگیرکرد، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کە دواتر ناو لەو بەشە نرا کوردستانی عێراق، بە شارۆچکەی مەندەلیشەوە. دوای داگیرکردنی مەندەلی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، هێزێکی سەربازییان لەسەر زەویەکانی جێگیرکرد، بەشێک لە سەربازانە خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بۆ شارۆچکەی مەندەلی و قەزانییە، بەو پێیەی ئەو دوو شارۆچکەیەیان داگیرکردبوو و تێیدا نیشتەجێ بوون، وەک چۆن لە ناوچە و شارەکانی دیکەی عێراق نیشتەجێ بوون، ئەو بنەماڵە تورکە عوسمانیانە لە

شارۆچکەی مەندەلی دەژیان. لە یەکێکدا لە گەڕەکەکان کە قەزای مەحەڵەیە، لە ئێستادا پێی دەوترێت (بۆیاقی)، کە لە قەزای قەزانییەش بە هەمان شێوە.

دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی تورکی، لە جەنگی جیهانی یەکەم و کۆتایی هاتنی حوکمڕانی بەسەر عێراقدا لە ساڵی ١٩١٨، هێز و سەربازەکانی شارۆچکەی مەندەلی بەجێهێشت و ئەو بنەماڵە تورکانەی مەندەلی و قەزانییە مانەوە و زۆرینەیان نەڕۆیشتن، لە نێوان دانیشتوانی ڕەسەنی مەندەلی و لە قەزای قەزانییە، وەک خوشک و برا، بە خۆشەویستییەوە، لە ڕیتمێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتووی مەندەلاویدا بە دڵنیایی و ئارامی و سەقامگیرییەوە نیشتەجێ بوون و ژیاون. ژن و ژنخوازی و خزمایەتی و نزیکایەتیان ئەنجامداو ناسنامەی مەندەلاوی عێراقییان وەرگرت، دواتر ئەوان و منداڵەکانیان و نەوەکانیان لە هەمان بارودۆخی دانیشتوانی شارۆچکەکەدا بوون، لە ڕووی ماف و ئەرک و لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا یەکسان بوون.

**٢- پێکهێنانی یەکەم حکومەتی خۆجێیی کاتی لە مەندەلی**

لە لایەکی ترەوە، دوای کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی، بۆشاییەکی بەرفراوانی ئیداری لە شارۆچکەی مەندەلی دروست بوو، ئەمەش وایکرد خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بە زووترین کات ئەم بۆشاییە ئیداری و سیاسییە پڕبکەنەوە، بۆیە حکومەتی کاتی خۆجێی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی لەناو شارۆچکەکە و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ خەڵکەکەی پێکهێنرا، ئەم حکومەتە ناوخۆییە لە کەسایەتییە دیارەکان و کارگێڕانی خەڵکی شارۆچکەکە خۆیان پێکهاتبوو.

ئەمانەی خوارەوە ناوی ئەو کەسانەن کە ئەم حکومەتە خۆجێییە کاتییە لێ پێکهاتووە:

١. عەلی ئاغا/سەرۆک.
٢. عەبدوڵا ئەفەندی / ئەندام.
٣. عەبدولکەریم حاجی مەحموود چەلەبی / ئەندام.

٤. يوسف فەدعەم / ئەندام.
٥. حاجی صالّح بەگ / ئەندام.
٦. موسا مەلا مەعروف / ئەندام.
٧. یوسف عەبادی / ئەندام.
٨. عەبدولقادر مەلا صالّح / ئەندام.
٩. حوسێن عەبدولقادر ئاغا/ ئەندام.
١٠. حەسەن بەگ حەمادی / ئەندام.

ڕاستەوخۆ دوای پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی کاتی، لە شارۆچکەکەدا هێزێک لە کەسانی باوەڕپێکراو و شایستە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری شارۆچکەکە و دەوروبەری پێکهات، فەرماندەییەکەی بە کەسانی ناسراو سپێردرا، کە پۆستەکە هاوتای ئەو پۆست و ئەرکانە بوو، کە ئەفسەران دەیبینن، ئەوانیش بریتین بوون لە:

١. حاجی عەبدولوەهاب محەمەد، بازاری گەورە (بازاڕی بێچەک).
٢. حەبیب صالّح ئاغا / گەڕەکی بویاقی.
٣. فەرمان داود ئاغا و یاریدەدەرەکەی سلێمان فەیاز / ناوچەی قەڵات جەمیل بەگ
٤. داود لوڕ / گەڕەکی بالی قەڵا
٥. حاجی غائب / گەڕەکی ئەلنەقیب
٦. حوسێن موسلیم کاکی/ گەڕەکی قەلەم حاجی

دە (١٠) کەس لە هەمان ناوچەدا خرانە بەردەستی هەر یەکێک لەو ئەفسەرانە، مووچەیەکی دیاریکراوی مانگانە بۆهەر یەکێکیان تەرخانکرا، ئەم حکومەتە کاتییە بۆ ماوەی نزیکەی (٦) شەش مانگ بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی شارۆچکەکە، لەم ماوەیەدا هیچ ڕووی نەدا، هیچ دزی و تاڵان و ناکۆکی و کێشەیەک ڕووی نەدا، لە ژێر ئیدارەی ئەم حکومەتە ناوخۆییە

کاتیەدا ئاسایش و هاوسەنگی و سەقامگیری و ئاشتی لە شارۆچکەکە و لەناو خەڵکەکەیدا زاڵ بوو.

لە یەکەم ڕۆژەکانی پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی ئەفسەرێکی ئینگلیز بە پلەی عەقید هەوڵیدا بە جۆرێک لە فێڵبازی و تەڵەکەبازی شارۆچکەی مەندەلی داگیر بکات، نامەیەکی بۆ کاک عەلی ئاغا، سەرۆکی حکومەتی خۆجێیی کاتی نووسی ، لەگەڵ نامەیەکدا کە تیایدا وتبووی کە من بڕیارم داوە بە هێزێکی ٤٠ سواری ئینگلیز و (٢٠٠) سوارچاکی خێڵی کەلهوڕ لە دیوی ئێرانەوە لە بەرەو بەغدا بچم، بە مەندەلی تێدەپەڕین، بۆیە بە هەڵە لە ئێمە تێنەگەن. بەڵام سەرۆکی حکومەتی خۆجێیی کاتی مەندەلی، بە نامەیەک وەڵامی دایەوە کە تێیدا وتی: ئێمە هیچ نارەزایەتییەکمان نییە بەرامبەر بە تێپەڕبوونی ئێوە بە شارۆچکەی مەندەلی، بەڵام ئێمە هاتنە ژوورەوەی هێزەکانی خێڵی کەلهوڕ قبوڵ ناکەین. ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵیان هەیە، ناکۆکییەکی کۆنمان لەگەڵیان هەیە، بۆیە هاتنیان دەبێتە هۆی ئاژاوەگێڕی، بەڵام ئەفسەرە ئینگلیزەکە گرنگی بەم نامەیە نەدا و هەوڵیدا لەناکاو مەندەلی داگیربکات، بەڵام دانیشتوانی مەندەلی لە چەند شوێنێکی شارۆچکەکە خۆیان بۆ ڕووبەرووبوونەوە قایمکرد، تاکو ئەم پلانەی ئینگلیز جێبەجێ نەبێت، ئەفسەرە ئینگلیزەکە شەوانە لەگەڵ سەربازەکانی دەچێت، بە نیازی ئەوەی شەوانە هێرشی لەناکاو ئەنجام بدات، کاتێک هێزەکانی دەگەنە ناوچەی (کۆمەسەنگ)، لەگەڵ هێزەکانی خەڵکی مەندەلی ڕووبەروو دەبنەوە و ناچاریان دەکەنە بگەڕێنەوە و کەسێک و چەند ئەسپێک لە هێزەکە دەکوژن، بەمەش پاشەکشە بە هێزکە دەکرێت، بۆیە ئەفسەرە ئینگلیزەکە نامەیەکی بۆ حاکمی مەندەلی نووسی و گازەندەی لێ دەکرد، بەڵام حاکمی مەندەلی وەڵامی دایەوە، تاوانباری کرد بەوەی سەرپێچی ڕێساکانی کردووە، ئەم حکومەتە خۆجێییە کاتییە دوای ئەم ڕووداوە بۆ ماوەی نزیکەی (٤) چوار مانگ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا قازی ڕەشید ئەفەندی دەرفەتی قۆستەوە،

له شارۆچکەی قەزلەربات (سەعدیە)ەوە بە هێزێکی (١٠٠) سەد سەربازی تورکی (عوسمانی)، بە سەرۆکایەتی ئەفسەر مەحموود ئەفەندی بە پلەی بەگ باش، (پلەی نەقیبی یان عەقیدی ئێستا) بەرەو مەندەلی هات، ئیدارەی بەریتانیا لە شاری کوت (واستی ئێستا) لەم جووله سەربازییە تورکییە ئاگادار کرایەوە، هێزێکی (١٠،٠٠٠) دە هەزار کەسی ئامادە کرا، بۆ داگیرکردنی مەندەلی، بە سەرکردایەتی یەکێک لە ژەنەڕاڵە ئینگلیزەکانی ژێر فەرماندەیی (مێگەرسۆن)ی حاکمی مەدەنی ئینگلیز، هەر کە سوپای ئینگلیز نزیک بووەوە، هێزی تورکی بە یاوەری موسا ئەفەندی و عەبدوڵا ئەفەندی برای و کۆمەڵێک لایەنگری تورک شارۆچکەی مەندەلییان بەجێهێشت. بەم شێوەیە هێزەکانی ئینگلیز لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا چوونە ناو شارۆچکەی مەندەلی و یەکێک لە سەرکردەکانی لەگەڵیدا بەرەو شارۆچکەی مەندەلی ڕۆیشتن، شۆڕشگێڕان چوونە ماڵی سەید عەلی ئاغا، سەرۆکی حکومەتی کاتی مەندەلی، کە ئەو کات نەخۆش بوو لە جێگادا کەوتبوو، دوای گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان لەگەڵیدا ماڵەکەیان بەجێدەهێڵێت و بەرەو ماڵی موسا ئەفەندی بەڕێکەوت، فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و مالانەی کە لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوو، فەرماندەی ئینگلیز (مێگەرسۆن) مامەڵەی توندی لەگەڵ دانیشتوانی شارۆچکەی مەندەلی دەگرد. لەم ماوەیەدا کاک عەلی ئاغا کۆچی دوایی کرد و سەرەخۆشی و پرسە بۆ دانرا، ئینگلیزەکانیش دەستێوەردان و دەستدرێژیەکانیان بۆ سەر شارەکە ڕاگرت. دوای ڕۆژانی سەرەخۆشی و ڕێوڕەسمی ناشتن تێپەڕیبوو، ئینگلیزەکان کاک عەبد ئەلسەید ئیلیاس و ئەحمەد عەبدول لەتیف ئەلمستەقیل و حاجی عەبدولوەهاب و عەبدولڕەزاق جەلابی و عارف چەلەبی و ئەمین ئەفەندییان دەستگیرکرد و بۆ بەعقوبە بردیانن و لەوێ هێنرانە بەردەم دادگایەکی سەربازی، پاشان هەموویان دوورخستەوە بۆ هیندستان.

فەرماندەی ئینگلیز (مێگەرسۆن) بۆ ماوەیەک دەستی بەسەر شارۆچکەی مەندەلیدا گرت، پاشان گواسترایەوە و شارۆچکەکەی بەجێهێشت، دوای ئەو کاپتن (های) شوێنی گرتەوە، پاشان دوای ئەو کاپتن (ویلی)، پاشان کاپتن (ویگلی)، پاشان دوای کەسێک بەناوی (عەلی شا هیندی) هاتن. ئەم حاکمانە هەندێجار بە حاکمی سیاسی شاری خانەقین لە هەندێک کاتیش بە حاکمی سیاسی شاری بەعقوبة بەسترابوونەوە.

کاتێک موسا ئەفەندی ئەلبەیاتی و عەبدولا ئەفەندی ئەلبەیاتی برای و بەشێک لە خەڵکی لایەنگری و دڵسۆز بۆ دەسەڵاتی عوسمانی گەیشتنە موصڵ، شکستی هێزەکانی عوسمانییان بینی، پەشیمان بوون و بڕیاریاندا بگەڕێنەوە شارۆچکەی مەندەلی، بۆیە بەنهێنی بەرەو ناوچەی دزەیی ڕۆیشتن و پەیوەندییان بە حاکمی سیاسیی دیبەگەوە کرد، (ویکلی) فەرماندەی سەربازی ئینگلیز کە پێشتر لە شارۆچکەی مەندەلییەوە بۆ ئەوێ گواسترابووەوە، بەڵێن و ئاسایشی پێدان و ڕاسپاردەیەکی بۆ شا عەلی ئەلهندی بۆ نووسین، بەمجۆرە دوای لێخۆشبوونیان دڵنیاکرانەوە، کاتێک شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ (شۆڕشی بیست) لە عێراق هەڵگیرسا، بڵێسەی ئاگرەکەی بەرەو قەزای دیالە هات و حکومەتی کاتی مەندەلی بەهۆی پچڕانی پەیوەندییەکان و دابڕانی شارۆچکەکە لە ناوەندی سەرەکی، شارۆچکەی بەعقوبە هەرەسی هێنا، لە ترسی ئەوەی نەوەک ئاژاوە و ناسەقامگیری لە شارۆچکەی مەندەلی ڕووبدات، خەڵکی شارۆچکەکە دەستپێشخەرییان کرد بۆ چارەسەرکردنی کارەکان حاکمی ئینگلیزی، بە ناوی عەلی شا ئەلهندی، حکومەتی ناوخۆیی دووەم لە هەندێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شارۆچکەکە پێکهات، ئەمانەش ناوی ئەو کەسانە بوون کە بەشداریان تێدا کردبوو:

١. صاڵح نەقیب / سەرۆک.
٢. عەبدولا ئەفەندی ئەلبەیاتی، ئەندام.
٣. موسا ئەفەندی/ ئەندام

٤. حاجی حوسێن مەندەلاوی/ ئەندام.
٥. حەسەن بەگ حەمادی / ئەندام.
٦. حاجی جەبار محەمەد ئەلیاس / ئەندام.
٧. یوسف عەبادی / ئەندام.
٨. عەبدولقادر مەلا صالّح / ئەندام.
٩. باوە ڕەزا کاکەیی/ ئەندام.
١٠. عەبدولکەریم چەلەبی/ ئەندام.

دوای پێکهێنانی دووەم حکوومەتی خۆجێیی لە شارۆچکەکە، ئاسایش و پاراستنی شارۆچکەکەیان بە کەسانێک سپارد کە پێیان دەگوت ئەفسەری ئاسایشی شارۆچکەکە، ئەم حکومەتە تەنها (٤) مانگ بەردەوام بوو تا شۆڕشی عێراق( شۆڕشی بیست) سەدەی ڕابردوو دامرکایەوە، کاتێک هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا گەڕانەوە بۆ شارۆچکەی مەندەلی، ئەندامانی دەستەی حکومەتی خۆجێی لە مەندەلی دەستگیرکران و بەرەو بەغدای پایتەخت بردیانن و لەوێ هێنرانە بەردەم دادگای سەربازی عێراق و لەم دادگاییکردنە ساختەیەدا غەرامە کران وەکو ئەوەی خوارەوە:

١- خێزانی نەقیب بە بڕی (١٥٠٠) لیرەی تورکی غەرامە کرا، لەم بڕە ئیلیا ئاغا ئەم بڕی (٩٠٠) لیرە دا و صالّح ئاغا بری (٣٠٠) لیرە و جەبار ئاغاش بری(٣٠٠) لیرەی دا.

٢- عەبدولکەریم چەلەبی بە بڕی (١٠٠٠) لیرە غەرامەکرا، کۆمپاڵەیەکی بە بری (٥٠٠) لیرە دا.

دوای دەستبەکاربوونی مەلیک فەیسەڵی یەکەم وەک پاشای عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ و پێکهێنانی حکومەتی شاهانەی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، شارۆچکەی مەندەلی بوو بە ناوەندی قەزا و ناوچەکانی بەلەدڕوز و قەزانییە سەر بەم بوون، لە لایەکی دیکەوە لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، بە شارۆچکەی مەندەلیشەوە، بنەماڵە ئاغاکان پشتگیری ئەم

داگیرکارییەیان نەکرد و بەرهەڵستیان کرد، بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دانانی مەلیک فەیسەڵ وەک یەکەم پاشای عێراق، ئیدی نزیکبوونەوە و پشتیوانییان لە ڕژێمی نوێ و دەرباری پاشایەتی کرد، بەشێک لە کوڕەکانیان پۆستی باڵا و هەستیاریان لە دەوڵەتی عێراق و لە فەیلەقی سەربازی و پۆلیس و لە وەزارەتە هەستیارەکانی دەوڵەتدا وەرگرت. هەرچی سەبارەت ماڵباتەکانی ئەفەندییە (بنەماڵەی بەیات)، هەر بە نەیاری دەوڵەت و سیاسەتەکانی مانەوە و پەیوەست بوون بە ئۆپۆزسیۆنی فراوانەوە، سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە کوڕەکانیان پۆستی مەدەنی و سەربازی هەستیاریشیان هەبوو. هەرچی خانەوادەی چەلەبی بوون، ئەوان بە یەکسانی لەنێوان سیاسەت و ڕژێمی حکومەت و بەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق مانەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی دانیشتوانی شارۆچکەی مەندەلی و هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەتەکان بەرامبەر بە کورد و عەرەب لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیز و پاشایەتی نوێ و حکومەتی عێراق، هەندێکیان دژایەتی و پشتیوانی سیاسەت و سەرکردەکانی شۆڕشی بیستەمیان دەکرد، هەندێکیشیان پشتیوانیان لە سیستەمی پاشایەتی نوێ و حکومەتی عێراق و حکومەتی خۆجێی لە شارۆچکەکەدا دەکرد. دانیشتوانی مەندەلی بەگشتی بەم شێوەیە بوون، تا ساڵانی چلەکان، کاتێک بیری کۆمۆنیستی چەپ سەریهەڵدا و لەناو خەڵکی مەندەلیدا چالاک بوو، بەتایبەتی لەنێو چینی خوێندەواردا و شانبەشانی ئەو زەحمەتکێشان و هەندێک لە خوێندکارانی قوتابخانەکان، وەک نەیارێک دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و داگیرکاری بەریتانیا و کۆمپانیاکانی وەستانەوە، تا بەیاننامەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی دەرچوو.

**ناوی قائیمەقامەکانی قەزای مەندەلی لە ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٧٥:**

دوای ئەوەی قەزای مەندەلی بە قەزای دیالە لکێنرا، بە سیفەتی قائیمقام ژمارەیەک کەسایەتی کاروباری ئیدارەی مەندەلییان لە ئەستۆ گرت، ئەوانەی خوارەوە ناوی ئەو قائیمەقام بوون، کە تا ساڵی ١٩٧٥ قائیمەقام بوون:

١. مەحموود نەدیم تەبەقچەلی
٢. خەیری هینداوی
٣. مستەفا ئەلعومەری
٤. خەیری هینداوی بۆ جاری دووەم
٥. ئەمین قەفتان
٦. محەمەد نەجیب/ بە وەکالەت
٧. ئەحمەد عارف قەفتان ئەلعەنی
٨. حەسەن غەسەیبە
٩. موسا کازم شاکر
١٠. شاکر مەحموود
١١. جەعفەر حەمندی
١٢. مستەفا عومەر یەقووبی
١٣. عەبدولڕەزاق مستەفا ئەلدەباغ
١٤. محەمەد فایق تۆفیق عەزەمی
١٥. تۆفیق موختار
١٦. زیائەدین شەککارا
١٧. حامد ئەلخەتیب
١٨. حەسەن عەونی
١٩. عەبدولڕەزاق فەزلی
٢٠. سەلاحەدین ئەلشەواف
٢١. وەفیق حەبیب
٢٢. حەسەن تاڵەبانی
٢٣. مەحموود ئەبو ئەلتومەن
٢٤. خالد عەبدولجەبار حەمام
٢٥. باقر مەجید دوجەیلی

٢٦. سەلمان عەبدولوەهاب
٢٧. عەبدولغەفەر مەعتوق
٢٨. مستەفا عاسم ئیسماعیل
٢٩. عومەر ئاغا محەمەد
٣٠. ئەکرەم عەبدولمەجید چاوشلی
٣١. عەبدولوەهاب فەیزی حیکمەت
٣٢. عەبدولڕەئوف فالح
٣٣. جەمیل ئەلقەیسی
٣٤. عەبدولغەفار ئەلمەعتوق/ بۆ جاری دووەم
٣٥. عەبدولعەزیز مەکیە
٣٦. ئەحمەد عەبدولوەهاب
٣٧. موتیع حەسەن ئەلعانی
٣٨. مورتەزا ئەلئعەرەجی
٣٩. محەمەد سەعید ئیبراهیم
٤٠. هەقی تۆفیق عەجاج
٤١. عەبدولکەریم ئەحمەد ئەلموعەینی
٤٢. صادق ئەلعەزاوی سەربازیی
٤٣. حافز مەهدی حوسێن ئەلتەمیمی
٤٤. محەمەد عەلی سلێمان الکوتوی
٤٥. مونزر نوصەیف ئەلجوەیری، خەڵکی قەزای قەزانییە بوو.

دوای ئەمانە ژمارەیەک سەرۆک قائیمەقام هاتنە مەندەلی، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە پۆستەکانیان نەمانەوە و تا ساڵی ١٩٨٧ یەک لەدوای یەک جێگەیان گۆڕدران، ئەو ساڵەی قەزای مەندەلی گۆڕدرا بۆ ناحیە و لکێنرا بە شارۆچکەی بەلەدروز.

# باسی سێیەم

# گەشتی خەبات لە مەندەلی لەماوەی سەدەی بیستەم

## یەکەم: مەندەلی و بڵاوبوونەوەی بیری کۆمونیستی

هزری کۆمۆنیستی مارکسیستی لینینیستی لە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی عێراق بڵاوببووەوە، ئەم بڵاوبوونەوەیە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتە شارۆچکەی مەندەلییش، ئەمە لە کاتێکدا بووە، کە لە عێراق حزبی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە عێراقدا هەبوون، لەوانە حزبی عەرەبی و کوردی و تورکمانی، و ئەوانی دیکەش لە بزووتنەوە ئاینییەکان هەبوون، تا ئەو کاتە فیکر و کولتوری ماسۆنی بە شێوەیەکی زۆر بچووک هاتە ناو عێراق، ، ژمارەیەک لە عێراقییەکان پەیوەندییان پێوە کرد، لەوانەش مۆنۆلۆجیستێکی بەناوبانگ و ناسراو (عەزیز عەلی)، کە لە ڕێگەی گۆرانییە پڕ لە سۆز و ڕەخنە توندەکانییەوە لە حکومەت و پەرلەمان و سیاسەتی دەوڵەت و بە جۆش و خرۆش و نمایشێکی نایاب و سەرنجراکێشی دەکرد، توانی بلێسەی تورەیی شەقامی عێراق لەو قۆناغەدا بەرامبەر بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت بەئاگا بێنێتەوە و لە دەربڕینەکانییدا بە توندی لەپاڵ ئۆپۆزسیۆن دژ حکومەتی عێراق وەستایەوە، بەڕاستی سەرکردە و بەرپرسانی دەوڵەتی ترساندبوو، عەزیز لە هەر مەنەلۆجێک پارەی خۆی دەدات.

یان خستنە ژێر لێکۆڵینەوە یان ڕاگرتنی لە زینداندا، ئەو پرۆفیسۆرە گەورە کە نووسەری یەکەمین مۆنۆلۆجیستی عێراقە، پێش مردنی بە وەسیەتنامەیەکەوە نووسیوییەتی کە لە بەغدا ڕێکخراوێکی نهێنی بیری ماسۆنی هەیە و چالاکانە لە ڕیزەکانی ڕێکخراوە نهێنییەکانی کار دەکات،

وەسیەتنامەکەی بە نووسراو نووسی و لە زەرفێکی مۆرکراودا داینا و گەیاندی بە هاوڕێیەکی نزیک و متمانەپێکراو.

عەزیز عەلی ڕێک و ڕەوان بەم هاوڕێیەی گوت،:"داواتان لێدەکەم ئەم زەرفە نەکەنەوە و وەک ئەمانەت لە دەستی خۆتاندا بیهێڵنەوە، تا دوای مردن و بەخاکسپاردنم کەسی لێی ئاگادار نەکەنەوە" ئەم زانیارییە لە یەکێک لە گۆڤارەکانی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکرایەوە، ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی نیشتمانپەروەرییەکەی بۆ عێراق و گەلەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

بەم شێوەیە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی پاشایەتییدا لە دەنگێکی دژبەر دەترسان

تەنانەت ئەگەر کەسێک دژیش بووبێت سەبارەت بە شارۆچکەی مەندەلیش، زۆرترین پشکی لە بیری کۆمۆنیستی مارکسیست-لینینیدا هەبوو، پشکی شێر لە نێو خەڵکەکەیدا، وەک چۆن ئەم بیرکردنەوەیە بە زۆر و بە ئارەزووی خۆی و خۆبەخشانە و بە نهێنی تەواو لەو قۆناغەدا هاتە ناوەوە و لە ماوەی کورتدا بەم بیرکردنەوە هێرشی کردە سەر زۆرێک لە ڕۆحی خەڵکی شارۆچکەکە، تا شارۆچکەی مەندەلی لە سەردەمی حوکمی مەلیکییدا لەو قۆناغەدا بە قەڵای کۆمۆنیزم ناسرا. وەک زەمەن دەیویست، زۆرینەی لایەنگر و پەیڕەوانی ئەم بیرە کۆمۆنیستییە لە ژێر ئاڵای ئایدیۆلۆژییەکەیدا لە شارۆچکەی مەندەلی و لە نێو خەڵکەکەیدا لە چینی خوێندەوار و لە کەسایەتییە بەڕێز و ناسراوەکان بوون، لە تەنیشت ئەوانەوە تاکەکانن لە چین و توێژە جیاوازەکانی جووتیاران، کرێکاران، زەحمەتکێشان، خاوەن داهاتەکان، خوێندکارانی زانکۆکانی عێراق، فەرمانبەران، بەتایبەتی پرۆفیسۆرەکان، مامۆستایان، تەنانەت لە چینی هەژاران زۆرینەیان بوونە کۆمۆنیست، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بیری کۆمۆنیستی مارکسی- لینینی نەگەیشتە خەڵکی گوند و لادێکانی دەوروبەری شارۆچکەی مەندەلی، بەڵکو

له چوارچێوەی شارۆچکەی مەندەلی و شارۆچکەکانی بەلەدرۆز و قەزانییەدا قەتیس بوو.

ئەم فیکرە چەپگەڕایە مارکسیستی- لینینیستییە لەناو خەڵکی قەزای قەزانییە و قەزای بەلەدروزدا بڵاوبوەوە، بەشێک لە عەقڵی ڕەگەزپەرست لە قەزاکانی مەندەلی، بە ناوی عەرەبیزمەوە، ئەم هەڵوێستەیان لەسەر خەڵکی ناوچەی قەڵات بالی (گەڕەکی مۆسکۆ)، قۆستەوە، وەک کارتێکی فشار بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە کاتی سەردانیکردنی دائیرەکان و دامەزراندن و کاروەرگرتن، پرسیاری ئەوەیان ئاڕاستە دەکرا، ئایا تۆ سەر بە چ گەڕەکی قەڵای بالی (مۆسکۆی) ئەو پرسیارە لەلایەن هەندێک بەرپرس لە وەزارەتەکانی دەوڵەتی ناوخۆیی لە کاتی سەردانیکردنیان دەکرا:

لە کوێ دادەنیشی؟

لەگەڕەکی قەڵای بالیّ

واتا تۆ دانیشتووی گەڕەکی مۆسکۆی؟

ئەو سەردەمە قۆناغی ململانێ و پێکدادان بوو لە نێوان کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، نەک تەنها لە شارۆچکەی مەندەلی، بەڵکو لە بەشێکی عێراق، لە شارۆچکەی مەندەلی لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتییدا چیرۆکی خەمناک و بە ئازار هەیە، کە تا ئێستاش ماون، لە یادەوەری کۆن و بە تەمەنەکانی مەندەلییەکاندا کەڵەکەبووە.

چیرۆکگەلێکی کەڵەکەبووی ئازاری ڕاوەدونان و دوورخستنەوە و بەندکردنیان لە نوگرە سەلمان لە پارێزگای موسەننا (سەماوە) ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی و بزمارکێشان و بێبەشکردنی لە دیتنی خێزان، بەڵام هەموو ئەم شێوازە نامرۆڤانە و بێ ئەخلاقییانە ڕێگر نەبوون لە بەرگریکردن، بەڵکو تەواو پێچەوانەوە خۆڕاگری و ئیرادە و سووربوون و توندی ببووە باوەڕی ئەوان، سوربوون و تەحەدای ئەوانی زیاتر دەکرد و هانیدان لەسەر ئەم ڕێگە و پێگەیە بەردەوام بن و ئەوانی لە دڵی دانیشتوانی شارۆچکەکە

خۆشەویستتر کرد، بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن سیفەتی باش و ڕەفتاری جوان بون.

چیرۆکی ئەم ناخۆشی و کارەساتانە بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ کۆتایی هات، بەڵام بۆ ماوەیەک دوای کۆچی دوایی سەرکردەی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، سەرکردە عەبدولکەریم قاسم، سیناریۆی ئەو چیرۆکە پڕ لە ئازارانە لە ساڵی ١٩٦٣ بە شێوەیەکی تر گەڕایەوە و دووبارە بووەوە، نوگرە سەلمان پڕی بوو لە دەستبەسەرکراو و بنەماڵەی کوردەکان، بە تایبەت گەنجە فەیلییەکان. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لاپەڕە ڕەشەکانی ئەم زیندانە ترسناکە داخران، نوگرە سەلمان بۆ هەتا هەتایە قەپاتکرا.

ئەمەی خوارەوە لیستێکە لە گرنگترین ناوی چالاکوانە دیار و ناسراوەکانی شارۆچکەی مەندەلی، کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە لە نەوەی یەکەمی بیری کۆمۆنیستی بوونە شارۆچکەکە:

١- عەمیدە میسری جولەکە بوو: یەکەم ژن بوو کە بیری کۆمۆنیستی لە قەزای مەندەلی لە سەرەتای چلەکاندا لە وەرگرت (نەوەی یەکەم).

٢- عادل میسری، جوولەکە بوو: یەکەم کەسە کە بیری کۆمۆنیستی لە قەزای مەندەلی لە سەرەتای چلەکاندا باوەش گرت، برای عەمیدە ئەلمیسری بوو. (نەوەی یەکەمە).

٣- حەکمان فارس: ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی بووە لە عێراق لە ١٢ تەممووزی ١٩٥٨ (نەوەی یەکەم).

٤- کەریم فارس: بەرپرسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق لە مەندەلی لە ساڵی ١٩٥٨، نەوەی یەکەم، هەروەها حەکمان فارسی براشی لە نەوەی یەکەم بوون.

٥- فارس کەریم فارس، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی ١٩٥٠

له سەدەی بیستەم، (نەوەی یەکەم)

٦- پرۆفیسۆر عیسا غێیدان مەندەلاوی پەروەردەکار و بیرمەند و نووسەر و وەرگێڕی نەوەی یەکەمی ڕێکخستنی حزبی شیوعی بوو له مەندەلی و نەوەی دووەم له کەرتی پەروەردە له چلەکانی سەدەی بیستەمدا.

کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویست بوو له نێو خەڵکی شارۆچکەکە و له بنەماڵەیەکی دێرین و بەڕێزی کورد بوو مەندەلی له گەڕەکی قەڵای بالی کۆچی دوایی کرد و له گۆڕستانی وادی سلام له شاری پیرۆزی نەجەف به خاک سپێردرا. منداڵ و نەوەکانی، باشترین جێنشینی خۆی بوون.

٧- بازرگانێکی ناسراو، کەمال حەمید حەساوی مندەلاوی، کەسایەتییەکی ناسراو و خوێندەوار بوو، له بنەماڵەیەکی کوردی ڕەسەن و مەندەلاوی له ناوچەی قەڵات بالی – مەندەلی لەدایکبووە، بازرگان بووە و کڕین و فرۆشتنی به جۆرەها ئامێرە کارەباییەکان و سەعاتەوە، له ناو بازاڕی گەورەدا دەکرد.

له ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمدا یەکێک بوو له نەوەی یەکەمی ڕێکخستنە ژێرزەمینییەکانی حزبی شیوعی له شارۆچکەکەدا، ناوبانگێکی بەرفراوانی له نێو ڕۆشنبیران و خەڵکی مەندەلی به گشتی هەبوو، برایەکی هەبوو به ناوی عیمران حەمید حەساوی و له دوکانەکاندارییەکەی هاوبەشی بووە.

له ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا (سەدەی بیستەم) لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی شارۆچکەی مەندەلییان بەجێهێشتووە و له بەغدا نیشتەجێ بوون.

٨- کوڕەکانی سەید زاهیر (مەندەلاوی). سەید زاهیر کەسایەتییەکی ناسراوە له نێو خەڵکی دیالە، خاوەنی سێ منداڵە: عەدنان، سەعد، عەلی، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی له ناوچەی قەڵات بالی/ مەندەلی، نزیک پارکی گشتی دەژین.

سێ کوڕەکەی پەیوەست بوون بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی شیوعی لە شارۆچکەکە و لە نەوەی یەکەم بوون

بۆ ڕێکخستنی ناو مەندەلی و لە نێو سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨لە شارۆچکەکەدا.

منداڵەکانی بە هەڵسوکەوتی باش و ئەخلاقی بەرزیان جیا دەکرانەوە و هەریەکەیان پاشخانێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان چاکیان هەبوو، پێگە و ڕێزیان لە نێو دانیشتوواندا هەبوو، هەر سێ کوڕەکە لە ناوەڕاستی چڵ ساڵیەوە بیری کۆمۆنیستییان لە وەرگرت. یەک لەدوای یەک شاری مەندەلییان جێهێشت و لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە بەغدا گیرسانەوە.

٩- بەڕێز عەبدولجەبار ناجی مەندەلاوی: لە بنەماڵەیەکی ناسراو و کۆنە، کە لە ناوچەی قەلای بالی دەژین، ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم بە یەکێک لە نەوەی یەکەمی ڕێکخراوە ژێرزەمینییەکانی ناو حزبی شیوعی لە مەندەلی دادەنرێ.

چەندین جار دەستگیرکراوە و لە زۆرێک لە دەستبەسەرکردنەکانی بەغدا دانراوە، چەندین جۆری ئەشکەنجەی بەرکەوتووە، برای هەیە، لەوانە مامۆستای بەڕێز، هونەرمەندی داهێنەر، سەباح ناجی مەندەلاوی، دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە بەغدا/ بەشی نواندن و شانۆ، خاوەنی شارەزاییەکی بەرفراوان و کەلتوری بەرزە لە بواری هونەردا، هەروەها پسپۆڕییەکەی لە بواری نواندن و شانۆدا وایکردووە زیاتر ناوبانگ و شارەزا بێت، لە نێو هونەرمەندانی عێراقدا هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بیری کۆمۆنیستی لە باوەش گرتووە. هاوسەرگیری لەگەڵ کچی شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهیری کردووە، کە ناوی خەیال جەواهیرییە، بووە بە زاوای ئەم شاعیرە گەورەیە. بۆ ماوەی دوو خول وەک سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق هەڵبژێردرا، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٩ تا

ساڵی ٢٠١٣ و دووەمیان لە ساڵی ٢٠١٤ تا ساڵی ٢٠١٨ ، هەروەها وەک نوێنەری عێراق و ئەندامی فەرمانگەی جێبەجێکردنی یەکێتی هونەرمەندانی عەرەب لە ساڵی ٢٠١٤ ، و تا ئەمڕۆش بە بەخشندەیی و جوڵە و چالاکیەوە لەم پۆستەدا ماوەتەوە.

کارەکتەری سەباح ناجی مەندەلاوی کەسایەتییەکی ناسراوە، کە زێدی خۆی لە مەندەلی جێهێشتووە و لە بەغدا ژیاوە و لەوێ نیشتەجێ بووە، چالاکی بەرفراوانی لە بواری شانۆ و نواندن هەیە و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نووسەران بووە لە عێراق. وەک ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری لە ئۆفیسی یاریدەدەری باڵا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری کردووە و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بووە، کاری دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆنامەی کردووە لەوانە: ( دیوارەکان.- خەونەکە - مەندەلی و تینوێتی) و شانۆنامەکانی دیکە.

ناوبراو بە هێمای ڕۆشنبیری لە هونەر و ئەدەب بۆ شارۆچکەی مەندەلی و عێراق دادەنرێت، پابەندی بیری شیوعییەت بووە و یەکێکە لە ڕەمزەکانی بەخشین و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری لە قەزای مەندەلی، لە بواری هونەر و ئەدەبدا کتێبی نووسیوە بەناونیشانی (شانۆنامەنووسانی کۆچکردوو) و (منم و سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی) و (لەگەڵمدا وەرە بۆ قەندیل). خاوەن ئەخلاقی بەرز و کارەکتەری باش بوو، لە کۆنگرەی نۆیەمی حزبی شیوعی لە ساڵی ٢٠١٣ تا ساڵی ٢٠١٧ وەک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێردرا.

١٠- بەڕێز موحسین ئەفەندی کوڕی سەید حەسەن ئاغای مەندەلاوی: پرۆفیسۆر و پەروەردەکارێکی بەتوانا و کەسایەتییەکی ناسراو بوو، لە بنەماڵەیەکی کۆن و ڕەسەنی گەڕەکی قەڵای بالی لە مەندەلی ژیاون، بە یەکێک لە نەوەی یەکەم دادەنرێت لە حزبی شیوعی لە شارۆچکەکەدا، شارەزای زمانەکانی عەرەبی، کوردی، تورکمان، فارسی و ئینگلیزییە، سەر بە

حزبی شیوعی بووه، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بە سیفەتە باشەکانی ناسرابوو، ئەو توانی ڕەزامەندی خەڵک بەدەست بهێنێت و ڕێزیان لێدەگرت و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا توندڕەوی نەکرد، کاریگەرییەکی باشی لەسەر دەروونی خوێندکارەکانی و خەڵک بەجێهێشت. شارۆچکەکەی بەجێهێشت لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ خێزانەکەی لە بەغدا نیشتەجێ بوو.

١١- کوڕەکانی حوسێنی دۆسەی مەندەلاوی: بنەماڵەی حوسێنی دۆسە خێزانێکی ناسراو و دێرینن، بە بوێری و ئازایەتی و بە ئیرادە و ئارامیی لەناو خەڵکی شارۆچکەکەدا ناسراون، لە ناوچەی قەڵای بالی/ مەندەلی نیشتەجێ بوون، منداڵەکانی پەیوەست بوون بە حزبی شیوعی لە سەردەمی مەلەکیدا، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، لەوانە:

أ. حاجی داود حوسێنی دۆسە، کە بە یەکێک لە نەوەی دووەم لە ڕێکخراوەکانی حیزبی شوعی لە شارۆچکەکەدا تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی بەجێدەهێڵێت و لە بەغدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و کوڕ و برازاکانی پەیوەستن بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٤ز) بوون. لە ساڵی ١٩٧٧، کوڕەکەی شەهید سەلمان داود، دوای ڕێکخستنی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەیەکی نوێی کوردی بە ناوی (هولۆی سور) لەگەڵ شەهید نەقیب جوامێر سایە میر فەتحوڵا و و کۆمەڵێک خەڵکی خانەقین و سلێمانی و کەرکوک لە سێدارە درا.

ب. حەمید حوسێنی دۆسە: لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە و تا ساڵی ١٩٧٠ی زاینی خەباتی خۆی کردووە. دوای ڕێکەوتنی ئازاری

ساڵی ١٩٧٠ ڕیزەکانی حزبی شیوعی بەجێدەهێڵێت و لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، شایانی باسە کوڕانی بەناو حوسێنی دۆسەی مەندەلاوی لە سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری لە مەندەلی بوون، ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨.

١٢- مامۆستا ڕەشید حەمید تەبیلی مەندەلاوی: مامۆستا و پەروەردەکارێکی بەڕێز و ناسراوە و لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی نیشتەجێی ناوچەی قەڵای بالی/ مەندەلی بوو، پرۆفیسۆر و پەروەردەکار ڕەشید حەمید خاوەن پاشخانی کۆمۆنیستی چەپگەڕایی بوو. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە مەندەلی پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە، بە یەکێک لە نەوەی دووەمی ناو ڕێکخراوەکە و یەکێک لە سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دادەنرێت.

١٣ - بەڕێز نافع وەلی ناعس مەندەلاوی، لە نەوەی دووەمەوە: مامۆستا و پەروەردەکارێکی ناسراو و لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ڕەسەنی شارۆچکەکەیە، لە گەڕەکی قەڵا بالی مەندەلی ژیاون، هێمای سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری لە مەندەلی ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بوون، باوکی حاجی وەلی ناعس بۆ ماوەیەک موختاری گەڕەکی قەڵای بالی بوو.

١٤ - عەلی حەسەن بەلکی مەندەلاوی، لە نەوەی دووەمەوە: کەسایەتییەکی ناسراوە، لە بنەماڵەیەکی دێرینن و لە ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لە مەندەلی کاریکردووە، بە یەکێک لە نەوەی یەکەمی ڕێکخراوەکە لە شارۆچکەکە دادەنرێت و یەکێکە لە دیارترین سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری لە مەندەلی دوای شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، برایەکی هەیە، مامۆستای پەروەردەیی بە ناوی سەدیق حەسەن بەلکی، دوای شۆڕشی

تەمموزی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستەوە کرد. بنەماڵەی عەلی حەسەن بەلکی و براکانی دانیشتووی ناحیەی بالی قەلا- نزیک حوسێنیەی قەڵای بالی بوون. عێراق بەجێدەهێڵێت و چووەتە جەزائیر و لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی جەزائیری کردووە، منداڵێکی لێ بووە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاوەتەوە عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێت، تا کۆچی دوایی کرد ، خوای گەورە ڕەحمی پێ بکاتو لێ خۆش بێت، دوای مردنی ژن و منداڵەکە بەغدایان بەجێهێشتووە بە ناچاری بۆ جەزائیر بە خەم و خەفەتێکی قووڵەوە گەڕاونەتەوە.

١٥- نافع جەبار ئاغای نەقیب، کەسایەتییەکی ناسراو و بە ئەصڵ و فەسڵ بوو، لە بنەماڵەیەکی ئاغا و دەوڵەمەند و خاوەنی موڵک بوو، لەوانە باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکان و ژمارەیەک دوکان لە بازاڕی گەورە، لە یەکێک لە بنەماڵە ئاغاکانن (النقیب) لە شارۆچکەی مەندەلی. لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە، لە نەوەی یەکەمی ڕێکخراوەکەیە لە مەندەلیی، خێزانەکەی لەگەڵ نەوەی ئەودا دەژیا خێزانی دایک و باوکی لە ناوچەی سوق کەبیر بوون، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا شارۆچکەی مەندەلی بەجێهێشت و بەرەو شاری بەعقوبە ڕۆیشتوون، دوای چەند ساڵێک، ئەویش جێی هێشت و لە بەغدا دەژی و لەوێ نیشتەجێ بوو تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد و لە ناوەڕاستی سالانی نەوەدەکاندا بەرەو لای پەروەردگارەکەی گەڕایەوە.

١٦- عیسا جیلح: کەسایەتی ناسراو و باپیرەیەکی ناسراوە لە بنەماڵەیەکی ئاغایە و لە ناوچەی قەڵای بالی لە مەندلی ژیاوە، ئەندامی ڕێکخراوی حزبی شیوعی بووە لە شارۆچکەکە، لە سەردەمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٠ بە سیمبولی بەرخۆدانی جەماوەری دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دانراوە.

خاوەنی چایخانەیەک بوو لە ناو بازاری گەورە و برایەکی هەبوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر کارەکانی چایخانەکەیانی بەڕێوە دەبرد، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا شارۆچکەی مەندەلی بەجێهێشت و تا کۆچی دوایی لە بەغدا نیشتەجێ بوو، ئەویش لە نەوەی دووەمی ڕێکخستنەکانی کۆمۆنیستی بوو.

١٧- شەهید یوسف خەلیفە: لە نەوەی دووەمەوەیە، کەسایەتییەکە بە بوێری و سەرکێشی و ئازایەتی دەستپێشخەری لە نێو خەڵکی مەندەلیدا ناسراوە، لە بنەماڵەیەکی بە ئەصڵ فەسلن، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردوە و بە یەکێک لە سەرکردەکانی بەرخۆدانی جەماوەری دادەنرێت لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨. ، لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان دەستگیرکراوە لە پارێزگای (سەماوە) لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨. لەگەڵ هەموو دەستبەسەرکراوە کۆمۆنیستەکان بەر لێبوردنێکی گشتی کەوت، لە ژێر ڕۆشنایی مەرج و دەقەکانی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لەو سەردەمەدا دەرچووە، ئازاد کرا و گەڕایەوە شارۆچکەی مەندەلی، چەند مانگێک دواتر لە بۆسەیەکی باش پلان بۆ داڕێژراو لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو بەرۆژی ڕووناک لەمیانەی چوونی بۆ باخچەکەی تیرۆر کرا، بە تیرورکردنی ئەو کەسایەتییە لاپەڕەکانی ژیاننامەی داستانێک پێچراوە، بەڵام لە یادەوەری خەڵکی مەندەلی و مێژووی هاوچەرخی شارەکە بە زیندوی ماوەتەوە.

١٨ - کەمال عەلی ئەکبەر کە لە نەوەی دووەمە، لە بنەماڵەیەکی ناسراو بە بە ئەصڵ و فەسڵ و سادەی گەڕەکی قەڵات بالی نزیک ئەلحوسێنییە دەژیا، باوکی بەناوی عەلی ئەکبەر، دوکانێکی بچووکی هەبوو لەسەر ڕووباری سووقی نزیک ئەلحوسێنیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەندەلی تەواو کردووە و لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی بە زانکۆی

بەغداوە کردووە، لە ناوەڕاستی چلەکاندا خوێندنی تەواو کردووە و لە یەکێک لە بەشەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بەغدا دامەزراوە، پەیوەندی کردووە بە حزبی شیوعی عێراقی لە ناوەڕاستی چلەکاندا، کاتێک خوێندکاری زانکۆ بوو، تا شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەردەوام بوو لە خەباتی خۆی، بە یەکێک لە هێما ناسراوەکانی حزبی شیوعی لە قەزای مەندەلی دادەنرێت و یەکێکە لە سەرکردەکانی مەندەلی پەیوەندی بە ڕیزەکانی بەرخۆدانی جەماوەرییەوە کرد، لە حیزبدا تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو لە خەبات، ئەو ساڵەیە کە حزبی بەعس هاتە دەسەڵات و سەرکردەکانی حزبی شوعی عێراقی لەناوبرد.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، کەسانی گەنج لە ڕێکخستنی حزبی شیوعیدا لە ژێر چەندین نازناودا سەریان هەڵدا، ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبوو لە نێو خوێندکاران و گەنجاندا، لەوانە:

١. غازی محەمەد عەبدولحوسێن / سەربازی.
٢. خدر عەبدولکەریم مەرای دارا/مامۆستا
٣. ئیبراهیم قاهێرا بازیک / کارمەند
٤. سەید قەحتان حوسێن عەرزوحاڵچی/ مامۆستا.
٥. موسا صالح محەمەد بەیاتی / فەرمانبەر
٦. ئیبراهیم حەسەن / فەرمانبەر.
٧. سەید فازڵ حوسێن نەسروڵلا / مامۆستا..
٨. سەید ڕەحمان ڕۆزان خانکە/مامۆستا.
٩. سەید حوسێن عەلی یاوەر / مامۆستا.
١٠. وەلید حاجی غەیب / فەرمانبەر.
١١. جەبار سۆهراب بوڵی / کاسب
١٢. فازڵ حاجی غایب الممدمد/ فەرمانبەر
١٣. تالیب عەلی دەربەندی/مامۆستا.
١٤. قوتابی عەدنان حوسێن/ عەرزوحاڵچی

١٥. موراد داود عەلی/ کرێکار.
١٦. قوتابی لوئەی حاجی غایب/ برینپێچ
١٧. قوتابی سەلام جومعە.
١٨. محەمەد مەلا قەنبەر/ ئەندامی کۆمیتەی کەرکوکی حزبی شیوعی/ فەرمانبەر
١٩. فازڵ سەلمان / فەرمانبەر
٢٠. عەباس عەبدولقادر / فەرمانبەر
٢١. شەهید سوهەیلە عەبدولقادر/ فەرمانبەر
٢٢. موراد ئیلیاس / فەرمانبەر.
٢٣. ئیبراهیم عەباس موختار
٢٤. سەمیرە عەباس تۆفیق / فەرمانبەر
٢٥. ئیبراهیم خەیات / فەرمانبەر
٢٦. عیماد نەورۆز/ فەرمانبەر.
٢٧. نەجمەدین باش ئاغا / فەرمانبەر
٢٨. جەعفەر درگزلی/ مامۆستا.
٢٩. وەسمی محەمەد خان/ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر/فەرمانبەر.
٣٠. شەهید حەسەن نەریمان مەندەلاوی/ کرێکار.
٣١. شەهید کامیل شەهاب/ کاسب.
٣٢. شەهید سەتار سۆهراب/کاسب.
٣٣. شەهید فەوزی قاسم کازم / کاسب
٣٤. سەلمان محەمەد خان / مامۆستا.
٣٥. زوبەیر محەمەد خان / مامۆستا.
٣٦. جاسم فلامێرز / کاسب.
٣٧. سەید یەحیا خدر/ کارمەندی تەندروستی

٣٨. نیزامەدین درکزلی/مامۆستا.
٣٩. عادل مەلا عمران/ قوتابی
٤٠. غالب حەیدەر/ دوکانی بەقاڵی /خوێندکارە.
٤١. قاسم حاجی وەلی /فەرمانبەر

بەدرێژایی دەیان ساڵ لە سەدەی بیستەمدا، لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و ڕژێمی کۆماریدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی مەندەلی، بەتایبەتی گەنجان و قوتابیان هەبوون، کە بیری کۆمۆنیستییان وەرگرت و پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکانی یەکێتی لاوان و یەکێتی خوێندکاران. ئەوان چالاکانە کاریان کرد و جووڵەیان کرد و توانیان بەردەوام بن و دەستکەوتی زیاتر بەدەستبهێنن.

لێرەدا شایانی باسە کە زۆرینەی سەرکردە و ئەندامانی حیزبی شیوعی لە مەندەلی خەڵکی ناوچەکەن، قەڵای بالیش یەکەم تۆوی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیستە لە قەزای مەندەلی.

چالاکی و جموجۆڵە نهێنییەکانیان تا ساڵی ١٩٧٥بەردەوام بوو، دوای ئەم بەروارەش پەرتەیان لێکرد و شارۆچکەکەیان بەجێهێشت بۆ ناوچە و شارەکانی تر ڕۆیشتن، ئەمەش یان لە ترسی گرتن و سوکایەتیکردن بووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە یان بە زۆرە ملێ لە دەرەوەی مەندەلی بە پێچەوانەی ئیرادەی خۆیان دامەزراون یان گوازراونەتەوە، لەوانەش مامۆستایان وانەبێژان.

**دووەم: پارت و بزووتنەوەکانی دیکەی مەندەلی**

لە لایەکی دیکەوە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ پارت و بزووتنەوەکانی نەتەوەیی و چەپەکان لە نێو شارۆچکەی مەندەلی و دەوروبەری بەلەدروز و قەزانییە سەریان هەڵداوە، لە نێویشیاندا حیزبی نیشتیمانی دیموکرات بە

سەرۆکایەتی کامیل چادرجی، قەدەری نەبوو لە چەند مانگێک زیاتر بەردەوام.

هەرچی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی (حیزبی بەعس) بوو، ئەوا تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هیچ کاریگەری و چالاکییەکی ڕوونی لە مەندەلی نەبووە، بەڵام چالاکیی و ڕێکخراوەکانی دواتر سەریان هەڵدا، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٣ و لەناوبردنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم و سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ٨ی شوباتی هەمان ساڵ.

هەروەها لە قەزای مەندەلی چەند بزووتنەوەیەک هەبوون، کە دروشمی ناسیۆنالیستی عەرەبیان بەرز دەکردەوە، لەوانە بزووتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی نەتەوەیی ناسری و ئەوانی دیکە، ئەوانەش گرووپێکی زۆر بچووک بوون لە نێو خەڵکی مەندەلی، بەڵام ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە عەرەبیانە قەدەری بەردەوام بوونیان لە چالاکی و خەبات و جووڵەی سیاسی لە نێو خەڵکی مەندەلی نەبوو، تەنیا دوای ساڵانێک دواتر دوای دوبارە هاتنە سەرکاری پارتی بەعس لە عێراق، لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٧.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٧٣، بزووتنەوە چەپەکان زۆر ناو و ناونیشان و بە ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی جۆراجۆر و بەناو ئینتەرناسیۆنالی و کۆمۆنیستی لە مەندەلی هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی بەردەوام بن چالاکی و خەباتی نێو خەڵکی مەندەلی، زۆربەی سەرکردە و بەرپرس و لایەنگرەکانیان بەدرێژایی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٣ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە دەستگیرکران. هەندێکیان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە کرد، لەژێر سەرکردایەتیی سکرتێری گشتیی حیزب کاک عەزیز محەمەد، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەم حیزبە ساڵی ١٩٧٣ لە ژێر سەرکردایەتی و سیاسەتی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار، چووە پاڵ بەرەی بەناو نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەوە (ج و ق).

سەبارەت بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی نەمر لە مەندەلی، تا دوای ساڵی ١٩٦٨ هیچ ڕێکخستن و چالاکییەکی نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ، ئەوا لەسەر ئاستی تاک بووە، لەوانە:
(سایە میر هاشم چرمۆندی) خەباتگێر، کە ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، کاتێک کارمەند بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک.
ئێمە دواتر بە شێوەیەکی گشتگیر ڕۆڵی ڕێکخستنەکان پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەندەلیدا تۆمار دەکەین.

**تەواوکەری بابەتی مەندەلی و بڵاوبوونەوەی شوعیەت.**

لەسەر داوای نووسەر، پرۆفیسۆر ڕەحمان ڕەزوان خانگە مەندەلاوی بە سوپاسەوە ئەمانەی خوارەوەی نووسی:
نەوەی یەکەم و دواتری ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە قەزای مەندەلی.
یەکەم: کۆمیتەی ناوەندی:

١. عادل مەسری.
٢. عەمیدە میسری
٣. عەدنان سەید زاهیر.
٤. کەمال حمید حەساوی
٥. عەبدولجەبار ناجی.
٦. عەلی حەسەن بەلکی
٧. عەبدولکەریم موشاهیدی.
٨. کەریم فارس.
٩. حکمان فارس.
١٠. فارس کەریم فارس.
١١. یوسف خەلیفە.
١٢. عەلی سەید زاهیر.

١٣. ئیلیا موراد.
١٤. کەنعان جەلیل ئاغا.
١٥. غازی محەمەد عەبدولحوسێن.
١٦. فازڵ غائیب صاڵح.
١٧. شەوکەت فارس.
١٨. ئیبراهیم عەباس موختار.
١٩. خدر عەبدولکەریم مەرای دارا.
٢٠. قەیس چەلەبی.
٢١. ئیبراهیم حەسەن مەهدی.
٢٢. یوسف ئەسەدوڵا.
٢٣. حوسێن عەلی یاوەر.
٢٤. ئەکرەم عەلی عەنتەر.

**دووەم: کۆمیتەی ناوەندی.**

١. سامی ڕەشید.
٢. سەعید سەید ئیسماعیل.
٣. ڕەشید سەید ئیسماعیل.
٤. لوای صاڵح غائیب.
٥. ئەیوب موسلیمە.

**سێیەم: کۆمیتەی شۆڕشگێڕ.**

١. ڕەحمان ڕودان خەنگێ بەرپرسی ڕێکخراو.
٢. حوسێن عەلی یاوەر.
٣. خەلیل ئیسماعیل.
٤. جەبار سۆهراب.
٥. تالیب عەلی.

٦. لوئەی صالّح غائیب.
٧. وەلید غیابی صالّح.
٨. یونس غولام حوسێنی دۆسە
٩. – عەلی ڕۆستەم.
١٠. خەلیل عەلی عەنتەر
١١. کامێل مەحموود ئەحمەد.

**لایەنگر و دۆستی ئەو ڕێکخراوەکە.**

١. عیماد نەورۆز.
٢. یوسف عەبدولسەتار
٣. عەباس شوکر.
٤. عەبدولسەلام جومعە.

هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕش لە بەغدا و شارەکانی دیکە دەستی پێکرد، لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٠ ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخستنی کۆمیتەی شۆڕش لە قەزای مەندەلی دەستگیرکران و گواسترانەوە بۆ بەندیخانەی ئاسایشی گشتی لە بەغدا / شەقامی نیزاڵ. دوای ماوەیەک لە دەستگیرکردنیان، ئەو خوێندکارانە و گەنجانە ئازاد کران، بە میانگیری ڕاستەوخۆی سەرکردەیەکی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بە ناوی (مورتەزا حەدیثی)، کە ئەوکات وەزیری دەرەوە بووە و دۆستایەتی و پەیوەندی زەمالەی زانکۆ لەگەڵ خوێندکار لەیث غائیب مەندەلاوی برینپێچ هەبوو، دوای ماوەی دەستبەسەرکردن، کە نزیکەی مانگێکی خایاند، هەریەکە لە حوسێن عەلی یاوەر و تالیب عەلی دەربەندی ئازادکران.

شایانی باسە لە کاتی دەستگیرکردنماندا نووسەری ئەم کتێبەکە، برام حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی، دەستپێشخەرییەکی بوێرانەی کرد و خۆبەخشانە چووە ماڵەکەمان لە ناوچەی بالی قەڵا، کتێب و ئەدەبیات و هەندێک بڵاوکراوەی حزبی پەیوەست بەو بیرکردنەوەی مارکسیزم–لینینیزم کە هی من بوو بە

شێوەیەکی شەخسی لە کتێبخانەی تایبەتی خۆم لە ماڵەکەماندا کۆیکردەوە، ئەو بڵاوکراوانەی برد و لەناو چەند پارچە کانزایەکی پێچایەوە و لە ناو باخچەیەکی نزیک ماڵمان، لەناو قۆرتێکی قوڵ شاردییەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەک پیاوان و دامەزراوە بەعسییەکان سەرکوتکەرەکان بیدۆزنەوە و زیان بە خانەوادەم و ماڵەکەم بگەیەنن، لە هەمان کاتدا حوسێن فەیزوڵا کەسێکی حیزبی بوو، لە کۆمیتەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە قەزای مەندەلی.

لە ماوەی دەستبەسەرکردنماندا لە ئەنجامی تێکچوونی باری تەندروستیم بەهۆی برینداربوونی سەخت، کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان تووشی ببووم، منیان بۆ نەخۆشخانەی لە بەغدا گوازتەوە، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک دەستبەسەرکراوی دیکە گواسترایینەوە بۆ بەندیخانەی فەزیلییە لە پشتی ئەلسەدە لە بەغدا، دوای ماوەیەک لە ناوەراستی ئەیلولی ١٩٧٠ من و تەواوی ئەو دەستگیرکراوانەی سەر بە فیکری کۆمۆنیستی بوون بە بڕیاری سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر ئازاد کراین. ئەمەش دوای ئەوەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا یەکێک لە ئامادەبووان پرسیاری لەبارەی دەستبەسەرکراوی شوعی لێکرد، کە لە ئەمنی عامە گیراون، سەرۆک ئەحمەد بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکرد، بە سەرپەرشتی سەرکردە نازم گزار کە لەو ماوەیەدا بەدناو بوو.

لە ساڵی ١٩٧١ شانەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بە سەرکردایەتی عەزیز محەمەد ڕێکخرانەوە. لە مەندەلیش فازڵ حوسێن نەصروڵا ئەلصەراف سەرۆکی ڕێکخراوەکەی کرد، تا ئەو کاتەی بۆ پارێزگای دهوک گوازرایەوە، ئیدی ڕەحمان ڕەزوان خانگە هاتە شوێنی و سەرۆکایەتی ڕێکخستنەکەی دەکرد.

لەم ماوەیەی ڕێکخستندا، ئەمانەی خوارەوە پەیوەندییان بە حیزبەوەکرد:

١. ئەیوب موسلیم.
٢. عەبدولسەلام جومعە.



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی موكریانی

٣. ئەمیر حوسێن.
٤. عەلی قاسم.
٥. شەهید عەباس عەبدولقادر
٦. خەلیل عەلی عەنتەر
٧. صالّح سەید ئەحمەد.
٨. شەهید سەتار سۆهراب

**سەبارەت بە ڕێکخستنی گەنجان و خوێندکاران:**

١. موسلیم عەبدوڵا
٢. تالیب حوسێن.
٣. عیماد نەورۆز.
٤. غالب حەیدەر.

**سڵاوی خواتان لێبێت**

**براتان**

**ڕەحمان ڕەزوان خانگە مەندەلاوی**

# بەشی چوارەم

# کوردستانیبوونی مەندەلی

**یەکەم: سروشتی مەندەلی کوردستانییە**

هەموو سەرچاوە بیانی و کتێبە وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی و کوردی، لە مێژوونووسان، توێژەران و ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکان، عەرەب و عێراقییەکان، کە گرنگیان بە کورد و شوێنی جوگرافییەی داوە، دەیسەلمێنن و پشتڕاستی دەکەنەوە و بە ڕوونی ئاماژە بە سروشتی کوردستانیبوونی مەندەلی و شوناسی دانیشتووانەکەی و واقیعی نیشتمانییەکەی دەکەن، ئەم سەرچاوە و نووسینانەی خوارەوە نموونەیەکن نەوەک هەموو ژێدەرەکان بێت:

١. کتێبی (کورد، توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی)، کە لەلایەن باسیل نیکیتین نووسراوە، لویس ماسیلیۆن پێشەکی بۆ نووسیووە و دکتۆر نووری تاڵەبانییش لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لێدوانی لەسەرداوە.

٢. کتێبی (کورد و کوردستان) لە نووسینی ئەرشاک سافرا سێتیان، وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی دکتۆر ئەحمەد مەحموود خەلیل و وەرگێرانی بۆ زمانی کوڕدی خالید هەرکی.

٣. کتێبی (مێژووی کورد لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا)، لە نووسینی د.ئەحمەد مەحموود خەلیل.

٤. کتێبی (سنوورەکانی باشووری کوردستان، لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە لە ماوەی پێنج هەزار ساڵ و لێکەوتەکانی لەبارەی لکاندنی بە عێراقەوە)، لە نووسینی پرۆفیسۆر عەبدولڕەقیب یوسف.

٥. کتێبی(عێراق، له کۆن و هاوچه‌رخدا) - چاپی سێیه‌می چاککراو، له نووسینی عه‌بدولڕه‌زاق الحه‌سه‌نی.

٦. کتێبی: ( برایه‌تی: نه‌ته‌وه‌یی کورد و میراتی مێژوویی)، له نووسینی هادی ڕه‌شید چاوشلی

٧. کتێبی (مه‌نده‌لی له مێژووی کۆن و تازه‌دا)، له نووسینی محه‌مه‌د جه‌میل به‌ندی ڕۆژبه‌یانی.

٨. کتێبی (ناوچه‌ی ژیاری سنوریی نێوان عێراق و ئێران) نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر خه‌لیل ئیسماعیل مه‌نده‌لاوی.

**دووه‌م: ڕه‌وشی دانیشتوانی مه‌نده‌لی**

شارۆچکه‌ی مه‌نده‌لی گرنگییه‌کی تایبه‌تی هه‌یه له ڕووی هه‌ڵکه‌وته‌ی جوگرافی و ڕه‌هه‌ندی دیمۆگرافی و مێژوویی و واقیعی دانیشتووان و ڕۆڵی ئابووری و سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی و تایبه‌تمه‌ندییه سروشتییه کۆنه‌کانی، له‌وانه:

له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی عێراقه‌وه له ساڵی ١٩٢١ی زایینی بوونی هه‌یه. حکومه‌ته یه‌ک له دوای یه‌که‌کانی عێراق، له ڕێگه‌ی دام وده‌زگا ئیدارییه‌کانیانه‌وه، هاوشێوه‌ی ناوچه و شاره‌کانی دیکه‌ی کوردستان ده‌ستییان کرد به هه‌نگاوی جددی بۆ گۆڕینی شوناس و به‌عه‌ره‌بکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووان، مه‌نده‌لی که‌وته نێوان چه‌کوش و سندان، له‌نێوان ناسیۆنالیزمی کورده و تائیفه‌گه‌ریی دوانزه‌یی، که ناسنامه‌ی زۆرینه‌ی دانیشتوانه‌که‌یه، ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه تا ساڵی ٢٠٠٣ له پشته‌وه‌ی ئه‌م هه‌وڵ و ڕێوشوێنانه‌دابوونه.

هه‌موو حکومه‌ته یه‌ک له دوای یه‌که‌کان یه‌ک سیاسه‌تیان هه‌بوو، ئه‌گه‌رچی له به‌کارهێنان و شێوازدا جیاواز بوون، به‌ڵام هه‌موویان هاوڕان بوو له په‌یڕه‌وکردنی (سیاسه‌تی به‌عه‌ره‌بکردن و گۆڕینی ناسنامه).

هەموو حکومەتەکان لە ماوەی دەیان ساڵدا یەک ئاڕاستە و یەک ئامانجیات هەبوو، جا چ لە سەردەمی مەلەکییدا بێت یان لە سەردەمی کۆمارییەکان، جگە لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕێبەری کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسم نەبێت.

لایەنێکی تری گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵکەوتەی شارۆچکەی مەندەلی لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناو ئەو شار و ناوچانەی عێراقەوە، کە سنووری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ئێرانی دراوسێ هاوبەشە، واتە شارۆچکەی مەندەلی درێژکراوەیەکی سروشتی خاکی کوردستانی پارچەکراوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش (پێگەی جوگرافیای مەندەلی گرنگە)، هەروەها پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەنێوان ئێران و عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچە سنورییە هاوبەشی نێوان عێراق و ئێران و وڵاتانی دیکەی هاوسێ هەیە، هەروەها دوور لە پرۆتۆکۆڵە فەرمی و سیاسی و ئابوورییەکان، ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئابووری ناوخۆیی لە نێوان دانیشتوانی مەندەلی و دانیشتووانی ناوچەی حەوزی سۆماری ئێران هەیە، واتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری ئاڵوگۆڕێکی ناوخۆییە. لەبەر ئەو هۆکارانە و هۆکارەکانی دیکەشەوە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە  دەیان ساڵی ڕابردوو ئامادە نەبوون واز لەم ڕێبازە و ئەم شێوازە بۆ گۆڕین و بەعەرەبکردنی دیمۆگرافیای دانیشتووانەکەی بهێنن. ئەگەر مەندەلی لە ڕووی جوگرافییەوە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراقدا نەبوایە، بەرامبەر ئێرانی دراوسێ لە ناوچەی حەوزی سومار، ئەم شێوازانە کەم دەبوونەوە و ئەو ڕێوشوێنە توندانەی، کە لە دژی مەندەلی و دانیشتووانی دەگیرایەبەر کەم دەبوونەوە، هەموو ئەم ڕێکار و ڕێوشوێنانە بۆیە گیراونەتەبەر چونکە شارۆچکەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی و ناسنامەی مەزهەبی شیعین و لەبەرئەوەی شارێکی سنوورییشە.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەسەر ئەم سێ تەوارانەی خوارەوە کاری دەکرد:

١- تەوەری یەکەم ناسنامە نەتەوەییەکەی.

٢- تەوەری دووەم ناسنامە ئایینی مەزهەبییەکەی.

٣- تەوەری سێیەم هەڵکەوتی جوگرافیی کە هاوسنورە لەگەڵ ئێران.

ئەمانەی خوارەوە نموونەی بەعەرەبکردن و گۆڕانکارین، هەموو نموونەکان نین، بەتایبەتی دوای ساڵ ١٩٦٨ تا ساڵی ٢٠٠٣.

١. گۆڕینی ناوی گەڕەکەکان دوکان، بازاڕ، گوند و هەندێک ناوی خێڵی کوردی بۆ عەرەبی و ناوی حیزبی.

٢. ڕاگواستنی خێزان و تاکی کورد بۆ ئێران سەرەڕای هەبوونی بەڵگەنامە و پێداویستی فەرمی، دەیسەلمێنێ بەخۆیان و باوباپیرانیان عێراقین و قەواڵەی زەوی و زاری کشتوکاڵی و خانوون خۆیان هەیە، خێرایی گواستنەوە و ڕاگواستن دوای ڕێککەوتنی شومی جەزائیر و نیسکۆی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لە ئەیلوولی ١٩٧٥ زیاتر بوو.

٣. دوای ڕێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ و دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ ئەوانەی پەیوەست بوون بە شۆڕشی کوردەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و گەڕانەوەی ئەوانەی پەیوەست بوون بە شۆڕشی کوڕدەوە بۆ ناو عێراقەوە و بۆ شار و ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام ئەوانەی خەڵکی مەندەلی بوون لە پاڵ شۆڕشی کوڕدبوون، ڕێگرییان لێکرا بگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەکەیان و بۆ سەر ماڵەکانیان، بە پێچەوانەی شارەکانی دیکە وەک (خانەقین، کەرکوک، شنگال، سلێمانی، هەولێر و دهوک) دانیشتووانەکانیان بێ کێشە گەڕاونەوە بۆ ماڵەکانیان خۆیان.

٤. دانیشتوانی خێڵە کوردییەکان بە شەوێک لە گوند و زەوی و ماڵ و شارۆچکەی مەندەلی دەرکران و دوورخرانەوە، هەڵمەتەکە لە خێڵی کوردی

قەرەلۆسەوە دەستی پێکرد، کە ژمارەیان گوندەکانیان زیاتر لە ٧٥ گوند تێپەڕی دەکرد دواتریش دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکانی جاریە و بتکۆکەر، گۆمەسەنگ و هەواسی و گەڕەکی کەبرات و ناوچەی تەیارخانە، ئەو شوێنانە بەزۆری زۆردار ڕاگوازران بۆ ناوچەکانی بەلەدروز، کەنعان، باقوبە، بەغدا. پاڵنەرەی پشتەوەی ئەم کارەش کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بوو لە مەندەلی و زیادکردنی ڕێژەی عەرەب بوو، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاکێشان و هاندان و پشتیوانییکردن و دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر عەرەبە هاوردەکان.

٥. زەوی و زاری قەرەلۆس کە سەر بە خێڵی قەرەلۆسە و دەکەوێتە باکووری مەندەلی، لە ساڵی ١٩٨١ بە بڕیاری ژمارە ٦١٧ لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەستی بەسەردا گیرا، وەک هەوڵێک لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ نەگەڕانەوەی خەڵکەکەی کە کوردن بۆ زەوییەکانی قەرەلۆس، ئەم دەستبەسەراگرتنە تا ئەمڕۆش ئەم ئەمرۆش هەڵنەوەشاوەتەوە.

٦. لە درێژەی بەعەرەبکردندا، بڕیارێکی ناڕەوای خۆجێیی لەلایەن سەرانی حزبی دەسەڵاتدارەوە درا کە بەتەواوەتی قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردی لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا درا، ئەوەشی سەرپێچی ئەو بڕیارەی بکردابووایە، بەبڕی ٥٠ فلس غەرامە دەکرا، ئەم پارەیە ئەگەرچی کەم بوو، بەڵام ئەو سەردەم هەزار حسابی بۆ دەکرا، ئەو بڕیارە زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە کە کوردن ناچارکرد، بە عەرەبی قسە بکەن، سەرەرای ئەوەی زمانی عەرەبیشیان بە چاکی و بە جوانی نەدەزانی، بۆیە بڕیارەکە ستەمکارانە و ناڕەوابوو، سەخت بوو خەڵکەکە جێبەجێ بکەن

٧. بڕیاری گۆڕینی قەزای مەندەلی لەرووی کارگێڕییەوە بۆ ناحیە لە ١٩٨٧/٧/٢٦

ئەمە دەقی بڕیارەکەیە:

مێژووی یاساکە: ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٤٠٣ی کۆچی، کە دەکاتە١٩٨٧/٧/٢٦ی زایینی. بە پشتبەستن بە بڕگەکانی مادەی پێنج و بڕگەی

(٣)ی مادەی شەشەمی یاسای پارێزگاکان ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ی زایینی، هەموار کراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا:

١. قەزای مەندەلی هەڵدەوەشێتەوە و ناحیەیەک بە ناوی مەندەلی دروست دەکرێت، کە ناوەند و سنوورە ئیدارییەکانی هەمان سنوورە ئیدارییەکانی ناوەندی قەزاکە دەبێت.

٢. ناحیەی بەلەدروز هەڵدەوەشێتەوە و قەزایەک لەژێر ناوی قەزای بەلەدروز دروست دەکرێت، کە ناوەندەکەی شاری بەلەدروز دەبێت، سنوورە ئیدارییەکانی هەمان سنوورە ئیدارییەکانی قەزای بەلەدروزن، پاشان قەزاکانی مەندەلی و قەزانییە، بە هەمان سنووری ئیدارییان سەر بەو قەزایە دەبن. پێویستە وەزیری حکومی خۆجێی ئەم فەرمانە جێبەجێ بکات، کە لە سێیەمین ڕۆژی مانگی ذولقەعدەی ساڵی ١٤٠٧ی کۆچی، کە بەرامبەرە بە ٢٦ی تەمموزی ١٩٨٧ی زایینی.

ئەم فەرمانە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا هات، کە ڕەوشی شاری مەندەلی بە ترسناکترین و توندتر و توندوتیژترین بار گوزەری دەکردە لە چاو شارە سنورییەکانی دیکە.

ئەوە دەزانین کە قەزای مەندەلی یەکێکە لە کۆنترین قەزاکانی عێراق لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها نوێترین ناحیەشە لەدوای بڕیاری گۆڕینی لە قەزاوە بۆ ناحیە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕانکاری لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینیەوە بۆ مەندەلی و دانیشتووانەکەی بەردەوامە.

ئەم بڕیارە ناڕەوایە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی دانیشتووان و دووخراوەکان و ئاوارەکان هەبوو، لە سەردەمی داگیرکاری عوسمانییدا، مەندەلی تا سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، سەنجەقێکی (لیوا)ێکی گرنگ و پڕ ژیان بووە.

٣. ناوی زۆربەی خێڵە کوردەکان گۆڕدراون بۆ خێڵی عەرەبی، وەک گۆڕینی ناوەی خێڵی هەواسی کوردی بۆ خێڵی عەباسی عەرەبی، خێڵی بۆڵی کوردی بۆ خێڵی باوی عەرەبی، هەروەها خێڵی (سی سی) کوردی بۆ خێڵی عەزاویی عەرەبی و خێڵی خالی کوردی بۆ خێڵی خالیدی عەرەبی و خێڵی خەزال (غەزەل) بۆ خێڵی خەزعەلی یان خوزاعی عەرەبی.

هەموو ئەم هەوڵانەی بەعەرەبکردن لە کۆتاییدا، دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆ و بەڵگە و پاساوێکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کە شارۆچکەی مەندەلی درێژکراوەیەکی سروشتی خاکی کوردستانە، ئەمەش بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان و داهاتووش گەرەنتی یەکلاکردنەوەی مەلەفی شارۆچکەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی دەدات، وەک ئەوەی لە دۆسیەی هەندێک ناوچە و شارەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و شنگال و ئەوانی تردا هەیە، کە پێیان دەوترێت ناوچەی کێشە لەسەرەکان، بەیاننامەکەی سەرۆک مەسعوود بارزانی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەندەلی بەشێکی ئازیزی کوردستانە.

لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا زۆرینەی عەشیرەتە عەرەبەکان لە ناوچە و شارەکانی خۆیانەوە لە ناوەڕاست و باشوورەوە کۆچیان کردووە بۆ مەندەلی و ناوچەکانی دەوروبەری، بە تایبەت باشوور و ڕۆژئاوای مەندەلی، هۆکاری ئەم کۆچەشیان یان بۆ گەڕان بووە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان، یان بە هاندان و پشتیوانییکردنی ڕژێمە عێراقییە یەک لەدوای یەکەکانەوە بووە، لە گرنگترین ئەو خێلانەی کە لە ناوەراست و باشورەوە بۆ مەندەلی و دەوروبەری کۆچیان کردووە، ئەوانەی خوارەوەبوون:

١. خێڵی ئەلبوجەواری: کە کۆمەڵێکیان لە جەرگەی سامەڕا هاتوون و لە قەزای جەم نەفت (وادی نەفت) لە مەندەلی نیشتەجێ بوون.

٢. خێڵی دەهلەکییە: لە نێوان سامەڕا و بەلەددا دەجووڵان، زۆرینەیان هاتنە ناوچەکانی نزیک بەلەدروزی ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی.

٣. خێڵی ئەلحەمەد: پێش هاتنی بۆ عێراق لە چیاکانی لوبنان ژیاون و سەرەتا لە پارێزگای میسان (عەممارە) نیشتەجێ بوون. پاشان هەندێکیان دواتر بەرەو مەندەلی هاتن و لەو ناوچەیە ترساق قەزای قەزانییە نیشتەجێ بوون.

٤. خێڵی ئەلساعیدە: بنەچە و ڕەچەڵەکیان لە ئەلسەواعیدەی پارێزگاری میسانە، کە لێیەوە هاتن و هاتنە مەندەلی و لە کەناری دۆڵی چەم نەفت ( وادی نەفت) لە تەنیشت خێلی ئەلبو جەواری نیشتەجێ بوون.

٥. خێڵی حەریس (الحریث): تیرەیەکی خێڵی طەین، کە لە ناوچەی نوسەیبینەوە هاتوونەتە مەندەلی و دەوروبەری. لە کاتێکدا کۆمەڵێکی تریان لە یوسفیە و ئەبوغرێب گیرسانەوە.

٦. خێڵی ڕەدینی (الرداینیة): بەڕەچەڵەک لە خێڵی ڕەبیعەی ئەلکوبران، هاتوونەتە مەندەلی و دەوروبەری و لە ناوچەکانی دەوروبەری ناوچەی تەرساق لە قەزای قەزانییە نیشتەجێ بوون، دوای ململانێ لەگەڵ خێڵی ئەلبو مەیاح.

٧. خێڵی بنو تەمیم (تەمیمی): بە شەپۆلی یەک لە دوای یەک لە ناوچەکانی نیمچە دورگەی عەرەبییەوە هەڵکشاون و لە ناوچەکانی عێراق بڵاوبوونەتەوە، هاوکات کۆمەڵێکیان بەرەو شارۆچکەی مەندەلی و دەوروبەری نزیک چەم نەفت (وادی نەفت) بەرەو باشوور هاتن و لەوێ نیشتەجێ بوون و بەشێکیان ڕوویان لە بەلەدروز کرد و لەوێ نیشتەجێ بوون.

٨. هۆزەکانی شەممەر: ڕەچەڵەکیان لە نیمچە دورگەی عەرەبییەوەیە، چەند سەدەیەک لەمەوبەر هاتوونەتە عێراق، دواتر کۆمەڵێکیان لە کاتی داگیرکردنی عێراقی لەلایەن بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٧ی هاتوون، هەندێکیشیان لە جەرگەی بەلەدروز نیشتەجێ بوون.

٩. خێڵی دەلفی (دلفية) و عەوادل: لە بنەچەدا تیرەیەکی خێڵی شەممەری تەواگەی کوبران، هاتوونەتە پارێزگای واست (کوت) و لە ناوچەی بەزایز چەم نەفت (وادی نەفت) و لە تەحمایە لەرۆژاوای مەندەلی نیشتەجێ بوون.

١٠. خێڵی ئەلنەدا: هەندێک پێیان وایە لە بنەچەی خێڵی زوبەیدی القحتانییەن، هەندێکی تر پێیان وایە خەڵکی بەنی جەمیلی ئەلعەدنانییەن، پێش ئەوەی کۆمەڵێکیان بێن بۆ شارۆچکەی مەندەلی و دەوروبەری و لە هەردوو دیوی دۆڵی چەم نەفت نیشتەجێ ببن لەنزیک خێڵی قەرەلوسی کورد، پێشتر لە لای ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە لەنێوان ناوچەی تکریت و سامەڕا گیراساببوونەوە، پەیوەندی هاوسەرگیری خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و عەشایەری و بازرگانی و لەنێوان هەردوو عەشیرەتە کوردییەکە و عەرەبییەکە دروست بووە، گروپێک لە خێڵی نەدا لە بەلەدروز و قەزای قەزانییە و دەوروبەری نیشتەجێ بوون.

بەپێی سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، زۆرینەی ئەو خێڵ و هۆزە عەرەبییانەکەی، کە لە دامێنی شارۆچکەی مەندەلی و دەوروبەری نیشتەجێن، وەک باسمان کرد، لە بنەرەتدا دانیشتوانی ناوەند و باشوورەوی عێراقن، کە زێد و مەفتەنی باوباپیرانیان بەجێهێشتووە، ئەوانەی بەر لە ماوەی نێوان سەدەکانی ١٩ و ٢٠ بۆ زامنکردنی ژیان و گوزەرانیان هاتوونەتە مەندەلی، ئەوانەی دوای داگیرکاری تورکی و بەریتانی و سەردەمی مەلەکی و کۆماریی بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٦٨ هاتوون، بە ئامانجی گۆڕینی شارەکە و گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە و ناسنامە نەتەوەییەکەی هاتوون.

زانراوە شارۆچکەی مەندەلی دوای ڕووخانی ڕژێمی لەناوچووی بەعسی لە ٢٠٠٣/٤/٩، کەوتۆتە ناو مادەی ١٤٠ی دەستووری فیدراڵی عێراق و لە ناوچە جێناکۆکەکاندایە.

ئەوەش بزانە، کە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق (پێشنیار کراوە) لە مادەی (٢)ی برگەی یەکەم، ئاماژەی بۆئەوە کردووە، کە:

هەردوو قەزاکانی خانەقین و مەندەلی لە سنووری هەرێمی کوردستاندان، ئەمەش ڕاستییەکی مێژوویی و جوگرافییە کە سەرچاوە و توێژینەوە و واقیعی دیمۆگرافی پشتڕاستیکردۆتەوە، هەروەها سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی، لە ڕێگەی یاداشتە مێژووییەکەیەوە بۆ حکومەتی پاشایەتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٣ داوای حوکمڕانی لامەرکەزی (جۆرێکە لە خۆبەڕێوەبەری) لەو قۆناغەدا بۆ ئەم ناوچانەی خوارەوەی کردووە:

لیواکانی سلێمانی، هەولێر، و کەرکوک، و ئەم ناوچانەی خوارەوەی لیوای موصڵ کە بریتین لە دهوک و ئامێدییە، و لە ناوچەکانی لیوای دیالە ، قەزای خانەقین و مەندەلی.

## سێیەم: مەندەلی و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١

خەڵکی مەندەلی لە نزیکەوە بەدواداچوونیان بۆ هەواڵە میدیاییەکان سەبارەت بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر دەکرد، دوای هاتنەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ٢٠١٩. ١٩٥٨، لەسەر داوای زەعیم عەبدولکەریم قاسم، ڕێبەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی.

ئەم بەدواداچوونەش لەمیانەی گوێگرتن بوو لە ڕادیۆی نهێنی دەنگی کوردستان بەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لەمیانەی بەدواداچوون بۆ ئەو لێدوانانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمان جارجارە دەریدەکردن، دانیشتوانی مەندەلی، بە کورد و عەرەب و تورکمانیەوە، بەدواداچوون و هاوسۆزییان بۆ شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دەردەبڕی، سەرەڕای نەبوونی ڕێکخراوی پارتیی لە سەرەتای سالانی یەکەمی شۆڕشی ئەیلول تا ساڵی ١٩٦٨.

ئێرە شوێنی خۆیەتی هەڵوێستێکی سادە لە ناوەڕۆک بگێڕمەوە ، بەڵام بەهێز و کاریگەر بێت لە مانا و ڕۆحییەتدا، وەک ئەمەی خوارەوە:

چەند مانگێک دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی زاینی، وێنەی مەلا مستەفا بارزانیم بە ڕەش و سپیەوە دۆزیەوە کە چوارچێوەیەکی جوان و گونجاوی هەبوو، بە دەرگای دوکانی خوالێخۆشبوو عەلی حەیدەرەوە هەڵواسراوە، کە نازناوی (عەلگەهیرە) بوو، من ئەوکات من کوڕێکی گەنج بووم لە قوتابخانە سەرەتایی بووم، وێنەکە سەرنجی ڕاکێشام و لاساری منداڵانەم وای لێکردم پرسیار لە خاوەن دوکانەکە بکەم و بڵێم: ئەم وێنەیە کێیە؟ ئەو باش من دەناسی و دەیزانی کێم، بە پێکەنینەوە وڵامی دامەوە و وتی: کوڕی سەرکار فەیزوڵلا، نازانی ئەمە وێنەی کێیە؟ بە شەرمەوە گوتم: نازانم. پاشان وتی: خاوەنی وێنەی بەردەمتان باوکی کوڕدان سەرکردە و فەرماندە مەلا مستەفا بارزانییە. دیسان زەردەخەنەی بۆ کردم و وتی: دەزانی ئێستا کێیە حوسێنی کوڕم؟ گوتم بەڵێ ئەو باوکی کوڕدە، ئینجا ئەوەی بۆی هاتووم لێم کڕی و ماڵئاواییم لێکرد و بەرەو ماڵەکەمان بەڕێکەوتم کە لە کۆتایی گەڕەکی قەڵای بالی بوو.

وێنەی ئەو ڕێبەرە کوردە لە یادەوەریمدا مایەوە و لەو کاتەدا ڕاشکاوانە نەمدەزانی پاڵنەر و نهێنی چی لە پشت هەڵواسینی ئەم وێنەیە بە ئاشکرا هەیە، بەبێ ترس لەبەردەم خەڵکانێک بە بەر فرۆشگاکەدا تێدەپەڕین.

ڕۆژ و ساڵ تێپەڕی، منیش لە قۆناغی ناوەندی بووم، دواتر زانیم گرنگی و مانای هەڵواسینی وێنەی سەرکردە، فەرماندە مەلا مستەفا بارزانی چییە، ئەو پاڵنەری ناسیۆنالیستی و هەستی کوردایەتی و واقیعی جوگرافی شاری مەندەلی بوو، ئەو شارەی کە درێژبوونەوەی سروشتی کوردستان بوو، ئەگەرچی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتیش لەناو قەزای مەندەلی نەبوو، بەڵام هەستی ناسیۆنالیستی و هاوسۆزی و بەدواداچوون ئامادەبوو، نەخێر هیچ کات هەست و سۆزی نەتەوەی کوردی لەلای دانیشتوانی کورد لە مەندەلی غایب نابێت.

هەڵواسینی وێنەی سەرکردەی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لەو قۆناغەدا، لە سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨) لە مەندەلی و لەم شوێنە، لەلای خاوەن دوکان (هیرە عەلگە) چەندین واتا و ئاماژەی هەیە، کە ئاسان نییە بە چەند وشە و ڕستەیەک باس بکرێن.

سەبارەت بە هاوکاری و گواستنەوەی بڕێک پێداویستی لە ناحیەی مەندەلییەوە بۆ بزووتنەوەی کوردی (شۆڕشی ئەیلول) لە کوردستانی ڕزگارکراودا، کە لەژێر دەستی پێشمەرگەی قارەماندا و سەرۆک مەلا مستەفا دابوو، هەندێک جار بە شێوەی فرۆشتنی چا و خورما و دۆشا و هەندێک چەک و تەقەمەنی سووک دەگەیشتە دەستییان و بە نهێنی لە مەندەلییەوە بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی قەرەلوس و خانەقینەوە ڕەوانە دەکران و هەناردە دەکران بۆ ئەو ناوچە ئازادکراوەکان. دەڤەری خانەقین یان لە ڕێگەی سنووری ئێرانەوە، ئەنجامدەدرا ئەویش یان بە تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ، بە هەحاڵ هەتاکو فرۆشتنی کەل و پەلیش بۆ شۆڕش ئەوکات گیانبازی و کوشتنی لەسەر بوو.

لەو ماوەیەدا مەندەلی نیشانەی گومان و پرسیاری لەسەر بوو لەژێر چاودێریدا بوو، ئەمەش وایکرد حکومەتی ناوەندی لە بەغدا سنوورێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەو گومان و زانیارییانە دابنێت، کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت و دامەزراوە سیخوڕی و هەواڵگرییە سەربازیی و مەدەنییەکانییەوە دەگەیشت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆخە دیفاکتۆیە، حکومەتی ناوەندی عێراق لە سەردەمی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٤ یاسای سەربازیی نارەوای سەپاند بەسەر ناحیەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی. ئەو یاسایە تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، دوای ئەو ساڵە ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ بەسترا، ئەو بڕیارانە ڕاگیران و جێبەجێ نەکران، لەوانەیە بەپێی مەرج و دەقەکانی ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ هەڵوەشێنرابنەوە.

یاسای سەربازی (عورفی) لەسەر قەزای مەندەلی، ئەگەر ئاماژە بە هیچ شتێک نەدات، ئاماژە بەوە دەکات کە واقیعی جوگرافیای مەندەلی و واقیعی دانیشتوانەکە درێژکراوەیەکی سروشتییە هەمان واقعی کوردستان خەڵکەیەتی، وەک لە یاداشتنامەی مستەفا بارزانی نەمر بۆ حکومەتی شاهانەی عێراق لە بەغدا هاتووە، کە ساڵی ١٩٤٣ لە یاداشتە مێژووییەکەیدا داوای کرد، دادگاکانی خانەقین و مەندەلی لە قەزای دیالە لەو قۆناغەدا بخرێنە ناو حوکمڕانیەتێکی لامەرکەزیەوە.

## چوارەم: مەندەلی و ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠.

ڕاستی و ڕەوشی ڕووداوەکانی مێژووی کۆن بە درێژایی سەردەمەکان و مێژووی هاوچەرخ ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن یان چاوپۆشییان لێ بکرێت و نکۆڵیکردن و پشتگوێخستنیان بە مەبەست و بێ مەبەست قورسە، بەو پێیەی ڕاستییە مێژووییەکان هەژموون و گرنگی خۆیان بەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕەپانی ئابووری هەیە.

دوای ئەوەی خەباتگێڕی گەورە (سایە میر هاشم) ساڵی ١٩٦٨ ڕێکخستنی حزبیەکەی لە لقی سێ پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک بۆ لقی پێنجی لە بەغدا گواستەوە، ئەمەش لەسەر خواستی تایبەتی خۆی، ئەوکات شەهید (صالح یوسفی) بەرپرسی لقی پێنج بوو، هەروەها خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (التأخی)یش بوو، کە بارەگای ڕۆژنامەش لە بەغدا بوو.

دوای ئەوەی سایە میر هاشم لە لقی پێنج دەستبەکاربوو، ناوە حزبییە نهێنییەکەی (سامی هاشم) بوو، بەرپرسی لق پێشنیاری بۆ کرد، کە پێویستە چاوی بەدوو قوتابی زانکۆ هەریەکە لە (بەندەر عەلی ئەکبەر)ی خەباتگێر و (ستار سەعدوڵا) بکەوێ، کە ئەوانیش پەیوەندییان بە ڕێکخستنی نهێنیەوە هەبووە. لەسەر بنەمای ئەم ڕاسپاردەیە، دیدارە سێ قۆڵییەکە لە نێوانیاندا

ڕوویدا، کۆبوونەوەیەکی سێ لایەنە لە هۆتێلێکی شەقامی ئەلکیفاح سازکرا، کە هی ( سایە میر هاشم و ئەکرەم جەوامیر) بوو، ئەو سێ کەسە کۆمەڵێک بابەتیان تاوتوێ کرد کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنی نهێنی داهاتووەوە لە قەزای مەندەلی و لە نێو نەوەکانی هەبوو، یەکەم خانەیان پێکهێنا، کە یەکەم خانەی سەرەکی ڕێکخراوی نهێنی چاوەڕوانکراوەکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ دامەزرا، سێ نوخبە بەڵێنی دڵسۆزییان گرتە ئەستۆ ، دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و نهێنی تەواو.

سەبارەت بە دیداری هەردوو خەباتگێڕ (حاجی حەمید شەفی و سایە میر هاشم) ئەوا هەردووکیان گەیشتنە لێکتێگەیشتن و کاریان لەسەر ڕێکخستنی نهێنی لە ناحیەی مەندەلی کرد، ئەمەش دوای ئەوەی چاویان بە هەریەکە لە خوێندکارانی زانکۆ (نعمەت عەلی شا سایە) و (کەریم سەلمان) و (حەسەن حەمەد ناسر) کەوت، بەم شێوەیە لەنێوان ئەم حەوت خەباتگێڕانە ڕێکخستنی نهێنی دەستی پێکرد، بە پەیوەندی تاکەکەسی لە نێوان کەسانی متمانەپێکراو و باوەڕپێکراوی قەزای مەندەلی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ئەنجام دەدرا و ئەوەی پێی دەگوترا لیژنەی ئامادەکاری، دوای ڕێکخستنی ژمارەیەک کەس لە مەندەلی، لیژنەکە لە (٣٠) کەسی مولتەزیم پێکهێنرا. شایەنی باسە ئەوەی گرنگە لێرەدا پێشخستن یان دواخستنی ناوی خەباتگێڕەکانی لیستەکە نییە، ئەوەندەی گرنگە بیسەلمێنرێت کە ئەو ناوانە لە ڕێکخستنی نهێنیدا بوونیان هەبووە و لەو قۆناغە نهێنییەدا قوربانیان داوە.

ئەمانەی خوارەوە ناوی خەباتگێڕانەیە کە لە دەستەی ئامادەکاری نهێنی لە قەزای مەندەلین کاریان کردووە:

١. شێخ حاجی حەمید شەفی.
٢. حاجی سایە میر هاشم.
٣. خوێندکاری زانکۆ بەندەر عەلی ئەکبەر.
٤. خوێندکاری زانکۆ سەتار سەعدوڵڵا.

٥. خوێندکاری زانکۆ نعمەت عەلی شاه سایە.
٦. حاجی شێرزاد کازم قەوای
٧. کەریم سەلمان خوێندکاری زانکۆ.
٨. عەلی ئەسەد ڕۆستەم
٩. خوێندکاری زانکۆ حەسەن حەمەد ناسر.
١٠. خاتوو کۆکی فەیزوڵڵا (خێزانی سایە میر هاشم).
١١. عەلی شاه سایە.
١٢. موحسین باخی شەفی هیمەت
١٣. ئەحمەد نادر، نازناوی (ئەحمەد نایرە) بوو.
١٤. نیعمەت نادر، نازناوی (نیعمەت نایرە) بوو.
١٥. ئەحمەد شاهین مامە خان
١٦. ستار نایلی شا وەلی
١٧. خوێندکار سۆبحی بیرام وەلی.
١٨. سەردار شاهین مامە خان
١٩. حاجی تاهیر باغی گمەر.
٢٠. باپیرە کازم قەوەیی.
٢١. سەلمان داود موراد خان
٢٢. ئەمیر کازم قەوی، نازناوی (میرە) بوو
٢٣. جوامێر سایە میر فەتاح.
٢٤. جاسم محەمەد ئەسعەد.
٢٥. حەبیب حەمید عەلی.
٢٦. ئیبراهیم عەلی شەفی.
٢٧. ئەکرەم جەوامیر خوسرەو
٢٨. خوێندکار محەمەد زاهیر شاهین.
٢٩. خوێندکار ئەنوەر سایە میر هاشم

٣٠. خوێندکار ئیسماعیل سایە میر هاشم.

ئەم نوخبە تێکۆشەرە کە ناویان هاتبوو، لە لاپەڕەیەکی یادەوەریدا لە مێژووی هاوچەرخی مەندەلی و لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تۆمار کران، لە نەوەی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە نهێنییەدان، گرنگ نییە ڕەوت و ئاراستە سیاسییەکان چۆن بگۆڕدرێن دواتر بۆ هەندێکیان و چەند ڕۆژ و ساڵ تێدەپەڕێت، لە پێگەیەکی قەدرزانیدان، بەرزی ئیرادەیان پێویستی بە نازناو و ڕەچەڵەک و سامان نییە، بەقەد ئەو پێویستی بە ئیرادە و وردبینی و بوێری و قوربانیدانی گەورە هەیە. لە سەردەمی هەردوو براکە عەبدولسلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف و لە سەرەتای سەردەمی ڕژێمی بەعس تا ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ خەڵێکی کەم لە مەندەلی هەبوون، پەیوەندیان بەو گروپەوە کرد، کە لەو سەردەمەدا ناویان لێنابوون (جەلالی)، کە ئەوسا ڕۆژنامەیەکیان هەبوو بە ناوی ئەوانەوە قسەی دەکرد، کە ڕۆژنامەکە ناوی ( النور) بوو.

قەزای مەندەلی لە ڕووی هۆشیاری نەتەوەیی و ڕێکخستنی نهێنی پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ بەم شێوەیەی سەرەوە بوو کە باسمانکرد.

## پێنجەم: مەندەلی و ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠

بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەم (١٩٧٠/٣/١٣ز)، دوو ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ١١ی ئازار، جەماوەر لە قەزای مەندەلی بە هێزێکی تەواوەوە هاتنە دەرەوە، لە هەموو ئاراستەکانەوە، لە گوند و لادێکانی دەوروبەرەوە هاتنە سەنتەر شارۆچکەی مەندەلی ، بە جۆش و خرۆشێکی بێهاوتایەوە بەرەو حەوشەی بینای کۆشکی حکومەت دەڕۆیشتن، دڵخۆشی و پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕێککەوتنامەی مێژوویی ئازار بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی نەمر و ئامادەکاری ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای مەندەلی دەربڕی.

گۆڕەپانی سەرای لە شارۆچکەکە لە بەیانی زووەوە پڕ بوو لە هەوادارانی پاڵپشتی لە هەردوو حزبی هاوپەیمانی (پارتی و بەعس)، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا لافیتەی دەستەواژە و دروشم کە بۆ پشتیوانی لەو ڕێککەوتنە مێژووییە نووسرابوو، لەلایەن سەرکردایەتییەوە هەر دوو لایەنەکە لە قەزاکە هەڵواسرا بوو، لەناو دروشم و لافیتەی بە جۆش و خرۆش و سرووشتێکی جەماوەریدا، بە زمانی کوردی و عەرەبی، باس لە شکۆمەندی ژیانی بارزانی نەمر و پارتی و ژیانی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی عێراق دەکرا، حەشامات و قەرەباڵغییەکی زۆر لە دەوری تەلاری کۆشکی حکومی دەبینرا، کاردانەوەی ناڕەحەتی و ناڕەزایی لە زۆرینەی ئەندامانی تەشکیلاتی حیزبی بەعس لە مەندەلی هەستی پێدەکرا، بەهۆی ئەوەی نەیاندەزانی ئەم ڕێکخستنە نهێنییەی پارتی لە قەزای مەندەلی هەبوو، کە پێش ڕێککەوتنی ئازار دروستکرابوو، ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتدار هەوڵیان دا ڕەوتی خۆپیشاندانەکە بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و بەبێ پارتی و سەرکردەکانی کۆنترۆڵی بکەن. تاکو کورد لە گۆشەیەک بپەستن و بە ژمارە کەم پیشانی بدەن، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان گروپێکی بچووکن لە ناو قەزاکە، بەپێی تێڕوانین و ڕێبازی هەڵەیان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و هیچ سوودێکیان لەم هەوڵەیان نەبینی و هیواکانیان شکستی هێنا و نائومێد بوون.

خۆپێشاندانەکەی ئەو ڕۆژە بە قازانجی جەماوەری کورد و ڕێکخستنەکانی پارتی کۆتایی هات. ئیدی دوای ئەم ڕۆژە ڕێکخستنەکانی پارتی بە نهێنی نەمانەوە و لاپەڕەی ڕێکخستنی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە قەزاکە بەبێ ترس و خۆپارێزی دەستی پێکرد و نوێنەرایەتی بەرەبەیانی نوێ دەکرد، لەم ڕۆژەدا وتاری ڕێکخستنی بەعس لەلایەن بەرپرسی ڕێکخراوەکە، مامۆستا (مزبان خدر هادی) پێشکەشکرا، دواتر وتارێک لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە

لەلایەن خەتاگێر سەتار سەعدوڵاوە پێشکەشکرا، پێشکەشکردنی وتارەکە بۆ سەرکردەکانی بەعس جێگەی سەرسوڕمان و حەپەسان بوو.

ڕۆژانی دوای ئەم ڕۆژە بە ڕووداو و پێشهاتی ئەرێنی و نەرێنی کۆتایی هات، بۆ مەندەلی و دانیشتووانی و کۆمیتەی مەندەلی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخستنەکان و ئایا ئایندەی و داهاتووی چی لێدێت؟

لەم ڕۆژەوە دەرگای ئینتیماکردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە، ژمارەی ڕێکخستنەکە گەیشتە لوتکەی بەهێزی و فراوانبوونی خۆی، بەتایبەت دوای کردنەوەی بارەگای ناوچەی پارتی لە شارۆچکەکە، دوای زاڵبوون بەسەر هەندێک لەو ئاستەنگانەی، کە هاتنە بەردەم کردنەوەی بارەگای سەرەکی لە قەزاکەدا، کردنەوەی بارەگاکە کاردانەوەی نەرێنی لە نێوان سەرکردەکانی بەعس لە قەزاکە بەروونی خستنەوە.

سەرکردایەتی ناوچەی مەندەلی پارتی دیموکراتی کوردستان توانی سەدان و سەدان کەس لە قەزای مەندەلییەوە لەخۆبگرێت و فیکر و ئامانجەکانی پارتی و قوتابخانەی بارزانی نەمر بڵاوبووەوە، تا وایکرد سەرۆکی خێڵە عەرەبەکان لە جەرگەی قەزاکە بە شێوەیەکی ئەرێنی قەناعەت بە بوونی پارتی لە شارەکە بکەن.

فیکر و کولتووری پارتی و قوتابخانەی بارزانی نەمر گەیشتە زۆرینەی خێزانە کوردەکان، بەتایبەتی لە مانگەکانی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئادار، پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزاکە بوو بە گەورەترین و بەربڵاوترین قورسایی لە ڕووی ژمارەوە و باڵادەستی لەو قۆناغەدا، لەڕووی حیزبی جەماوەریەوە لە گۆڕەپانی سیاسی لە قەزاکە بێ ڕکابەر بوو، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانیش لە نەتەوەی کوردن و ئەوە شاراوە نییە بۆ هەر کەسێک کە لە مەندەلیدا ئامادە بێت، جا دانیشتووی شارۆچکەکە یان دەرەوەی شارۆچکەکە، لەوانەش کارگێڕان، کارمەندان و کرێکاران، لەوانەش سەرۆکی شارەوانی قەزاکە، پۆلیس، پۆستی سەربازی،

فەرمانبەرانی حکومی، مامۆستایان، کە دانیشتووی مەندەلی نین و تەنها بوونی ئەوان لە مەندەلی یان کارگێڕییە یان خاوەن کۆمپانیا و کۆمپانیا و کرێکاران، ئەوەی ماوەیەکی کەم لە مەندەلی مابێتەوە، بۆی دەرکەوتووە کە ناسنامە و شوناسی دانیشتوانەکەی لەرووی نەتەوەییەوە بە ئاشکرا دیارە کوردن.

لە ناوەڕاستی مانگی چواری ساڵی ١٩٧٠ نوێنەری لقی پێنج لە بەغداوە هاتە شارۆچکەی مەندەلی و لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، محەمەد ئەمین بەگی گەورە تێکۆشەر و ئەندامی لیژنە مەرکەزی پارتی، لەگەڵ یەکەمین چەکدارانی ڕێکخراوی نهێنی کۆبووەوە، کە لە ئاستی ئەندامێتیدا بوون و ژمارەیان نزیکەی (٣٠) ئەندام بوو، یەکەم هەڵبژاردنیش بۆ دیاریکردنی ناوچەی مەندەلی پارتی بەڕێوەچوو. پێشتر پارتی بەناوی لیژنەی ئامادەکاری لە سەردەمی ڕێکخستنی نهێنی پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ کاری دەکرد، دەنگدانەکە بەوپەڕی دیموکراسی بە نهێنییەوە بەڕێوەچوو، دوای ژماردن و ڕیزکردن، لیژنەی ناوچەی پارتی لە مەندەلی پێکهێنرا، بەرپرسی یەکەمیش دیاریکرا، ئەنجامەکە بۆ ئەو کەسانە بوو کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا و بوونە ئەندامی لیژنەی داهاتوو، بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١. سایە میر هاشم : پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە ژمارەی دەنگەکان لە بەرژەوەندی خۆی
٢. بەندەر عەلی ئەکبەر/ دووەم لە ژمارەی دەنگەکان.
٣. حاجی حامیدشەفی
٤. عەلی ئەسەد ڕوستەم.
٥. سەتار سەعدوڵڵا فەتحوڵڵا.
٦. کەریم سەلمان.
٧. خاتوو کۆکی فەیزوڵڵا، (هاوسەری ئازادیخواز سایە میر هاشم).

لێرەدا شایانی باسە کە سایە میر هاشم بەخواست حەزی خۆی دەستبەرداری پۆستی بەرپرسی ناوچەی مەندەلی بوو، بۆ بەندەر عەلی ئەکبەر تاکو ببێتە یەکەم بەرپرسی ناوچەی مەندەلی بێت.

بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر پۆستی بەرپرسیارێتی گرتە ئەستۆ و لەگەڵ باقی ئەندامان درێژەیان بە کار و چالاکی و خەباتی گشتی دا، چەند مانگێک لە ئەرکەکانیدا بەراستگۆی بەسەر برد، بەڵام دواتر لەلایەن لقی پێنجەوە لەو ئەرکانە بەخشرا، کە پێی سپێردرابوو، بەهۆی دەرچوونی لە زانکۆی بەغدا و دامەزراندنی بۆ یەکەمجار وەک مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی قەزای خانەقین و شارۆچکەکەی بەجێهێشت و لە سەنتەری خانەقین نیشتەجێ بوو و هاوسەرگیری کرد لەوێ بەرپرسیارێتییەکە بۆ ماوەیەک لەسەر شانی چالاکوان سایە میر هاشم مایەوە تا نازم ئەلزەهاوی تێکۆشەر کە خەڵکی خانەقینە لەلایەن لقی پێنجەوە لە بەغدا هەڵبژێردرا، نازم ئەلزەهاوی دەستی بە کارەکانی کرد بەرپرسیارێتی وەک بەرپرسی ناوچەی مەندەلی دەستی بە چالاکی و بزووتنەوە و ماندووبوون کرد، بە پاشخانێکی کولتووری فراوان لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، دوای نزیکەی ساڵ و نیوێک و بە هۆکاری بنەماڵەیی، لە مەندەلییەوە گواسترایەوە بۆ بەعقوبە و لە ئەرکەکانی دوورخرایەوە، دوای ئەوە مەجید خۆشناو دانیشتووی شاری هەولێر لەسەر بنەمای بڕیاری لقی پێنج هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسێکی ناوچەی مەندەلی، نزیکەی ساڵێک لە ئەرکەکانیدا بوو و دواتر لە پۆستەکەی بەخشر بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی شارۆچکەکەی بەجێهێشت، دوای ئەویش ئیبراهیم عەلیشەفی تێکۆشەر لەلایەن لقی پێنج هەڵبژێردرا، خەڵکی گوندی بتکۆکر لە ڕۆژهەڵاتی مەندەلی بوو، بۆئەوەی بەپرسیارێتی ناوچەی مەندەلی هەڵبگرێت تا ساڵی ١٩٧٥ مایەوە، کە ساڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بوو.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی قەزای مەندەلی و لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مەندەلاوی پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی مەندەلی و ڕێکخستنە جەماوەرییە کوردستانییەکانی کرد، وەک یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی قوتابیان، و یەکێتی لاوان و یەکێتی ژنان و یەکێتیی کۆڵبەران و کرێکاران، تەنانەت ئەگەر سەرژمێرییەکی وردی سەر بە حیزب و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی لە قەزای مەندەلی بکرێت، لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤، دەبینین ژمارەکان سەدان و سەدانیان تێپەڕاندووە، تۆمارکردنی ناوەکانیان ئاسان نییە، شایەنی باسە ژمارەیەک ئەندامی چەکدار هەن، کە لەو ماوەیەدا ١٩٧٠ز - ١٩٧٤ی زایینی ناو و ناسنامەکانیان ئاشکرا نەبووە، ئەم ژمارەی ناوانەش بە شاراوەیی ماوەتەوە، ئیختیاری و نهێنی و وریایی، لە ترسی ستەمکاری لەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆیی و پاراستنی پێگەی کار و کارگێڕی و پیشەیی خۆیان لەناو شارۆچکەکەدا، ئەم هێڵە نهێنییە تایبەت بوو بە سەربازی و پۆلیس و هەندێک لە خەڵکی مەدەنی مەندەلی و لەدەرەوەی ئەو دیدار و دانیشتنانەی لەگەڵیاندا تایبەت بوون و لە ڕادەبەدەر نهێنی بوون، لە ترسی شەڕ و خراپ بەکارهێنان و چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پێشوو لەو وڵاتەدا، قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤ ئەم ناوانە هەبوون:

١. محەمەد شەریف عەرەب قەرەلوسی/ پۆلیس.
٢. عمران محەمەد شێر مامی قەرەلوسی، سەربازیی.
٣. نور الدین عیسا عمران مەندەلاوی/سەربازیی.
٤. بورهان یەدوڵڵا عەلی داودی / سەربازیی.
٥. صاڵح مەهدی کەرەم مەندەلاوی، فەرمانبەر.
٦. خوداداد کەریم وەلی چەرمۆندی / کاسب.
٧. شەمە حەسەن شیمال چەرموندی / مەلاک.

٨. عەلی جان مەحموود کمگە قەرەلوسی/ خوێندکاری قۆناغی ناوەندی.
٩. ئەبو عەبدولئیلا/فەرمانبەر، بەداخەوە ناوی ئەوم لەبیر نەبوو.
١٠. سەید موراد، نازناوی (سی مەرای)، فرۆشیاری کەلوپەلی نووسین.

لەم ماوەیەدا، (چوار ساڵ) ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، نوخبەی چەکداری تێکۆشەر لە نێو ئەو ژمارە زۆرانەدا سەریان هەڵدا و بە توانا و شایستەیی و ئیرادە، شانبەشانی کادیرانی حیزبی شەری پارتیزانی و خەباتیان دەکرد و درێژەیان بە خەبات و چالاکیی حیزبی گشتی، ئەوانە پێشتر لە ماوەی ڕێکخستنی نهێنی سالآنێک پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠، کاریانکردبوو، لەنێوان ئەو کادیرانە ژمارەیەک کەس هەڵبژێردران، تاکو پلەی ئەندامێتی لە ناوچەی مەندەلی پارتی وەربگرن، ئەوانیش:

١. حوسێن فەیزوڵا مەزلوم لە ساڵی ١٩٧١ هەڵبژێردرا.
٢. ناسر نادر عەبدوڵا لە ساڵی ١٩٧١ هەڵبژێردرا.
٣. مستەفا محەمەد ئەحمەد لە ساڵی ١٩٧٢ هەڵبژێردرا.
٤. جەلال حەیدەر عەبدولباقی لە ساڵی ١٩٧٢ هەڵبژێردرا.
٥. جەلیل کاکی نور عەلی لە ساڵی ١٩٧٢ هەڵبژێردرا.

دواتر بە کورتی ژیاننامەی هەریەکەیان باس دەکەین

سەبارەت بە نوخبەی تێکۆشەر لە نەوەی یەکەم و لە ڕێکخستنی نهێنی پێش ڕێککەوتنی ئازاردا، سەرنجی هەندێکیان دەدەین، لەگەڵ ژیاننامەیەکی کورتی هەر یەکێکیان.

علی قدر اهل العزم تأتی العزائم وتأتی علی قدر الکرام المکارم

١. تێکۆشەری گەورەی شێخ حاجی حامیدشەفی قەرەلۆسی: سیمبول و کەسایەتی دیاری دانیشتوانی قەزای مەندەلی و ئەندامانی خێڵەکەی (خێڵی قەرەلۆس) بوو، یەکێک بوو لە نەوەی یەکەمی ڕێکخستنی نهێنی. لەناو نەتەوە و مەزهەبەکانی قەزاکەدا خۆشەویست و ڕێزی لێدەگیرا، لە کاتی تەنگانە و سەختی و تەنگەتاودا بەبێ دووڕوویی و تەماح ئامادەبوو، حیکمەتەکەی لە

ژیاننامەکەیدا لە فەرموودەی پێغەمبەری بەرزەوە ئیلهامی وەرگرتووە: (باشترین کەس ئەو کەسەیە کە سوودی بۆ خەڵک هەیە)، ئەو تکۆشەرێک بوو، کە هاوتاکەی کەم بووە لە ماوەی ژیانیدا لە مەندەلی.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف لە شارۆچکە و گوندەکەی خۆی دەربەدەر کرا بۆ یەکێک لە شارەکانی باشووری عێراق دوورخرایەوە ، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف لە ساڵی ١٩٦٥ ئازاد کرا، هاوڕێی بەڕێز عیزەدین ئاغا نەقیب و بەڕێز عەبدولسەتار ئەفەندی ئەلبەیاتی بوو. بە عەقڵمەندی و حیکمەتی خۆی توانی زۆرێک لە کێشە و پرسەکانی خێڵ و پرسە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات، جا چ لە قەزای مەندەلی بێت یان لە دەرەوەی قەزای مەندەلی بووبێ. ناوبراو و سایە میر هاشمی هاوڕێی زوو زوو دەچوونە بارەگای بارزانی نەمر یان لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ جەنابی بارزانی نەمر کۆدەبوونەوە، لەو کاتەوەی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد، شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢ تا ساڵی ١٩٧٥، خۆبەخش لە هێزی پێشمەرگە بە پۆستی فەرماندەی سەرپەل کاریکردووە. ئەستێرەیی بەختی شێخ حاجی حامیدشەفی زیاتر لە نێو خەڵکی مەندەلی و سەرکردایەتی کورددا درەوشایەوە، کاتێک پەیوەندی بە پارتی و بە شۆڕشی کوردەوە کرد، شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢، ئەم دووانە حاجی حامیدشەفی و سایە میر هاشم کاریگەری ئەرێنی زۆریان لەسەر مۆڕاڵی تێکۆشەران و لایەنگرانی پارتی لە قەزای مەندەلی هەبوو، بۆ بە ئەمانەتەوە دەڵێم، بۆ منداڵ و نەوەکانی داهاتوو، قەزای مەندەلی و دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، ئەگەر ئامادەبوونی ئەم دوو تێکۆشەر حاجی حەمیدشەفی و حاجی سایە میر هاشم نەبوایە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، ئەوا ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای مەندەلی ئیفلیج دەبوون، ڕەنگە کۆتاییەکی نەرێنی چاوەڕێی بکردابووایە، ڕێکخستنە گشتییەکان و ڕۆحی کوردایەتی لە سەرەتای ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ئادارەوە لە قەزای

مەندەلی و لەناو خەڵکەکەیدا لە گۆڕدەنرا. هەق وایە پەیکەرێک بۆ تێکۆشەری گەورە حاجی حەمیدشەفی، لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شارۆچکەی مەندەلی بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ناوەکەی نەمر بێت و دانیشتووان و نەوەی دوای نەوە بە شانازی و کەرامەت و چاکە و ڕەحمەوە یادی بکەنەوە.

٢. تێکۆشەری گەورەی حاجی سایە میر هاشم چەرمۆندی

تێکۆشەری مەزن سایە میر هاشم لە مەندەلی بە تایبەتی لە دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لە گۆڕەپانی سیاسییدا دەرکەوت، کارەکتەر و کەسایەتی ئەم خەباتگێڕە شۆڕشگێڕە بە ئەصڵ و فەصڵە لە نێو ئامۆزاکانی لە خێڵی قەرەلۆس و لە نێو دانیشتوانی مەندەلیدا ناسراوبوو . سایە میری تێکۆشەر وەکو باوکی ڕوحی ڕێککەوتنامەی ئازار بوو لە مەندەلی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی نسکۆ لە ساڵی ١٩٧٥.

ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر و شەرەفەندی هەبوو، ئەو بە یەکەم مامۆستای ڕێکخستن لە قەزای مەندەلی هەژمار دەکرێت و ڕۆڵەکەی لە هیچ یەکێک لە چاودێران و سیاسەتمەدارانی ئەو قۆناغە شاراوە نییە، بە تایبەت ساڵانێک پێش ڕێککەوتنی ئازار لە ڕێکخستنی نهێنی و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە خەباتی ئاشکرا دوای ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠.

ناوبراو بوێری و ئازا و چاونەترس و زیرەکی و عاقڵمەند بوو، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ کۆمەڵێک کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دوورخرایەوە، دوای ڕێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ بەپێی دەق و بڕگەکانی بەیاننامەکە گەڕێنرایەوە بۆ ئەو کاری خۆی و لە کۆمپانیای نەوەتی بەصرە لە باشوری عێراق تەنسیبکرا.

لە ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە لقی سێی پارتی دیموکرات لە شاری کەرکوک کرد، دواتر لەسەر خواستی خۆی دوای دەرکردنی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک، ڕێکخستنە حزبیە نهێنییەکەی لە لقی سێ بۆ لقی پێنجی بەغدا گواسترایەوە.

سایە میر هاشمی تێکۆشە لەبارەیەوە ئەمانەی خوارەوە دەڵێت:

کاتێک بۆ یەکەمجار لە بارەگای ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی لە بەغدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨، دوای سڵاوکردن، نووسراوی گواستنەوەی ڕێکخراوە نهێنییەکەمم دایە دەست صاڵح یوسفی گەورە تێکۆشەر، نووسراوەکە لە شێوەی کاغەزێکی ڕایزی سووکدا بوو، کاغەزەکە داپۆشراو لوولدراو بوو، ئەویش نووسراوەکەی کردەوە و چووە ژوورێکی تەنیشتمەوە، دوای چارەگێک گەڕایەوە ئەو ژوورەی کە من لێی دانیشتبووم و چاوەڕێی دەکرد، زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردم و ڕووی قسەکانی ڕێک لەمن کرد و گوتی: لە ساڵی ١٩٤٦ەوە و تا ئەمڕۆ لە سیاسەت و ڕێکخستندا کار و خەباتم کردووە، کەس پێش تۆ ڕووینەداوە، کە نووسراوی گواستنەوەی حزبیان بە دەستی خۆی بە شێوەیەکی شەخسی و ڕاستەوخۆ بێنێت، جگە لە تۆ نەبێت ئەی سایە میر، (کە ناوی نهێنی سامی هاشم بوو)، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیی و لەناوچوون و ڕەنگە سزایەکەی ببێتە هۆی مردنی یان زیندانیکردن، وەک ئەوەی تۆ کردت، سامی هاشم.

صاڵح یوسفی تێکۆشەر درێژەی بە قسەکانی دا و قسەکانی ئاڕاستەی شەخسی من کرد و گوتی: بەم هەڵوێستە و ئەو کارە سەختەی کە تۆ ئەنجامتداوە، ئەی سامی، ئەوە خۆی لە خۆیدا مەترسییە، سەرکێشی و بوێری و ئازایەتی و چاونەترسیە، بەڵام کارێکی سەخت و قورشە، لە ژێر کاریگەری ئەم دۆخەدا، ئەویش هیوای بە بەختێکی باشی بۆ خواستم زۆری ستایشکردم و تەمەننای سەرکەوتنی لەکارەکانم بۆ خواستم.

صاڵح یوسفیش لەلای خۆیەوە نووسراوی گواستنەوەکەمی ڕادەستی سۆراب داراخان کرد و دوای پێداچوونەوەش ئەویش بە نۆرەی خۆی ڕادەستی عادل مورادی کرد، ئەویش دوای پێداچونەوەی هەندێک لە ڕێنمایی خۆی دەربڕی، لەوانەش پێویستە من پەیوەندی بەو خوێندکاری زانکۆ، بەندەر عەلی ئەکبەرەوە بکەم ئینجا گوتی: من خۆم بۆ ناو حزبم هێناوە،

دوای ئەوەی لە بارەگای ڕۆژنامەی تەئاخی دەرچووم، چاوم بەو خوێندکارە کەوت و دۆخەکەم بە نهێنی تێگەیاند. لە ڕێگەی ئەویشەوە پەیوەندی دروستکرا لەگەڵ هەریەکە لە قوتابیانی زانکۆ ستار سەعدولا و نیعمەت عەلی شا سایە.

دیداری دووەم لە نێوان من و هەردوو قوتابییەکە ، بەندەر عەلی ئەکبەر و سەتار سەعدوڵڵا بوو، لە نێوان هەرسێ لامان ڕێککەوتین کە پێویستە کار و خەباتی هاوبەش و نهێنی لەناو قەزای مەندەلی بکەین.

لە لایەکی ترەوە دیدارێک لە نێوان من و شێخ حاجی حەمیدشەفی سازکرا، ڕێککەوتین وەک گروپ بە نهێنی لەناو قەزای مەندەلیدا کار و خەبات بکەین، هەروەها لە ڕێگەی قوتابی زانکۆ بەندەر عەلی ئەکبەر، پەیوەندیکرا بە هەردوو خوێندکاری زانکۆ کەریم سەلمان و حەسەن حەمە ناسرەوە کرا، بەمجۆرە ئێمە حەوت کەس بووین و بەردەوامین دیداری هاوبەشمان بۆ کاری خەباتگێڕانەی نهێنی لە مەندەلی سازدەکرد، ئێمە تا ئەم کاتژمێرە هێشتا لە بەغداین بەبێ جوڵە و چالاکی.

دوای ڕێککەوتنامەکە و ڕۆژانی دواتر، دەستمان کرد بە جووڵە و چالاکی بەرەو قەزای مەندەلی کرد، پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە بەشێوەی تاک تاکە کرا. ئەم پەیوەندییە ئەوەندە زۆر بوو، تا ژمارەی ئەندامانی سەر بە حیزب لە ماوەی دوو ساڵی پێش ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠ گەیشتە نزیکەی سی (٣٠) کەس، ناویان پێشتر و بە پلەی (ئەندام)ی حزبی هاتبوو، چەند کەسێکیش هەبوون بە پلەی (پاڵێوراو/کاندید).

دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، چالاکوان سایە میر هاشم بەشداری هەشتەمین کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد، کە لە ناوچەی ناوپردان لە قەزای گەڵاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە ١٩٧٠/٧/١ی زایینی بەڕێوەچوو.

سامی هاشمی خەباتگێر(سایە میر) بە گوێرەی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی نیسانی ١٩٧٠ پۆستی ناوچەی مەندەلی پارتی وەرگرت، لەو هەڵبژاردنە سامی هاشم زۆرترین دەنگەکانی بردەوە، لەمیانەی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی، ئەو بروسکەیەی بەناوی ناوچەی مەندەلی نارد، ئەمە دەقەیەتی:

دەقی ئەو بروسکەیە لە ڕۆژنامەی تەئاخی مانگی تەمووزی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە، بەپێی تێڕوانینی زۆرێک لەو کەسانەی لەو ماوەیەدا لەگەڵ سایە میر هاشم (سامی)ی تێکۆشەر ژیاون، بەتایبەتی لە نێوان ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٥، ساڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و ساڵانێک دواتریش، دەبینن کە ئەم کەسە (سایە میر هاشم) ئەگەر سادەترین بڕوانامەی قوتابخانەی سەرەتایی یان ناوەندی هەبووایە، دەبوو ئەم پیاوە زیرەکترین کەسی سەردەمی خۆی بووایە، بەڕاستی ئەم کوالیتییەی هەبوو، بۆیە شایەنییەتی پەیکەرێکی یادگاری هونەریی بۆ دروست بکرێت، کە کەسایەتییەکەی بەرجەستە بکات لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێک لە شارۆچکەی مەندەلی بچەقێنرێت، بۆ ئەوەی ناوی نەمر بێت و منداڵ و نەوەکانی بە شانازی و شکۆمەندی و چاکە و میهرەبانییەوە یادی بکەنەوە.


باسم الاكراد في قضاء مندلي نحيي مؤتمر حزبنا الثامن ونرجو له كل الموفقية في اعماله لما فيه خير شعبنا الكردي وبقيادة ابنه البار المناضل مصطفى البارزاني .

وفي الوقت نفسه نضع بين ايدي المؤتمرين بعض المشاكل في قضائنا راجين الاهتمام بها وخاصة ان هذه المنطقة اهملت منذ زمن بعيد .

١ — ان الاكراد المخلصين في قضائنا مازالوا يهددون من قبل السلطات يرجى وقفهم عند حدهم .

٢ — الاسراع في تبديل الجهاز الاداري لانها منبع الاضطرابات

٣ — فتح مقر حزبنا ومقر اتحاد معلمي كردستان

هذا والى الامام تحت راية حزبنا المجيد بقيادة البارزاني مصطفى .

سامي هاشم

لجنة مندلي

**ئەمەی سەرەوە دەقی ئەو بروسکەیەیە کە لە مانگی تەمووزی ١٩٧٠ لە ڕۆژنامەی تەئاخی بڵاوکرایەوە**

سایە میر هاشم (سامی) تێکۆشەر پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٤ کرد، دوای پەیوەندیکردن، بنەماڵەکەی دەرکران و ئاوارەبوون لە ماڵی خۆیان لە مەندەلی، لە گەڕەکی قەڵای جەمیل بەگ، بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بەرەو زەویەکانی خانەقین بران، پاشان لە دووڕیانێکدا بەجێهێڵدرابوون تا گەیشتنە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، دەست بەسەر موڵک و ماڵە جوڵاوەکانیاندا گیرا و لە زیادکردنی ئاشکرا و لەبەردەم خەڵکدا لە مەندەلی لەلایەن سوڵتانەکانی ئەو سەردەمە فرۆشرا، ئەو بەڵا و ئازارانەی کە بەسەر بنەماڵەی سایە میر هاشمدا هات، هەمان شت بەسەر بنەماڵەی حوسێن فەیزوڵڵا و دایک و باوکی لە یەک ڕۆژدا هات ، هەروەها ئەوەی بەسەر ئەو دوو بنەماڵەیە هات، بە سەر دایک و باوکی حەسەن حەمە ناسر و خوشکەکەی و باوکی جەدعان وسین و دوو خوشکەکەی هات. حاجی سایە میر هاشم دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

١٩٧٥ لەگەڵ خێزانەکەی گەڕایەوە عێراق بۆ مەندەلی بۆ سەر زەوی و زارەکانی خۆیان، تا مردنی لە ساڵی ٢٠١٩ لە بەغدا نیشتەجێ بوو، ئەوکات تەمەنی زیاتر لە ٩٥ ساڵ بوو، بەرەو لای پەروەردگاری گەڕایەوە. بەڕوونی شوێن پەنجەی بوێری و ئیرادە و هەستی ناسیونالیستی کوردانەی لەدوای خۆی بەجێهێشت، تا لە ژیاندابوو لەسەر ڕێباز و قوتابخانەی بارزانی نەمر مایەوە، هیچ ئاڕاستەیەک کاریگەری نەبووە بەسەر ئەو ڕێبازی ئەو گرتبوویەبەر، لە هیچ کەسێکیش شاراوە نییە ، تەنانەت پرۆفیسۆری خاوەن بڕوانامەی باڵا و مامۆستایان و خەباتگێران شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن، کە سامی هاشمی خەباتگێر مۆمێک و مامۆستای تێکۆشەران و گیانی کوڕدایەتی بووە لە قەزای مەندەلی.

لەدوا ڕۆژانی ژیانیدا، سەرەڕای پیری و کەڵەکەبوونی یادەوەرییەکەی، فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیایەک بوو بۆ گێڕانەوەی ڕۆژانی خەباتی نهێنی و گشتی، مێژووی وێستگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوی سەرکردەکانی، ناوی سەرکردەکانی پێشمەرگە، ڕۆژانی تێکۆشانیان لە بەرەکانی جەنگ و مێژووی سەرکەوتن و پاشەکشەکانی شۆڕشی ئەیلول لە سەرهەڵدانییەوە تا ڕۆژانی نسکۆی، کاتێک گوێ لەم تیکۆشەرە ڕادەگریت لەم تەمەنەدا، وەک ئەوە وایە دانیشتوویت و گوێ لە گەنجێک بگریت لە قۆناغی هەرەتی لاوێتیدا بووبێ، لە ڕووی بەرووخستنی پرسیار و وەڵامدانەوە و هەر وشەیەک یان قسەیەک کە دەیڵێت، حیکمەت و وانەیەک لەخۆدەگرێت.

### ٣. دکتۆر بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر

بەندەر عەلی ئەکبەر، کەسایەتییەکی خۆشەویست و ناسراوە لە نێو خەڵکی مەندەلی، لە بنەماڵەیەکی خاکی و بەخشندە و دێرینەوە هاتوو، کە لە گوندی بتکۆکەر ژیاون ، لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەندەلی. خاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری فراوان بوو، میانڕەو بوو لە قسە و تایبەتمەندییەکانیدا، خوێندنی

سەرەتایی و ناوەوەندی و ئامادەیی لە زێدی خۆی لە مەندەلی تەواو کردووە، لە کۆلێژی پەروەردەی بەغدا وەرگیراوە خوێندنی ئەکادیمی سالانی ١٩٦٨-١٩٦٩ تەواوکردووە.

خوێندنی بالای بە بڕوانامەی ماستەر لە کۆلێژی زمان و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، هەروەها خوێندنی دکتۆرای لە زمان و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی ئەنبار تەواو کردووە، ئەم دوو بڕوانامە وای لێکرد، کە ئەرکی ڕاگری کۆلێژی زمان و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی خانەقین بگریتە ئەستۆ، لەم پۆست و ئەرکەدا وەک ڕاگری کۆلێژ کاری کردووە، ماوەی پێنج ساڵ و چوار مانگ ، لە ساڵی ٢٠١٣ دەست پێدەکات تا ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨.

بەندەر یەکێکە لە ڕەمزە بەراییەکانی تێکۆشەرانی نوخبە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکان، ئەو خوێندکاری زانکۆی بەغدا بوو، ئەو پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکات، پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردبوو.

بەندەری تێکۆشەر بە یەکێک لە هێما گرنگە بەراییەکان دادەنرێت، کە ناوکی یەکەمین شانەی نهێنی ڕێکخستنەکانی پارتییان لە قەزای مەندەلی لە دوای ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ پێکهێناوە، وەک بەرپرسی ناوچەی مەندەلی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. دوای چەند مانگێک لە هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە، بە بڕیارێکی لقی پێنج لە بەغدا لە بەرپرسی ناوچە بەخشرا، چونکە وەک مامۆستا. لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٩- ١٩٧٠، لە یەکێک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شارۆچکەی خانەقین دامەزرا، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٤ەوە کرد، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق.

بەندەری تێکۆشەر بە درێژایی خەباتی نهێنی و گشتیی خۆی، سەرەڕای تێپەڕبوونی بە قۆناغی سەخت و ناخۆش، هیچ تووشی نائومێدی و بێزاری

نەبووە، هەندێکجاریش سەرکێشی کردوە و ڕووبەرووی مەترسی بۆتەوە، ئازا و بوێری بووە خەباتە نهێنییەکەی. بە هێزەوە بەرگری لە ناسنامە کوردییەکەی لە شارۆچکەکەی خۆی مەندەلی دەکرد.

لە زۆرێک لە کۆڕ و کۆنفرانسە حزبییەکان و بۆنەکان لەدوای دروستبوونی بۆشایی سیاسی و ڕێکخستن کە بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٥ەوە هاتەپێش، لەم قۆناغە و لەو بۆشاییە سیاسییە کاتییەدا، لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، ژمارەیەک ڕێکخراوی نهێنی کوردی پێکهێنران، لەوانە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی، بەناو (کۆمەڵە) و ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ڕێکخراوەکانی هێڵی گشتی و ڕەوتەکانیان. لەم ڕەوشەدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر پەیوەندی کرد بە بزوتنەوەی (هەڵۆی سوور)، لەگەڵ ئەویش ژمارەیەک ئەندامی خەڵکی مەندەلی و خانەقین و بەغدا پەیوەندییان بەم بزووتنەوەیە کوردییە نوێیە کرد، لە نێویاندا شەهید نەقیبی سەربازیی جوامێر سایە میر فەتاح و خوێندکاری زانکۆ سەلمان داود حوسێنی دۆسا و ئەوانی تر هەن، لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە نهێنییە کوردیەوە (هەڵۆی سور) لەسەر ئەم ڕێبازە ژمارەیەکیان بە دەستی دەسەڵاتی نارەوا لەنێوان سالانی ١٩٧٦ز تا ١٩٧٧ز دوای دادگاییکردنی شکڵی شەهید بوون، لەوانە نەقیبی سەربازیی شەهید جوامێر سایە میر فەتاح و شەهیدی خوێندکاری زانکۆ سەلمان داود حوسێنی دۆسا و ژمارەیەک کەسی خەڵکی خانەقین و سلێمانی و کەرکوک. ڕۆژگاری ئەوسا لە بەرژەوەندی ئەم بزووتنەوە نوێیە کوردییە نەبوو، بەخت یاوەری نەبوو کە لە بەغدا و لە ناوچەی گەرمیان لە خەبات بەردەوام بێ، عەرەب گوتەنی (با بە خواستی کەشتیەکان هەڵناکات).

شایانی باسە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی فەرمی لە زیندانی ئەبوغرێب، نووسەری کتێبەکە، حوسێن فەیزوڵا بە یاوەری هاوسەرەکەی، دوو جار

سەردانی تێکۆشەر شەهید لیوا جوامیر سایە میر مەندەلاوی و خوێندکاری زانکۆ سەلمان داود حوسێنی دۆسا مەندەلاوییان کردووە، دوای ئەوەی بڕیاری ناڕەوای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. لەگەڵ ئەوان لە کاتی چاوپێکەوتنەکەیاندا، هەریەکە لە باوکی شەهید سەلمان حاجی داود حوسێنی دۆسا و حاجی سەمیر باوکی شەهید جەوامیر ئامادەبوون، لە کاتی چاوپێکەوتنی دووەمدا شەهید نەقیب جەوامیر کڵاوێکی خۆی پێشکەشی نووسەر کرد ، کە لە لایەن بڕادەرەکانی لە زینداندا چنرابوو، ئەم دیارییە بەنرخە تا ئێستاش جێگای شانازی و نووسەری کتێبەکە سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل و پێنج ساڵ تا ئێستاش پارێزگاری لێکردووە.

دوای ڕووداوەکانی کوێت لە ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی جەماوەری شەعبانی کە بەسەر زۆربەی شار و ناوچەکانی عێراقدا بڵاوبووەوە، دەرفەتێک بۆ هیوا و گەشبینی بۆ ڕێکخستنەوەی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شار و ناوچەکانی ناوچەی گەرمیان و بەغدا هاتە ئاراوە ، جموجۆڵێک لە نێو بەشێک لە خەڵکی دەرکراو و ئاوارەی مەندەلی دەستی پێکرد، کە زۆرینەیان لە بەغدا دەژین، لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی ناوچەی مەندەلی) پێکهێنرا، بە سەرۆکایەتیی بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر، بە هاوکاری کۆمەڵێک تێکۆشەری دێرین لە خەڵکی مەندەلی و خانەقین کە لە بەغدان، ئەو تێکۆشەران پێشتر ڕێکخستنی حزبییان هەبووە لەناو پارتی تا ساڵی ١٩٧٥، ساڵی نسکۆیەکە. پاش ماوەیەک بەندەر عەلی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە جێهێشت بە هۆکارێک کە پێیوابوو ڕاست و مومکین، دەستبەرداری بەرپرسیارێتی ناوچەی مەندەلی بوو و پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە (یەکێتی)کرد، بە سەرۆکایەتی مام جەلال، تا ئەمڕۆش هەر بەو ئاڕاستەیە درێژە بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی دەدا.

نکۆڵی لە ڕۆڵی پێشەنگایەتی دیار و شەرەفمەندی ئەو ناکرێت و ناوی لە لاپەڕەکانی کەڵەکەبوونی یادەوەری خەباتی مێژووی هاوچەرخی مەندەلی و گەلەکەی لە سەدەی بیستەم و ساڵانی دوای ئەودا دەمێنێتەوە.

ستار نایلی شا وەلی تێکۆشەر، وەک هەمیشە لە زۆر بابەتی سەختدا شانبەشانی بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر وەستابوو، لە هەڵوێستە سەخت و کوشندەکان، یان دەشێت لە ڕێگا تاریک و بنبەستەکان، بەتایبەتی لە کاتی ناهەمواری ڕێکخستنی نهێنی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کە بەهۆی ڕێککەوتنی شومی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ بەسەر گەلی کورد هات، بەڕاستی هەڵوێستێک بوو لە برایەک، هاوڕێیەک، خزمێک، و لایەنگرێک کە بە دەگمەن دەیدۆزیتەوە. ئەو کەسەش (ستار نائێلی)یە. بەڵێ، هاوڕێیەکی تەواوی تەمەنی دوکتور بەندەر عەلی ئەکبەری خەباتگێرە، هەروەها یەکێک لە خزمە دڵسۆزەکانی. نەخێر، ناکرێت دەستبەرداری کەسێک وا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چارەنووسازیی ببێت، بەتایبەت لەو قوناغە سەختەی کە بەسەر ئەندامان و لایەنگرانی ڕەوتی هەڵۆی سوور هات. دەکرێ بڵێین هۆکار و ئامرازی مانەوەی بەندەر عەلی ئەکبەر و ڕزگاربوونی لە تۆمەت و بێتاوانی لە گۆڕەپانەکە، بەهۆی ئەو دۆست و هاوەڵەیەوە بووە، کە ناوی ( سەتار نایلی)ی تێکۆشەرە، ئەگەر ئەو نەبا (بەندەر عەلی ئەکبەر) لەناو دەچوو و لە کاروانی شەهیدانی کورد و کوردستان لەو قۆناغەدا دەژمێردرا.

لە لایەکی ترەوە دەکرێ بڵێین دوکتور بەندەر عەلی ئەکبەری تێکۆشەر، ڕووخساری سپی و گەشاوەی ڕۆح و هەستی ڕەسەنی نەتەوەیی کوردایەتییە بۆ چالاکییە حزبییەکان، بەتایبەتی چالاکی سەردەمی ڕێکخستنە نهێنییەکانی نێوان خەڵکی شارۆچکە مەندەلی خۆشەویست و ناوچەکانی دیکەی وەک بەدرە و جەسان و خانەقین و زورباتیە و بەغدا. بەدرێژایی دەیان ساڵ لە سەدەی بیستەم و لە شوێنە جیاجیاکاندا، ئەو ڕەوتانەی کە پەیوەست بوون بە هەستی ناسیۆنالیستی کوردییەوە، بە مافەکانی

شارۆچکەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی بە ڕوویێکی سپیەوە کاروانی خەبات و قوربانیدانی دوور و درێژیان پێشکەشکردووە، بە شانازییەوە ئەو خەبات و قوربانیدانەیان تۆمارکراون، دوور لە بانگەشە و ساختەکردن. لەم دواییانەشدا کتێبێکی بە ناوی (مەندەلی شاری لەبیرکراو لە حیساباتی سەرکردە کوردەکان و حکومەتەکانی عێراقدا) نووسیوە. ئەم نووسینەش خزمەتێکی کەم و دیارییەکی بە نرخە بۆ شارۆچکەی وێرانی مەندەلی و بۆ خەڵکە چاکەکەی، دکتۆر بەندەر، لە یادی کەسانی دڵسۆز و مێژووی هاوچەرخدا دەمێنێتەوە.

### ٤. کاک سەتار سەعدوڵلا فەتاحی تێکۆشەر:

سەتار سەعدوڵلا لە بنەماڵەیەکی ناسراو و بە ڕەچەڵەکی شارۆچکەی مەندەلییە، لە لادێکانی خوارووی گەڕەکی ئەلجەریەی خوار لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە لە ناوەڕاستی زەوییە کشتوکاڵییە بەرفراوانەکانی نزیک لە سنووری ئێران بەدەستی ڕۆژهەڵات دەژی، باوکی سەعدوڵلا کە بە نازناوی (مەشهەدی سادگە) ناسراوە، لە نێو خەڵک و دامودەزگاکانی حکوومەتی خۆجێی و حیزبدا بە بوێری و ڕاشکاوییەکەیەوە ناسرابوو. باوکی بە ناوی مەشهەدی سادگە هاوسەرگیری لەگەڵ چوار ژن کردبوو، زۆر منداڵ و کوڕ و کچی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەموویان لە یەک بینادا دەژیان کە ژوورەکانی لە نێوان سەوزایی و درەخت و ئاوی زۆردا هەبوو، خودای گەورە بە سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی زۆر بەرەکەتی پێبەخشی بوون، تا ساڵی ١٩٧٥ بە سەربەرزی و دەروون بەرزییەوە ژیاون، لەو بەروارەوە بەدواوە بارودۆخیان خراپتر دەبێت و لەسەر دەستی دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای مەندەلی بۆ بەغدا و شوێنەکانی دیکە ئاوارەبوون و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون. کوڕەکانیشی لێرە و لەوێ پەرتەوازە بوون، دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول هەندێ لە کوڕەکانی عێراقیان جێهێشت و لە شارەکانی ئەوروپا گیرسانەوە.

ماڵباتەکانی مەشهەدی سادگە وەک خێزانە کوردەکانی دیکە، تووشی زیانی زۆر بوونەتەوە لە شاری مەندەلی.
سەتار سەعدوڵڵا، هێمای نوخبەی خەباتکارە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر دەستی ئەو یەکەم شانەی ئەو ڕێکخستنە نهێنییە لە چوارچێوەی قەزای مەندەلی پێکهێنرا.
ئەو قوتابی زانکۆیە، پێش ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە بکات، پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کرد، ئەو لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەی زانکۆ، نیعمەت عەلی شا سایەی تێکۆشەری، دەستگیر کراون و خراونەتە زیندانەوە بە چەند مانگێک پێش ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ ، پێی مەرجەکانی بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ خوێندکارێکی دیگە بەناوە نیعمەت عەلی، ئازاد دەکرێن، دوای ڕێککەوتنامەی ئازار، ستار سەعدولا بە هەڵبژاردنی حزبی وەک ئەندامی ناوچەی پارتی مەندەلی هەڵبژێردرا، بە پەرۆش و چالاکانە لەناو ڕێکخراوە حزبییە گشتییەکاندا کاری کردووە. پێش ڕێککەوتنی ئازار لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کاریکردووە. ئەو و براکانی پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە، شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤، برا سەربازەکەی، جەمال سەعدوڵڵا، لە ساڵی ١٩٧٥ عێراقی بەجێهێشت، وەک پەنابەرێک بەرەو یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپی، لەوێ نیشتەجێ بووە و لەوێ هاوسەرگیری کردووە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە عێراق تا ئەمرۆش.
ئامۆزای سەتار، نەقیبی سەربازی شەهید جوامێر سایە میر فەتاح بوو، کە دوای دەستگیرکردنی و دادگاییکردنێکی ڕووکەشانە لەلایەن دەسەڵاتی ستەمکاری نارەوا لەسێدارە درا، شەهید جوامێری مولازم پێشتر چۆتە ڕیزی ڕەوتێکی کوردی شۆڕشگێڕی بەناوی (هەڵۆی سور).
دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٧٥ی بۆ عێراق ، ساڵی نسکۆی شۆڕشی کورد، لە سێدارەدرا هەر لەو ساڵەدا خوێندکاری زانکۆ سەلمان داود حوسێن

دۆسا لەگەڵ ئەو و ژمارەیەک کەسی دیکەی خەڵکی خانەقین و سلێمانی و کەرکوک لەسێدارەدران. بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەتار سەعدوڵڵا و برا و ئامۆزاکانی و هەستی بەرزیان بۆیە ئەوانە زیاتر تووشی زیان بوونەوە لەسەردەستی ڕژێمی پێشوو.

سەتار سەعدوڵڵای تێکۆشە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بۆ ماوەیەک پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کرد، دواتر بە ساڵانێک دوای ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ بە خواست و قەناعەتی خۆی وازی لە یەکێتی هێنا.

سەتار سەعدوڵڵای خەباتگێر، ئاڕاستە فیکرییەکەی و خەباتە کوردایەتییەکەی هەر چییەک بێت، لە قەزای مەندەلیدا بە هێمای خەبات و فیداکاریی دادەنرێت و ناوی ئەو لە مێژووی خەبات لە قەزای مەندەلیدا بە شکۆمەندی و شانازییەوە لە یادەوەری خەڵکی مەندەلی دەمێنێتەوە.

٥. **نیعمەت عەلی شا قەرەلوسی تێکۆشەر**

نیعمەت عەلی شا لە بنەماڵەیەکی کۆن بە ئەصڵ فەصڵی عەشیرەتی قەرەلوسی شارۆچکەی مەندەلییە، دڵسۆزی و پەیوەستبوونی ئەم بنەماڵەیە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هیچ کەسێک شاراوە نەبوو، ئەو بە یەکێک لە نەوەی یەکەمی ڕێکخستنی نهێنی دوو ساڵ پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ دادەنرێت، ئەو لەو ماوەیەدا خوێندکاری زانکۆ بووە لە کۆلێژی زمانەکان بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا.

دوای ماوەیەک و لە کاتی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی لەگەڵ ستار سەعدوڵڵای خوێندکاری زانکۆ لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی بەغدا، دەستگیرکران. بەر لە ڕێککەوتنامەی ئازای ١٩٧٠ بەماوەی زۆر کەم، لەگەڵ دەستگیراوانی دیکەی کوڕد ئازاد کران.

دوای ڕێککەوتنەکە، عەلی شا سایەی باوکی شارۆچکەی مەندەلی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بۆ ئەوەی

ببێتە یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق .

لە ساڵی ١٩٧٤، نیعمەت عەلی شا، لەگەڵ برا و دایکی، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە (شۆڕشی ئەیلول)ەوە دەکەن، لە ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆ لەگەڵ دایکی و براکانی گەڕایەوە عێراق، بەڵام باوکیان (عەلی شا سایە) بڕیاری گەڕانەوەی نەدا و لە ئێران نیشتەجێ بوو، لەوێ لەگەڵ کچێکی کوردی ئێرانی هاوسەرگیری کرد، تا کۆچی دوایی کرد لە ئێران مایەوە، لە دوای خۆی خێزان و منداڵەکانی لە بەغدا بەجێهێشت و خێزانی دووەم و منداڵەکانی دیکەشی لە ئێران. دوای ساڵانێک لەگەڵ براکانی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی بیستەمدا چووە پاڵ ڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان).

دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، بۆ ماوەی ساڵێک ئەرکی بەرپرسیارێتی کۆمیتەی مەندەلی پێ سپێردرا، کار و خەباتی بۆ شارەکەی کرد، دوای ئەویش جەواد کازم ئەلمەندەلاوی بوو بە بەرپرسی کۆمیتە.

نیعمەت عەلی شا، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیری فراوان بوو، لە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزیدا، بەو پێیەی پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی بوو. لە مەندەلی شارەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد و ناوبانگی باشی لە دوای خۆی بەجێهێشت، کە نەوەکان بە چاکە و بەخێر لەدوای خۆی باسی بکەن.

**٦. مامۆستا حەسەن حەمە ناصری تێکۆشەر:**

پرۆفیسۆر حەسەن لە دایک و باوکێکی بەخشندە و خاکی لە نێو ئەندامانی خێڵی قەرەلۆس لە مەندەلی لە خانەوادەیەکی بە ئەصڵ و فەصڵی ناسراون گەورە بووە، خاوەن کەسایەتییەکی ناسراوە و پاشخانێکی کولتووری فراوانی هەیە، بە تایبەت لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، لەوانەش ڕێزمان، شیعر ، پەند و حیکمەت. دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە، ساڵانێکی زۆر خزمەت دەکات بە وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی.

حەسەن حەمە ناصر قەرەلۆسی تێکۆشەر بە یەکێک لە یەکەم کەسەکان دادەنرێت، کە ڕێکخستنی نهێنی پێکهێناوە، دوو ساڵ پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠، بە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای مەندەلی دادەنرێت، چەند مانگێک دوای ڕێکەوتنامەی ئازاریش بەهۆی چالاکی حزبی و ڕابردووی لە ڕێکخستنەکان، وەک بەرپرسی ڕێکخرای جەلەولای پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

خۆی و عەزیز حەمە ناسری براکەی لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلولی کوردەوە بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر دەکەن، دوای پەیوەستبوونیان، دایک و باوکی لەگەڵ خوشکەکەی و لەگەڵ خانەوادەی سایە میر هاشم چەرمۆندی و حوسێن فەیزوڵا مەندەلاوی لە ماڵ و گوندەکەیان لە قەرەلوس لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی دەربەدەر و و ئاوارەبوو دەکرێن بۆ دەرەوەی ناحیەی مەندەلی بۆ ناوچەکانی قەزای خانەقین لەوێ لە کۆتایی ڕێگایەکی لە چۆڵەوانی فڕێ دەدرێن لە زەوییەکی بە مینڕێژکراوی نائارام بە ئاڕاستەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. هەروەها دەست بەسەر کەل وپەلی جولاوی هەر سێ بنەماڵەکە داگیرا و دواتر لە زیادکردنی ئاشکرادا فرۆشرا و ژمارەیەک مەڕ و بزنی لەنێو ئەو شتە دەستبەسەرداگیراوانە هەبوو.

حەسەنی تێکۆشەر لەگەڵ براکەی، عەزیزی تێکۆشەر و دایک و باوکی و خوشکەکەیان، بە پێی لێبوردنی گشتی کە ئەنجومەنی سەرگردایەتی شۆڕش دوای ڕێککەوتنی شومی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ دەرچووبوو، گەڕایەوە عێراق. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق خزمەتی لە بواری پەروەردەدا و لە پەروەردەی دیالە گواسترایەوە بۆ پەروەردەی موسەننا و لە یەکێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری سەماوە دامەزرا. دوای چەندین ساڵ لە دەربەدەری و دووریی لەسەر داوای خۆی گواسترایەوە بۆ پەروەردەی ئەلرەسافە لە بەغدا.

له ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە بەغدا کردووە، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆمیتەی بەغدای یەکێتی نیشتمانی بەردەوامی بە کاری سیاسی داوە و تا ئێستاش بە چالاکی حزبی و پەیوەندییە سیاسییەکەی لەسەر ئەم ڕێبازی ڕەسەنی کوردایەتی بەردەوامە، تا لە ٢٠٢١/٧/٣١ کۆچی دوایی کرد و بەرەو ڕەحمەتی خوای گەڕایەوە

### ٧. کەریم سەلمان عەباسی تێکۆشەر

کەریم سەلمان لە بنەماڵەیەکی سادەی خێڵی قەرەلۆسە، زانکۆی بەغدا خوێندوویەتی و باکڕاوندێکی فەرهەنگیی باشی هەیە. ناوبراو پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە و پاشان ساڵانێک پێش ڕێکەوتنی ئازار خوێندکاری زانکۆ بووە لە کۆلێژی شەریعەت لە بەغداد پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، بە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکارییەکان دادەنرێت کە لە بەغدا پێش ڕێککەوتنی ئازار پێکهێنرا، لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ هەندێک پۆستی حزبی وەرگرتووە، لەنێویاندا ئەندامی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە جەلەولا، لە ساڵی ١٩٧٢تا ساڵی ١٩٧٤ بە تۆمەتی ڕووداوی بۆردومانی شەمەندەفەری کفری لە جەلەولا دەستگیرکراوە، لەو ماوەیەدا لە بەندیخانەی قەسری زیندانی کراوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ براکەی صالح سەلمانی تێکۆشەر پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولی ڕزگاریخوازی کوردەوە کرد، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ لە ئەنجامی ڕێککەوتنی شومی جەزائیر و لە بە پێی ئەو لێبوردنە گشتییەی سەردایەتی شۆڕش لەو ساڵە دەریکرد گەڕایەوە عێراق.

دوای گەڕانەوەی، خزمەتەکانی لە بواری پەروەردەدا لە پەروەردەی دیالە بۆ پەروەردەی سلێمانی گواسترایەوە، لەگەڵ کچی سەرکردە فازڵ

ئەلمەهداوی، سەرۆکی دادگای شەعب لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هاوسەرگیری کرد. بە تەواوەتی لە سیاسەت و کاری حزبی دابڕا و نەچووە ڕیزی هیچ حزب و بزووتنەوەیەکی کوردی، تەواوی ژیانی خۆی بۆ گرنگیدان بە خێزان و منداڵەکانی تەرخانکرد، بەڵام باوەڕی بە دۆزی کورد ومافە ڕەواکانی و ڕوحی کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی خۆی پاراست،  ئەو لە یادەوەری نەوەی قەومی خۆی بە زیندووی دەمێنێتەوە.

### ٨. ئازادیخواز حاجی شێرزاد کازم قەوەی قەرەلوسی

کەسایەتییەکی ناسراوی بنەماڵەیەکی ڕەسەنی خێڵی قەرەلۆسە، خاوەن خەبات و هەستی نەتەوەیی بوون، زۆربەیان لە مەندەلی پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، هەندێکیان لە بارودۆخی نهێنیدا و هەندێکیشیان بە ئاشکرا ، دوای ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠، شێرزاد کازم قەوای و ئەمیری برای بە نهێنی دوو ساڵ پێش ڕێکەوتنی ئازار پەیوەندیان بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، ئەوان لە نەوەی یەکەمی ئەو ڕێکخستنە نێهێنیەکانی شاری مەندەلی بوون.

حاجی شێرزاد بە یەکێک لە کەسە دیارەکانی خێڵی قەرەلۆس و لە ناحیەی مەندەلی دادەنرێت، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و عەشیرەتی خۆی لە ناوچەکەدا هەڵوێستی ئەرێنی هەیە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، دواتریش بنەماڵەکەی هاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان.

دوای کۆچی دوایی باوکی، بووە براگەورەی ئامۆزاکانی و وەک سەرکردەیان هەڵبژێردرا، دوای نسکۆی شۆڕش گەڕایەوە عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ بوو، ئەو و براکانی و خێزانەکانیان ڕێگرییان لێکرا بگەڕێنەوە بۆ گوندی خۆیان و شارۆچکەی مەندەلی.

دوای ڕووداوەکانی کوێت لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی، گەڕایەوە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکان لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بە پلەی ئەندامی ناوخۆیی ئەو حزبە تا ساڵی ٢٠٠٣، ساڵی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، ئەو بەردەوام بوو لە خەبات تا کۆچی دوایی کرد و بەرەو ڕەحمەتی پەروەردگاری گەورە گەڕایەوە، سیفەتی ڕاستگۆیی و خۆڕاگری و ئیرادەی لە دوای خۆی بەجێهێشت و بە ئاڕاستەیەک نەک دوو ئاڕاستە، ناوی لە یادەوەری خەباتی مێژووی هاوچەرخی مەندەلی تۆمارکرا، لەلای گەلەکەی و دانیشتوانی مەندەلی بە چاکە و میهرەبانییەوە یاددەکرێتەوە، ئەو براکانی کە ڕێبازی پارتی و بارزانییان گرتەبەر.

**٩. عەلی ئەسعەد ڕوستم چەرموندی تێکۆشەر**

عەلی ئەسعەد ڕوستەم کەسایەتییەکی ناسراوە لە نێو ئامۆزاکانی و لە نێو خێڵی چەرموندی، کە تیرەیەکە لە تیرەکانی عەشیرەتی قەرەلۆسی گەورە و لە بنەماڵەیەکی کۆن بە ئەصڵ و فەصڵە، هەر لە گەنجییەوە ڕێبازی تەقوا وهیدایەتی گرتبەر و تا ئەمڕۆش لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بووە، شارەزاییەکی بەرفراوانی هەیە لە زمانی عەرەبی و خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئایینی سادەیە، دەرچووی خانەی مامۆستایان لە باقوبە لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ - ١٩٦٥ ، مامۆستا ، عەلی ئەسعەد ڕوستەم، یەکێک بوو لە یەکەمین تێکۆشەرانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە دوای ڕێککەوتنی ئازار لە خەبات و بزووتنەوەی لە نێو خەڵکدا بەردەوام بوو، ئەو سیمبولێکی دیاری کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی مەندەلی و گوندی بتکۆکەرە. لە ١٩٧٤/٣/٣ لەگەڵ گروپێکی نوخبەی تێکۆشەر لە ڕێگەی مەندەلی - قەرەلۆس - ئێران - کوردستانی ڕزگارکراو، وەک گەڕاوەکانی دیکە دوای نسکۆ گەڕایەوە عێراق، پاشان هەم دوورخرایەوە هەمیش خزمەتی کەرتی پەروەردەی لە مەندەلی بۆ پەروەردەی موسەننا و گوندی ئەلبوخزیر لەگەڵ مامۆستا حوسێن فەیزوڵا گوازرانەوە، زیاتر لە پێنج ساڵ

لەوێ بەسەر دەبەن، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ گواسترایەوە بۆ بەغدا و بەردەوام بوو لە وانەوتنەوە لە قوتابخانەکانی شۆڕش (لە ئێستادا شاری سەدر) لەسەر داوای خۆی لە ساڵانی ١٩٩٤ – ١٩٩٥ خانەنشین کرا، لەگەڵ خێزان و براکانی تا ئەمڕۆ لە بەغدا نیشتەجێ بووە.

لەم دواییانەدا، دوای ڕووخانی ڕژیم لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی، توانی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و پشتیوانی و هاوکاری ڕۆڵە خێرخوازەکانی مەندەلی مزگەوتێک لە گوندی بتکۆکار دروستکرد، لە شوێنی مزگەوتە کۆنەکە، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ڕووخێنرا و جگە لە پاشماوەکانی و ناوەکەی هیچی دیکەی لێ نەمابووەوە. عەلی ئەسعەد بە کارە چاکە و باشەکانی شوێنی خۆی لە ناو دڵی مرۆڤەکانکردەوە و نەوە لە دوای نەوە لە یادی ناکەن.

**١٠. ئازادیخواز، کاک ئیبراهیم عەلیشەفی قەرەلوسی**

کەسایەتییەکی ناسراوە لە بنەماڵەیەکی سادە لە و ڕەچەڵەکێکی ناسراوەی گوندی بتکۆکەرە، بەهۆی زیرەکی و زانیارییەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی ڕاستەوخۆ لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە بۆ پۆلی سێیەم گواسترایەوە. دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی شاری بەعقوبە لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٨ز - ١٩٦٩ز، لەساڵی ١٩٧٠ز - ١٩٧١ز، لە قوتابخانەی گوندی تەحمایە وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزراوە، خاوەنی پاشخانێکی کولتووری گشتیی بوو لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، زۆر زیرەکی و وردبین بوو، حەزی بە وەرزش دەکرد، یاریزانێکی دیاری تیپی تۆپێی قوتابخانەکان بوو لە قوتابخانەی تەهزیبی بنەڕەتی، بەهۆی دۆخی داراییەوە نەیتوانی بەردەوام بێت و خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی عێراق تەواو بکات، پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠، پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد لە مەندەلی.

ئیبراهیم عەلیشەفی تێکۆشەر دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دیارەکانی ناوچەی مەندەلی و ئەستێرەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە لەنێو دانیشتواندا.

بۆ پۆستی بەرپرسیارێتی ناوچەی مەندەلی لە لایەن لقی پێنجی لە بەغدا هەڵبژێردرا و وەک یەکەم بەرپرس لە خەبات و ڕێکخستن بەردەوام بوو تا ساڵی١٩٧٥، ساڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول. وەکو سندوقی ڕەشی فڕۆکەیەک و کۆدەکانی تەنها لەلایەن خێزانەکەی و هاوڕێ نزیکەکانیەوە دەتوانرا شیبکرێنەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ی پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە و دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە عێراق و دووخراوەتەوە و دەربەدەر دەکرێت و خزمەتەکانی لە کەرتی پەروەردەیی لە مەندەلی / دیالە بۆ پەروەردەی ئەلموسەننا گواسترایەوە، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی گوندی النجمی لە ئەلرومەیسە دانرا، ئەم دوورخستنەوەیە و گواستنەوەیە بۆ ئەو و مامۆستاکانی تری پارێزگاری موسەننا بوو، دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق و دوای پێنج ساڵ لە کارکردن لە کەرتی پەروەردەی موسەننا بۆ پەروەردەی ئەلرەسافە بە پشت بەستن بە داواکارییە نووسراوەکانیان، کە پێشکەشی وەزیری حکومەتی خۆجێی ئەوکاتەیان کردبوو، گوازرایەوە، زیاتر لە (٤٠) چل ساڵ لە کاری فێرکردن بەردەوام بوو، تا ئەمڕۆش لەگەڵ خێزانەکەی لە بەغدا نیشتەجێیە. بەردەوام بوو لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی بارزانی نەمری، بەردەوام بوو لە خەبات و بەخشین سەرەڕای تێکچوونی باری تەندروستی لە ئەنجامی ڕووداوێکی شومی ئۆتۆمبێل، ئەمڕۆ لەماڵەوە لەسەر جێگا کەوتووە.

ئیبراهیم عەلی کەسێکی میهرەبان و لێبوردە بوو، چۆن وا نەدەبوو، چونکە ئەو لەسەر دەستی دایکێکی میهرەبانی (دایە نێرگس) پەروەردە کرابوو و

شری پاکی ئەو خواردبوو، بە کەسێکی چاک لە یادەوەری و مێژووی مەندەلاوییەکان باس دەکرێت.

ناوی ئەو تێکۆشەرانەی کە ژیاننامەی خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتیان تۆمارکرابوو، لە نوخبەی خەباتکاری نەوەی یەکەمی ئەو ڕێکخستنە نهێنییەی پێش و دوای ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ بوون، ژمارەیەک لەو تێکۆشەرانە لە دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و لە خەباتکردن بە ئاشکرا بەردەوام بوون، ئەم خەباتکارانە لە ماوەی چوار ساڵی نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی بارزانی نەمری دڵسۆزی و لێهاتووی خۆیان سەلماند. ئەو دارەیان ئاودا لە ڕێکخستنی نهێنی و بەردەوام بوو تا بەرهەمی هێنا و بە بەخشین و ئامادەیی بەردەوام لە گۆڕەپانی سیاسی لە قەزای مەندەلی بەختەوەر بوو، ژمارەیەکیان بۆ پۆستی ناوچەی مەندەلی هەڵبژێردران، لەوانە: جەلال حەیدەر عەبدول باقی، ناسر نادر عەبدوڵا، مستەفا محەمەد ئەحمەد، حوسێن فەیزوڵا مەزلوم، و عەبدولجەلیل کاکی نور.

لە خوارەوە بە کورتی مێژووی خەبات و ژیانیان دەنووسین:

**١. جەلال حەیدەر عەبدولباقی مەندەلاوی**

کەسایەتییەکی ناسراوی و بە ئەصڵ و فەصڵی نێو دانیشتووانی مەندەلی بوو، متمانەی بەخۆی هەبوو، توانا و ئیرادە زۆری هەبوو. لە خانەی مامۆستایان لە باقوبە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٦ دەرچووە و لە قوتابخانەی موسەننای بنەڕەتی لە ناو شارۆچکەی موسەننا دامەزراوە و وانەبێژی زمانی ئینگلیزی پێ سپێردرابوو، هەروەها خوێندکارەکانی هەموو ساڵێکی خوێندن لە تاقیکردنەوەی گشتی بەکالۆریا ڕێژەی سەرکەوتنیان سەدا سەد بوو. پێگەیەکی بەرزی لەنێو مامۆستایان و قوتابی شارۆچکەکە هەبوو، ئەمەش زیاتر ناوبانگی دەرکرد. زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەبواری پەروەردە کاریکرد.

له سەرەتای ڕێکەوتنامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لە ڕیزەکانی ئەو پارتە چالاک و بەهێز خەباتی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ شەرەفی ئەندامێتی لە ناوچەی مەندەلی بەدەستهێناوە، لە ١٩٧٤/٣/٣ لەگەڵ گروپێکی نوخبەی خەباتکارانی شارۆچکەکە پەیوەندی بە ڕیزەکان شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردەوە دەکەن. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و دوورخرایەوە، لەگەڵ دوورخستنەوەکەی خزمەتەکانی لە بواری پەروەردەدا لە مەندەلی دیالەوە بۆ شاری موسەننا گواسترایەوە، لە قوتابخانەی ئەلکەرەمە لە گوندی ئەلسەفران لە قەزای ئەلوەرکە دامەزرا.

زیاتر لە (٥) پێنج ساڵ لەسەریەک لەوێ بەسەر بردووە، سالانی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ لەسەر خواستی خۆی کە نووسراوی بۆ وەزیری حوکمی مەحەلی بەرزکردبووە گواستراوەتەوە بۆ بەغدا بۆ شاری سەدر،

ئەو و بنەماڵەکەی لە بەغدا نیشتەجێ دەبن و لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی دەست بە چالاکی تەشکیلاتی حیزبی نهێنی دەکاتەوە و بووەتە ئەندامی ناوچەی مەندەلی لە بەغدا و تا ساڵی ٢٠٠٣ درێژە بە خەبات دەدات.

دوای پێکهێنانی ناوچەی پارتی لە مەندەلی وەک ئەندامی ناوچەی هەڵبژێردرا، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەوکات لەگەڵ گروپێکی نوخبەی خەباتگێڕ گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە یەکێک لە کۆمیتەی خۆجێیەکانی لقی پێنج درێژەی بە خەباتی خۆی دا و بەردەوام بوو لە خەبات تا کۆچی دوایی کرد، دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراودا، بەرەو ڕەحمەتی پەروەردگار گەڕایەوە، ئەوە لە دوای ئەوە بە چاکە و میهرەبانییەوە یادی دەکەنەوە.

### ٢. ناسر نادر عەبدوڵا مەندەلاوی

کەسایەتییەکی ناسراوە و لە بنەماڵەیەکی خانەدان و بە ئەصڵ و فەصڵە و لە خانەی مامۆستایانی باقوبە لە نێوان سالانی ١٩٦٤- ١٩٦٥ دەرچووە، لە

یەکێک لە قوتابخانەکانی ناوچەی تەرساق لە باشووری شارۆچکەکە دامەزرا لە قەزانییە. باوکی حاجی نادر زۆر گرنگی بەو مزگەوتە دەدا، کە لەلایەن ئەوەوە بە هاوکاری لەگەڵ خێرخوازانی لێهاتوو لە ناو خەڵکی قەزانییە، دوای ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی بتکۆکەری دروستکرابوو، لەگەڵ خێزانەکەی گوندەکەی خۆی بەجێهێشت و چوون لە لایەکی گەڕەکی قەڵای جەمیل بەگ (سوق الصغير) نیشتەجێ بوون، لە بازاڕە گەورەی شارۆچکەکەدا دوکانێکی هەبوو بۆ فرۆشتنی قوماش، لە ساڵی ١٩٧٥ شارۆچکەی مەندەلی بەجێهێشت بەرەو بەغدا چوو، لەوێ ژیاوە و نیشتەجێ بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

ناسر نادری تێکۆشەر دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد لەو شارۆچکەیە و لە ساڵی ١٩٧٢ وەک ئەندامی ناوچەی مەندەلی هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ گرووپێک تێکۆشەری خەڵکی مەندەلی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و دووخرایەوە و خزمەتی پەروەردەییشی لە مەندەلی بۆ دیالە گوازرایەوە، ماوەی (٥ ) پێنج ساڵ لە دیوانییە مایەوە و لەسەر داوای خۆی لە دیوانییەوە گواسترایەوە بۆ پارێزگاری هەولێر، دوای ساڵانێک گەڕایەوە بەغدا و دوای خزمەتی زیاتر لە (٣٠) سی ساڵ لە پەروەردەدا ڕەوانەی خانەنشینی کرا. تێکۆشانی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە ساڵی ٢٠٠٣ وەک ئەندامی لیژنە ناوچەی مەندەلی هەڵبژێردرا.

دوای ئەوەی بەهۆی هەلومەرجێکەوە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بووە شارۆچکەی مەندەلی و ڕێکخستنەکان بەجێدەهێڵێت، گەڕایەوە ناو ڕێکخستنە حزبییەکان لە بەغداد، بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشان لە ڕێکخستنەکانی بەغدا تاوەکو بەهۆی نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراوەوە کۆچی دوایی کرد، کە لە ساڵی ٢٠١٠دا تووشی بووبوو. ناوبراو گەرایەوە

لای پەروەردەگار، بەڵام جێ پەنجەیەکی ڕوونی خۆڕاگری و ئیرادە و ئارامیی لە دوای خۆی بەجێهێشت، کە لە یادەوەری مێژووی هاوچەرخی شارۆچکەی مەندەلی دیارە، ئەوە لە دوای ئەوە لە دوای ناوی بە چاکە و ڕەحمەتەوە ناوی دەهێنن.

**٣. مستەفا محەمەد ئەحمەد مەندەلاوی تێکۆشەر**

کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویست لە نێو خەڵکی شارۆچکەکەی مەندەلی، لە بنەماڵەیەکی خاکی و زەحمەتکێش بوو، باوکی محەممەد ئەحمەد خاوەنی مەڕ و بزنێکی کەم بوو، لە هەمان کاتدا پیشەی قەساب بوو لەناو بازاڕە گەورەکەی ناوەندی شارۆچکەکەدا، دایکی بۆ پرسی کورد کەسێکی بەخشندە بە پەرۆش بوو، گرنگی بە هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی کورد دەدا و بەدواداچوون بۆ پرسی گەلی کورد و پێشهاتەکانی دەکرد، هەموو ڕۆژێک نیوەڕۆ دەهات، سفر تاسێکی بەدەستەوە بوو، کە کەمێک خواردنی کولاوەی تێدابوو، بۆ بەرپرسی ناوچەی مەندەلی مەجید خۆشناوی ئامادەی کردبوو، لەبەر ئەوەی کاک مەجید دانیشتووی شاری مەندەلی نەبوو، ئەو وەک میوانێکی ئازیز لە مەندەلی و لای خەڵکەکەی سەیری دەکرد، لە لایەکی دیکەوە وەک بەرپرسی ناوچەی پارتی مەندەلی، ئەویش ئەمەی دووبارە دەکردەوە، بەخشین و بەخشندەیی و شەرەف هەموو ڕۆژێک تا ڕۆژانی کۆتایی لە جێهێشتنی شارۆچکەی مەندەلی و بەخشینی لە بەرپرسیارێتی بەهۆی تێکچوونی بەپەلەی باری تەندروستییەوە. ئەم هەڵوێستە بەرزەی بەخشندەیی و بەخشین لە ژنێکی خاوەن پێگە و بژێوی مامناوەندەوە ڕەنگدانەوەی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرینەی دانیشتوانی مەندەلییە، شایەنی ستایش و پێزانین و ڕێزە و شایەنی ئەوە.

مستەفا محەممەدی تێکۆشەر هەر لە منداڵییەوە وەرزشی دەکرد و لە کاتی خوێندنی زۆر حەزی بە وەرزشی و تۆپی پێ و گۆڕەپان مەیدان دەهات.

دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی باقوبەی سالآنی خوێندنی ١٩٦٨ بۆ ١٩٦٩- بەشی پەروەردەی وەرزشی، لە سالّی خوێندنی ١٩٧٠ز - ١٩٧١ز لە قوتابخانەی ئەلنەهرەوانی بنەڕەتی کوڕان لە گوندی حاجی عەبد مستەفا لە قەرەلوس دامەزراوە. لە ماوەی خوێندندا بەشێک بووە لە تیپە وەرزشییەکانی قوتابخانە و تیپە بەناوبانگەکانی شارۆچکەکە، هەروەها لە یارییەکانی ئاسنین و مەیدانیدا سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی لە پێشبڕکێی ١٠٠ مەتری، لەناو قوتابخانەکانی قەزاکە و قایمقامیەت، ئەمەش وای لێکرد زیاتر ناوبانگ و ببێتە کەسێکی جەماوەری لە نێو خەلّکی شارۆچکەکەدا، لەگەلّ هاوڕێی یاریزانەکەی ناسر ڕوستم مەندەلاوی وەک باشترین یاریزانی ناحیەی مەندەلی لە تۆپی پێدا هەلّبژێردران.

دوای ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و چالاکانە و دلّسۆزانە خەباتی گشتیی پراکتیزە کرد و لە سالّی ١٩٧٢ وەک ئەندامی ناوچەی مەندەلی هەلّبژێردرا و بەشێکی زۆر لە لاوانی مەندەلی بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی ڕاکێشا.

ئەندامی یەکێتتی مامۆستایانی کوردستان و لقی مەندەلی و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە،.

شەوانە دوای گەڕانەوەی لە بارەگای ناوچە مەندەلی بۆ مالّەکەی خۆی لە ناوچەی قەلآی بالی، تووشی هەولّی تیرۆرکردن بوو، بەلآم چاودێریی خودای مەزن وایکرد هەولّی تیرۆرکردنەکەی پووچەلّ ببێتەوە، کە لە لەلایەن گروپێکی نەناسراوەوە سازکرابوو، چونکە ئەو کەسێکی زۆر چالاک و بە جوولە بوو.

بە درێژایی تەمەنی لە خەباتی گشتیدا دروشمی ئەوەبوو، کە هەراسانی زۆرێک لە سەرکردەکانی حیزبی دەسەلآتداری مەندەلی بکات، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە کرد (شۆڕشی ئەیلولی) سالّی ١٩٧٤ گەڕایەوە عێراق، دوای نسکۆی سالّی ١٩٧٥ ، هەم دوورخرایەوە هەمیش خزمەتی

مامۆستایەتی لە مەندەلی / دیالە گواسترایەوە بۆ پارێزگای ئەنبار - قەزای فەللوجە، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی گوندەکانی قەزاکە دانرا و شەش ساڵ لەوێ مایەوە، دواتر لەسەر خواستی خۆی بۆ بەغدا گوزرایەوە، تا ڕەوانەی خانەنشینی کرا لە بەغدا مایەوە.

دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی گەڕایەوە بەغدا، ئەویش لە ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و تا ساڵی ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە ئەندامی ناوچەی مەندەلی لە بەغدا و ڕێکخستنەکەشی بە نهێنی بوو. دوای ئەم بەرواره و پێکهێنانی ناوچە بۆ پارتی لە مەندەلی، دواتر لە دوای حەیدەر خدر عەباس و ئیسماعیل سایە میر هاشم دەبێتە بەرپرسێکی ناوچەی مەندەلی، بەڵام قەدەر یاوەری نەبوو و لە مەندەلی بمێنێتەوە، چونکە هەندێک بابەتەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەو دەرکەوتن، ئەمەش وای لێکرد شارۆچکەکە بەجێبهێڵێت و تا ئەمڕۆش لە ڕیزەکانی حزبدا کاربکات لەبەغدا، تێکۆشەرێکی خۆپارێز و چالاک و دڵسۆزە، بەڵام لەلایەن پارتەکەیەوە غەدری لێکرا و ئێستاش ماف و پلە و پۆستی شایستەی خۆی پێنەدراوە، سەرەرای لێهاتوویی و دڵسۆزییەکەی بۆ پارتی، بەڵام ئەو ڕەمزی خەبات و فیداکارییە لە نێو خەڵکی مەندەلیدا، لە نێو لاپەڕەکانی یادەوەر و مێژوویی شارەکە یادی خەبات و شانازییەکانی بە چاکە و خێر لەلایەن نەوەکانەوە دەکرێتەوە.

**٤. حوسێن فەیزوڵا مەزلوم مەندەلاوی تێکۆشەر.**

لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٦ی زایینی، پرۆفیسۆری تێکۆشەر ئیبراهیم عەلیشەفی، بە سوپاسەوە ژیاننامەی مامۆستا حوسێن فەیزوڵلا وەک ئەمەی خوارەوە نوسی:

شاراوە نییە بۆ ئەوانەی لێم نزیکن و هاوڕێیانم، من چەندە پەیوەندی بەهێزم لەگەڵ ئەم مامۆستا دۆستەم هەیە، پەیوەندییەک کە پەیوەستە بە متمانە و لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگی بۆ زیاتر لە (٦٠) شەست ساڵی

بەردەوام بەبێ پچڕان، لە تاریکترین هەلومەرج و سەختی و لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە قۆناغی سەرەتایی خۆمانەوە دەست پێ بکەین و تێپەڕین بە خەباتی هاوبەشی گشتی و پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردی ١٩٧٥ و گەڕانەوەمان بۆ عێراق لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ و ڕاگواستن و دەربەدەریمان پێکەوە لە مەندەلی/دیالە بۆ موسەننا (سەماوە) و مانەوەمان لەوێ بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ، پاشان لە ڕووی ئیداریەوە لە موسەنناوە بۆ بەغدا/ ئەلرەسەفا گواسترایینەوە.

لە پێناو مێژوو و ئەمانەتەوە، ئەوەی لە یادەوەریمدا هەیە بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزانە سەبارەت بە ژیاننامەی ئەم هاوڕێ دڵسۆزە، واتە مامۆستای تێکۆشەر حوسێن فەیزوڵا مەندەلاوی ، سەبارەت بە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو دەنووسم، بەو شێوەیەی، کە لە مێشک و ویژدانمدا گیربووە، بەپێی کەڵەکەبوونی یادەوەریمەکان لەبارەیەوە دەنووسم.

لە بنەماڵەیەکی دێرینی بە ئەصڵ و فەصڵی ناسراوی شارۆچکەی مەندەلین، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەندەلی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٦٢ – ١٩٦٣ لە خانەی مامۆستایان لە باقوبە وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٦٥ لێی دەرچووە.

بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەی ئەلنەهرەوان بنەڕەتی لە گوندی حاجی عەبد مستەفا لە دەڤەری قەرەلۆس دامەزراوە و دوای دوو ساڵ خزمەتکردن لەسەر داوای خۆی بۆ قوتابخانەی ئەلفجر ئەلجەدیدی بنەڕەتی لە گەڕەکی کەبراتی مەندەلی گواسترایەوە ، ڕاسپێردرا بۆ وانەوتنەوە لە پەروەردەی هونەری و وەرزشی، لە ماوەی پێنج ساڵی وانەوتنەوە لە فەجری جەدید، قوتابخانەکە بە سەرپەرشتی ئەو خەڵاتی یەکەمی پەروەردەی هونەری لە پێشانگای ساڵانەی قەزای مەندەلی بۆ هەر پێنج ساڵە بردەوە، هیچ قوتابخانەیەک شانی لە قوتابخانەکەی ئەو نەدەدا لە تەواوی شارۆچەی مەندەلی، لە وانەی وەرزشیش قوتابخانەکەی خەڵاتی یەکەم لە ڕاکردن و

خەڵاتی دووەمی لە گۆڕەپان و مەیدان لە نمایشکردنی ساڵانەی قەزاکە بۆ چەندین جار بەدەستهێنا.

بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە، دوو ساڵ دوای ڕێککەوتنامەی ئاداری ۱۹۷۰، بە ئارەزووی خۆی لە قوتابخانەی نەفجری جەدیدەوە گواسترایەوە بۆ یەکەم قوتابخانەی مەندەلی بنەڕەتی لەناو شارۆچکەکەدا، لە قوتابخانە نوێیەکەی (مەندەلی)، کە یەکەم بوو، بۆ وانە وتنەوەی پەروەردەی هونەری ڕاسپێردرا .

لە ۳ی ئازاری ۱۹۷٤ قوتابخانەکەی و زێدی خۆی لە مەندەلی بەجێدەهێڵێت و پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەکات واتە شۆڕشی ئەیلوولەوە، لە ڕێگەی پەیوەندیی من لەگەڵی و بەدواداچوونم بۆی، بەهرەیەکم لە ناویدا دۆزیەوە بۆ هونەری وێنەکێشان و خۆشنووسی و پەیکەرسازی. ئەم بەهرەیە لە منداڵی مەندەلی و لە نێو قوتابخانەکان و ستافی پەروەردەدا شاراوە نییە و هەر لە منداڵییەوە و چوونە ناو قوتابخانە لە ڕێگەی قۆناغەکانی خوێندن و خزمەتەکانییەوە. لە بواری پەروەردەدا.

لە ساڵی خوێندنی ۱۹۷۰- ۱۹۷۱، بەشداری پێشبڕکێیەکی دیزاینی لۆگۆی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی کرد، کە تێیدا زیاتر لە (۱۷۵) سەد و حەفتا و پێنج هونەرمەندی ژن و پیاو بەشدارییان تێدا کرد، لە ناوچە و شارە جیاجیاکانی کوردستان و ناوچە و شارەکانی عێراق، مۆدێلی دیزاینەکەی کە پێشکەشی کرد و بەشداریی لە پێشبڕکێکەدا کرد بە شێوەیەکی شایستە خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا، هەروەها مامۆستای هونەرمەند حوسێن فەیزوڵا مەندەلاوی خەڵاتی پێبەخشرا، خەڵاتەکە دیارییەکی نەختینەیی ڕەمزی بوو، مۆدێلی دیزاینی براوەی وەک لۆگۆی فەرمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تا ساڵی نسکۆکە، ۱۹۷۵ ببووە دروشمی ئەو ڕێکخراوە.

ئەم سەرکەوتنە نایاب و ناوازەیە بۆ ئەم دیزاینە و بۆ ئەم هونەرمەندە بە پاڵپشتییەکی ئەخلاقی دادەنرێت بۆ ناوچەی مەندەلی بۆ حیزب و شارۆچکەی

مەندەلی و دانیشتوانەکەی لە نێو شار و ناوچەکانی کوردستان. ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە نووسینی لافیتە و دروشم و لە بۆنە نەتەوەیی و حزبی و نیشتمانپەروەرییەکاندا هەبوو، لە کەسایەتییەکی وەک ئەو تێکۆشەر و لایەنگرە پاڵپشتیکەرەی خەڵکی مەندەلی شاراوە نییە، لەوسەردەمدا ئەو تاکە خۆشنووسی ناوچەی مەندەلی بوو. ئەو خەباتکارێکی نهێنی پارێز و دڵسۆز و چالاک بوو، وێڕای خۆنەویستی و سرووشتی هێمنانەی خۆی، ، ڕۆحێکی کراوەی هەبوو، بە مۆڕاڵێکی بەرزەوە لەگەڵ دەوروبەر و هەلومەرجەکەدا دەگونجا، بەبێ بێزاری، بوێر و ڕاشکاوانە بوو، پاشخانێکی کولتووری باشی هەبوو، بەتایبەتی لە بواری هونەردا.

سالّی ١٩٧٠ لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری نوێنەری سکرتارییەت هەڤاڵ عەزیز شێروان وەک بەرپرسی سەندیکای مامۆستایانی کوڕدستان دیاریکرا، لە دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ توانی زۆرێک لە مامۆستایان پەیوەست بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکات، هەروەها ژمارەیەک قوتابی و فەرمانبەریشی هێنایە ناو پارتییەوە.

کاتێک پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، توانی ٢٥ کەسیش لەگەڵ خۆی بۆ ناو شۆڕش بێنێ.

خۆبەخشانە لە غیابی من، لە مەندەلی بەرپرسیارێتی دانانی مۆری ناوچەکەی لە ئەستۆ دەگرت و وەک بەرپرسێکی ناوچەی مەندەلی مامەڵەی دەکرد، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی من مەندەلیم جێهێشت بوو و بەرەو کوردستانی ئازاد ڕۆیشتبووم، سەرباری ئەو وێستگە و ناوچانەی پێیاندا تێپەریون بەلای دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێران لەسەردەمی شاهەنشاهی، بەڵام ئەو توانی ئەو مۆرە بشارێتەوە و بە دەستی خۆی ڕاستی بکاتەوە، دوای گەیشتنی لەگەڵ کاروانەکەی مەندەلی تا ناوچە ئازادکراوەکانی کوڕدستان بە هاوکاری عەلی ئەسەد ڕۆستەمی تێکۆشەر.

بە هۆی هەڵوێستە دیار و چالاکەکانی و پەیوەست بوونی بە شۆڕشەوە، دەسەڵاتی ناڕەوا لە ناوەڕاستی مانگی پێنجدا (ئایار)ی ساڵی ١٩٧٤ دایک و باوکی و بنەماڵەکەی، لەگەڵ بنەماڵەی تێکۆشەری گەورەی سایە میر هاشم، لە ماڵەکانیان دوورخستەوە و بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی (زیل) ڕاگواستن، کە منداڵ و کۆرپە و کەمئەندام و بەساڵاچوویان لەناودابوو، دوورخرانەوە و گواسترانەوە بۆ زەویەکانی خانەقین و لەوێ لە چۆڵەوانییەکی مینرێژکراو ئازادکران و بەرەو ناوچەکان ئازادکراوەکانی کوردستان چوون، دەست بەسەر موڵکی جوڵاوی ئەو دوو بنەماڵەیە گیرا و مۆری مۆمی سوور لەسەر دەرگاکە بۆ هەریەکێکیان دانرا، دوای چەند ڕۆژێک موڵکی جوڵاوی ئەو دوو بنەماڵەیە، سایە میر هاشم و حوسێن فەیزوڵا، لە زیادکردنی ئاشکرای گشتی و لەبەردەم کۆبوونەوەی خەڵکی لە حەوشەی گازینۆی شارەوانی لە ناوەراستی شاری مەندەلی فرۆشران.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٥ لەگەڵ بنەماڵەکەم گەڕامەوە، لەگەڵ مامۆستا حوسێن فەیزوڵا و بنەماڵەکەی و دایک و باوکی، لەگەڵ مامۆستا عەلی ئەسعەد ڕوستەم و مامۆستا جەلال حەیدەر عەبدولباقی، مامۆستا ناسر نادر عەبدوڵا و حاجی سایە میر هاشم و بنەماڵەکەی. هەمووومان لە مانگی چوارەم (نیسان)ی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاینەوە عێراق، دوای ئەوەی یەکسەر گەڕاینەوە عێراق، لەگەڵ مامۆستا حوسێن فەیزوڵلا و مامۆستا عەلی ئەسعەد ڕوستەم، و مامۆستا جەلال حەیدەر عەبدولباقی لە پەروەردەی دیالە بۆ پەروەردەی موسەننا گوزراینەوە، ئێمە لە گوند و ناوچە گوندنشینەکانی ئەم قایمقامیەت دانراین (دامەزراین)، سەبارەت بە مامۆستا ناسر نادر عەبدوڵا، گواسترایەوە بۆ دیوانیە. لەو قۆناغە و قۆناغەکانی دواتردا ڕێگریمان لێکرا بگەڕێینەوە بۆ شارۆچکەی مەندەلی خۆمان، ئێمە چوار مامۆستاکە زیاتر لە پێنج ساڵی خوێندنمان لە بواری پەروەردەدا لە پەروەردەی موسەننا بەسەر برد، تا ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ –

١٩٨٠، لەسەر داخوازی خۆمان و لە پەروەردەی موسەننا گواستراینەوە بۆ پەروەردە بەغدا/رەسافە، لە کەرتی پەروەردە بەردەوام بووین تا ڕەوانەی خانەنیشین بووین کراین، دوای کەوتنی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، نازەنینی کچی بووە ئەندام لە یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ بووەتە یەکێک لە ڕاوێژکارانی لقی پێنج لە بەغدا، تا ئێستاش بەردەوامە لە ڕێباز و بیرکردنەوەی کوردایەتی لە ژێر چەتری بارزانی نەمر، بە دڵسۆزی و جۆش و خرۆشەوە، لە هەموو بۆنە و هەڵوێست و چالاکییە حزبییەکاندا کاردەکات.

ئەو زانیاریانەی نووسیومە، سەبارەت بە لایەنێکی ژیاننامەی مامۆستای برا حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی، بەکورتی و بەگوێرەی قەناعەتی شەخسی خۆم لە ڕاستی و دروستی و ڕاستگۆیی و ئەوەی لە کەڵەکەبوونی یادەوەریمدایە.

هیوادارم لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خوێنەری بەڕێزدا بم

براتان ئیبراهیم عەلی شەفی
لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/٢١ز

## تێکۆشەری گەورە کاکی حاجی نور عەلی مەندەلاوی

کەسایەتییەکی ناسراوی مەندەلییە و لە بنەماڵەیەکی بە ئەصڵ و فەصڵە. ئەو موڵک و ماڵی زەوی و باخی کشتوکاڵی و فرۆشگایان لە ناو بازاڕی گەورەی هەبوو، گوزەرانیان و ژیانیان باش بوو.

دوای ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ برا و کوڕەکانی و برازاکانی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. کاکی تێکۆشەر بە یەکێک لە بەرچاوترین کادیرە ئاشکراکانی دادەنرێت، سەرەرای پیرییەکەی، خاوەن چالاکیی و پر ژیانی رۆحی بەرز بوو، لە بڵاوکردنەوەی ڕێباز و بیری قوتابخانەی بارزانی و پارتی لە نێو خەڵکدا لە مەندەلی زۆر چالاک بوو.

بەهۆی ئەم هەڵوێستە چەسپاو و ئاراستە ئاشکرایەی هەیبوو، هەروەها خاوەن ڕۆحی هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی خۆی بوو، بە گوتەی سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتدار (حزبی بەعس) لە شاری مەندەلی، ئەگەر بۆیان بلوابا زیان و تۆڵەیان لەم پیاوە گەورە و برا و برازاکانی دەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کوڕەکانی: یوسف و جەبار و ستار و عەبدولجەلیل و یونس و جەمیل و براکانی خۆی: مەحموودو شەعبان و برازاکانی: کە مەهدی میرزای تێدابوو، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردی (ئەیلول)ەوە کرد.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، هەموویان گەڕانەوە بۆ عێراق و ڕێگریان لە گەڕانەوە بۆ شارۆچکەکەی مەندەلی و چۆنە ناو ماڵەکانیان لێکرا، بۆیە ناچاربوو لە بەغدا بژین و تێیدا نیشتەجێ بن، بەڵام ئەوان لەلایەن پیاوانی ڕژێم لە ژێر چاودێریدا بوون.

ئەو لەگەڵ سێ کوڕەکەی بۆ ئێران دوورخرانەوە، لەبەر هیچ نا، تەنیا بۆ تۆڵەسەندنەوە و ڕق لەم خێزانە تێکۆشەر لەبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان بوو، سەرەرای ئەوەی کە بەڵگە و بروانامەی فەرمییان بەناوی باوب و



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

باپیریان هەبوو، کە دەسەلمێنێت ئەوانە عێراقین و هەڵگری بەڵگەنامەی بەشی خانووبەرە بۆ موڵکەکانیان لە باخ و زەوی و خانوو، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی لە عێراق.

ژیانی لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاوسەرەکەی (بەناوی ئوم یوسف) و منداڵەکانی لە غوربەتی لە ئێران بۆ چەندین ساڵی پڕ دەردەسەری بەسەر برد، هەر لە ئێران کۆچی دوایی کرد و بۆ لای پەروەردگاری مەزن گەڕایەوە، هاوسەرەکەشی دوای ماوەیەک کۆچی دوایی کرد، پێش مردنی لە کاتێکدا لە ئێران بوو، منداڵەکانی کۆکردەوە و وەسیەتنامەیەکی بۆ بەجێهێشتن، کە تیایدا نووسیبووی پێویستە لەسەر ڕێباز و ڕێچکەی بارزانی نەمر برۆن.

جێ پەنجەی ڕوون و نیشانەی ئیرادەیەکی سپی و خۆڕاگری و بە یەک ئاراستە لەدوای خۆی جێهێشت، ئەویش ڕێبازی بارزانی نەمر بوو، ناوی لە لاپەڕەکانی خەبات و ئیرادەدا لە مێژووی هاوچەرخی شارۆچکەی مەندەلی لە سەدەی بیستەمدا تۆمار کرا، نەوەکانی دانیشتوانی مەندەلی بە چاکە و میهرەبانییەوە یادی دەکەنەوە.

### ٥. مامۆستا سەدیق محەمەد عەبدولحوسێن

مامۆستا سەدیق، کەسایەتییەک لە بنەماڵەیەکی ناسراو و بە ئەصڵ ە فەصڵ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە زێدی خۆی لە مەندەلی تەواوکردووە.

چووەتە پەیمانگای مامۆستایان لە باقوبە و لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەرچووە، بۆ یەکەمجار لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ناحییەی مەندەلی دامەزراوە.

ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە شاری مەندەلی کرد. وەک ئەندامێکی پێشەنگی یەکێتی لاوانی کوردستان لە مەندەلی هەڵبژێردرا، لە ڕێزەکانی

پارتی و لەناو خەڵکی مەندەلی خەباتی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێباز و قوتابخانەی بارزانی نەمر کردووە، ئەو لە فیکر و خەباتدا میانرەو بوو، بە سیمبۆڵی ڕێکخستن دادەنرێت. لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە پارتییەوە دەکات، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق، لە پەروەردەی دیالە گواسترایەوە بۆ پەروەردەی کەربەلا و چەندین ساڵی لەوێ بەسەر برد، دواتر لەسەر خواستی خۆی گواسترایەوە بۆ بەغدا، ڕێگری لێکرا بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە مەندەلی، خۆی و بنەماڵەکەی لە بەغدا نیشتەجێ بوون، تا ئەمڕۆش لەگەڵ ئاڕاستە و بیرکردنەوەی بارزانی نەمردا مایەوە.

لە شارۆچکەی مەندەلی چەندین تێکۆشەر هەن، کە درێژەیان بە خەباتداوە، هەر لە ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٥ ی ساڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لەوانەش **حەیدەر خدر عەباس** قەرەلۆسی تێکۆشەر، کە کاریگەری ئەرێنی بەرجەستەی لە نێو خەڵکی خێڵی قەرەلۆس هەبوو، لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و دوورخرایەوە و لە پەروەردەی دیالەوە گواسترایەوە بۆ پەروەردەی ئەنبار، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی گوندەکانی قەزای فەللوجە، زیاتر لە پێنج ساڵ لە پیشەی مامۆستایی لەوێ بەسەر بردووە، لە پەروەردەی ئەنبارەوە گواسترایەوە بۆ پەروەردەی بەغدای ڕەسافە، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٧٥، ڕێگری لێکرا بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە مەندەلی بۆ سەر زەوی و شوێنی نیشتەجێبوونی لە قەرەلۆس.

لەسەر ڕێباز و قوتابخانەی بارزانی نەمر ڕۆیشت تا ئەمڕۆش بەردەوامە لەم ڕێبازە، هەروەها تێکۆشەر **تاهیر عەبد حەسەن قەرەلۆسی**، دوای ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و کاریگەری ئەرێنی ڕاستەوخۆی لەنێو ئامۆزاکانیدا

هەبووە لە خێڵی قەرەلۆس، بە هێمای خەبات لە قەرەلۆس دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و ڕێگری لێکرا بگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەکەی مەندەلی و بۆ شوێنی نیشتەجێبوون خۆی لە قەرەلۆس، لە پەروەردەی دیالە گواسترایەوە بۆ پەروەردە لە پارێزگای ئەنبار، تا ئەمڕۆش لەگەڵ فیکر و قوتابخانەی نەمری بارزانی مایەوە.

سەبارەت بە **غولام شای قەلی** تێکۆشەر، ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، بە جۆش و خرۆشەوە و چالاکانە لە ناو ڕیزەکانی حیزبدا خەباتی کرد، کەسایەتییەکی دیاری و ڕەمزی تێکۆشەرانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناحیەی مەندەلی، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێیی قەزاکە چاودێری دەکراو و ڕاوەدوی دەنرا پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە کرد، لە ساڵی ١٩٧٤ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و ڕێگری لێکرا گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی لە مەندەلی، تا ڕۆژانی مردنی لە بەغدا ژیاوە، غولام شا قەلی تێکۆشەر لە بنەماڵەیەکی ناسراو و کۆنی مەندەلی بووە.

بەهەمان شێوە **عەبدولساحێب عەبدوڵا نیاز** تێکۆشەرێکی چەقبەستوو بوو، کە لە سەرەتای ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠دا پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و لە مەندەلی لەلایەن سەرکردەکانی ڕژێمی پێشووەوە بەدواداچوون و چاودێری دەکرا، چونکە لە ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ی زایینی پاسەوانێکی دڵسۆز بوو لە بارەگای ڕێکخراوی مەندەلی، تاکە دابەشکەری ڕۆژنامەی "تەئاخی" بووە، ئەو کۆپییەکانی ڕۆژنامەکەی بەسەر خەڵک و بەسەر بەرپرسانی مەندەلیدا دابەش دەکرد، هەندێکجار ڕێگری لێکراوە لە دابەشکردنی ڕۆژنامەکە ، بەڵام لە ڕێبازەکەیدا خۆڕاگر بوو و هەوڵیدا ڕۆژنامەکە بگەیەنێتە دەست

وەزارەتەکانی دەوڵەت و بەرپرسان، پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٤ەوە کرد، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق و ڕێگری لێکرا لە گەڕانەوەی بۆ وڵات، بۆ زێدی خۆی لە مەندەلی و تا ئەمرۆش لە بەغدا دەژی.

بەهەمان شێوە مامۆستا **حوسێن عەبدولسەتار تۆفیقی** تێکۆشەر، ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبەوە کرد، بە پەرۆش و چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی قوتابیان لە قەزای مەندەلی خەباتی کرد، دوای ئەوەی سکرتێری یەکێتی قوتابیان شەهید سۆبحی بایرام وەلی چەرموندی پەیوەندی بە کۆلێژی پۆلیسەوە کرد، وەک سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرا، حوسێن عەبدولسەتار لەو پۆستەی مایەوە تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە کرد لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە عێراق.

هەرچی **حوسێن فاتی تۆفیقی** تێکۆشەر بوو، سەرباری پیرییەکەی، ئەوا هەر لە سەرەتاپەیوەندیکردنی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئیرادە و دڵسۆزیەوە خەباتی کردووە، دوای ڕێککەوتنی ئازاری١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٥ یەکێک بووە لە کەسە دیارەکانی ناو ڕێکخستنی ئاشکرا لە قەزای مەندەلی، بە هۆی پیرییەوە نەچووە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول، بەڵام باوەڕی بە مافەکانی گەلی کورد و خواستە ڕەواکانی هەبوو، هەر لەو ڕێبازە و قوتابخانەی بارزانی نەمردا مایەوە، تا کۆچی دوایی کرد بۆ ڕەحمەتی پەروەردگاری گەورەی گەڕایەوە، جێ پەنجەی دڵسۆزی و ئیرادەی لەسەر مێژووی هاوچەرخی شارۆچکەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی بەجێهێشت.

سەبارەت بە تێکۆشەر **سەید ئەحمەدی** خەڵکی ناوچەی بویاقی، کە بە (سەید ئەبو شەهاب) ناسرابوو، تێکۆشەرێکی ناسراو و لە بنەماڵەیەکی کۆنی بە ڕەچەڵەکی مەندەلی بووە، دوای ڕێککەوتنی ئازار پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد لە مەندەلی. سەرەڕای پیرییەکەی،

چالاک و دڵسۆز و بەئیرادە بوو، بە ڕۆحێکی بەرز و هەستێکی نەتەوەیی ڕەسەنەوە کاریکردووە، بەهۆی نەخۆشییەوە نەچووە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە. بەڵام بەردەوام بوو لە پەیڕەوکردنی ڕێبازی بارزانی نەمر تا کۆچی دوایی کرد بۆ لای پەروەردگار گەڕایەوە، جێ پەنجەی دڵسۆزی و وەفا و خۆڕاگریی بەجێهێشت، نەوەکان بە چاکە و میهرەبانییەوە یادی دەکەنەوە.

لە لایەکی چەندان کەسی دیکە لە گۆرەپانی خەبات بەڵێنیان بە ڕێبازی بارزانی نەمردابوو کە گیانی خۆیان بۆ بکەنە قوربانی و لە پێناوەدا ڕووبەرووی هەموو سەختی و ناخۆشییەک ببنەوە، ئەوانە بەر لە ڕێککەوتنامەی ئازار لە ڕێکخستنی نهێنی کاریان کردووە، لەوانە:

١. شەهید سوبحی بەیرام وەلی
٢. محەمەد زاهیر شاهین مامە خان
٣. ئەنوەر سایە میر هاشم
٤. ئیسماعیل سایە میر هاشم

هەشیان بوو لە دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە ، ئەوانیش بریتین لە:

١. کەمال ڕەحمان
٢. سدیق عەلی خانە
٣. مەهدی میرزا نور عەلی
٤. نووری باوی داود
٥. باوی بەگ موراد
٦. حوسێن عەبدولسەتار تۆفیق
٧. محەمەد خورشید مەجید
٨. عەلی حوسێن شەمما

٩. صالّح سەلمان
١٠. شهاب عەلی واسی
١١. جەمال عەلی شا
١٢. جەلیل جەبار
١٣. ئەکبەر عەلی جان
١٤. جەوهەر دەروێش
١٥. عەلی هاشم حوسێن
١٦. عەلی بازێک
١٧. عەلی سایە میر فەتاح
١٨. وەلی سایە میر فەتاح عەلی شێری
١٩. نوعمان حەسەن خاکی
٢٠. ڕەزوان سەلمان
٢١. فواد عەلی ئەکبەر
٢٢. ڕەفعەت ڕەزا قەوەی
٢٣. زیاد ئەمیر
٢٤. گۆهدار ئەمیر
٢٥. شەوکەت ئەلیاس
٢٦. ئیسماعیل حەسەن عەوانت
٢٧. لەتیف عەلی.

ئەم قوتابیانە و ئەوانی دیکە ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠. ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەیان بینی لە پێگەیاندنی قوتابیان و ڕێکخستنیان بۆ ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی کوردستان و ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**شەشەم: ڕاپرسی قوتابخانەکان لە نێوان قوتابیانی قوتابخانەکان سەنتەری مەندەلی**

لە قوتابخانە سەنتەری شاری مەندەلی ماوە بە ماوەیەک دوای ڕێکەوتنامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١، لیژنەیەک کە بە پێی برگەکانی ڕێککەوتنامەی ئازار بە فەرمی لە لایەن وەزارەتی کاروباری باکورەوە مۆڵەتی پێدرابوو، گەیشتە شارۆچکەی مەندەلی، لیژنەکە پێکهاتبوو لە:

١- نوێنەری وەزارەتی کاروباری باکور بە تایبەتی نوێنەری وەزیری عەبدولڕەحمان سامی مەحموود، کە ئەوییش کاک حوسێن ڕەشوانی بوو.

٢- نوێنەری بەڕێوەبەری پەروەردە لە دیالە.

٣- نوێنەری بەشی خوێندی کوردی لە پەروەردەی دیالە، کە ئەویش پرۆفیسۆری یاریدەدەر جەعفەر ڕۆکان بوو.

لێژنەکە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە سەردانێکی لەناکاویان بۆ شاری مەندەلی ئەنجامدا و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامەکانیدا یەک لە دوای یەک چوونە قوتابخانەکانی سەنتەری شاری مەندەلی و لە یەکەم کاتژمێرەکانی دەوامی فەرمییەوە، لیژنەکە بە فەرمی (ڕاپرسی) ئەنجامدا. لە نێو قوتابیانی هەر قوتابخانەیەکی سەرەتایی بەبێ لایەنی تەواو و دوور لە دەستوەردان و لە هەر لایەنێک.

شێوازەکە ئاسان و بێ کێشە بوو، ژمارەی قوتابخانەکان لەم ماوەیەدا تەنیا پێنج قوتابخانە بوو لە ناو شارۆچکەکەدا، ئەوانیش:

١. قوتابخانەی مەندەلی ئولای بنەرەتی کوڕان
٢. قوتابخانەی مەندەلی ثانویەی بنەرەتی کوڕان
٣. قوتابخانەی تەهزیبی بنەڕەتی کوڕان
٤. قوتابخانەی موسەنناى بنەڕەتی کوڕان
٥. قوتابخانەی مەندەلی بنەرەتی کچان

پرۆسەی ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە بوو: لە پۆلی شەشەمەوە دەستی پێکرد و بە پۆلی یەکەم کۆتایی هات، پرسیارەکەش ئەوەبوو:

**ئەی قوتابی لە ماڵەوە دایک و باوکت بە چ زمانێک قسەت لەگەڵ دەکەن ؟**

ئەوانەی بە زمانی کوردی دەزانن لە گۆشەیەکی پۆلەکە کۆدەبنەوە، ئەوانەی بە تورکمانی دەزانن لە گۆشەیەکی تر کۆدەبنەوە و ئەوانەی بە زمانی عەرەبی دەزانن لە شوێنێکی دیکەی ناو پۆلەکە کۆدەبنەوە، دوای ڕیزکردن و ژماردن و ناونوسکردنیان لە ماوەی چەند خولەکێکدا، دەچنە سەر پۆلێکی دیکە، بەم شێوەیە تا ڕاپرسیەکە لە هەموو پۆلەکان تەواو دەکەن، دواتر لیژنەکە لە قوتابخانەکە دەڕوات و دەچێتە قوتابخانەیەکی تر، بەم شێوەیە پرۆسەکە لە کاتی دەوامی فەرمی خوێندندا لە یەک ڕۆژدا ڕوویدا. ئەنجامەکان بەرز دەکرێنەوە، هەموو زانیاریەکان پەیوەندیدار بەم ڕیفراندۆمەوە بە نهێنی تۆمار دەکرێن و ئاڕاستەی دەسەڵاتە فەرمییە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، کە بەم شێوەیە بوون:

١. وەزارەتی کاروباری باکور
٢. نوسینگەی وەزیری کاروباری باکور
٣. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دیالە
٤. بەشی کاروباری خوێندنی کوردی
٥. پارێزگاری دیالە

ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

١. ئەو خوێندکارانەی کە دایک و باوکیان لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسەیان لەگەڵ دەکەن ٨٥% هەشتا و پێنج قوتابی بوون.

٢. ئەو خوێندکارانەی کە دایک و باوکیان لە ماڵەوە بە زمانی تورکمانی قسەیان لەگەڵ دەکەن ١٠% لەسەدا دە بوون.

٣. ئەو خوێندکارانەی کە دایک و باوک لەناو ماڵدا بە زمانی عەرەبی قسەیان لەگەڵ دەکەن ٥% لەسەدا پێنج بوون.

دوای چەند ڕۆژێک، ئەنجامی ئەو (ڕاپرسییە) بە ئاشکرا دەرکەوت و لە نێو قوتابخانەکاندا بە قوتابیان و ستافی پەروەردەیی و لە نێو خەڵکی قەزای مەندەلیدا بڵاوبووەوە.

دەرەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە بێلایەن و دادپەروەرانە و هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ واقیعی دیمۆگرافی کە ئەمەش بەڵگەی زیاترە بۆ واقیعی مەندەلی و ناسنامەی نەتەوەیی.

**حەوتەم: گرنگترین ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی دوای ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ لە قەزای مەندەلی ڕوویاندا**

١. گەورەترین و فراوانترین خۆپیشاندانی ئاشتیانەی جەماوەری لە ١٩٧٠/٣/١٣ بۆ پشتیوانی و پاڵپشتی ڕێککەوتنامەی نەمری ئازار سازکرا، لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا لە سەدەی بیستەمدا، جگە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی نموونەی نەبووە.

٢. کۆنترۆڵکردنی بینای سەرای حکومەت (ناوەندی قائیمقامیەتی قەزای) لەلایەن گروپێک لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لقی مەندەلی لاوانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠، ئەمەش دوابەدوای بڵاوبوونەوەی پەخشنامەیەکی قوتابخانەی دواناوەندی قەزای کوڕان هات، کە بە ئیستفزازەوە لە ستوونێکدا بە ناونیشانێکی دیار نووسی بووی (مەندەلی عەرەبییە و هەر بە عەرەبی دەمێنێتەوە) ئەمەش لەلایەن قوتابیان کورد کاردانەوەی توڕەیی لیکەوتەوە، بووە هۆی دڕاند و خستنە ژێر پێیانی پەخشنامەکە، قوتابیانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی مەندەلی)، بە تووڕەییەوە لە بینایەی دواناوەندییەکە دەرچوون و بەرەو بینای سەرای حکومی ڕۆیشتن و بە پاڵپشتی و پشتیوانی جەماوەری لایەنگری کورد، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێری دەستییان بەسەر بینای سەرای گرت و لەنێو تەقەی سەختی ئاسمانی لەلایەن پۆلیس و پاسەوانانی بیناکە، بە هۆی

میانگیری خەڵکی شارەکە و پیاوچاکان و پیاوەماقولان  و کەسایەتییە دیارەکان و سەرکردەکانی حیزب لە مەندەلی و بەغدا، بابەتەکە بەبێ زیانی گیانی مرۆیی کۆتایی هات و بیناکە لەلایەن خەڵکی تووڕە چۆڵکرا.

٣. لە ناوچەی قەرەلۆس ئامبولانسێکی سەر بە نەخۆشخانەی کۆماری لە مەندەلی شەو بەر ڕێژنەی تەقەی کەسانی نەناسراو کەوت، ئەمەش وایکرد تیمی ئۆتۆمبێلەکە ناوچەکە بەجێبهێڵن، بەبێ ئەوەی زیانێکی بەرچاویان لێ بکەوێت. بۆ ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دوو قۆڵی لە نێوان سەرکردایەتی (حزبی بەعس و پارتی)  لە قەزای مەندەلی ئەنجامدرا و ئەم کۆبوونەوەیە چەندین ڕاسپاردەی لێکەوتەوە.

٤. بەهۆی مانگرتنی گشتی لە کوردستان و بوونی پێشێلکاری و سەرپێچی و دەستدرێژی دووبارە و مەترسیدارەوە لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانرەواوە لە ناوچە و شارەکانی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٢، بینای بارەگای کۆمیتەی ناوچەی پارتی لە مەندەلی شەو و ڕۆژ گەمارۆ درابوو.

٥. هەوڵێکی پلان بۆ داڕێژراو و بە ئەنقەست بۆ دەستگیرکردنی گەورەی تێکۆشەری کورد شێخ حاجی حامیدشەفی قەرەلۆسی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی قەزاکە سەرکەوتوو نەبوو،  لە کاتێکدا شێخ حاجی دەویست لە پرسەیەک لە قەرەلۆس ئامادە بێت، ، ئەمەش بەهۆی ئازایەتی و بوێری و غیرەتی بەشێک لەوانەی لە مەراسیمی پرسە ئامادەبوون، کە ئەندامی خێڵی قەرەلۆس بوون، بە توندی ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکە بوونەتەوە، نەیانهێشتووە ئەم تێکۆشەرە گەورەیە دەستگیربکەن، ئەگەر ئەم وەڵامدانەوە و دەستێوەردانانە نەبوایە، دەرئەنجامێکی خراپ بۆ شێخ حاجی حەمید و داهاتوویەکی نادیاری تووش دەبوو، کە هیچ گەرەنتییەکی بۆ ژیانی نەبوو.

٦. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣، هەوڵێک بۆ تیرۆرکردنی مامۆستای تێکۆشەر مستەفا محەمەد ئەحمەد، ئەندامی ناوچەی پارتی مەندەلی، لە

شەودا دوای گەڕانەوەی لە بینای بارەگای ناوچە بۆ ماڵەکەی خۆی لە ناوچەی بالی قەلا، لە ڕێگادا دەستڕێژی تەقەی لێ دەکەن ، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی موعجیزەیی ڕزگاری بوو و لە ژێر چاودێری خودای گەورەدا ، هەوڵەکە شکستی هێنا، سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە.

٧. هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی تێکوشەر و مامۆستا فازڵ حوسێن نەسروڵلا، بەرپرسی حزبی شیوعی لە قەزای مەندەلی، ئەەش دوای چەند مانگێک لە ڕاگەیاندنی بەرەی بەناو (نیشتیمانی و پێشکەوتنخواز لە ساڵی ١٩٧٣) هات، کە حزبی شیوعی عێراق بە سەرکردایەتی عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی عێراق پەیوەندی بەم بەرەیەوە کرد. چەند دەستێکی نەناسراو بە شەو و لەکاتی گەڕانەوەیدا، لە یەکێک لە قاوەخانەکانی ناحیەی بالی قەلاوە بۆ ماڵەکەی هات، کە دەکەوێتە کۆتایی قەزا، لەوێش بە تەقەیەکی زۆرەوە لێیاندا، بەڵام بە شێوەیەکی موعجیزەئامێز ڕزگاری بوو و هیچی بەسەر نەهات و هەوڵەکەش شکستی هێنا.

٨. ، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧١ کەسایەتی ناسراو و بوێر، یوسف خەلیفە مەندەلاوی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە تیرۆرکرا، دوای ئەوەی ماڵەکەی خۆی چۆتە دەرەوە بەرەو باخەکەی ڕۆیشتووە، ماڵەکەی دەکەوێتە ناو بازاڕی بچووکەوە، هەوڵدان بۆ کوشتنی، سوپرایزێکی کارەساتبار بوو بۆ خەڵکی قەزاکە و شۆکێکی چاوەڕواننەکراو بوو، شایەنی باسە یوسف خەلیفە لەسەر حزبی شیوعی حساب دەکرا لەو شارۆچکەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە نوگرە سەلمان دەستبەسەر کرابوو. دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ ئازاد کرا و گەڕایەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆی مەندەلی و چەند مانگێک دوای گەڕانەوەی، بە کردەوە تیرۆرە کوژرا.

٩. دەستگیرکردن و ڕاگرتنی زۆرێک لە ڕەمز و کەسایەتیی تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دانانی لە زیندانەکان بۆ ترساندن و ناچارکردنیان بە جێهێشتنی ڕیزەکانی پارتی و داواکردنیان لە دوای

ئازادکردنیان بە نووسراو بۆئەوەی دەست لەکار بکێشنەوە و ناچاریان بکەن بچنە ڕیزەکانی پارتی دەسەڵاتدار(حزبی بەعس).

١٠. ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کوردەکان لە قەزای مەندەلی بۆ ئێران دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠، سەرەڕای هەڵگرتنی بەڵگەنامەی فەرمی کە عێراقیبوونی خۆیان و عێراقیبوونی باوک و باپیرانیان دەسەلمێنێت، بە هیچ هۆکارێکی تر جگە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە مەندەلی کە درێژکراوەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و بەعەرەبکردنی دەسەڵاتی قەزاکە بوو.

١١. لەو ماوەیەی کە بڕیاربوو بۆ جێبەجێکردنی بڕگە و دەقەکانی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ تا دوا وادەی لە ساڵی ١٩٧٤، هەوڵەکانی بەعەرەبکردن زیادی کرد، لەوان لەسەر شوێنەوارەکان، شوێنەکان، دوکانەکان، شەقامەکان و پێکهاتەی دانیشتووان، کە ئەمەش نائومێدی و گلەیی و بێزاری خەلکی زیاتر کردو بوومە مایە خستنەوەی ترس لە داهاتوو، ئەم ترسەش بەسەر سیمای کۆمەڵگەی مەندەلاویدا بە ڕوونی دیار بوو.

١٢. لە مانگی دەیەی ساڵی ١٩٧٠ سەرژمێرییەکی ئەزموونیی بۆ دانیشتوانی سەنتەرەکە تەنها لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئەنجامدرا، ئامانج لەم سەرژمێرییە ئەزمونییە زانین و دواتر کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی گەڕەکەکان بوو، مەرامی شاراوەی دیکەیان لەم سەرژمێرییە هەبوو.

١٣. درێژەدان بە شێوازی تۆقاندن و ترساندنی دانیشتوانی گوند و لادێکانی دەوروبەری شارۆچکەکە لە ڕۆژهەڵات و باکور و نزیک سنوورەکانی ئێران و تۆمەتبارکردنیان بە ناڕەوا، بۆ نموونە خەڵکی گوند و لادێکانی هاوسنووری ئێران پەیوەندی شاراوەیان لەگەڵ ئێران هەیە و دانیشتووانەکەی بەشەو هاموشۆی دیوی ئێران دەکەن، ئامانج لەم تۆمەتبەخشینەوەش ملکەچکردن ناچارکردنیان بوو، تاکو پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی دەسەڵاتدار بکەن.

١٤. خولێکی کوردی لە خانەقین بۆ مامۆستایانی قەزای مەندەلی لە ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٧٢ لە پشووی هاوینەدا بۆ پتەوکردنی یاساکانی زمانی کوردی و فێربوونی زاراوە سەرەکییەکان بەڕێوەچوو، (٤١) چل و یەک مامۆستای مەندەلی بەشدارییان تێدا کرد. وانەکان لەلایەن مامۆستایانی زانکۆی پەروەردەی سلێمانییەوە پێشکەش کران، شایەنی باسە تێچووی بەشداربووان ئەم خولە کە ماوەی زیاتر لە مانگێکی خایاند و هاتن و چوونیان بۆ مەندەلی لەسەر حسابی خۆیان بووە.

١٥. راپرسییەکی فەرمی لەلایەن وەزارەتی کاروباری باکوور و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دیالە لە نێوان قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی قەزاکە لە سەنتەری شارەکە لە ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧١ ئەنجامدرا، ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەبوون:

ڕێژەی خوێندکاری کورد ٨٥ کەسە

ڕێژەی خوێندکارانی تورکی ١٠%

ڕێژەی خوێندکارانی عەرەب ٥%

شایانی باسە ئەم ڕاپرسییە بە سەرپەرشتی نوێنەری وەزیری کاروباری باکور و نوێنەری پەروەردەی دیالە و نوێنەری خوێندنی کوردی لە پەروەردەی دیالە بە پشت بەستن بەم ئەنجامە ئەرێنییە بۆ ناسنامەی مەندەلی و دانیشتووانەکەی، کاردانەوەی تەندو و تووڕە، نەرێنی لە سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتدار لە مەندەلیدا دروست بوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی پەشێوییوکی گەورە لە نێوانیاندا.

ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسیە بێلایەن و دادپەروەرانە و هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ واقیعی دیمۆگرافی و جوگرافیای ناسنامەی ڕاستەقینەی مەندەلی.

١٦. هەموو ڕۆژێک لە ئێواراندا کۆڕ و سیمیناری هۆشیاریی چڕ و پڕ لە ناو بینای لێژنەی ناوچەی مەندەلی سازدەکرا، بەشێوەی کراوە بۆ گشت

جەماوەری لایەنگری پارتی و بە سەرپەرشتی بەرپرسی یەکێتی لاوانی کوردستان/ لقی مەندەلی، ئیبراهیم عەلیشەفی تێکۆشەر و عەلی جومعە قەرەلوسی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی شارۆچکەکە وانەبێژی کۆڕەکان بوو، ئەم سیمینارانە دەرئەنجامی ئەرێنی بەرچاویان بەدەستەوەدا.

١٧. هەریەکە لە ئیسماعیل ڕەشید بەگ دەلوی و عەلی شا سایە پێشمەرگە، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی قارەمان، لە مانگی نۆیەم (ئەیلول)، ساڵی ١٩٧٠ سەردانی شارۆچکەی مەندەلییان کرد، ئەم سەردانە هاوکات بوو لەگەڵ وەرزی سەردانی ئیمام کەرزالدین ( سەلامی خوای لەسەر بێت)، لە ماوەی سەردانەکەیاندا بەرەو قەزای قەزانییە ڕۆیشتن، سەردانی ئیمام کەرزالدینیان کرد، دوای سەردانەکە، گەڕانەوە بۆ شارۆچکەی مەندەلی، پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەلایەن لیژنەی ناوچەی مەندەلییەوە ئاهەنگێکیان بۆ سازکرا. بەو بۆنەیەوە چەند وتارێک پێشکەش کران، لەوانە وتارێکی لیژنەی ناوچەی مەندەلی و وتارێکی یەکێتی لاوان و وتارێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و وتارێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

کاتێک ئاهەنگەکە کۆتایی هات، شارۆچکەکەیان بەجێهێشت، ئەو ئێوارەیە بەرەو قەزای خانەقین ڕۆیشتن، ئەم سەردانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر مۆڕاڵی لایەنگرانی پارتی لە شارۆچکەکەدا هەبوو، لە کاتێکدا ئەم سەردانە کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتدار لە مەندەلی هەبوو.

١٨. ئەو دیزایینەی کە بۆ لۆگۆی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان لەلایەن مامۆستا حوسێن فەیزوڵا مەزلوم مەندەلاوی دروستکرابوو، لەو پێشبرکێیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی سکرتاریەتی سەندیکای مامۆستایانی کوردستانەوە سازکرابوو، لە دوای مانگی ئازاری ١٩٧٠-١٩٧١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. شایەنی باسە ژمارەی بەشداربووانی پێشبڕکێکە (١٧٥)

هونەرمەندی نێر و مێ بووە لە سەرجەم شارەکانەوە. بە شارەکانی کوردستان و شارەکانی تری عێراقیشەوە.

١٩. ئەوەی زۆر گرنگە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ هۆشیاری نەتەوەیی لەلای خەڵک بەرجەستەبوو.

٢٠. لیژنە ناوچەی مەندەلی بەشداری لە کۆنفرانسی هەشتەمین کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، کە لە ناوچەی چۆمان لە ١٩٧٠/٧/١ بەڕێوەچوو، بە نوێنەرایەتیی گەورە تێکۆشەر سایە میر هاشم چەرومۆندی، هەروەها هەر خۆشی بوو، بووە یەکەم کەس کە لە ناوەڕاستی مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٠ی بۆ ناوچەی مەندەلی دەنگی پێدرا.

٢١. بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی ڕێککەوتنی ئادار، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی لە قەزای مەندەلی بە سەرۆکایەتی یەکێتی لاوانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٠، گەشتێکی گروپییان بۆ شاری سلێمانی کرد سازکرد، گەشتیاران بەناو شاری خانەقین و کەلاردا تێدەپەڕێت. لەگەڵ گەیشتنیان، گروپی گەشتەکە بەسەر ماڵی لایەنگران و دڵسۆزانی پارتیدا دابەشکران .

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر کە هاوکاتە لەگەڵ یەکەمین ساڵیادی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، خەڵکی مەندەلی لەوانەی بەشداربوون لەم گەشتەدا خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ئەنجامدا، کە جەماوەری بەرفراوان لە لایەنگرانی پارتی لە سلێمانی تێیدا بەشدارییان کرد و خەڵکی سلێمانی بە جۆش و خرۆشەوە بە شەقامەکانی شارۆچکەکەدا دەسوڕانەوە، مامۆستا جەلال حەیدەر عەبدولباقییان لەسەر شانیان هەڵگرتبوو، لە کاتێکدا دروشمی جۆش و خرۆشی بێهاوتای بۆ پشتیوانی لە ڕێکەوتنی ئادار و سەرکردایەتییەکەی و ژیانی سەرکردە نەمرەکە مستەفا بارزانی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەوتەوە. بە پێی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خەڵکی سلێمانی بۆ ئەم خۆپیشاندانەیان، پێیان وایە خۆپیشاندانێکی بەم ڕێکخستن و

هەماهەنگییە، لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ەوە تا ئەمڕۆ لە سلێمانی ڕوویندەداوە، لەلایەکی ترەوە خەڵکی سلێمانی بە بەخشندەیی و دلسۆزی خۆیان ناسرابوون، میوانداریيان کردن و خواردنیان بۆ دابینکردن، لەوەتەی دوێنێ چوونە ناو ماڵە بەخشندەکانیانەوە و لە سەعاتەکانی سەرەتای ئەو نیوەڕۆیە، ماڵئاوایی لە سەرکردەکانی ئاهەنگەکە لە سلێمانی کرد و بەرەو شارۆچکەکەیان مەندەلی گەڕانەوە.

٢٢. دوای چەند مانگێک لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئادار، لیژنەی ناوچەی مەندەلی پارتی سەردانێکی تایبەتی ڕێکخست بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی نەمر لە بارەگاکەی لە ناوچەی نێوان چۆمان و حاجی عمران، لەگەڵ خۆیان دیارییەکی ڕەمزییان بۆ بەڕێزیان برد، کە خەنجەرێک بوو کە غیلافەکەی لە زێڕی پاک دروستکرابوو، ئەم زێڕانەش لەلایەن بەخشەرەکانی خەڵکی بەڕێزی قەزای مەندەلی پێشکەشکرابوو.

یەکسەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ بارەگای بارزانی نەمر، جەنابی بارزانی چاوەڕێی ئەوان بوو و زۆر بەخێرهاتنی دەکردن، یەک بە یەک تۆقەی لەگەڵکردن و هیوای مانەوەیەکی خۆشی بۆ خواستن و سوپاسی ناڕەحەتی سەفەرەکەیان و بۆ ئەو دیاری پێشکەشی کرا کردن.

جەنابی سەرۆک لەم دیدارە مێژووییەدا، بەیەک قسە گوتی: سەبارەت بە سەردانەکەتان، بەخێر بێن، هەروەها سەبارەت بەم دیارییەکەتان ئەوا من وەریناگرم، هیوادارم بیفرۆشن و پارەکەی بەسەر هەژارانی شارۆچکەی مەندەلی خۆشەویستتاندا دابەشی بکەن. بەڵام بەهۆی پێداگری زۆری ئامادەبووان، کە ئەم گەشتەیان بەڕێوەدەبرد، ئەوان قەناعەتیان بە جەنابی هێنا، کە ئەو دیارییە قبوڵ بکات، ئەویش هیوای چاکە و سەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ ئەوان و خەڵکی مەندەلی خواست لەسەر ڕێبازەکەیان و گەلەکەی بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستانی خۆشەویست.

ئەم سەردانە لە مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٠ی زایینی بوو، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ی زایینی، ئەم شاندە بە سەرۆکایەتی هەردوو تێکۆشەری گەورەی شێخ حەمیدشەفی و حاجی سایە میر هاشم بوو. لەم دیدارە مێژووییەدا لەگەڵ جەنابی مستەفا بارزانی نەمر لە شوێنی نیشتەجێبوونی نانی نیوەڕۆیان خوارد و دوای ئەوەش ماڵئاوایی و ڕۆشتن. سەردانەکە لە مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا ئەنجامدرا. ئەم سەردان و دیدارە مێژووییە کاریگەری ئەخلاقی لە دڵ و ڕۆحی خەڵکی مەندەلیدا هەبوو.

٢٣. یەکەمین قوتابخانەی کوردی لە قەزاکە دامەزرا لە ژێر ناوی قوتابخانەی هەتاوی سەرەتایی تێکەڵ، کە تێیدا جگە لە زمانی عەرەبی زمانی کوردی لە پرۆگرامەکانی خۆیدا دەخوێندرایەوە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠ دەستی پێکرد .

سەرەڕای ئاستەنگ و کۆسپەکان، قوتابخانە کوردییەکە تا ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ بۆ – ١٩٧٤ بەردەوامی بە خوێندنی خۆی دا، سەرەڕای کەمی ژمارەی قوتابیان کە لەوێ ناویان تۆمار کردبوو، شایانی باسە ڕێژەی سەرکەوتنی خوێندکارەکانی لە تاقیکردنەوەی وزاری (بەکالۆریۆس) بۆ قۆناغی شەشەم کۆتایی هاتنی نمرەکان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٢ی زایینی ١٩٧٣ی زایینی ١٠٠% بووە، واتە بۆ ساڵی خوێندنی پێشوو کە باسمان کرد یەکەم بوو لە نێوان قوتابخانەکاندا ، هەروەک چۆن پەردە لەسەر ڕێکەوتنی ئادار و خۆبەڕێوەبەری چاوەڕوانکراو داخرا و قوتابخانەکەش بەڕووی قوتابیاندا داخرا، تا ئاگادارییەکی نادیار، دەرگای گفتوگۆ و دانوستان بەڕووی سەرکردایەتی کورددا لە ١٩٧٤/١٠/٣ی داخرا.

٢٤. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی قەزای مەندەلی پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤،

ژمارەی ئەوانەی ناویان تۆمار کردبوو گەیشتە نزیکەی (٤٥٠) کەس، بە خێزان و منداڵیشەوە.

٢٥. لە ماوەی نێوان ئاداری ١٩٧٠ تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥، زۆرێک لە پیاوانی کوردی خەڵکی مەندەلی بە تۆمەتی بێ بنەما و ناڕەوا لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەوسا دەستبەسەرکراون و فڕێدراونەتە ژووری بەندیخانەکانەوە، لەوانە:

١. باپیر کازم قوای قەرەلوسی
٢. کەمال ڕحمان مەندەلاوی
٣. ستار مرای خان قەرەلوسی
٤. موحسین ناصر وەلی چەرموندی
٥. ناصر وەلی چەرموندی
٦. ئەحمەد حەمەد ڕەمەزان مەندەلاوی
٧. یوسف کاکی نورالی
٨. شیمە حەسن شیمال چەرموندی
٩. عەلی مرای بولی
١٠. ستار عەلی جان ئەکبری قەرەلوسی/ سەربازیی

کوردانی دیکەش لەوانەی ئینتیمایان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەندەلی کردبوو

## هەشتەم: لایەنە ئەرێنییەکانی (باشەکان) ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠

نەرێنیەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگە و دەقەکانی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ تا ١٩٧٤/٣/١١ی زایینی بووە، بەڵام نیشاندەری ئەرێنی هەیە کە لەگەڵ ڕێککەوتنەکەدا بووە لە دوای ڕاگەیاندنیەوە، لەوانە:

١. ڕێککەوتنی ئادار کاریگەری مێژوویی گەورەی بۆ گەلی کوردستان هەبوو، بەهۆیەوە کورد پێگەی خۆی لە نێو گەلان و وڵاتان بەهێزتر کرد.

٢. ڕێککەوتنی ئادار سەرەتای دیاریکردنی ئایندەی گەلی کورد بوو.

٣. ڕێککەوتنی ئادار ڕووداوێکی گرنگە، ڕژێم و حوکمڕانانی ناوچەکەی بە وڵاتانی دراوسێشەوە ترساند.

٤. ڕێککەوتنی ئادار دانپێدانانێکی فەرمی بوو، بۆ یەکەمجار ناڕاستەوخۆیە دانی بە ناسنامەی گەلی کورد نا، لە سەردەمێکدا کە ئەم ناسنامەیە بۆ دەیان ساڵەی مێژوو شاردراوەتەوە و پەراوێزخراوە، هەروەها دانپێدانانی فەرمییە کە گەلێک هەیە وەک باقی گەلانی دیکەی جیهان، مافی ڕەوای نەتەوەییان هەیە و شایەنی ژیانن و مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان و خاک و سامان و ژێر ئاسمانی خۆیان دیاری بکەن، هەرکاتێک دەرفەتیان بۆ ڕەخسا.

٥. ڕێککەوتنی مانگی ئازار دەرفەتێکە بۆ ئاشتی و سەقامگیری، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بووبێت.

٦. داننان بە خودموختاری گەلی کورد و لە خاکی کوردستاندا، تەنانەت ئەگەر کەمو کوڕ و ناتەواو بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکە.

٧. ڕێککەوتنی ئادار هزری کوردی یەکخست و ئەم یەکگرتنەوەش بۆتە پێویستییەکی بەپەلە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیش ئەگەر بە ڕێژەییش بێت.

٨. ڕێککەوتنی ئادار دەرفەتی بۆ جووتیارێکی هەژار و ئاوارەی کورد ڕەخساند کە بێ ترس و زەوتکردن لە گرمە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان و بگەڕێتەوە سەر زەوی و کشتوکاڵ و گوند و بنەماڵەکەی، تەنانەت بۆ ماوەی (چوار ساڵ)یش بووبێ.

٩. ڕێککەوتنی ٩ی ئازار بەو مانایەیە کە گەلی کورد خاوەنی سەرکردایەتییەکی نیشتمانییە کە سەرکردایەتی دەکات و کلیلی چارەسەرکردن و دانوستان و بەشداریکردن لە ناوخۆ و تەنانەت بەشێکیشی

له دەرەوەش بەدەستەوەیە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی سنووردار و تەسکیش بێت.

١٠. ڕێککەوتنی ئادار دەرفەتێک بوو، بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی و هاوسۆزی گەلانی جیهان بەرامبەر بە گەلی کورد، هەروەها بەرامبەر بە ڕژێمە لیبراڵەکانی جیهان.

١١. ڕێککەوتنی ئادار بەڵگە و ئاماژەیە لەسەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر نوێنەری بێ مشتومڕی گەلی کوردستانە لە عێراق و هیچ لایەنێکی دیکەی کوردی لەو قۆناغەدا ڕکابەری لەگەڵ ناکات.

١٢. ڕێککەوتنی ئادار کەسایەتی بارزانی زیاتر بەهێز کرد، لە ڕووی جەماوەری و سیاسییەوە لای کورد لە هەر کوێیەک بێت.

١٣. لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئادارەوە، دوا وادەی جێبەجێکردنی بڕگە و دەقەکانی کە چوار ساڵ بوو، بارزانی نەمر بۆ کورد و بۆ جیهانی سەلماند کە کەسایەتییەک سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان ناکات بەتایبەتی سەبارەت بە شاری کەرکوک، شۆڕشی ئەیلولی کە لە ساڵی ١٩٦١ سەریهەڵدا لە پێناوی ئەو شارە و ناوچەکانی دیکەدا کردە قوربانی.

١٤. لە میانەی ڕێککەوتنی ئادار و قۆناغی جێبەجێکردنی بڕگە و دەقەکانییەوە، بۆ گەلانی جیهان و ڕژێمەکان و حوکمڕانان ڕوون بووەوە، کە کەسایەتی بارزانی نەمر ڕەمز و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردە و ڕکابەری نییە. هەروەک چۆن گاندی ڕێبەری هیندستان و هۆشی منی سەرکردەی ڤێتنام و مارشال ڤیتۆی سەرکردە یوگۆسلاڤیا و جەمال عەبدولناسری سەرکردەی میسر و وڵاتانی عەرەبی و پێش ئەویش سەعد زەغلول و عومەر ئەلموختاری شۆڕشگێری لیبی و کاسترۆی سەرکردەی شۆڕش لە کوبا و گیڤارا لە بۆلیڤیا و لە وڵاتانی لاتین سەرکردە ماوتسی تۆنک لە چین، بیرمەند و سەرکردەی گەورە لینین لە یەکێتی سۆڤیەتی

پێشوو، سەرکردەی گەورە نیلسۆن ماندێلا لە باشووری ئەفریقا، و سەرکردە و سەرکردەکانی دیکەی مێژوو، بوون، بارزانیش ئاوا سەرکردەو شۆڕشگیری بێ ڕکابەری کورد بووە لەو سەردەمە.

١٥. ڕێککەوتنی ئادار یەکڕیزیی نەتەوەیی عێراق و برایەتی نێوان نەتەوەکان بەهێزتر کرد.

١٦. ڕێککەوتنی ئادار دەرفەتێکە، کە ئەستەمە لەدەستی بدرێت و ئەستەمە دەرگاکە لە ڕووی دابخرێت، ڕۆژێک ئاشتی باشترە لە هەزار ڕۆژ شەڕ و شەڕ.

١٧. ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ بە توندی متمانە بەخۆبوونی بۆ کورد لە هەر شوێنێک بووبێت گەڕاندەوە، بە کوردانی مەندەلیشەوە، وایکرد کورد شانازی بەخۆی بە هەستی نەتەوەیی بکات، لەخەو ڕاچڵەکاند، کە لەوەتەی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ لێی کەوتووە.

## نۆیەم: پەیوەندیکردنی ئەندامانی لیژنە ناوچەی مەندەلی بە شۆڕشی کردی ڕزگاریخواز

لە ٢٨ی شوباتی ١٩٧٤دا، ناوچەی پارتی بە ئامادەبوونی ئەندامانی شارۆچکەکە، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و نهێنییان لە بارەگاکەی خۆیدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی ناوچەی مەندەلی و ژمارەیەک لە تێکۆشەران ئەنجامدا.

لایەنە دیارەکان بریتین لە:

١- مامۆستا عەلی ئەسەد ڕوستم/ ئەندامی لیژنە.

٢- مامۆستا حوسێن فەیزوڵا مەزلوم/ ئەندامی لیژنە.

٣- مامۆستا جەلال حەیدەر عبدال باقی/ ئەندامی لیژنە.

٤- مامۆستا ناسر نادر عەبدوڵا / ئەندامی لیژنە.

٥- مامۆستا حەیدەر خدر عەباس / ئەندامی لیژنە

٦- مامۆستا تاهر عەبدولحەسن / ئەندامی لیژنە
٧- قوتابی سەدیق عەلی خانە / ئەندامی لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مەندەلی
٨- خوێندکار نوری باوی / ئەندامی لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مەندەلی.
٩ - پاسەوانی بارەگای کۆمیتەی مەندەلی، محەمەد بیژنک

لەم دیدارە نهێنییەدا کۆمەڵێک خاڵی تایبەت بە بارودۆخی ئێستا و پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان تاوتوێ کرا، کە پێویستە هەموو ئامادەبووان بە شێوەیەکی زۆر نهێنی پابەندی خاڵەکانی بن، سەرەڕ٢٢ای ئامادە نەبوونی بەرپرسی ناوچە ئیبراهیم عەلیشەفی تێکۆشەر، کە بەشداری هەشتەمین کۆنفرانسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە هەولێر لەو ماوەیدا بەڕێوەچوو.

شایانی باسە کۆنفرانسە، بە غیابی هەریەکە لە تێکۆشەران سایە میر هاشم و مستەفا محەمەد ئەحمەد، وەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران، ئەو خاڵانەی کە باسیان لێکرا لەم کۆبوونەوە نهێنییەدا بریتین لە:

١. کاتی ڕۆشتن ١٩٧٤/٣/٣ لە ئێواران دوای خۆرئاوابوون.
٢. ڕۆشتن بە شێوەی دوو بە دوو دەبێت، زیاتر نا، حوسێن فەیزولا لەگەڵ حەیدەر خدر عەباس و جەلال حەیدەر لەگەڵ ناسر نادر و عەلی ئەسعەد لەگەڵ محەمەد بیژەنک لە گوندی بتکۆکەر و نوری باوی و ئەوانی تر لە ناوچەی قەرەلۆس ماونەتەوە، ئەوان لە یەکێک لە خانوەکانی خەڵکی قەرەلوس چاوەڕێ دەکەن، کە جێی متمانەن.
٣. ئامادەبوون سەرپشکن لەوەی شارەکە جێ دێڵن یان نا، مافی بڕیاردان ئازادە، هیچ ناچارکردن و فشارێک لەسەریان نییە



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

٤.  ناردنی جانتا و کەلوپەلەکانی بۆ قەرەلۆس لە ڕێگەی هەندێک لە خوێندکارە متمانە پێکراوەکان ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنەکە دەبێت.

٥.  مۆری ناوچەی مەندەلی لای حوسێن فەیزوڵڵا دەمێنێتەوە، هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە بۆ بەکارهێنانی و واژۆکردنی وەرەقەی نامەی پشتیوانی بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی بەشداریکردن و ڕۆیشتنی هەیە.

٦.  حوسێن فەیزوڵا ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەم کاروانە و سەرکردایەتیەکەی دەبێت، بە هاوکاری لەگەڵ عەلی ئەسعەد ڕوستەم و حەیدەر خدر عەباس بۆ ئاسانکردنی دۆخەکە.

٧.  پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران بە دەوامی فەرمی خۆیانەوە لە ڕۆژی ڕۆیشتن لە ٣ی ئازاری ١٩٧ پابەند بن، لە ترسی ئەوەی نەوەک نهێنی ڕۆشتنمان ئاشکرا بێت و پاراستنی سەلامەتی دۆخەکە نەکرێت.

٨.  ڕێگای ڕۆیشتن مەندەلی / قەرەلۆس / ئێران / خاکەکانی کوردستانە.

٩.  ڕێککەوتن لەسەر وشەی نهێنی نێوانیان بەبێ ئەوەی ڕایبگەیەنین، یان بۆ کەسانی تر ئاشکرای بکەن.

١٠.  پێویستە ئەو خاڵانەی باس کراون پابەند بکرێن و جێبەجێ بکرێن بە وردی و بە نهێنی تەواو دوور لە چاوەڕوانی و حیساباتی حزبی دەسەڵاتدار و دامودەزگاکانی دەوڵەت لە قەزاکە.

بسم الله الرحمن الرحيم

ولا تقولن لشيء انى فاعل ذلك غدا إلا ان يشاء الله

صدق الله العظيم

دوای کۆبوونەوە نهێنییەکە، ڕێککەوتن لەسەر خاڵەکانی کە لە ٢٨ی شوباتی ١٩٧٤ لەلایەن ئامادەبووانەوە کرا، ڕێکخستنی پێویست و زەروری کرا بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی داهاتوودا بچنە دەرەوە و شارۆچکەکە بەجێبهێڵن و بچنە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە بێ ترس دودڵی و پاشەکشە و بە

نهێنییەکی تەواوەوە، لەم ڕۆژانەدا ژمارەیەک چەکدار و لایەنگرانی پارتی شارۆچکەی مەندەلییان بەجێهێشت، بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆرەوە، بەر لە ڕێککەوتنی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لە ١٩٧٤/٣/١١، کە ڕۆژی جێهێشتنی شارەکە بوو هات لە ١٩٧٤/٣/٣ی ئەوان شارۆچکەکەیان بەجێهێشت و خێزان و منداڵ و خزم و کەسوکاریان لەژێر چاودێری و ڕەحمەتی ئاسمان بەجێهێشت.

لەماوەی پێش ڕۆشتنمان لە شتێکی زۆرگرنگ دەترساین، ئەیش ئەوەبوو: ئایا چ چارەنووسێک چاوەڕێی لایەنگران و هەواداران و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزاکە دەکات، ئەوانەی کە بە هۆکاری بنەماڵەیی و ژیان و دامەزراندن نەیانتوانیووە بێنە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە دوای ئەوەی ئێمە ڕۆیشتین و پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کرد، شارۆچکەکەمان بەجێهێشت، گۆڕەپانە بۆ ڕژێم لەبار بوو تاکو تۆڵەبسەنێتەوە و تەنگ بە خەڵک هەڵبچنێ و ناچاریان بکات بچنە ڕیزەکانی پارتی دەسەڵاتدار لە قەزای مەندەلی، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە نارەوایەی لە قەزای مەندەلی پەیڕەو دەکرا، تەواو جیاوازە بوو لەچاو ئەوەی لە ناوچە و شارەکانی کوردستان و عێراق پەیڕەو دەکرا، چونکە دەسەڵات و دامودەزگا حزبی و حکومییەکان پیادەی تۆقاندن و ترساندنی خەڵکیان دەکرد، ئەوە ئێمەی نیگەڕانکردبوو، ترسمان لەوە هەبوو کە دوای ئێمە دەبێت چی بەسەر ئەوانە بهێنرێت.

سەبارەت بە دەرچوونمان لە شارۆچکەکە، دوای ڕۆیشتن و گەیشتین بە شوێنی مەبەست بە پێ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ڕێمانکرد، دوای خۆرئاوابوون لەو ڕۆژەدا، بە گوێرەی پلانی دارێژراوی پێشوەختە لە ١٩٧٤/٢/٢٨ی لە ماڵی حاجی مەهدی حوسێن فەتالی قەرەلوسی (باوکی سامی ئەلقەسابی تێکۆشەر) و عەباس قەسابی برای گیرساینەوە،

دوای پشوویێک ژەمی ئێوارەمان خوارد، کە شیر و نان و چا بوو، سەرمان سوڕما، لەکاتێکدا لەو ماڵە بووین، تووشی هەڵوێستێک بووین

چاوەڕێمان نەدەکرد، ئەویش هاوڕێیەکەمان بوو، کە لەگەڵیدا ڕێککەوتبووین لەگەڵماندا بێت و ڕێنماییمان بکات بۆ گەیشتن بە سنووری ئێران، ئەو یەکێک بوو لە خەڵکی قەرەلوس، لەبەر ڕێزگرتن لە بنەماڵە و منداڵ و براکانی پێمان باش بوو کە ناوی لێرە نەهێنین.

ئێمە لەو سەفەرەمان دۆخمان زۆر ناسک و سەرلێشێواو بووین، بەڵام هەرگیز بێ هیوا و ڕەشبین نەبووین و هەرگیز بیرمان لە پاشەکشە نەدەکردەوە و بە ئیرادە و خۆڕاگرییەوە هەنگاومان دەنا.

خۆشبەختانە کاک هیندی حوسێن فەتالی قەرەلۆسی تێکۆشەر و بوێر ، کە نازناوی ئەبو حەسەن، لە ماڵی مامی بوو، ئەو ماڵەی ئێمە لێی دانیشتبووین، ماڵی حاجی مەهدی حوسێن فەتاڵی.

بە متمانەیەکی زۆرەوە لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی: بێ ئومێد مەبن و خەمبار مەبن، چونکە من بە تەواوی ئامادەم بۆ ئەوەی بە خۆم بە شەخسی یاوەریتان بکەم، تا بە شوێنێکی ئارام لە نزیک سنووری ئێرانتان دەگەیەنم، ئینجا دەگەڕێمەوە ماڵی خۆم، دوای ئەوەی لەوە دڵنیا دەبمەوە کە ئێوە بەسەلامەتی گەیشتوونەتە جێ، بەمەرجێ ئەو هاوەڵ بوونەم و ئەو هاتنەم لەگەڵتان بە نهێنی لەنێوان خۆمان بمێنێتەوە و کەس پێی نەزانێت، بۆئەوەی پارێزگاری لەژیانم و داواهاتووی خۆم بکەم و گومان لەخۆم دوربخەمەوە، ئێمەش بەڵێن و پەیمانمان پێدا، کە پێویستە نهێنی بێت و پارێزگاریش لەو نهێنیە بکەین، لەکاتی ڕەوش گۆڕین پیاوان دەناسرێن.

ماڵی حاجی مەهدی حوسێن فەتاڵیمان بەجێهێشت، سوپاسی خودا و سوپاسی ئەو و منداڵەکانیمان کرد بۆ ئەو میهرەبانی و داوەت و چاکەیەی لەم ماڵە شەرەفمەندە و خاوەن ماڵەکە وەرمانگرت، لەم ماوەیەی لەوێ بووین، لە کاتێکدا لە ماڵەکەدا بووین چەند ڕۆژێک پێش سەعاتی ڕۆشتن، ژمارەیەک لە خەڵکی تری قەرەلۆس بە ئێمەوە پەیوەست بوون ، ئەوانیش بە

نیاز بوون بچنە ناو شۆڕشی کوردەوە، ئەمەش بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشوەختەی نێوان ئێمە و ئەوان بوو.

ئێمە پشتمان بە خودای مەزن بەست و ماڵەکەمان بەجێهێشت، لە کاتێکدا باران نمە نمە تەڕی دەکردین، و کەسی ئازا و بوێری وەک کاک هیندی ئەبو حەسەن بەجێی نەهێشتین بەردەوام لەگەڵمان بوون، ئەگەر ڕاستگۆبین و بۆ مێژوو قسان بکەین حەیدەر خدر عەباس قەرلوسی تێکۆشەر ڕۆڵێکی دیار و ئەرێنی و کاریگەری هەبوو لە هەماهەنگی و ڕێکخستن و مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ واقیع و ئەو دۆخ و ئەو هەلومەرجەی کە لەم سەفەری خەبات و ڕۆیشتنەدا تێیدا بووین، لە کاتێکدا لەوێ بووین، پیاوێکی بەجەرگ و بوێری وەک هیندی بوو، ئێمەی گەیاندە شوێنی مەبەست. ئێمەش لەنێوان دوو هێزی عێراقی لە سەر زەوی قەرەلوس نزیک سنوری ئێران و هێزێکی ئێرانیش لە ناوچەی سۆماری سنوری بووین.

ئەو شوێنەی ئێمە پێی گەیشتین، نیمچە ئەشکەوتێک بوو، کە نزیک بوو لە بنکەی پۆلیسی سوماری ئێران، شوێنەکە درێژکراوەیەکی سروشتیی زنجیرە چیای حەمرین بوو، دڵۆپە بارانیش هێشتا لەگەڵمان بوون، لەگەڵ جانتا و کەل و پەلەکانمان بوو، ئەو ماوەیە بە قۆناغی گرژی و پەرەسەندن و ململانێی نێوان عێراق و ئێران لەوەتەی ١٩٧٤ ەوە دادەنرێت، سەبارەت بە دوورگە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان هەردوو وڵات: دوورگەکانی تونبی گەورە و تونبی بچووک و ئەبو موسا لە شەتولعەرب.

ناوچەی شەتولعەرب: مەودای ئەم ئەشکەوتە لە نێوان ئێمە لە دیوی عێراق و بنکەی پۆلیسی سومار لە دیوی ئێران نزیکەی چارەک کیلۆمەترێک بوو، کاتیش لە دوایین کاتژمێرەکانیدایە لە شەوی سێهەم بۆ چوارەمی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤، وەرزی بەهار بوو، بارانبارین بەدوای ئێمەدا دێت، هەندێکجار دڵنەواییمان دەدات و هەندێکجاریش تەڕمان دەکات، لەکاتێکدا لەم حاڵەتەداین ئێمە تەنیا گرنگیمان بە سەلامەتی خۆمان دەدا، دوای مانەوە لەو

شوێنەی کە لە ئەشکەوتێک دەچوو، برای یاوەری، کاک هیندی، چەند فەرمانێکی پێداین، کە دەبێت پێش ئەوەی جێمان بهێڵین پابەند بین پێیەوە، کە بریتین لە:

١- پێویستی خۆحەشاردان لەژێر ئەم ئەشکەوتە تا بەیانی زوو پێش خۆرهەڵاتن، ڕۆژی دواتر واتە ١٩٧٤/٤/٣ بەرێ بکەوین.

٢- بەیانی یەکێک لە ئێمە لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوە، پارچەیەکی سپی پەڕۆ بە دەستیەو بێت و بەرزی بکاتەوە، لەبەردەم بنکەیەکی پۆلیسدا.

بنکەی پۆلیسی سومار کە لە نزیک ئەم ئەشکەوتەیە، نمایش و دەربڕینی تەسلیمبوونە، بەجۆرێک چاوپێکەوتنکار لە بنکەی پۆلیسی سومار هەست بە سەلامەتی پێگەی خۆی دەکات، بە ئاڵای سپی تەسلیمبوون بە دەستەوە.

٣- دوای چارەسەربوونی دۆخەکە، هەموومان لە ئەشکەوتەکە دەردەچین، یەک بە یەک، ڕادەگەیەنین کە خۆمان ڕادەستی بنکەی پۆلیسی سۆمار لە ئێران دەکەین.

دوای ئەم ڕاسپاردانە و پابەندبوون و دەستگرتن پێیانەوە، دوای ئەوەی دڵنیا بوو لە سەلامەتی پێگەی ئێمە و ئەو شوێنەی کە لێی خۆمان حەشاردابوو، تەوقەمان لەگەڵ کاکی هیندی کرد و هیوای سەرکەوتن و گەیشتنی بە سەلامەتمان بۆ خواستین و ماڵئاواییمان لێکرد و ئەو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی لەو شوێنەی کە هاتبوو، لە بەرامبەردا ئێمەش ستایش و سوپاسی خۆمان بۆ ئەو هەڵوێستە بوێر و فیداکارانەی دەربڕی.

پێشتریش باس لەوە کرابوو کە خەڵکی مەککە زیاتر شارەزای شاری خۆیانن، خەڵکی قەرەلوس بە کاک حوسێن فەتالی قەرەلوسی هیندییەوە شارەزاترن لە ناوچەکە و بەردەکانی خۆیان، شایەنی باسە کە ژمارەمان (٢٥)بیست و پێنج کەس بوو لەم گەشتەدا، دوای ئێمە ژمارەکی دیکەش بەشداریان کرد، بەڵام لە ڕێگەی ئێمەوە نا، بەڵکو ڕێگەی ترەوە بوو لە ڕێگای قەرەلۆس بۆ ئێران بۆ کوردستانی ڕزگارکراو بوو، هەشبوو لە ڕێگەی

یاوەری کاک هیندی (ئەبو حەسەن) قەرەلۆسی، لە میانەی ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکانی پێشوومانەوە بۆ ئەوان، پێش ئەوەی مەندەلی بەجێبهێڵین.

لێرەوە پەشیمانی و داوای لێبوردنی خۆم بۆ ئەم مرۆڤە بەجەرگ و ئازا و خۆبەشە تۆمار دەکەم، کە مەبەستم هیندی حوسێن فەتالی قەرەلوسی خەباتگێڕە، کە نە پاداشت و نە هەوڵەکانی لەبەرچاو گیراوە و کەسیش نییە بیری لێبکاتەوە و ئەو ستەم و فەرامۆشکردنەی لەسەر لاببات، سەرەڕای هەوڵە دووبارەکانم سەبارەت بە تەرخانکردنی مووچەیەکی کەم بۆی تاکۆ پێ بژێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات و ژیانێکی بێگەرد مسۆگەر بکات، تاکو هەست بکات پەراوێزخراو نییە، هێشتا  کەسێکی دڵسۆزە بۆ حیزب و گەلەکەی و ماف و خواستە ڕەواکانی، بەڵام ئەو هەوڵ و ماندوبووانەم بەهەدەر ڕۆیشت کەس گوێی بۆ نەگرت.

ئەی کاکی هیندی، نەتبیستووە کە بارزانی نەمر ڕۆژێک چی گوت، لە نێو گردبوونەوەیەکی گەورەی پێشمەرگەی قارەمانەکان و سەرکردە و تێکۆشەرەکانی، هەروەک لە ناوەڕۆکی قسەکانی جەنابی بارزانی نەمر و وتە حەکیمەکانی ئەمە هاتبووە و دەڵێ: من لە چارەنووسی و داهاتووی گەلی کورد و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی لە دوای مردنم ناترسم،  دڵنیام سەرکەوتن و بردنەوە لە خودای مەزنەوەیە، ئەویش ڕۆژێک هەر دێت، درەنگ یان زوو، گەلی کورد زۆرێک لە مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست دەهێنێت و خواستە نەتەوەییەکانیان بەدی دێت، بەڵام زۆر لەوە دەترسم کە ڕۆژێک بێت تێکۆشەرە دڵسۆزەکانی مافخوراو بن و غەدریان لێ بکرێت و قوربانیدان و گیانفیدایەکانیان فەرامۆش بکرێن و مافی خۆیان پێ نەدرێت و پەراوێز بخرێن، لەلایەن هەندێک کەسی بەناو پارتی و سەربە شۆڕشی ئەیلول، من بەراستی لەمانە دەترسم.

کەواتە ئەی ئەبو حەسەن تۆ یەکێکی لەو کەسانە، سەرەڕای هەڵوێست و خەبات و قوربانی دانەکانت، هەرکەسێک دادپەروەر بێت لەگەڵتدا، لەگەڵ خۆیدا دادپەروەر بووە.

لە ناوەڕاستی مانگی حەوتەم (تەمموز)ی ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی، کاک هیندی قەرەلۆسی تێکۆشەر بەهۆی نەخۆشییەکی قورسەوە، کە تووشی بوو، کۆچی دوایی کرد، بەرەو لای پەروەردگاری مەزن گەڕایەوە،  سیفەتەکانی بوێری و پیاوەتی و ئازایەتی و ئیرادەی لەدوای خۆی بەجێهێشت. یادەوەری ئەو لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو خەباتی هاوچەرخی شارۆچکەی مەندەلیدا نووسراوەتەوە و ڕۆڵە و نەوەکانی کوردە دڵسۆزە بە وەفاکانی یادی بە چاکە و میهرەبانی و شانازییەوە دەکەنەوە.

دیسان باسی سەفەری ئەندامانی ناوچەی مەندەلی و ڕۆیشتنیان لە شارۆچکەکە و پەیوەستبوونیان بە شۆڕشی کوردەوە (شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٤/٣/٣) دەکەین، لە بەیانی زووی ڕۆژی دواتر، ١٩٧٤/٣/٤، چەند خولەکێک بەر لە خۆرهەڵاتن، عەلی ئەسەد ڕوستەمی تێکۆشەر لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە و کراسە سپییەکەی بە بەرزکردەوە لە بەردەم بنکەی پۆلیسی سوماری ئێراندا ڕایدەوەشاند، ڕاوەشاندنەکە ئاماژەیەک و ڕاگەیاندنێک بوو، بۆ ئەوەی خۆمان تەسلیم بە بنکەکە دەکەین، لە دیوی ئێران لە کاتێکدا ئێمە هێشتا بە بێدەنگی و چاوەڕوانی و وریاییەوە لە ژێر ئەشکەوتەکەدا خۆمان حەشاردابوو، لەناکاو ئەندامانی جەندرمە (پۆلیس)ەکانی بنکەی سومار بە چەکی سووکیانەوە دابەزین، بە ئاڕاستەی عەلی ئەسعەد ڕوستەم ڕۆیشتن بوون، ئیدی دوای ئەوە ئێمەش هەموومان لە ئەشکەوتەکە دەرچووین، دەستەکانمان لە سەرسەرمانەوە بوو، وەک ئاماژەیەک کە ئێمەش تەسلیم بووینە، لەم خولەکە گرینگانەدا، ئاگاداریان کردینەوە کە هێزە سەربازییەکانی عێراق لە پشتمانەوەن، ئەو هێزە بەهۆی دووربینەوە چاودێری ئێمەیان کردبوو، بەڵام چەند کارمەندێکی هێزی

پۆلیسی سومار پێشیان کەوتن و لە شوێنەکە دەریانهێناین و بەرەو زەویەکانیان و بەرەو بنکەی پۆلیسی سوماریان بردین، دوای ئەوەی کە زانیان ئێمە کوردین و لە خەڵکی مەندەلین، ئێمە بڕیارمان داوە بچینە کوردستانی عێراق و لە زوڵم و ستەمی ڕژێم و دەسەڵاتی بەعس هەڵدێن، ئەوان لە ساغی هەڵوێستی ئێمە و ڕادەی ڕاستگۆییمان دڵنیا کرانەوە، بە ڕێز و پێزانینەوە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کردین.

ئەوان دۆخەکەیان بۆ ئاسان کردین و ئێمەش نانی بەیانیمان لەگەڵیان خوارد لە پەنیر و نان لەگەڵ چا، نزیکەی کاتژمێرێک پشوو لەگەڵیاندا لە بینای بنکەی پۆلیس بەسەرمان برد، ئەوانیش بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی (زیل) کە چادرێکی خۆڵەمێشی داپۆشرابوو، ئێمەیان بردە باڵەخانەیەک کە هیچمان لەبارەی ئەو تەلارەوە نەدەزانی، باخچەیەکی تێدابوو، لە ژێر بیناکەدا حەشارگەیەکی نیمچە تاریک (ژێرزەمین) هەبوو. ئەوەی مایەی سەرسورمان بوو ئەوە بوو، کە یەکەمجار چووینە ژوورەوە لە ژێر ئەم ژێرزەمینەکەدا عەلی شاقالی تێکۆشەرمان بینی لە سووچێکی زیندانەکەدا فڕێدرابوو، سڵاومان لێکرد و وا دیاربوو ئاسوودە و ئارام بوو، لێمان پرسی چەند ساڵە لێرە ڕاگیراویت؟ وەڵامی داینەوە لەوەتەی پێنج (٥) ڕۆژە و شەوە، دوای لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەک بە یەکمان لەلایەن کارمەندانی ئاسایشی ناو بەندیخانەکە، دوای ئەوەی بە وردی جانتاکانمان و کەلوپەلەکانمان و خۆمانیان پشکنی، هیچ شتێکی سەرپێچی یان قەدەغەیان نەدۆزیەوە.

لێرە لە پێناوی ڕاستگۆیی بۆ مێژوودا دەڵێم، مۆری ناوچەی مەندەلی لەو کاتەوەی شارۆچکەی مەندەلیمان بەجێهێشتووە، لە دەستی مندا بووە و تا ئێستاش لای منە، من بە باشی و بە ئەنقەست شاردمەوە، سەرەڕای پشکنین و چاودێری ورد نەیاندۆزیوەتەوە ، سوپاس بۆ خودا.

دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە، هەموو هەڵوێستەکانمان تەندروست بوون، بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لەم شوێنە ئەمنییەکەمان جێهێشت، ئێمەش کاک غولام

شاقولیمان بە تەنیا جێهێشت، دوعای سەرکەوتن و ئازادکردنمان دەکرد، ئەوانیش ئێمەیان بردە یەکێک لە ناوەندە سەربایەکانی ناو شارۆچکەی قەسری شیرین، هەموومان بۆ ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ دەستبەسەر بووین، لەو شەوانەدا، لەبەر ڕاستگۆیی و مێژوو، بە ڕێزەوە و پێزانینەوە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کردین، دوای ئەوەی ناسنامەی ئێمە و ئامانجی هاتنمان و هۆکاری جێهێشتنی شارۆچکەی مەندەلییان زانی، لە ڕۆژانی دەستبەسەرکردنمان لەگەڵیان خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین کردین، بەتایبەتی دوای ئەوەی دڵنیابوون لەوەی کە مامۆستا و قوتابیمان لە نێوماندا هەیە، دوای بەدواداچوونی ڕۆتینی و دڵنیابوون لە دروستی هەڵوێستمان و نووسینی ناوەکانمان یەک بە یەک، شایەنی باسە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەم سەربازگەیە لە کوردی لوڕ لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامەوە بوون، گەشبین بووین بەو دۆخەی تێیدا بووین سەرەڕای ماندوێتی و هیلاکی دوای پێنج ڕۆژ، گەشبین بووین بەوەی بە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق دەگەین، لە ناوەندە سەربازییەکە سواری ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کراین بەناو شارۆچکەی قەسری شیرین و بە زەوییە نیمچە نارێک و دابڕاوەکاندا تێدەپەڕین و بۆ شوێنێکی نادیار براین، لە باڵەخانەیەکدا کە لە سەربازگەیەکی دابڕاو دەچوو، کە ئەندامانی سوپای ئێرانی تێدایە، فەرمانیان پێکردین لەوێ دابەزین، لە کاتێکدا ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە لە بینایەکەدا مابووەوە، هەندێک لە ئەندامانی ئەم سەربازگەیە ئاگاداریان کردینەوە، کە کەسایەتییەکی گرنگی ئەمنی هەیە دەیەوێت چاوی پێتان بکەێت. زانیمان کە ئەو کەسایەتییە گرنگە ئاغای کەمالی بەرپرسی ئەمنی پارێزگای کرمانشانی سەردەمی دەسەڵاتی شای ئێران محەمەد ڕەزا شا پەهلەوییە.

دوای ئەوەی زانینان دیدارەکە لەگەڵ ئەم بەرپرسە باڵایە، پێش ئەوەی بگاتە لای ئێمە، لە پێناو ڕاستگۆیی و بۆ مێژوو، من بە شەخسی و بە خێرایی دەستپێشخەریم کرد بۆ هەموو ئەوانەی کە شارۆچکەی مەندەلی بەجێدەهێڵن

لەم سەفەرەدا، کە هیچ زانیارییەک لەبارەی عێراق و شارۆچکەی مەندەلی بە ئاسایشی ئێران نەدەن، بەو پێیەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران گرژ بوون، لە لایەک ئێران هەڕەشەی شەڕ و پێکدادان دەکات هەر کاتێک لەو ماوەیەدا بێت، لە لایەکی دیکەوە، دانوستانەکان چەند ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، واتە لە ١٩٧٤/١١/٣ گرژیی کەوتبووە نێوان سەرکردایەتیی کورد و ڕژێمی دەسەڵاتدار بەعسی، بەڵام ئێمە هەڵوێستی بوێر و ئازایانە و نیشتمانپەروەری خۆمان لەبەردەم ئەو بەرپرسە ئەمنیەی ئێران سەرۆکی ئاسایش، ئاغای کەمالی سەلماند، کاتێک لەم شوێنە لەگەڵمان کۆبووینەوە، لە کاتێکدا ئێمە نامۆ بووین بە ئەوان و بە خاکەکەیان و هیچ زانیارییەکمان بۆیان دابین نەکرد، کە سوودی بۆ ئاغای کەمالی و هەموو ئەوانەی پەیوەست بوون هەبێت، پابەند بوون بە داواکاریی من و فەرمانەکەمەوە، بە شێوەیەک کە ستایشی دەکرێت، هەروەها لەبەرئەوەی نیشتمانپەروەریمان هەمەلایەنە و قووڵتر و کۆنتر و تۆکمەترە لە سەرکردەکانی عێراق، کە دواتر دەستبەرداری ناوچەیەکی ئاوی بوو بە ناوی ( هێڵی تالووک لە شەت عەرب بۆ شای ئێران) لە ڕێککەوتنە شومەکەی بە ناوی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی کورد و هاوکاری نەکردن و پشتیوانی کردنیان لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقی و داراییەوە. ئەگەر بزووتنەوەی کوردی لە خەبات و شەڕی دژی عێراق و هێزە چەکدارەکانی بەردەوام بێت، ئەوا حکومەتی شا و هێزە چەکدارەکانی لە تەک حکومەتی عێراق و هێزە چەکدارەکانی لە دژی کورد و سەرکردایەتیەکەی دەوەستن.

دوای ئەوەی ئاغای کەماڵی لەبیری چوو ماڵئاوایی بکات و ناوچەکەی بەجێهێشت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین، بەهەمان ئۆتۆمبێلی سەربازی بەرەو شوێنێکی نزیک لە سنووری خاکە ئازادکراوەکانی کوردستان بردراین، لە ناوچەیەکی نزیک لە چیای بەمو، بردیانین و ئەوانیش تەسلیمی هێزی پێشمەرگەی قارەمان بەسەلامەتی لەناو جوگرافیای ناوچەی شاوخاوی

بەمۆ/خانەقین/ سلێمانی بووین. گەشتەکەمان بە سەرکەوتن کۆتایی هات، سەرەڕای وێستگەکانی سەختی و مەترسی وماڵوێرانی، گەشتێک بوو بۆ جێهێشتنی شارۆچکەی مەندەلی و پەیوەستبوون بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر). ئەوەی لەم سەفەرەدا پلانمان بۆ دانابوو هاتە دی و بە یارمەتی خودا.

شایەنی باسە ئەم سەفەرەی ئێمە لە مەندەلییەوە بۆ خاکە ئازادکراوەکانی کوردستان نۆ (٩) ڕۆژ و شەوی خایاند، لەگەڵ گەیشتنمان، دواتر زانیمان کە کاک ئیبراهیم عەلیشەفی تێکۆشەری بەرپرسی ناوچەی مەندەلی، هەر لە یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەمان لە دوورەوە بەدواداچوونمان بۆ دەکات ، ئەویش لای خۆیەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتیی کورد لە ناوچە ئازادکراوەکانەوە کرد بوو، سەبارەت بە پەیوەستبوونمان بە شۆڕشەوە، لەگەڵ گەیشتنمان چاوەڕێی پێشوازیمانی دەکرد، سوپاسی خودای گەورەی دەکرد بە گەیشتنمان بە ئارامی و ئاسایش، لە لای خۆمەوە مۆری ناوچەم پێدا، کە پاراستبووم و لەبەردەستمدا بوو، بە شانازی و پێزانینێکی بەرزەوە، پاراستنی مۆرەکە لەم گەشتەدا بە بەرز نرخێنرا، هەروەها بەهای هەموو ئەو کەسانەش بەرزنرخێنرا و ستایش کران، کە بەشداریان لەم گەشتە پر مەترسییە کردبوو.

لێرەوە پرسیارێک لەسەر گۆڕەپانی سیاسی سەبارەت بە جێهێشتن و پەیوەستبوون بەم ڕێگایە هەڵبژێردراوە سەختە لە مەندەلییەوە بۆ کوردستانی ئازادکراو دێتە ئاراوە.

پرسیارەکەش ئەوەیە: بۆچی ئەم ڕێگایە بۆ گەشتنی ئەندامانی ناوچەی مەندەلی و ئەندامانی دیکەی لە (مەندەلی/قەرەلۆس/ئێران) بۆ کوردستانی ئازادکراودا هەڵبژێردرا؟

وەڵام:

١. بەپێی بڕوا و ئەزموونی تاڵەم لە لەشارۆچکەی مەندەلی لەگەڵ سەرکردەکانی حزبی دەسەڵاتداری بەعس و دەسەڵاتی خۆجێی، بەدرێژایی

ئەو چوار ساڵە ١٩٧٠ز تا ١٩٧٤ز کە تەجرەبەیەکی تەواوی جیاوازە لەشارەکانی دیکە و ناوچەکانی تر، بە تایبەت سیاسەتی ستەم و کوێرانەی سەرکردەکانی تەشکیلاتی حیزبی بەعس لە مەندەلی.

باخداری، زۆرینەیان لە بنەماڵەی ئاغاوات (نەقیب)کان بوون، خێزانەکانی بەیات (ئەفەندی) و خێزانەکانی چەلەبی، سەرەڕای ئەم دابەزینە لە دابینکردنی بژێوی و گوزەرانکردن، تەنها ئەوە نەبێت کە دیوەخانەکانیان شەو و ڕۆژ کراوە بوو، بۆ وەرگرتنی میوان، ئەو کەسانەی کە سەردانی شارۆچکەی مەندەلی دەکەن، لە هەژاران ، کەمدەرامەتەکان و هەژارانی شارۆچکەکە بە درێژایی ساڵ ئەو ئاغایانە دەرگایان بەبەخشندەیی و میواندارییکردنیان و ڕێزگرتن لە میوان و بەخشین پێشوازیان لێدەکەن، ئەم کارەش وەک داب و نەریتێکی بە میرات بۆ ماوە، لەلایەن خەڵک و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیانەوە، نەوەی دوای نەوە پەیڕەو دەکرێت: هەرکەسێک پێش ساڵی ١٩٦٥ی زایینی بۆ هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی، یان ئەرکێکی کارگێڕی، یان ژیانی دیکە هاتبێتە شارۆچکەی مەندەلی و گوندەکانی، ئەوا لە (دیوەخانێک) دابەزیووە و لەلایەن خاوەن دیوەخانەکە پێشوازی لێکراوە، جا لە هەر شوێنێکەوە هاتبێت بە مێوان قبولکراوە، پێش شۆڕشی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، ئێرانییەکان بە ژمارەیەکی زۆر دەهاتن بە مەبەستی سەردانی مەزارگە پیرۆزەکانی عێراق، بە شارۆچکەی مەندەلیدا تێدەپەڕن و دواتر دەچوونە ئەو شارانەی عێراق کە مەزارگە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف و ئەلکازمیە و سامەڕا و ئەوانی تری تێدایە، بە سواربوونی ئەسپ و ئاژەڵ یان بە پێ لە ڕێگەی سۆماری ئێرانییەوە دێن لە سنوورەکانی مەندەلی و لە دیوەخانەکانی مەندەلاوییە یان تەنانەت لە ماڵەکانیش لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان بە ئارامی و ئاسوودەیی بۆ چەند ڕۆژێک دەمانەوە و دواتر دەڕۆیشتن بۆ شوێنی مەبەستی خۆیان دوای مۆڵەت و خودای حافیزیکردن لە خودان دیوەخانەکە بەڕێزەوە بەرێدەکران، جا ژمارەی زیارەتکەرانەکە هەرچەندە زۆربووایە، مەندەلاوییەکانی بەم شێوەیە پێشوازیان لە مێوانان کردووە:

یا ضیفنا لو جئتنا لوجدتنا

نحن الضیوف وانت ڕب المنزل

بەگوێرەی قسەکانی پرۆفیسۆر عمران موسا ئەفەندی مەندەلاوی بێت، ساڵێک لەبیریەتی کە سەدان و دەیان سەردانکەر هاتبوون، دەیانویست لە ڕێگەی مەندەلییەوە بچن سەردانی مەزارگە پیرۆزەکان بکەن و بەسەر خانەخوێی شارۆچکەکە وماڵەکانیاندا دابەشکرابوون. وا ڕێککەوت کەسایەتییەکی مەزن و بەڕێزی ئێرانی بوو، شازادەی ئەشرەف بوو لەگەڵیدا (٢٥) سوارچاک و خێزانەکەیان بوونە مێوانی باوکی، کاتەکەی ناوەڕاستی پایز بوو، بارانێکی بەخوڕ باریبوو لە شارۆچکەکە، ئەمەش وایکرد ئەو میوانانە چەند ڕۆژێک لە مەندەلی بمێننەوە، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ قەدر و پێزانین و شەرەفیان بۆ زیاد بوو، خەڵکی مەندەلی مێوان دۆستن.

پرۆفیسۆر عومران موسا ئەفەندیش بیری دێتەوە و دەڵێت: کاتێک شارۆچکەکەیان بەجێهێشت، خانەخوێ لەکاتی ماڵئاواییکردنیان، تفەنگێکی لە جۆری (سێ تێر)ی دا بە عەبدولسەتار ئەفەندی برام، هەروەها بەمن و عەبدولجەلیلی برام هەریەکەمان دەمانچەیەکی دا، دابەشکەری قاوە لەناو دیوەخانەمە سەد قورئانی ئێرانی پێدا، ئەوانیش بەرەو بەغدا ڕۆیشتن، پاشان بۆ شوێنە پیرۆزەکان چوون.

ئەمە و هەڵوێستی تری شەرەف و پێزانین لەلایەن خەڵکی شارۆچکەی مەندەلییەوە بەرامبەر میوانان هەموو جارێک دووبارە دەکرایەوە، سیفەتەکانی بەخشندەیی وناندەری و پێشوازیی شیاوی لەناو خۆیاندا هەڵگرتبوو، تەنانەت دایکە خەمگینەکەش کە بێوەژن بوو لەگەڵ منداڵەکانیدا هەمان شتی کردووە، ئەرکی خۆی بەرامبەر میوانەکانی جێبەجێ دەکرد، ئەمەش ئەوەیە کە شارۆچکەی مەندەلی و خەڵکەکەی لە ڕووی داب و نەریتەوە هەیانبوو ، ئەم سیفەتە باشانەی میوانداری تا ساڵێک ٩٦٨ بەردوام بوو. دوای ئەم مێژووە چەمکەکان بەتەواوی گۆران، بەها میراتییەکان ون بوون و تەنها حەسرەت بۆ ڕابردوو مایەوە ، لەسایەی ئەو دەسەڵاتە چاوتێرترین کەس بووە ملکەچترین

١. دیوەخانەکانی شارۆچکەی مەندەلی:

١. یوسف ئەفەندی.
٢. ڕەشید غائب گیم.
٣. جاسم ئاغا گۆخا دار.
٤. سید ئەلیاس ئاغا، کاپت
٥. ئیبراهیم عوسمان
٦. فالیح موختار
٧. مەجید عیبادی
٨. ڕەزا ئەفەندی
٩. موسا محەمەد سەعید
١٠. عیزەدین ئاغا، نەقیب.
١١. خالد ئاغا، نەقیب
١٢. ئیبراهیم حاجی ئەحمەد الشکور
١٣. خورشید ئەفەندی فاریس ئاغا.
١٤. وەلی ئاغا.
١٥. ئەمین عەلی خالد
١٦. داود حوسێن گۆخەدار..
١٧. ئیسماعیل تەحهماز
١٨. حەبیب ئاغا، کاپتن.
١٩. عەبدولڕەزاق جەلی جانباز.
٢٠. محەمەد ئەفەندی ئەلبەیاتی
٢١. ئەمین مەلا جەواد.
٢٢. موسا ئەفەندی ئەلبەیاتی.
٢٣. عەبدولکەریم جەلی.
٢٤. عەبدولڕەزاق حاجی

٢٥. حەمەدی شەعبان.
٢٦. حاجی تاهر شکور.
٢٧. شەلال ئاغا و سەلمانی کوڕی
٢٨. فەرمان داود ئاغا.
٢٩. مەحموود بەگ و عەلی بەگی برای.
٣٠. سەماوی فەیازە.
٣١. عەلی یاوەر ئەفەندی.
٣٢. زەڵاتەی سەلمان بەگ.
٣٣. یەحیا بەگ.
٣٤. موسلیم ئاغا قەڵام حاجی.
٣٥. شەعبان ئەفەندی.
٣٦. ئەحمەد ئاغا، نەقیب.
٣٧. یوسف ئەفەندی الفدعم
٣٨. محەمەد خەلیل
٣٩. ئەسودە بەگ
٤٠. حاجی صاڵح بەگ.
٤١. تاهر عەلی ئەفەندی.
٤٢. سید عەلی ئاغا، کاپتن.
٤٣. حوسێن ئاغا عەبدولقادر
٤٤. سەید صاڵح ئاغا النقیب
٤٥. سەید خەلیل البەندانیجی و کوڕەکەی
٤٦. سەید ئەحمەد ئاغا عەبدوللەتیف.
٤٧. میوانداری سەید ئەحمەد ئەلقومی.
٤٨. سەید ئەلیاس ئەلیاسیری.
٤٩. مەسعوود ئاغا الجادر

٥٠. محەمەد عەلی جادر ئاغا.
٥١. شەوکەت ئاغا ئەلجادر.
٥٢. سەید خدر سەید مەهدی.
٥٣. باوە رزا قەڵام حاجی
٥٤. ئەحمەد ئەفەندی ئەلبەیاتی.
٥٥. عەبدولجەبار ئەحمەد ئال بەیاتی
٥٦. عەبدولقادر ئەفەندی ئەلموفتی.
٥٧. حوسێن جەیرجی..
٥٨. خەلیل ئیبراهیم فەیاز.
٥٩. صالح نم نمە
٦٠. ئەمین بەگ لۆر.
٦١. حەبیب حەساوی.
٦٢. سەید حەسەن تەباتەبایی
٦٣. سەلمان ناعس
٦٤. مەهدی لە عنی فربل..
٦٥. عەباس موسا شەبی.
٦٦. عەلی نەسروڵلا.
٦٧. حوسێن ئەلیاس جولات.
٦٨. حاجی ابود خدر.
٦٩. ئوستا مەهدی الجراح
٧٠. سەید زاهیر بەندنیجی.
٧١. سلێمان ئاغا خالد ئاغا، نەقیب.

دوای ساڵی ١٩٦٨، تەنها چەند دیوەخانێکی کەم مانەوە، لەوانە دیوەخانی عەبدوستار موسا ئەفەندی و دیوەخانی عیزەدین النقیب، دوای کۆچی دوایی

عیزودین النقیب، دەرگای خانەخوێیەکەی داخرا و هیچی لێ نەما، جگە لە شوێنەواری وێرانەیەک، لە نێوان ناوەکە و شوێنەکەدا.

سەبارەت بە دیوەخانەکەی عەبدولسەتار ئەفەندی ئەلبەیاتی، تا ڕۆژانی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨١ی زایینی دەرگاکەی بە کراوەیی هێشتەوە بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکان.

**ب- دیوەخانەکانی گوند و لادێ و گەڕەکەکانی دەوروبەری شارۆچکەی مەندەلی و لە نێو خێڵە کورد و عەرەبەکاندا کە گرنگترینیان بریتین لە دیوەخانی:**

١. محەمەد شێر مامی چەرموندی.
٢. حاجی مەحموود شوکر و براکەی حامید شوکر.
٣. شێخ فەتاح خان کاکەخان هەواسی، نازناوی (فتی خان) بوو.
٤. شێخ محەمەد ڕضا هەواسی، نازناوی (محەمەد ڕەزاق).
٥. شێخ وسمی ڕخیص عبادە الزوهێری و کوڕەکەی شێخ کازم وەسمی الزوهیری..
٦. شێخ ئیبراهیم عەلی موتلەگ فەرمان.
٧. عەلی ڕەشید.
٨. شێخ محەمەد الکەرانی لە دەڤەری کەرکوش
٩. شێخ کازم حەمور.
١٠. شێخ سەتار عەلی عەبدولوەحید.
١١. شێخ ڕۆکان محەمەد دۆحی..
١٢. شێخ هادی التطاهان.
١٣. شێخ جاری المبارک
١٤. شێخ حوم کەریم عەلیوی ئەلنەداوی و شێخ تاڵەبی برای.
١٥. شێخ سەیح میر بەگ کاکەخان میران ئەلقەرەلوسی.
١٦. شێخ حاجی حامیدشەفی القرا لوسی.

١٧. شێخ کازم قەوای القرا لوسی.
١٨. شێخ حاجی عەبدول مستەفا.
١٩. حاجی میرا هیوغور القرا لوسی.
٢٠. حاجی سەیح محەمەد شوکر القرا لوسی. نازناوی (حاجی سایە مامگە).
٢١. شێخ هوگر کەرەم خان قەرەلوسی.
٢٢. حاجی کەریم نەورۆز قەرەلوسی و براکەی حاجی ڕەحیم نەورۆز قەرەلوسی
٢٣. حاجی تۆفیق شەریف گول والی قەرەلوسی، نازناوی (تۆفیق شەریف).
٢٤. حاجی سلێمان مێرگە قەرەلوسی.
٢٥. حەیدەر خان ڕەزا، نازناوی (هیرەخان قەرەلوسی).
٢٦. حاجی باخی گومەر محەمەد قەرەلۆسی، نازناوی (باخی گمر).
٢٧. حاجی داودخان ڕەزا قەرەلوسی.
٢٨. مەلا عاینە، نازناوی (ئەمیرە ئاینە) قەرەلوسی
٢٩. شامار وەلی سەیخان قەرەلوسی
٣٠. سەلمان مامە قەرەلوسی.
٣١. مەلا عەبدولحەسەن عەلی بەگی قەرەلوسی.
٣٢. عەزیز مامگ ئیسماعیل قەرەلوسی.
٣٣. سەیف الله کەریم قەرەلوسی.
٣٤. حاجی عەلی نادر قەرەلوسی.
٣٥. حاجی فەرمان میرە مەجید قەرەلوسی.
٣٦. باپیر داود سەلیم قەرەلوسی.
٣٧. حەبیب کاکی گمەر قەرەلوسی
٣٨. حاجی نادر عەلی مامی.



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

٣٩. مەشهەدی فەرمان مەلا حەسەن قەرەلوسی.

**سەبارەت بە ناحیەی قەزانییە و دەوروبەری لە گوند و لادێکانی، لە نێو خێڵەکاندا خانەخوێی شایانی باسکردن هەن، لەوانە:**

١. داود عزەت دوو شێخی
٢. شێخ عەبدولحەسن یوسف اللامی.
٣. شێخ مەحموود اللەیمس رودایني
٤. شێخ عبدالمحەسەن عەبدولعەزیز
٥. شێخ کەریم الفزا العباسی.
٦. شێخ یونس عەلی الشراب.
٧. شێخ ناسر الحەسەن.
٨. شێخ ئابان الفنجان
٩. شێخ ئایدن المتار العبادی.

سەرەڕای زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی مەندەلی، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بەردەوام دەردەرکرێن و دووردەخرێنەوە و ڕادەگوێزرێنەوە بە شارەکانی عێراق بڵاوەیان پێ دەکرێت بەتایبەت لە شاری بەغدا، بەڵام لەوەتەی ساڵانی شەڕی ئێران و عێراق هەیە، کۆچکردن لە ژمارەی دانیشتووانەوە زیادی کرد و تەنها ژمارەیەکی کەمیان لە شارۆچکەکەدا مانەوە، ئەوانەش هیچ هێز و دەسەلاتێکیان نییە، جگە لە مانەوەیان بۆ چەسپاندن و دەستگرتن بە خاکەکی خاکی باوباپیرانیەوە بووە.

سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی مەندەلی بەهۆی ڕاگواستن و دەربەدەری لە دەرەوەی مەندەلی بوون، بەڵام پابەند بوون بەو بەها و نەریت و دابی خۆیان پارێزگاریان لە سیفەتە باشەکان کردووە، کە لە نەوە لە دوای نەوە بۆیان ماوەتەوە.

**شەشەم: عەشیرەتەکانی مەندەلی بە وەفان، لە نووسینی ڕۆژنامەنووس سوبحی مەندەلاوی**

هەڵوێستێکی بەرز و بەخشندەی میهرەبانی و سەخی دانیشتوانی مەندەلی، لەکاتێکدا لە دەربەدەری دابوون لەبەغدا، ئەو هەڵوێستە لەژێر ناونیشانی عەشیرەتەکانی مەندەلی وەفادارن بۆ براکانمان لە عەشیرەتە عەرەبەکان لە پارێزگای موسەننا (نوسینی: سوبحی مەندەلاوی).

ڕژێمی لەناوچووی بەعسی کاتێک کوردی دەربەدەر دەکرد و لە زێدی خۆیان دووردەخستەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ دەگەڕانەوە بۆ عێراق و لە شار و ناوچەکانی خۆیانەوە دەری دەکردن بۆ شار و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕەوانەی دەکردن. ڕژیم نەیدەزانی ئەم کوردە دەرکراو و ئاوارەبووانە دەبنە خۆشەویست و ڕێزلێگیراو ئەندامانی عەشیرەتە عەرەبەکان، کە لە ناوچەکانیان و گوندەکانیان و ماڵەکانیاندا نیشتەجێ ببوون، خواردن و خواردنەوە و خۆراکی خۆیانیان لەگەل دابەش دەکردن، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٥ دەرگای میوانداریان بەڕوویاندا کردەوە و لە سەختترین و بەدبەختترین هەلومەرجی سیاسیدا کە بەسەر گەلی کورد لە عێراقدا تێپەڕی لەو قۆناغە پڕ لە ئازار و مەترسیدارەدا، شانبەشانی یەکتر لەگەڵدا دەژیان.

لە نێو ئەوانەی لە دوای ئەم بەروارەوە دەرکران، مامۆستا و وانەبێژانی مەندەلی هەبوون، ئەوانە بۆ پارێزگای موسەننا دوورخرانەوە و لەوێوەش بۆ گوندی ئەلبوخزەیر، کە سەر بە قەزای ئەلرومێسەیە، چوونە باوەشی خێڵی زەوالەم ( خاوەنی شۆڕشی بیستەم١٩٢٠ی عێراقن)، ئەو دوو مامۆستایەش: عەلی ئەسعەد ڕوستەم و حوسێن فەیزوڵا مەزلوم.

خەڵکی ئەو گوند و لادێیانە لە کێبڕکێ دابوون بۆ داوەتکردنیان و میواندارکردنیان، بەرامبەریان زۆر بەخشندە و دەستکراوە بوون، ئەمەش وایکرد بەنرخترین یادەوەرییەکانمان لای ئەوان بەجێمێنێت، کە هەرگیز لەبیر

ناکرێت و سەرەڕای دابەزین و تێکچوونی بارودۆخ و ئاستی ژیانیان و هەژاریی زۆرینەیان لەو سەردەمەدا، بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی لەناوچوو ئەوان جوانترین وێنەی بەخشندەیی و سەخاوەتیان پیشاندا. بەڵام ئەم دابەزین و خراپی گوزەرانەیان نەبووە ئاستەنگ لەبەردەم ڕەسەنایەتی و سیفەتی بەخشندەیی و مێوان دۆستییان.

ئەمە وێنە و واقیعی دۆخەکە بوو، حەقیقەتێکی جوان و قەدرزانی بوو، ڕۆژەکان تێپەڕین، پێشهات و ڕووداوەکان تێپەڕین و ڕژیم کەوت، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆیدا زۆر هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی برایەتی و مێژوویی کۆنی نێوان نەتەوەکان و پێکهاتەکانی لە عێراق دەدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و نەگەیشتە ئامانجەکانی. مامۆستا حوسێن فەیزوڵا مەزلوم لەگەڵ (عیماد) سەفەر دەکات، یەک لە کوڕەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، کە ناوی خوالێخۆشبوو (ثجیل عەلیوی) بوو، بۆ ئەوەی سەردانی بنەماڵەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بکات و سەردانی خەڵکی گوندی ئەلبوخدەیر لە قەزای ڕومەیسە بکات، کە پێشتر دەربەدەر و دوورخراوە بوو، کە لە ساڵانی دوورخراوەیی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥یتا ١٩٨٠ی زاییینی لەوێ لەگەڵی ژیاوە، لەگەڵ گەیشتنی بۆ گوندەکە، لەلایەن ژمارەیەک لە خەڵکی گوندەکەوە پێشوازی لێکرا، بە سەرۆکایەتی هاوڕێ دڵسۆزەکەی، خوالێخۆشبوو (عەلی ئەبو حونا)و بەڕێز غانم، کە لە ماوەیەی دەربەدەریەکەیدا یەکێک بوو لە قوتابییەکانی، لەگەڵ هاتنی بۆ گوندەکە بە تامەزرۆیی و گەرمەوە لە باوەشی گرت، بە چاوی فرمێسکەوە کە لە خۆشی و شادی و دیداردا بەجێیان نەهێشت. سەردانەکە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەی خایاند، بەبێ ئەوەی داوای مۆڵەتی ڕۆشتنی لێبکات، گەڕانەوەی لەلایەن خەڵکی گوندەکە و خوێندکارەکانیەوە ئەنجامدرا کە ئێستا بەساڵاچوون، هەروەها هاوڕێ و خزم و کەسوکاری زۆر کەسایەتی دیار، لەوانە خوالێخۆشبوو سەید عەبدولناجی ئەلموسەوی، خوالێخۆشبوو عەلی

ئەبو حونا، خوالیخۆشبوو شێخ جیاد الشعلان، مامۆستای خوالیخۆشبوو سدیق عبدالئەمیر ئەلموسەوی، بەڕێوەبەری کۆچکردووی قوتابخانەکەی کاک ثاجیل عەلیوی و ئەوانی تر لەو ماوەیەدا، ماوەی دەربەدەری و نەفیکردنەکە.

لە یەکێک لە سەردانەکانیدا بۆ گوندی البوخادر، بە ڕێکەوت بوو کە بەشێک لە کەسایەتییە دیارەکانی خێڵی ئەلصەفران لە گوندی ئەلکەرەمە داوایان لە مامۆستا حوسێن فەیزوڵا کرد، نێوبژی لە کێشەی کەسێکی بەدبەخت بەناوی (نعیم صعب حسون) بکات کە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل و بێ مەبەست لەگەڵ یەکێک بەناوی سەعدون تێوەگلاوە، ئێستا لە بەندیخانەیە، لە یەکێک لە زیندانەکانی شاری سلێمانییە، زیاتر لە دوو مانگە هێشتا لێکۆڵینەوە دایە، قوربانییەکەش ناوی سەعدون یەدوڵایە، بە نازناوی (سەعدون فیلی)یە. خەڵکی مەندەلی و لە خێڵی قەرەلۆسە، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناسراوە و پێشتریش یەکێک بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، شایەنی باسە دەرئەنجامی ئەم ڕووداوە بەدبەختە و بێ مەبەستە، گیانلەدەستدانی دایکی سەعدون یەدەڵلا و بریندابوونی سەعدون خۆی و شۆفێرەکەی و یاوەرێکی بوو، کە شکانی سەخت و قووڵی هەبوو، هەروەها ئۆتۆمبێلە گرانبەهاشی وێران ببوو، شوێنی ڕووداوەکە لەسەر ڕێگای دەرەوەی نزیک سلێمانی بووە، کاتێک مامۆستا حوسێن فەیزوڵلا هاتە نێوبژیوانی، دەستبەجێ سەردانەکەی پچڕاندووە و بەڵێنی پێداون کە بەدواداچوونێکی جددی بۆ بابەتەکە بکات، پەیوەندی بە شێخ سوبحی حەیدەر قەرەلۆسییەوە دەکات و بە تەواوی ئاگادارکرایەوە لە دۆخەکە، هەروەها پەیوەندی سەعدون فەیلیش کرا، دوای بەدواداچوون و گفتوگۆیەکی جیا لەگەڵیان و ئاگادارکردنەوەی شێخ ئەکرەم سایە میر بەگ لە دۆخەکە، دواجار هەوڵەکانی مامۆستا حوسێن فەیزوڵلا گەیشتە لوتکە بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی عەشایەری و دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ دانیشتنی هەموو لایەک، ئەوەبوو لە ڕێککەوتی لە ٢٠٠٦/٤/٢٢ لە

ناوچەیەکی جوانی بەغدا، نزیک لەماڵی شێخ سوبحی حەیدەر خان کووبوونەکە سازکرا، خزم وکەسی تۆمەتبار و قوربانی و نوێنەری سەید سیستانی، شێخ سەتار ئەلصەفران، نوێنەری سەید عەمار ئەلحەکیم و جێگری پارێزگاری موسەننا (سەید حاکم ئەلیاسیری و شێخ ساحیب فنجان ئەلصەفرانی و شێخ خەیری ئەلصەفرانی و صەبار ئەلصەفرانی و ژمارەیەک کەسایەتی دیار لە پارێزگای موسەننا و بەغدا و ئا ژمارەیەک ئەندامانی خێڵی صەفران و زەوالەم لە لایەنی قوربانییەکە شێخ ئەکرەم سایە میر بەگ و شێخ سوبحی حەیدەر خان و سەعدون ئەلفەیلی و براکانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی خێڵی قەرەلۆس ئامادە بوون، بە ئامادەبوونی مامۆستا حوسێن فەیزوڵڵا، هەروەها ئامادەبوونی شێخ حەیدەر و سەفار و هەریەکە لە شێخ حەیدەر سەفەر قەرەلوسی و ڕۆژنامەنووس سوبحی مەندەلاوی و مامۆستا مستەفا محەمەد ئەحمەد و دڵشاد حوسێن فەیزوڵڵا، لەم دیدارە عەشایەرییەدا باس لە هەڵوێستێکی جوامێرانە و مرۆڤدۆستانە کرا، شاراوە نییە لە عێراقییەکان، چ عەرەب و چ کورد، ئەم هەڵوێستە بوێرانەیە کە مەرجەعی ئایینی بەرامبەر کورد نواندوویەتی، ئەویش ئەوەبوو کاتێک عەبدولسەلام عارف سەرۆک کۆمار ساڵی عێراقی ساڵی ١٩٦٤، داوای لە مەڕجەعی گەورەی ئایینی سەید موحسین ئەلحەکیم کرد، کە فەتوایەک دەربکات کە ڕێگە بە شەڕ و کوشتار بدات دژی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییەکەی، بەڵام جەنابییان بە توندی و بوێرییەوە، بەگوێرەی شەریعەتی ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینە، ئەو داواکارییەی ڕەتکردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا لە هەردوولاوە باس لە دۆخەکە و ڕووداوەکە و ئەنجام و وردەکارییەکانی پەیوەست بەوەوە و ئەو بڕە پارەیانەی کە پێویستە تاوانبار بیدات کرا، کۆی بڕە پارەکە، لە هەموو ڕوویەکەوە، سەد و شەست و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی بوو.

لێرەدا هەناوی کوردی ڕەسەن و شەریف و لێبوردە و بەخشندەی لە خێڵی قەرەلوسی دەرکەوت، لە ڕێگەی شێخ ئەکرەم و شێخ سۆبحی و کاک سەعدونەوە وەک خۆیان ڕایانگەیاند، بە ئیرادە و قەناعەتێکی تەواوەوە و بە ئامادەبوونی هەردوویان ڕاگەیاند، کە ئەوان دەستبەرداری تەواوی مافە ماددییەکانیان دەبن بە کاردانەوەی ڕووداوەکەش لەرووی یاساییەوە، ئەمەش وەک وەفا و ڕێزێک بۆ ئەو ئەخلاقە بەرزەی کە سەید موحسین ئەلحکیم لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەرامبەر کورد نواندی، هەوەرها وەک پێزانین یان گەڕانەوەی سوپاسگوزاری بۆ برا عەرەبەکانی باشور کە بە دڵسۆزی و وەفاوە میوانداریيەکی بەخشندەیی بۆ کوردانی دوورخراوە و ئاوارە وەستاون کە بۆ ماوەیەک لە ساڵی ١٩٧٥و ساڵانی دواتر لەگەڵیان ژیاون.

ئەم سازشە و ئەم پێگە بەرزە بۆ برا عەرەبە ئامادەبووەکانمان وەک سوپرایزێک هاتە ئاراوە، ئەم هەڵوێست و ئیمتیاز و لێبوردەییە لەسەر ڕووخساری برا عەرەبەکانمان کە میوانی کورد بوون، ڕەزامەندی و سەرسامییەکی زۆری پێبەخشی کە بە وشە و دەستەواژە وەسفی ناکرێ .

لێرەوە شێخ سەتار، مەرجەعی ئایینی ڕێگەپێدراوی سەید سیستانی، کە دانیشتووی گوندی ئەلصەفرانی( ئەلوەرکا) بوو، هەستا و وتی: ئەی برایانی ئامادەبوو، ئەمە هەڵوێستێکی ئینسانی گەورەیە، گەورەیە لە خۆیدا لە مانادا، لە مەزنیدا سنوری نییە، چەندە نایاب و سەرسوڕهێنەرترینی شتمان لە برا کوردەکانمان بینی، ئەمە دوای نیعمەتی خودای گەورە هەڵوێستێکی پڕ پیاوەتی و فەزڵ و پڕ بەخشندەییە، ئێوە بە ئەوپەڕی میهرەبانی و ئەوپەڕی بەهای ڕەسەنی کوردایەتی و لێبوردەیی هاتن، هەمیشە چاکە و سوپاس و پێزانینمان بۆ خودای مەزن و سوپاس و پێزانینمان بۆ ئێوەی برا باشە کوردەکانمان هەیە، ئێوە، ئەی خەڵکی بەڕێزی مەندەلی.

نوێنەری سەید عەمار ئەلحەکیم، وتی: ئەم هەڵوێستە بەخشندە و لێبوردە و بەرزەی ئێوە هیچ نییە جگە لە یەکێک لە سیفەتە بەرزەکانتان، ئەی برا

کوردەکانمان و خەڵکی بەشەرەفی شارۆچکەی مەندەلی، ئێوە باشن و خەڵکی بەخشندەن. ناتوانین هەڵوێستی بەخشندەتان لەبیر بکەین، ئەم لە مێژوو بۆ ئێوە تۆمار دەکرێت، برایان، کورە بەخشندەکانی مەندەلی، خێڵەکەتان خێڵی کارەلۆسی کۆن، لاپەڕەکانی شکۆمەندی و بەها و بەخشندەیی پیشاندا، ئێوەش خاوەنی مێژووی دێرین، ئێوەش نمونەن بۆ ئەوەی لە بڕیاردان و دابڕاندا پەیڕەو بکرێن، ئێمە ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینمان بۆ ئێوە هەیە، ئەم هەڵوێستە بەخشندەیەی ئێوە دەگەیەنین بە عەرەبەکانی ناوەند و باشور تا ئەوانیش لاسایی ئێوە بکەنەوە، سیفەتەکانتان و هەمووی وانە و پەندی لێبوردەییە، لە ژیانی خێڵەکی و کۆمەڵایەتیماندا سودی لێ وەردەگرین انشاالله، سوپاس بۆ خودای گەورە هەموو کە ئەو سیفەت و ڕەسەنایەتییە بە ئێوە بەخشی، لە کاتێکدا زۆرینەی برا عەرەبەکانمان ئامادەبووان نەیانتوانی خۆیان بپارێزن و بە خۆشحاڵییەوە فرمێسکیان لە چاو و دڵیاندا ڕژاند بۆ ئەم بەخشندەیی و لێبوردەییە، هەموویان بە جوانترین پێزانین و سوپاسی خێڵی قەرەلۆس و شێخە بەڕێزەکانیان، ئاغاکان کرد و دۆخەکەیان بەرز نرخاند ، لەوانەش شێخ ئەکرەم و شێخ سۆبحی. هەروەها ئەوان ڕێز و پێزانیان بۆ هەوڵ و تەقەلاکانی خاتوو نازەنین حسین مەندەلاوی (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) هەبوو، کە هەڵوێست و ڕولی باش و پێشەنگی مامۆستا حوسێن فەیزویلا مەندەلاوی بەرز نرخاند و سوپاسی هەموو لایەکی کرد.

دوای ماڵئاوایی گەرم، هەموو لایەک بە خۆشییەو شوێنەکەیان جێهێشت

ئەم واقعە بەشێکە لە عادەت و نەریتی بۆماوەیی کوڕدان و خەسڵەتێکی جوامێرانەی لە بەخشندەیی و بەخشین و پیاوەتی خەڵکی مەندەلی و عەشیرەت و پیاوە چاکەکانی، سەرەرای ئەوەی ئەوان دوورخرابوونەوە لە شارۆچکەکەیان لە لەوەتەی ٩٧ ەوە بەغدابوون، بەڵام سیفەتی جوان و باشی ڕابردوویان لەگەڵ خۆیان بردبوە هەندەران و تاراوگە، نەیانتوانی دەستبەرداری ببن.

### حەوتەم: جووەکانی شارۆچکەی مەندەلی

لە شارۆچکەی مەندەلی، هەر لە مێژووی کۆنەوە و بە درێژایی قۆناغەکان و پێش سەردەمی مەسیحی، ئایینی جولەکە و پەیڕەوانی لە دانیشتووانی شارۆچکەی بێندینگن (مەندەلی) لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و لە نێو باپیرانی دانیشتوواندا هەروەک چۆن ئەوانی دیکە لە مرۆڤە کۆنەکاندا ژیاون، ئەوانیش ژیاون، بەشداریان لە دامەزراندنی شارستانییەت و گەشەپێدانی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی سروشتی کردووە. ژمارەی خێزانە جووەکانی شارۆچکەی مەندەلی لە سەدەی بیستەم تا ساڵی ١٩٤٨ی زایینی: نزیکەی ٧٥ خێزانی خاوەن موڵک بوون، لەوانەش باخچەی میوە، زەوییە کشتوکاڵییەکان، خانوو و دوکانە بازرگانییەکان لە ناو شارۆچکەکە و دەوروبەری.

زۆرینەیان بازرگانییان دەکرد، لەوانە هاوردە و هەناردەکردن بۆ شارۆچکەکە، نەوە لە دوای نەوە ئەم پیشەیەیانکردوە، هەندێکیشیان پیشەی ئازاد لە بازاڕەکان و لە کڕین و فرۆشتندا پراکتیزە دەکرد، نەرم و نیان و میهرەبان و بە ئەخلاق بوون لە مامەڵەکردن. ئەوان ئارام و ڕازی بوون لە ئامرازەکانیان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە لەگەڵ باقی دانیشتووان بە ئارامی و ئاشتی و ئەمان دەژیان، لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٨ی زایینی و ڕاگەیاندنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین، لەو قۆناغە ئاڵۆز و سەختەدا، زۆرینەی جولەکەکان وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دیکە، ناوچە و شارەکانیان بەجێهێشت، بە سیاسەتێکی نامۆ و زۆرەملێی ناوازە، کە زاڵ بوو بەسەر دۆخەکەدا، جووەکان عێراقیان بەجێهێشت، لەگەڵ هەڵبژاردنی نێوان مانەوە یان جێهێشتن و بەرەو قەوارەی ئیسرائیلی نوێ، جولەکەکان لە عێراق بۆ زامنکردنی داهاتوویان و ئایندەی منداڵ و نەوەکانیان لە نێوان دوو بابەتی سەختدان، یەکەم لە هی دووەم تاڵتربوو و دووەمیان لە هی یەکەم تاڵتربوو، یان بە بێ ئارەزووی ڕۆشتن یان مانەوە لەگەڵ ئایندەیەکی نادیار،

جولەکەکانی مەندەلی وەک باقی جولەکەکانی شارەکانی عێراق وان، دواجار زۆرینەیان بڕیاریان دا شارۆچکەکەی مەندەلی بەجێبهێڵن و بۆ هەتا هەتایە بە جۆرێک لە خەم و دڵتەنگی و شکان و پەشیمانی برۆن، ئەمە لە شارۆچکەی مەندەلی ڕوویدا، ئەم بنەماڵانە خۆشەویستی و دڵسۆزیان بۆ شارۆچکەی خۆیان (مەندەلی) هەبوو، شارۆچکەی باوک و باپیرانیان، کە ساڵانێک بە ئاشتی و ئارامی و ڕێزەوە تێیدا پێکەوە ژیانیانکردبوو، ئەوان لە دڵەراوکێ دابوون، بە ویستی خۆیان نەبوو، هەڵوێستەکە بۆیان لەوپەڕی سەختی دابوون، ئەوانیش داما و بێ دەسەڵات مانەوە.

ئەوان چی بکەن؟ ئەوان لە دوای ساڵی ١٩٤٨ی زایینی لە خولگەیەکی ناسەقامگیری و دڵنیابوونەوەدا بوون، هەرچەندە تا دوێنێ لە دۆخێکی ئاساییدا بوون لەگەڵ دانیشتووان و لە شارۆچکەی مەندەلی ، کاتێک ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا تا بە ئازادی و بە سەلامەتی بە زمانی عیبری قسەیان دەکرد، بەبێ ترس و ڕەخنەگرتن.

باڵەخانەیەکی گەورە و فراوانی بەرزیان هەبوو، کە بۆ کۆمەڵگەی جولەکەکان دیاریکرابوو نەک بۆ دانیشتوانی دیکەی ناو شارۆچکەکە، ئەوە پەرستگای تەورات بوو، کە دەکەوێتە سەرەتای بازاڕی گەورە، ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شارۆچکەکە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم بینایە کە پەرستگای تەوراتە، لە لایەکی تەنیشت شەقامی سەرەکی بێ هیچ پەنجەرەیەک بوو، جگە لە دەرگای سەرەکی گەورە و دەرچەی دەرچوون بۆ سەربان، هیچ دەرچەیەکی بۆ هەواگۆڕکێ نەبوو، ئەوان بەردەوام بوون لە ڕێوڕەسمی ئایینی و ڕێوڕەسمی هەفتانەی خۆیان بەبێ ترس و دڵەراوکێ لەم بینایەدا ئەنجام دەدەن، کە پێی دەوترێت (پەرستگای تەورات).

دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٨ی زایینی تا ساڵی ١٩٥٠ زایینی هیچ شوێنەواری ڕێوڕەسمی ئایینی و ڕێوڕەسمی هەفتانە نەما و هیچ شتێکیش لە

تەلاری تەورات نەما، دوای ئەوەی سالآنێک بەسەر شۆڕشی ی تەمموزی ۱۹۹۵۸دا تێپەڕی، هیچ شتێک نەما جگە لە ناوەکەی یان تەنانەت وێنەکێشانیشی نەما، دوای ئەم بەرواره، پەرستگای تەورات زیاتر لە وێرانە دەچوو، دوای سالآنێک لە ژیانی شۆڕش، لە سالّی ۱۹۵۸ ئەم بینایە بە تەواوی ڕووخێنرا و کردیان بە ژمارەیەک دوکانی بازرگانی و تاکە مالّی جوولەکەکە نیشتەجێ، تەنها یەک شوێنەواری لێ مابووەوە، ئەویشی (میری) جوو بوو، ئەم تاکە جولەکەیەش ڕەتیکردەوە مەندەلی بەجێبهێلّێت تا کۆچی دوایی کرد و لە یەکێک لە میوانخانەکانی بازاڕی گەورەدا نێژرا، زیاتر لە خانووی نیشتەجێبوون دەچوو، ناشتنەکە بێ مەراسیم و پێوەری ئایینی یەهودی بەرێوەچوو.

بەم شێوەیە مێری جولەکەکەی مەندەلی چەقی و نەڕۆیشتن و بەلّێنی بە خۆی دا کە وەک کوڕی شارۆچکەی مەندەلی و لە ژێر خاکی خاکەکەیدا دەژی و دەمرێت، بەلّام نامۆ نییە بەو خاکەی کە لەسەری لەدایکبووە و نامۆ نییە بە شارۆچکەکەی کە مەندەلییە، وەک مەندەلاوییەک لەدایک بووە و لە دایک و باوکی مەندەلاوی و لە باوباپیران کە ڕەگ و ڕیشەی دەگاتە قوولّایی مێژووی شارۆچکەی مەندەلی، ئەو وەک مەندەلاویان ژیاوە و وەک مەندەلاویان مردووە و ئێمە هی خوداین و دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو.

لە نێوان سالّانی ۱۹٤۸ تا ۱۹۵۰ی ، بنەمالّە جولەکەکان بە تەواوی شارۆچکەی مەندەلییان بەجێهێشت و زۆرینەی ئەم بنەمالّانە لە بەشێک لە ناوچەی بازاڕی گەورە لە ڕۆژهەلّاتەوە دەژیان، کە نزیکە لە مالّە ئاغاکان (نەقیب) بوون، لەوانە مالّی سەید عیزالدین ئاغای نەقیب و مالّی سەید سلێمان ئاغای نەقیب و مالّی سەید حوسێن ئاغای نەقیب.

دوای ڕووداوەکانی سالّی ۱۹٤۸ زایینی، خەلّکی مەندەلی خێزانی جولەکەیان لەناو مالّەکانیاندا دۆزیەوە، کەلوپەلی جولّاویان دەفرۆشت، لەوانە کەلوپەلی چێشت لێنان و دۆشەک و کەلوپەلی ناومالّ، ئەمەش وەک

ئامادەکارییەک بۆ ڕۆیشتن و نەمانەوە. ئەوان کەلوپەلی ناوماڵیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشت، بە کورتی خێزانە جولەکەکان لە مەندەلی بوون، ژمارەیان (٧٥) خێزان بوو لەو قۆناغە و قۆناغە سەختەدا، لە هێزدا داڕما و ئیرادە، و هەندێک جار دەبینیت ژن و کچ و کوڕانی نێوانیان لە نۆرەی خۆیاندا لە گریان و فیغان و خەم و ئازاردا لە خۆشەویستییان بۆ شارۆچکەی مەندەلی و خۆشەویستییان بۆی خوێن دەڕژێت و ڕۆژەکان تێپەڕین و داهاتوو نادیارە بۆ ئەوان.

**هەشتەم: شاعیرانی مەندەلی**

أ. شاعیرانی بەرایی

١. ئەبو ئەلحەسەن عەلی ئەشرەم بەندنیجی ساڵی ٢٦٠ کۆچی، بە ڕامبەر بە ساڵی ٨٧٣ی زایینی.

ناوی ئەبو الحەسەن عەلی بن المغیرەیە، ناسراو بە ئەشرەم، شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسی بەناوبانگ،

٢. یەمانی کوڕی ئەبی یەمانی بەندنیجی، ٢٨٤ کۆچی، بەرامبەر بە ساڵی ٨٩٧ی زایینی.

ناوی ئەبو بشر بەندنیجییە، بە ئەصڵ لە غەیرە عەرەبەکان و لە دەهاقییەکانە، ئەکمە لە ساڵی ٢٠٠ کۆچی لەدایک بووە، کە بەرامبەرە بە ٨١٥ز لە بەندنیجی (مەندەلی) لەدایکبووە، بەشێکی زۆری شیعر و ئەدەبی لەبەرکردووە، زۆر شیعر و کتێبەکانی ئەشرەمی لەلایەن ئەبو الحەسەن عەلی ئەشرەم بەندنیجی لەبەرکراوە، لەو بارەیەوە وتی: سەد و پەنجا ئایەتم لە مەجلیسدا لەبەرکرد، چووە (سامەڕا) و بەغدا لەوێ چاوی بە زانایان کەوتووە و لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی زیادی عەرەبی خوێندوویەتی، ئەبو نەسر وەک هاوەڵی الاسمعی ماوەتەوە کە کوڕی خوشکەکەی، کتێبی (الاجناس الاکبر)ی ئەصمەعی لەبەرکردووە، ئەبو بشر خاوەنی چەندین

بێستان و باخی گەشاوە بوو. کە لە باوکی بۆی مابووەوە، فرۆشتوویەتی و لە گەڕان بەدوای زانست خەرجی کردوون. لە بەصرە چاوی بە (ئەبو یوسف یەعقوبی کوڕی ساکین و الزەیادی و ڕەیاشی) کەوت و چەندین کتێبی بۆ خوێندەوە و زۆر کتێبی لەبەرکردوەو کتێبی ماناکانی شیعر و کتێبی العروض و کتێبی التقضیەی نووسیووە، ساڵی٨ کوچی، کۆچی دوایی کرد و بە ڕەحمەتی پەروەردگاری کەوت، کە هاوتایە لەگەڵ ساڵی ٨٩٧ی زایینی، واتە ٨٤ ساڵ ژیاوە و لە زێدی خۆی لە مەندەلی بەخاک سپێردراوە. ئەمە نمونەیەک لە شیعرەکەی:

انا اليمان ابن ابى اليمان
اسعد من ابصرت من العميان
و ان تلقنى تلق عظيم الشأن
تجدنى ابلغ من سحبان

٣. شاعیر ئیبراهیمی کوڕی فەرەج بەندانیجی، ساڵی ٢٧٠ کۆچی، هاوتایە لەگەڵ ساڵی ٨٨٣ی زایینی: ئەو ئیبراهیمی کوڕی فەرەجی بەندانیجییە، شاعیری بەناوبانگ و نووسەری درەوشاوە، صەفەدی باسی دەکات و دەڵێت: لە ڕۆژگاری خەلیفە واثیقی خەلیفەی عەباسی و تا سەردەمی موعتەمیدی عەباسی مایەوە و هەر ئەو کەسە بوو، کە لەبارەی غولام التحی ئەمەی خوارەوەی گوت:

ما زلت تمطلنا بوعدك
حتى اتاك كتاب عزلك
لا تظهرن تجلد
فالشعر فيه هلاك مثلك
فأنظر الى منشوره فى
الخد يخبرنا بديل

عەبدوڵا کوڕی عەبدوڵای کوڕی تاهیر ئەم شیعرەی لە کاتی گرتنەدەستی میرنشینیدا گوت:

وافا عند سواد الناس سودده
كما يوافى مع الميقات مقدور
فوفره بين ايدى العرف منتهب
وعرضه عن لسان الدر موفور

٤. شاعیر تاهیر کوڕی حوسێن کوڕی جەعفەر بەندنیجی ٤٨٠ کۆچی، ١٠٧٨ ز

ناوی تەواوی (الوفا تاهیر کوڕی الحوسێن کوڕی جەعفەر کوڕی ئەحمەد کززری جەعفەر کوڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی الحمدانی بەندنیجی)یە، شاعیرێکی شکۆمەندە و خاوەن شێوازێکی شیعری ناوازەیە, لە ئیبن خەلووقی و چینەکەیەوە شتی نوێی بیستووە. عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی جەعفەری بەندنیجی کوڕەزای لەوی گێڕاوەتەوە، ئەبو سەعدی سەمعانی لەسەری لەبارەیەوە گوتی: من لە قرم یەسبین لەسەریم نووسیووە، تاهیری کوڕی حوسێنی بەندنیجی مامم خۆی ئەم قەسیدەی خوارەوەی بۆمن نووسیووە:

الما نقبل مسرح الشادن الالمى
ونسقيه من ماء الجفون و ان طحى
و لا تعد لأبى فى الرسوم فأنها
رعى الله ايامى بأسلحة النقا
تفادى من حب ساكنها رسما
و عهدا مضى كالحلم واها له حلما
فلو عاد ذاک الدهر شخصا ممثلا
لا تعتبه ضما وافيته لثما

٥.  عیماد الدین ئەبو عەباسی کوڕی عەبد المونعیم بەندنیجی سەرۆکی قازی قوزات

ئیبن غوطی باس لەوە دەکات کە عیماد الدین ئەبو العباس ئەحمەدی کوڕی عەبدالمونعیمی بەندەنیجی، قازی قوزات، ئەدیبێک بووە لە نێو شاعیرانی دیوان و کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمە بووە، کە شارەزاییەکی باشی لە هەردوو زانستی(المعانی و البیان) هەبووە، وەزیر ئەبو تالیب ئەلعلقەمی لە شاعیرانی دیوان هەژماریکردوە، بەبێ ئەوەی شەفاعەتی بۆ بکات.

٦.  ئیبن ڕەفیق خەڵکی بەندەنیج (مەندەلی) بووە، بە گەشتیار هاتۆتە بەغدا، بەخۆی سۆفی و شاعیرە بووە، چەند جارێک چووەتە وڵاتی ڕۆمەکان.

٧.  بابا تاهر هەمدانی شاعیری هەست و سۆز

ناوبراو بابا تاهر هەمدانی شاعیرێکی سۆفییە و شیعری غەزەلی ناسکی هەیە، بەڵام لەڕادەبەدەر داخراو و سەخت بووە، شیعرەکانی بە شێوەزاری کوردی گۆرانی نووسراوە، لە ساڵی ٤٠٢ی کۆچی کە بەرامبەرە بە ساڵی ١٠١١ی زایینی، کۆچی دوایی کردووە، شیعرەکەی بە جیاکردنەوەیە بەرزی خەیاڵ و جوانی ئیلهام و نمونەی بانگکردنی وجود و سادەیی لە شێواز لە وەسفکردنی ئازار و بەڵاکاندا دادەنرێت، ئەو ئیمامی عەلی بە پیرۆز دەزانێت، بە خودای دادەنێت و یەکێکە لە پێشینەکانی ئەم باوەڕە، هەریەکەیان پلە و دەرەجەیەکی هەیە، هەربۆیە پێی دەوترێت (بابا) کە پلەی دووەمە، بەرزترین پلەش (پیر)ە، ئەو بۆ ئەوان موجتەهیدێکی گەورە بوو، لای (بەکتاشیەکانیش) هەمان پلە بوونی هەبووە، ڕۆژێک بەدەوییەکی هەژاری بینی، کە جل و بەرگی خراپ و دڕاوی لەبەر بوو، بارە دارێکی هەڵگرتبوو، کە بۆ فرۆشتن هێنابووی، لە ڕێگای بۆ بازاڕی شارۆچکەکەدا دەڕۆیشت، جارجارە لە ئاژەڵەکەی دەدا تاکو زوو بیگەیەنێتە بازاڕ، دەستەکانی بە خوێنی ئاژەڵەکە سوربببوون، کاتێک برسێتی تاوی بۆ هێنا، پارچە نانی جۆی دەرهێنا و

دەستی کرد بە خواردنی بەو دەستە خوێناویانەی، شاعیرەکەمان بابا تاهیری هەمدانی، ئەم دیمەنە ورووژێنەرەی بینی و کاریگەری زۆری لەسەر دانا، لەسەر ئەم دار فرۆشە هەژارە، لە ڕێگای خۆیشدا لە هەمان ڕۆژدا، دیمەنێکی دیکەی بینی، کە تەواو جیاواز بوو لە دیمەنی یەکەم و پێچەوانەی ئەو دۆخەی بینیبووی، کە تیایدا بینی پیاوێکی دەوڵەمەند بە شکۆمەندی و ڕێز و کەرامەتەوە، لەگەڵ هاوڕێکانی بەوپەڕی ڕەوشت و شەرەفەوە یاری تاوڵەی دەکرد و کەلوپەلی نایاب و مێزێکی پر لە خواردنی بە لەزەت و میوەی بە تامی لە قاپی زێر و زیو ڕازاندبووە، دوای خواردن و خواردنەوە، کوڕە بەهرەمەندەکە دەستی کرد بە پێدانی زێڕ و زیو بە هاوەڵەکانی، لە کاتێکدا زۆر دڵخۆش بوو، شاعیرمان بابا تاهر هەمدانی بێدەنگ و مات بوو، کاتێک لە حاڵەتی بیرکردنەوەدا سەیری دەکرد، سەری لێ شێوا، لە نێوان بەراوردکردن لە دیمەنی یەکەم و دیمەنی دووەمدا، کە تێیدا نەدەزانی چۆن بەراوردی نێوان ئەم دوو دیمەنە بکات، بۆیە بە شیعرێکی فارسی هەستیارەوە، ڕووی لە پەروەردگاری گەورەی دەکرد، گوتی:

اگر دسم برسد بجرخ کردون

مدانم این جون ادن جون

بیکی مدی تانج و تخت دکبنج دونایدون

ماناکەی بە کوردی:

ئەگەر دەستەکانم بگاتە دەستی پەروەردگارم، دەمزانی حیکمەتی ئەم ژیان و ئەو ژیان چییە، کە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێک پارە و شکۆی بە یەکێکیان دەبەخشێت و نانی جۆی خوێناویش دەدات بە ئەوی دیکەیان.

لەو دوو دیمەنە جیاوازەی سەرەوە دەردەکەوێت ئەم شاعیرەی ئێمە بابا تاهیر هەمەدانی و شاعیری دیکە عومەر خەیام لەڕووی قسەکردن لەگەڵ خودای مەزن هەمان ڕێبازیان گرتووە و ڕێبازی زاهید و عیبادەت، سۆفیگەری و دڵتەنگی و گریان و ئازار لە پێناو خەڵکی بەدبەخت. ئەوەی کە

شاعیر بابا تاهیری هەمدانی لە شارۆچکەی مەندەلی تەکیەی خۆی هەبووە، لە گەڕەکی قەلا (قەلەم)ی میر حاجیە، ئەو ئیمامی عەلی دەپەرستێ، واتا لە کاکەییەکانی عەلی ئیلاهی بوو، دەگوترێت ئەو لەوێ نێژراوە و گۆڕەکەی ئێستا لەوێیە و بەتایبەتی شوێنکەوتوانی کاکەیی سەردانی دەکرێت، لە ناوچەی قەلەمی حاجی و ناوچەی درو و دوو شێخ لە قەزای قەزانییە، ئەلعەزاوی لە کتێبی (الکاکەئیة فی التأریخ/ ل١١) باسیکردووە و دەڵێت: کاکەییەکانی مەندەلی تەکیەکیان هەیە بە ناوی بابا تاهیری لوڕی، بەدووری نازانرێت کە ئەم تەکیەیە هاوشێوەی ئەو تەکیەیە هەمەدانی ئێران بێت.

**١. شاعیران ئەم دواییانە**

١- سەید عەلی سەید ئیبراهیم بەندنیجی (مەندەلاوی) (١١٨٦ کۆچی)، بەرامبەر بە ساڵی( ١٧٧٣ی زایینی).

ئەو ناوی تەواوی (عەلی کوڕی سەید ئیبراهیمی بەندەنیجی)یە، زاهیدو شاعیر و زانا، بە ئەبو حەسەن بەناوبانگ بوو، خاوەنی تەکیەیەکی بەناوبانگ بوو لە بەغدا، لە ناوچەی (فضوة عەرەب) لە باب الشێخ لەسەر شەقامی کیفاح کە بە (تەکیەی مەندەلاوی) ناسراوە، ئەم شێخە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بە سەید عەلی بەندنیجی ناسراوە و زۆرێک لە زانایان لەسەریان نووسیووە و ستایشی زانست و زوهد و تەقوا و زیکر و ڕێبازی ئەویان کردووە.

لە شاری (مەندەلی) لەدایک بووە و لەوێ گەورە بووە، فێری بنەماکانی خوێندنەوە و نووسین بووە، لە سەرەتای لاوێتیدا گیرۆدەی خواردنەوەی مەی بووە و لە کاتی هاتنی بۆ بەغدا زۆر سەردانی باڕەکانی دەکات، کاتێک دەچێتە ناوەوە یەکێک لە قاوەخانەکانی بەغدا، بە سەرخۆشی دەبینرێت وسمشێرەکەی دەردێنێ و خەڵک لێی دوور کەونەوە، ئەمەش بە درێژایی تەمەنی ڕەفتاری ئەو بوو لەو قۆناغەدا، ڕۆژێک لەم دۆخە نەگبەتەدا بوو و خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژی هەینی لە نوێژی جومعە دەگەڕانەوە، یەکێک لە

زاهیدە بەناوبانگەکان بە ناوی ئەحمەد موصڵی صۆفی، بەلایدا تێپەڕی، هۆکاری ئەم قەرەباڵغییەی پرسی، ئەوانیش پێیان گوت کە بەڕێز عەلی بەندەنیجی لە حاڵەتی سەرخۆشیدایە و شمشێرەکەی دەرهێناوە، کەس ناوێرێت لێی نزیک بێتەوە و قسەی لەگەڵ بکات، بۆیە شێخ ئەحمەد موصڵی لێی نزیک دەبێتەوە و پێی وت: (کوڕەکەم شمشێرەکە فڕێی بدە و ئەم حاڵەتە وازلێبێنە)، چونکە باپیرت حوسێن (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەو شتەی تۆ ڕازی نییە، لەو کاتەشدا شەرمی شێخەکە کرد، شمشێرەکەی فرێدرایە لایەک وەک چۆن خودای مەزن ڕێنوێنی کرد، نزیک بووەوە لە شێخ و دەستی ماچ کرد، شێخ لە بەغداوە بردی بۆ تەکیەی خۆی بە ئاڕاستەی کەرخ، نزیک شێخ مەعروفی کەرخی و جونەید بەغدادی، لە تەکیەی خۆی نیشتەجێی کرد، ژوورێکی پێدا و دەستی کرد بە پەروەردەکردنی لە سۆفیگەریدا بە شێوازی قادری، فێری فیقە و نەحو و ڕێزمان و شیعر و هونەری زمانی عەرەبی کرد، بۆیە ئەم بەندەنجییە خۆی بۆ سەید ئیبراهیم تەرخان کرد لەسەر وانەکان، لە ماوەیەکی کورتدا شێخ دەستی کرد بە ستایشکردنی قوتابیەکەی، کە پێشتر باسمان کرد و ستایشی کرد، چونکە ڕێگایەکی تری گرتەبەر، جگە لەوەی تەنها دوێنێ لەسەری بوو، بۆ هەمیشە دەستی بە ڕۆژووگرتن کرد و وازی لە خواردن و خواردنەوە هێنا، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ، خودای مەزن ئیسراحەت و کرانەوەی زانست و عیلم و تەقوای پێبەخشی، بەم شێوەیە خودای مەزن هەرکەسێک بیەوێت بەبێ حوکم ڕێنمایی دەکات، ئەم هەواڵە لە کتێبی شاعیرانی بەغدا لە سەردەمی داود پاشا والی بەغدا هاتووە،

سەید عەلی سەید ئیبراهیم بەندەنیجی خۆی سەرقاڵی زەهد و تەصەوف کرد، بە ڕۆژ بەڕۆژوو بوو و شەو نوێژی دەکرد، شەوێک، لە خەودا باپیری حوسێن (سەلامی خودای لەسەر بێت) بینی و دیارییەکی پێ بەخشی، کە (الطیلسان) بوو (واتە چەترێک یان شاڵێکی سەوز)، کاتێک لە خەو هەڵسا، ئەو شیعری دەخوێندەوە،:

بدى البرق من نار الهوى و المحبة
لقلب المعنى من غلو المودة
سنا وجه من اهوى تبدى حقيقة
بجرأة سرى ساريا فى اشعة
فمزقت اطمار الهوى وقيودها
وما كان فى علم الرسول مشقة
فنوديت لما ان قتلت بسيف لن
لسوف ترانى فى مقام الاتية
وساقى الحميا صاحبى ومنادمى
وخمار ذاک الدير عز وشوكة
فقالوا ايا بندنيجى فمت بحبنا
وخذ طيلسان الحب منا هدية

هەروەها سەيد ئیبراهیم قەسیدەی (النون)یشی لەباری زوهد هەیە:

من تجلى لنا تجلى عيانا
بجمال و قد ملأ الاكوانا
وسنا برق وجهه لاح يوما
كاد منها ان يذهب الاعيانا
ان لموسى كان التجلى بطور
نحن من كان طورنا انسانا
نحن اياه لم نزل حيث كنا
مثلما كان لم يزل ايانا

لە قەسیدەی (الطائية) ئەوەی خوارەمان بۆ هەڵبژاردوون:

اعجمى انت ام من عرب
ام من الترک ام انت النبط
ما عرفناک لتقيدسک عن

كل ظن زاغ فيه النحط
ظاهر انت و لكن لا ترى
لعيون حجبتها النقط
فحتى تسمح بالوصل متى
ومن اللمة بان الشحط
خاض فيك البندنيجى لجة
درر الحەسەن بها يلتقط

**قوتابخانەی بەندنیجی لە تەکیە:**

ئەم تەکیەیە، تەکیەیەکی قادریی بوو، کە لەلایەن سەید عەلی ئەلبەندنیجیەوە دروستکراوە، دەکەوێتە ناوچەی (باب الشیخ فضوة عەرەب) بەغدا، نزیکە لە شەقامی شێخ عومەر سوهرەوەردی، لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووی لێدەکاتەوە گۆڕستانی غەزالی، لەوێدا مزگەوتێک (جامیع) دروستکراوە، کە پێنج فەرزە نوێژی ڕۆژانەی تێدا ئەنجام دەدرێت، قوتابخانەیەکیشی تێدا دروستکراوە، کە تێیدا هەموو شەوی سێشەممە و هەینی هەمووی هەفتەیەک زانستە عەقڵی و ئاینییەکانی تێدا دەوترێتەوە، لەوێ زیکرەکانی قادریەی ئەنجام دەدرێن، مزگەوتەکە ئیمامێک و بانگدەرێک و خزمەتکارێک، بۆ تەکیەکەش شێخێک و مامۆستایەک بۆ ڕێکخستنی قوتابخانەی زانستی دانراوە، مەرجی بەرپرسی تەکیە و مزگەوت و قوتابخانە ئەوە بوو، کە شارەزاترین خوێندکار لەوێ هەڵبژێرێت، لە نێو ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەو بوون: زانا شێخ عیسا صەفائەدین بەندنیجی بوو. هاوسەرگیری لەگەڵ کچی نەوەکەی سەید عەلی سەید ئیبراهیم بەندەنیجی کرد، دوای مردنی لە شوێنی ئەو بوو بە شێخی تەکیەکە و مامۆستای قوتابخانە و ئیمامی مزگەوتەکە، لە ساڵی ١٢٥٧ی کۆچیدا خانمی بەڕێز ساڵیحە خاتوونی کچی سەید عەلی

بەندنیجی بە ئامادەبوونی مەولانا ئیبراهیم سەعد الدین ئەفەندی قازی شاری بەغدا، یەک لەسەر سێی باخە بەناوبگەکەی لە بوستانی ڕەجەب کە دەکەوێتە سەر ڕووباری سوق لە شاری مەندەلی کردە وەقف بۆ مزگەوتەکە، هەروەها پارچەیەک لە بێستانە  بەناوبانگەکەی بەناوی (باخچەی فاتیمە خاتوون) لە مەندەلی فرۆشت و بەسەر هەژارانی تەکیەکە و خوێندکارانی زانست دابەشی دەکرد، کە لە تەکیەکە دەیانخوێند، بە مەبەستی خۆراکدان و خواردنەوە و جل و بەرگیان، دوو لەسەر سێی دیکەش درا بە هەرکەسێک کە منداڵی نێر یان مێ دەبوو، بۆیە بڕیاری تۆمارکردنی ئەوقافەکەی دا لە سەفەری ٤ی ساڵی ١٢٥٧ی کۆچی ١٢٥٨زاینی. مەحموود ئاغای کوڕی عەبدوڵا ئەفەندی موڵکەکانی لە مەندەلی کردە وەقف لەسەر تەکیە و قوتابخانە و دەروێشەکان، ئەوەش لە ٢٨ی جەمادی ئاخیری ساڵی ١٢٣٨ی کۆچی، لەو سەردەمەی کە کاروباری شێخایەتی لەدەستی سەید جودەی کوڕی سەید عبدالرحیم و دوای ئەویش لە دەستی سەید عەبدولرەحمان و لە دوای ئەویش لە سەر دەستی سەید عەبدوڵای کوڕی شێخ عیسای بەندنیجی بوو. ئیدی خوێندن و شێخایەتی کەوتە دەست سەید سەفائەدین و دوای مردنی، کەوتە دەست کوڕە گەورەکەی  سەید هاشم بەندەنیجی. لەم تەکیەدا گۆڕی سەید عەلی سەید ئیبراهیم بەندنیجی  شاعیری ناسراو هەیە، خوای گەورە بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و گومبەزێکی بەرز لەسەر گۆڕەکەی بونیادنراوە، هەروەها لە تەکیەکەدا گۆڕی عیسا بەندنیجی و کوڕەکانی و گۆڕی زانایانی دیکەش هەیە.

**٢- شاعیر محەمەد شەوقی معروف ئەلبەیاتی ( ١٢٣٥کۆچی) بەرامبەر (١٨٩٦ز)**

شاعیری بندنجی محەمەد شەوقی کوڕی معروف ئەفەندی کوڕی عەبدولڕەزاق کوڕی عەلی شیشمانی کوڕی عوسمان ئەلبەیاتییە، شاعیرێکی نابغە و زانایەکی نایاب بووە لە شارۆچکەی مەندەلی، خۆی لە ساڵی (١٢٥١

کۆچی) کە بەرامبەر بە (١٨٣٩ی زایینی) لەدایک بووە. شاعیر محەمەد شەوقی ئەلبەیاتی لە ساڵی (١٣١٤ی کۆچی) لە شارۆچکەی مەندەلی کۆچی دوایی کردووە، بەبێ ئەوەی کوڕێک بەجێبهێڵێت لەوێ بەخاک سپێردراوە، خاوەنی چەندین شیعر و قەسیدەیە، بە سێ زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، کۆمەڵێک شیعری بە دەستنووسی خۆی هەیە، بەڵام لەدەستچوو کاتێک ئینگلیزەکان شارۆچکەی مەندەلییان داگیرکرد، بەرهەمی دیکەی هەیە، کە سووتێنرا، وەک چۆن داگیرکەرانی ئینگلیز بوونە هۆی سووتاندنی کتێبخانەی خێزانەکە، لەوانە بەرهەمە نووسراو و کۆکراوەکانی، لە سەردەمی خۆیدا، لە شاری پیرۆزی نەجەف وەک کارمەندی کۆگا کاری کردووە، پاشان لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ مەندەلی، لە دەزگای پەروەردە دامەزرا، ئەو لەسەر دەستی باوکی، مەعروف ئەفەندی و لەسەر دەستی موفتی مەحموود ئەفەندی و لەسەر دەستی سەید عەبدولا شێروانی و زانا و کەسایەتی ئەدەبی گەورەی دیکە خوێندوویەتی و زانستی وەرگرتووە.

**٣- شاعیر حاجی حوسێن ئاغا ( ١٣٥٢کۆچی) هاوتای (١٩١٢ز)**

ناسری کوڕی حاجی حوسێنی کوڕی عەبدولقادر ئاغای کوڕی حەسەن ئاغای شاعیرە، لە شارۆچکەی مەندەلی لەدایک بووە، لەسەر دەستی زانایانی سەردەمی خۆی زانست و ئەدەبی خوێندووە، هەروەها پسپۆڕی زمانی فارسی و تورکی بووە. بۆیە بەم دوو زمانە فارسی و تورکی شیعری دەنووسی، هەمیشە لەگەڵ شاعیر زاهیر بەندنیجی (مەندەلاوی) بە زمانی فارسی و لەگەڵ شاعیر مەلا نامدار زۆرترین موناقەشەی دەکرد، شاعیر ناسری کوڕی حاجی حوسێن ئاغا، ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی کۆچی دوایی کرد و هیچ کۆمەڵە شیعرێکی ئەو چاپ نەکراووە.

### ٣. سەید زاهیر بەندنیجی (مەندەلاوی) ١٣٢٦ كۆچی - بەرامبەر ساڵی ١٩٠٢ی زایینی

سەید زاهیر بەندنیجی كوڕی سەید عەبدولواحیدی كوڕی سەید خەلیلی كوڕی ئیبراهیم كوڕی عەلی شاعیر كوڕی سەید حەسەن كوڕی لە سەید عەلی الكبیری زاهید و شاعیر و زانای بەناوبانگ، كە لە تەكیەی مەندەلاویە لە بەغدا نێژراوە، ئەم بنەماڵەیە لە ساداتی حەسەنەینن، كە زانست و زوهد و تەقوایان هێناوە، سەبارەت بە بەرواری هاتنی ئەم بنەماڵەیە بۆ شارۆچكەی مەندەلی، نادیارە، بەڵام سەید زاهیر بەندنیجی بەڵگەنامەی هەیە، كە پشتگیری لەوە دەكات، كە سوڵتان سلێمانی مەزن، كاتێك عێراقی داگیركرد لە ساڵی ٩٤١ی كۆچی، كە بەرامبەرە بە ساڵی ١٥٣٤ی زایینی، فەرمانی دروستكردنی مزگەوتێكی دەركرد لە شارۆچكەی مەندەلی و ئەندامێكی بنەماڵەی بەندنیجی لەو ماوەیەدا دەستنیشان كرد بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی مزگەوتەكە، كە ئێستا پێی دەوترێت (مزگەوتی گەورە)، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ئەم خێزانە لە شارۆچكەی مەندەلی بوونە، پێش ئەم بەروارە، كە ساڵی ١٩٤١ی زایینی بوو، شاعیرمان ئەبو عەدنان سەید زاهیر بەندنیجی لە شارۆچكەی مەندەلی لە ساڵی ١٩٠٢ی زایینی لەدایك بووە، بنەماكانی خوێندنەوە و نووسینی لە كتێبەكاندا خوێندووە و زانستە سەرەتاییەكان لە ساڵی ١٩٠٢ قوتابخانەی ئەلڕەشیدییە ئەلعوسمانییە لە شارۆچكەی مەندەلی خوێندووە، لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی دەرچووە، پاشان ، لەسەر دەستی قازی مەندەلی سەید ئەحمەد فایق ئەلعەزەمی، لەسەر دەستی خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئەفەندی نوێنەر فیقهـ و زمانی خوێندووە. خاوەنی چەندین خوێندنی شەخسییە، شارەزایە لە زمانەكانی توركی، فارسی، عەرەبی، بە نووسین و بە شیعر. خاوەنی كتێبخانەیەكی پڕ لە كتێب و گۆڤارە، وەك چۆن میراتگری زانا و شاعیرانە ، بۆیە دەبینیت دیراسەی زۆربەیانیكردووە و بەشێكی زۆری شیعری ئەوانی لەبەركردووە، هەروەها نامەنووسیشی بۆ

زۆر گۆڤاری عەرەبی کردووە، وەک گۆڤاری الهیلال و گۆڤاری الموقتطف و ئەوانی تر، گرنگترین کاریش کە پراکتیزەی دەکات کشتوکاڵ و باخدارییە، چونکە سەید زاهیر بەندنیجی چەندین باخی میوەی هەیە، کە لە باوک و باپیرەی بە میرات بۆی مابووەوە، هەروەها بازاڕێکی گەورەشی هەبوو، لە شارۆچکەی مەندەلی نزیک مزگەوتەکە. بۆ ماوەیەک وەک ئیمام و وتارخوێن لە مزگەوتی مەندەلی ماوەتەوە، کە بە میرات دەستی بەسەردا گرت و باپیری سەید خەلیلی زاهیدی بەناوبانگ لە خودی مزگەوتەکەدا نێژراوە، زۆر ئاگاداری ئەم مزگەوتە بوو، شاعیرەکەمان سەید زاهیر، ڕێبازی باپیرە باسکراوەکەی گرتەبەر، دوای ئەوەی ئەوقاف وتارخوێنێکی بۆ مزگەوتەکە دانا، ئەویش جێی هێشت و چەندین جار بە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی قەزای مەندەلی هەڵبژێردرا، کاتێک کۆچ لە شارۆچکەی مەندەلییەوە دەستی پێکرد، بەهۆی پچڕانی ئاوەکەیەوە، مەندەلی جێی هێشت و چووە بەغدا لەوێ ژیاوە، لەوێ وەک وەرگێڕ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ فارسی و بە پێچەوانەوە لە وەزارەتی دەرەوە دامەزرا، لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی تا ساڵی ١٩٤١ی زایینی لەم پۆستەدا مایەوە، دوای ئەم بەروارە گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی وەک نووسەری سەرنوسەری قەزای مەندەلی و خانەقین دابمەزرێت، پاشان دیسان گواسترایەوە بۆ مەندەلی و تا خانەنشین بوو وەک نووسەر لەوێ مایەوە، دوای خانەنشین بوونی دەستی کرد بە سەرپەرشتیکردنی موڵک وماڵی خۆی، هاوکات ئەندامی هەمیشەیی دەستەی بەڕێوەبەریی بوو، لە هەمان کاتدا خولیای خوێندنەوەی کتێب بوو بە تامەزرۆیەکی زیاتر، ڕۆژانە سەردانی کتێبخانەی مەندەلی دەکرد بۆ خوێندنەوە، چی نوێیە لە کتێب و گۆڤارەکاندا دەیخوێندەوە. سەید زاهیر بەندنیجی (ئەبو عەدنان) شاعیر و نووسەر و ئەدبێکی خاوەن زانیاری زۆر زانستێکی نایاب بوو. ئەو نابغەیەکی گەورە و خاوەنی پاشخانێکی کولتووری گشتیی لە شارۆچکەی مەندەلی بوو. ناوبانگی لە کار چاکە هەبوو، کەسێکی

بەخشندە بوو،بەمەش اوبانگێکی باشی هەبوو، خۆشەویستی هەموو دانیشتووانی مەندەلی بوو، شیعرەکان ناسک و ڕێک بوون، پر سۆز و هەست بوون، لە وەسف بەرز بوو، لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٧١ز کۆچی دوایی کردووە، لە خوارەوە هەندێک لە شیعرەکانی لە نێوان حەقیقەت و درۆدا دەخەینەڕوو:

أی حال هذا الذی انا فیه
أی نهج هذا الذی انا انهج
کنت فی کل زلة ذا تناد
بینما الجم الهوی لی واسرج
ثم لم اغد ذا تقی واستماع حیث داعی الهوی دعانی واحرج
فیم ابقی مذبذبا بین حق

شیعرێکی لەبارەی وەرزی بەهار دەڵێ:

مرحی فقد جاء الربیع ومرحبا بالقادم
وبدت به الأشجار فاتنة بحەسەن کمائم
لا یماری وبین بین وبهرج
فصل به هوج الریاح تبدلت بنسائم
وتبرجت أغصانها، وتزینت ببراعم
وخلق الأزهار تعبق بالأریج الفاعم
وتطربت اسماعنا لغ دل وحمائم

لە شارۆچکەی مەندەلی چەندین شاعیر سەریان هەڵدا، لەوانە مەلا نامداری کوڕی حوسێن تەیموری لە خێڵی قەرەلۆس و بەڕێز پرۆفیسۆر صاڵح ئیبراهیم محەمەد کۆج (بەڕێوەبەری ئامادەیی مەندەلی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەم) و میران قەرەلۆسی و شێمە شاعیری مەندەلاوی و سلێمان داود عەلان مەندەلاوی و محەمەد دارا مەندەلاوی و شاعیرانی دیکەش هەبوون.

**نووسەر و شاعیر، محەمەد دارا مەندەلاوی:**

کەسایەتییەکی ناسراوە، خاوەنی چەندین بەرهەمی بەنرخ لە بواری ئەدەب و شیعر، بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژنامەی ئەلکەرخ و ڕۆژنامەی سەوت ئەحرار و ڕۆژنامەی بیلاد شتی نووسیوە، نامەنووسی لەگەڵ گۆڤارەکانی عێراق و میسری کردووە، لە سەرەتادا چەندین شیعر و لێکۆڵینەوەی لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی عێراقدا بڵاوکردووەتەوە، لە سالآنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بابەتێکی لە ڕۆژنامەی ئەلتەقەدومدا بڵاوکردووەتەوە بە ناوی "(چۆن بە هەموو زارەکان فێری زمانی کوردی ببین؟).

سەرەتای کاری سیاسی، سەر بە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی بوو، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا، لقی ڕۆشنبیران، چەندین بەرپرسیارێتی حزبی لە ئەستۆ گرت و دوای ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد، بە خێرایی چوو بۆ مەهاباد، لەبەردەم شەهید قازی محەممەد و سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی لە گۆرەپانی چوارچرا، شیعرێکی ناوی (چاو بکەرەوە) خوێندەوە، بەهۆی گۆشەگیری و هەراسانکردنی لەلایەن سەرکردەکانی ڕژێمەوە، لەدوای کودەتا دژ دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی، عێراق بەجێدەهێڵێت بەرەو ئێران دەچێت و چەند ساڵێک لەوێ ژیاوە، دوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ گەڕاوەتەوە عێراق و کاری کردووە لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و بە ئەندام دەستنیشان کرا، لە دەستەی کارگێڕی یەکێتی نووسەرانی کورد و لە ژیاننامەکەیدا چاوی بە ڕێبەر عەبدولکەریم قاسم ڕێبەری شۆڕشی ١٤ی خاکەلێوەی ١٩٥٨ی زایینی کەوتووە، یاوەری و هاوڕێیەتی زۆرێک لە شاعیر و نووسەرانی کردووە، لەوانە شاعیری گەورە محەمەد مەهدی جەواهیری و بەیاتی شاعیر و سەیابی شاعیر. لەپاڵ شۆڕشگێڕانی ئەندەنووسیان لەدژی داگیرکاری هۆڵەندی و ئینگلیزی جەنگاوە.



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی

تا مردنی، شانازی بە ناسیۆنالیزمی کوردایەتی خۆیەوە دەکرد و بە قەڵەم و ئەدەبیاتەکەی پاڵپشتی لە دۆزی گەلی کورد و خواستە ڕەواکانی دەکرد، بە ڕەحمەتی پەروەردگاری مەزنی بکەوێت. ئەمانەی خوارەوە بریتیە لە بڕگەیەک لە شیعرێک بە زمانی کوردی بە ناوی "دومەی مەرگ":

خوەزە و دومای مەرگ یەیجا بامەوە
بوینم شیرین بویم یا تیل تامەوە
بوینم هاوریان هان وەلامەوە
یا هو و مەزانوون چویمەس نامەوە
بوینم ئەو کەسەگ شیرینم چەشی
پەی من دلتەنگەن یا کەرو خوەشی
بوینم ئەو کەسەمەدا تا زارم
پەشیمان بویەن یا لا نەت بارم
هالەچەوەری گەروم هەلا لی
یا مەردم مەکەن داد لەبەهوالی
وەسوزەی سموم و تاریک و تەم
و تافەی ئارەق جەمین پرژەخەم
سوگەند بوو ئەقرار ڕاهەت ژەمەن دوور
هەن تائی جەسەم مەسپاروون وەگوور
قامەت خوەشی نەدیمەوەچەم
تەنگی قامەتم برایان بوی جەم

**ج- شاعیرانی مەندەلی لەسەردەمی هاوچەرخ**

دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێم، ژمارەیەک شاعیر و نووسەر دەرکەوتن و شیعرەکانیان لەبارەی شارۆچکەی مەندەلی و کارەساتەکانی و ئەو بەڵایانەی بەسەریدا هات، بە زمانی کوردی نووسی، لە نێویاندا شاعیری داهێنەر سالم خەمانی قەرەلوسی و عەبدولخالق ناسراو بە ئەبو عەلا

مەندەلاوی،  هەروەها شاعیر و نووسەر پرۆفیسۆری بەڕێز ئەحمەد ئەلحەمەد مەندەلاوی، کە شیعرەکانی خۆی لەبارەی شارۆچکەکەیەوە ئامادەکردووە، شیعری بە کوردی و عەرەبی لوڕی نووسیووە، مامۆستای بەڕێز، ئەحمەد حەمد مەندەلاوی، لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لە مەندەلی لەدایکبووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٤ – ١٩٦٥ی زایینی لە خانەی مامۆستایان لە بەعقوبە دەرچووە، لە کاتی شەڕی دڕندانەی عێراق و ئێران ١٩٨١ زاینی – ١٩٨٨ زاینی، لەلایەن سوپای ئێران و هێزە چەکدارەکانییەوە دەستگیرکرا و بە دیل لە ئێران مایەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی، دوای ئەم بەرِوارە، گەڕایەوە عێراق.

نووسەر و شاعیر ئەحمەد حەمەد خاوەنی پاشخانێکی فەرهەنگییە لە ئەدەبیاتی عەرەبی لە هەموو ڕوویەکەوە هەیە، شارەزاییەکی بەرفراوانی هەیە لەسەر شیعر و وەزن و قافییەکانی، خاوەنی چەندین شیعرە، هەندێکیان کۆمەڵایەتی، هەندێکیان وەسفین و هەندێک مەندەلاوین، لەبارەی  کارەسات و مێژوو و سروشت و واقیعی مەندەلی و  ئەوەی بەسەریان هاتووە نووسیووە، ئەحمەد ئەبو شەهاب مەندەلاوی لە ئەدەبیات و شیعری عەرەبیدا بە ڕەمزێکی دیاری زانستی سەردەمی خۆی دادەنرێت.

شیعری: (من لێرە لە مەندەلیماڵێکم هەبوو/ **كان لي دار هنا في مندلي)**"، شاعیرمان ئەبو شیهاب ئەحمەد ئەلمەندەڵاوی دەڵێت: ئەم شیعرەم کاتێک داناوە، دوای گەڕانەوەم لە ئێران کە تا ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی لەوێ زیندانی بووم، سەردانی شارۆچکەکەم ( مەندەلیم) کرد، دوای چارەک سەدەیەک لە جیابوونەوە، بینیم بە بۆتە وێرانە بۆیە ئەم سرودەم بۆ وت:

كان لي دار هنا في ڕبوة
قد محاها السيل في ليل بهيم
بلبل يشدو معي في ساحها
لحن حب فوق قيثار قديم

كلما جاء بلحن طارف
فى ثناياه أرى قلبا أليم
يا جدار الشوق أين الملتقى
حيث كنا نرتدى ثوب النسيم
وظلال الود فى آفاقها
تحتها الآمال تنمو فى الأديم
وإذا عانق بدر وردة
فاح فى الأجواء عطر مستديم
بتلاق و انسجام دائم
و ونام شع من قلب سليم
ضحك السمار والكون لنا
فتهاوى الداء من ألف سقيم
هاهنا الرمان والنخل معا
رحبا بالضيف محبوبا مقيم
وترى شمس الضحى مشرقة
تبعث الأنغام للخلق الكريم
أنا لا أحكى خيالا جامعا
هكذا كنا نطوف فى النعيم
عدت من بعد النوى يا مندلى
باشتياق الأم للإبن الفطيم
ليت شعرى لم أجد مهد الصبا
بما يى عدت مكلوما يتيم
أنا لن أنساك يا أرض الألى
قسما بالله والعرش العظيم

هەروەها لە نموونەی شیعرەکانی، شیعرێکی بەناونیشانی (هەناری مەندەلی)

قصيدة ڕمان مندلی
إلی شغفت و لكن لا بغزلان
لكننی مغرم فی حب ڕمان
أطير من فرح لما أراه دلا
بين الأفانين فی دل كسكران
حاولت مسكه بالمعكوف فی شغف
فلاد مختبئا ما بين أغصان
لا تسقنی الخمر مهما كان مورده
فما علی الخمر يوما كان إدمان
بل إن ڕوحی وأعصابی بها
الشربة الراح من أرواح ڕمان
فأعصر الحب حبا ما بداخله
دم وعظم فهذا مثل إنسان
أفضی الجمال عەليه من محاسنه
لذا يباع بأعداد و ميزان
و الروح من زمن ولهی بجوهره
وكيف لا ذكره جاء بقرآن

لە نێو ئەدیبانی کوردی مەندەلاویدا، پرۆفیسۆر مادحی مەندەلاوی، وەزیری پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەیتی شیعری لەسەر شارەکەی مەندەلی بە شێوەزاری کوردی لوڕی ، هەروەها بە زمانی عەرەبی نووسیوە، لە شیعرەکانیدا هاتووە:

بان بچیمەو ترا مەنەلی
ئمشەو کورپەی دلم هرو نیەکی
ئمشەو هەر لەخوەمەو گریانم تیەی
نیزانم ئرا
ئمشەو خورەی بەسەر گونام
چوی تافەی ئاو و ەرەو خوار تیەی
ئمشەو گلارەی چەوم هەر ئەلپەری
نیزانم ئرات ئوقرەنیگەری
ئمشەو توام وەرەو لاد بام
ترا مه نه لی
ئه ڕا شاره که ی
کاک جوامیر و سلمان وشهید سبتی
بان بچیمه و ترا مه نه لی
ئرا میلکان منالی
هنی منی وسه ڕ جو
بویاقی و قلابالی
بان بچیمه و ترا باخه یلمان
ئرا ناو دووس وقه و مه یلمان
ئرا حاجیسف وزیر دالان
نقیب و چالچالی
بچیم شارمان ئاوا کەین
روی کوردستان جوان کەین
وەل ده نگ دەهول سەما کەین
هوره و سویر و ئەسپ سواری
سه ڕبه ست بوو ئەی مەندەلاوی

تو خاوەن شەهیدانی
کاک ( جوامیر) شاهیدە
دالگ بوودە قوربانی
بان بچیمەو ئەرا مەنەلی
بچیم شارمان ئاوا کەین
روی کوردستان جوان کەین
وە ک دە نگ و دهول سە ما کەین
هورە و سویر و ئە سپ سواری
سە ڕبە ست بوو ئە ی مە ندە لاوی

هەرچی شاعیر داهێنەر سالم سەمانی بوو، زۆر قەسیدەی بە شێوازی لوڕی مەندەلاوی نووسیووە، لەباریە شاری مەندەلی و کارەساتەکانی، بۆ نموونە:

هەی مەنەلی شاری شرینم
هایدەناو دل و دەمار و خوینم
قەسەم و ەو کەسەچیمنەدیوانی
دایەم ڕاد گیرم کەس پیم نەزانی
ناگەر بەپیر سید هەوال لەدلم
تن پاخچەی گولی منیش بولبولم
ڕووژی توام لەهیور بوەمەدەو
چەوم چوو کەخەو دوینمەد وەخو؟
ئەر بارەر نیەکەید قەسەم ئەراد خوەم
ئەو کەسەئیوشی مەنەلی کورد نیە
زانیگن وەخوی بارگەی کوور کیە
مەنەلی کورد وهن کوڕدستانیە
گوش نەن وەقسیە مەردم بیگانە

هەرچی شاعیر زاهیر حەبیب مەندەلاویە، ئەوا شیعرێکی بە هەردوو زمانی کوردی لوڕی و عەرەبی نووسیوە، بۆ نموونە:

خوسەی حال خراو بکم بریە
برایل تەرف تیون لەیەک دویر بویە
لەناو ولاتم غەریبی کیشم
ناکەسیل نیوشن تەکەو لا بیە
قرارم نیەگری بەرای شارەکەم
ئەرای جی باوان شون میلکانەکەم
دلم چەن خوەش بیوەوحتی لەورەبیوم
گوزران وەسەفاو خەنین لەریوم
وەتنەپیم برا ئەرا بیزاری؟
تاسەر نیەمینی ئەی بی قەراری
ئاخ و داخ نەکەدونیا خاسەو بوو
هم یەکو گریم دوو جارەلەنو
هم یەکو گریم جیو جارجاران
پیاسەهەم کەیم لەجیگەی باوان
وەیەکو چیم ئەرا باوەگرزین
وەدل خوەش و لەپ خەنین
ئەی شار ئەزیز و قەدر گرانم
کورد نیشنەگەی ئارام گیانم
هەرچک باس بکەم وەکەم زانمەی
گشت وەخت لەناو دل جوی دار کالمەی
کشت وەخت لەناو دل جوی کول کالمەی

هەروەها لەو شیعرانەی بە زمانی عەرەبی نوسیوویەتی شیعری (شجون البعد) لەبارەی مەندەلییە:

اذا ما همنى امر جليل
سالت وصلک ومنک الصد
علام الصدود على التدانى
فشوقى اليک جمر يقد
وان باعد الخطوب بينا
بشوق الى اللقاء اجد
متى الوصل يانجيع وصلى
إلى لقياک بالرحل اشد
على خرير الكلال أغفو
وانسام بساتينک ند
بشوق إلى اللقيا اجد
إليک مندلى شوقى ولهفى
فهل للعود منک رد ؟
سلاما كومەسنک يا مهد عمرى
فواللەلک فى القلب مهد
وكم رام الاعادى شاف ذكرى
فما جاوز صبرى الحد
فأصبحت بيوتكم طلا يحاكى
هموم اهلک عسى يردوا
فكم صبرک كان جميلا
حلمنا همک عرب وكورد
اذا صوت فى قرەلوس تعالى
صداها من قلعەبالى يرد
ومن بوياقى حتى قلم حاج
و بازار بويجک للحب يعدو

ومن كبرات حتى هنى منى
وفى السوق الكبير ڕجال ئەسەد
إليكم شدوى من نقيب
إلى ساحاتهم بالحب نعدو
ايا ديار المكارم اهلى وفخرى
وجمر اشتياقى لا يحد
الى دروبک عقدت عزمى
وماء نهرک فى فمى شهد
إلى ڕمانک سال لعابى
وحلو تمرک مالەحد
فكم من ڕوضة أمست خرابا
وكم من بلبل بالحزن يشد
وكانت أصعب الأوقات منا
ولم يمحى الشجون البعد
فوا اسفى على ما ضاع منا
سنين العمر ما لەمرد
بقينا على العهد اباة
فما همنا طاغ أو وغد
يقينا كل ظلم إلى زوال
وزهو مندلى سيسترد
كوردستان اذا نابک خطب
ڕجالک فى الهيجاء ئەسەد
جناحک مندلى ضميەإليک
فلا تجعلوا أهلها شرد

مامۆستا عبد الخالق مەندەلاوى ناسراو بە( ابو علاء)

شاری مەندەلی
چمان وەی دونیا زندان نشینم
برایل بشند ون زاری دەرینم
جور باوگ مردگ نامادەی شینم
شادی نەدیمەدایم غەمینم
نەی ڕوژ سیەوەچەوم نەدیام
کاشکا لەدالگ پدیدا نەهاتیام
کەفتیمەوەدەس بری بیگانە
هدی داد هدی بیداد لەندی زەمانە
غدم لەگەنجی دل چادر هەلدایە
نیەزانم چەبکهم هو وشم نەمایە
نەرای مەندەلی دل بی قەرارم
شوعلەی مانگەشەو گیریاس لەشارم
لە شارۆچکەی مەندەلی، یەک ڕووبار هەیە، کە لە زەویەکانی کوردستانەوە لە دیوی ئێرانەوە بەرەو زەویەکانی مەندەلی دەڕژێت، جگە لە ئاوی باران و لافاو، کاتێک ئاو لە ڕووباری (گەنگیر)ەوە دەڕژێتە شارۆچکەکە، لە ڕێگەی ناوچەیەکەوە تێدەپەڕێت پێی دەگوترێت (ناوتانگ) یان (گەروو)، دەکەوێتە زنجیرە چیای حەمرین، ئەم ڕووبارە چەند لقێکی لێدەبێتەوە بۆ ناو زەویەکانی مەندەلی ئاوەکەی دابەش دەکات بەسەر چەند چەمێک، کە ئەوانیش دەرێژنە ناو باخچەکانی مەندەلی و کێڵگەکان و زەویەکانی قەزانییە، بە یەکسانی و لە کاتژمێری دیاریکراودا و بەپێی

ڕووبەری باخ یان زەوییە کشتوکاڵییەکان، ناوی هەر چەمێک بە پێی ئەو ناوچانەی کە تێیدا تێدەپەڕێت دەگۆڕێت، وەک خدرە شەل، خەر قەزانییە و سوکاری یەهودی و هەندێک جار لەلایەن خەڵکەوە پێی دەوترێت (خەر). واتە نزمایی.

تاڤگە ئاوییەکانی شارۆچکەی مەندەلی و گوندەکان زۆرن،

بەناوبانگترینیان تاڤگەی باوە حافزە لە پشت مەزارگەی شێخ مەندەلییەوە، تاڤگەکان لەلایەن خەڵکەوە ناویان لێنراوە (شادروان) کە وشەیەکی کوردییە. لە ناوچەی جەریای ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە تاڤگە زۆرە، ئاشەکانیش لەسەر ئە تاڤگانە کاردەکەن، کە ناوی (ئاسیاو)ە، هەر ئاشێک ناوێکی تایبەتی هەیە، لەلایەن کرێکارێکی بەئەزموونەوە سەرپەرشتی دەکرێت، هەروەها سەرپەرشتی دابەشکردنی ئاو و تاڤگەکان دەکرێت لەلایەن پاسەوانێکی تایبەت بە ناوی (میراو)، کە دەسەڵات و فەرمانی دابەشکردن و کۆنترۆڵکردنی ئاوی هەیە بەگوێرەی ڕێوشوێن و کاتژمێرەکانی کارپێکراو و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری بەشی ئاوی شارەوانی مەندەلی. دیارترین پاسەوانەکان (میراو) لە مەندەلی لە سەدەی بیستەمدا دەخەینەڕوو:

١. پاسەوان (میراو) عەلی بسکۆلی مندەڵاوی لە ناوچەی بازاڕی الصغیر.

٢. پاسەوان (میراو) قادر مەندەلاوی لە قەڵای جەمیل بەگەوە.

٣. پاسەوان (میراو) سەرتیپ مەندەلاوی لە ناوچەی بازاڕی الصغیر.

٤. پاسەوان (میراو)، عەبدولقادر ئاغا مەندەڵاوی، خەڵکی ناوچەی بویاقیە.

ئەم پیشەیە زەحمەت و سەخت بوو، هەندێک جاریش بەریەک کەوتن و هەڵسوکەوتی ناخۆش لە لایەن خاوەن باخ و کێڵگەکانەوە لەگەڵ پاسەوانان (میراو)دا دروست دەبوو، سەرەڕای ماندووبوونەکەی، بەبێ ئەوەی شەو و ڕۆژ بوەستێت، جگە لە چەند کاتژمێرێک بۆ پشوودان و ڕۆشتن بۆ ناو

خێزان و ماڵ و منداڵیان، یان هەندێکجار لەناو باخەکانی میوەدا ئەگەر پێویست بووایە پشوێکی کورتی دەدا. تەنانەت لە زستانی سارددا کە مووچەی مانگانە یان ساڵانەیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت لە شارۆچکەکە وەرنەدەگرت، بەتایبەتی بەشی شارەوانی مەندەلی، تەنانەت پاداشتیشان نەبوو، بژێوی ژیان و گوزەرانیان لەسەر بنەمای پشکی بەرهەم و بەروبوومی هەر ساڵێکە لە باخ و کێڵگەکان و بەپێی وەرزی میوە و دروێنە بوو.

پاسەوان (میراو) جدی بوو لە جێبەجێکردنی کارەکانی بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزانە لە دابەشکردنی پشکی ئاو بەسەر هەر باخچەیەک و زەوییە کشتوکاڵییەکاندا، چاوێکی وردی هەبوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە لێشاوی ئاوەکە لەلایەن کەسانی لاوازەوە لە لایەن هەندێک خاوەنانی باخەکان یان لە لایەن کەسانی لاوازەوە نەدزرێت. ئەگەرچی ئەمە بە دەگمەن و بە نهێنی ڕوودەدات، بەتایبەتی شەوانە. بەڵام سەرنج و وردبینی پاسەوان (میراو) دزینی چەمی ئاوەکە قورس و کوشندە دەکرد، کاتێک شتێکی نائەخلاقی وەک ئەم ڕوودەدات، وەک دزینی ئاو، بابەتی دزیەکە ئاشکرا دەکات، ئەوە دەست بە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە دەکات و کابرای دز دەستگیر و غەرامە دەکرێت، جا دزەکە چ جووتیارەکە بێت یان خاوەنی باخ و زەوییە چێنراوەکان بێت.

ئەمەش بەزۆری لە وەرزی هاویندا، بەهۆی کەمی ئاوەوە ڕوودەدات، پاسەوان (میراو) کارەکەی بە ئەمانەت و پەیمان دەزانێت، پێش ئەوەی وەک پاسەوان وەری بگرێت، سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و ماندوێتی و پێکدادانانە، هەمیشە دڵخۆش و گەشبین و ڕازییە، وەک ئەوەی هەموو باخەکانی مەندەلی هی خۆی بن، تۆ پاشەوان بە دڵخۆشترین کەس و بوونەوەر دەیبینێت، کاتێک چاوەڕێی بەرووبووم و بەرهەم دەکات و بەشی خۆی پێدەدرێت، هەروەها دەبینی بەردەوام سوپاسگوزاری خودا دەکات و

بەیانیان و ئێواران دەستی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان داوای ڕەحمەت و بەزەیی لە خودای گەورە دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی کەمی ئاوی شارۆچکەکە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، لە نێوان سالانی ١٩٥٠ی زایینی تا ١٩٥٨ی زایینی، بیری ئیرتیوازی هەڵکەندرا و پەمپ و مۆلیدەی لەسەر دانرا بۆ دابەشکردنی ئاوەکەیان و پەمپکردنی بۆ باخ و کێڵگەکان، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و پاییزی هەموو ساڵێکدا، لەلایەن کۆمپانیای هاوبەشی بەریتانی و هۆڵەندی و لە ژێر چاودێری شارەوانی مەندەلی ئەو بیرە لێدرابوو، لەو ماوەیەدا لە قەزای مەندەلی کێشەی ئاو بەشێکی کەم بووەوە، بەهۆی دروستکردنی ئەوانە بیرە ئیرتیوازییانەی، کە ئاوی بەسەر زەوی و باخەکانی شارۆچکەکەدا دابەشدەکرد، لەو ماوەیەدا لە نێوان سالانی ١٩٥٥ی زایینی تا ١٩٥٦ی زایینی (لەسەردەمی مەلەکی)، تانکییەکی گەورەی ئاو دروستکرا و لە باخچەیەکی میوەدا بە ناوی سی بیرام (سەید بیرام) لە باکووری ڕۆژهەلاتی بازاری بچووک دانرا، بە مەبەستی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لە شارۆچکەکەدا، بەم پڕۆژەیە ئاوی خواردنەوە بۆ خەڵک دابینکرا، فلتەر و تەعقیمکردن لە تانکی نوێدا لەلایەن شارەوانی مەندەلییەوە ئەنجامدەدران، ئەم تانکیە لەلایەن کرێکارێکەوە بە ناوی (سەرکار فەیزوڵا مەزلوم) سەرپەرشتی و پاسەوانی دەکرا و کاتژمێری کارکردنی دیاری دەکرد، هەروەها کارمەندێکی دیکەش کاری دابەشکردن و پاسەوانی تانکیەکەی دەکرد کە ناوی (موڕادی صەغیر) بوو.

شایانی باسە کە مەندەلی باخچەی میوە و زەوی بەرفراوانەکانی بۆ کشتوکاڵ هەیە، بۆیە ئەو ئاوەی لە ئێرانەوە دێت بۆ شارەکە، بەس نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی شارۆچکەکە و خەڵکەکەی و باخ و کێڵگەکان، بە تایبەت لە وەرزی هاوین و پایزدا.

٥. شوراکانی شارۆچکەی مەندەلی

ناوەڕاستی شارۆچکەی مەندەلی هەر لە کۆنەوە و بە درێژایی سەدەی هەژدە و نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست بە دیوارێکی خشت و گڵ و قوڕ

لە سێ لاوە دەورە دراوە، ئەو دیوارانەش بە تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانەش تا ئەمڕۆ ماون، بەڵام ئەم دیوارانە ئەمڕۆ تەنها بوونە شوێنەوارێکی کەلەپوریی.

ئەم دیوارانە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی شارۆچکەکە و ئاسایشی خەڵکەکەی لە هێرش و تاڵانی دوژمن کە لە دەرەوەی شارۆچکەکەوە دەهاتن دروستکراون، هەروەها وەک ڕێگرییەک و بەربەستێک لە دەستپێکردنی هێرش یان هێرشێکی لەناکاو یان دەستدرێژیکردنە سەر شارۆچکەکە دروستکرابوون. هەروەها ئامانج لە دروستکردنیان بۆ ئەوە بووە، تاکو لە کەسانی نامۆ و دەستدرێژکار، یان تێپەڕبوونی هەندێک کەس کە دانیشتووی شارۆچکەکە نین و دەخوازن بەبێ مۆڵەت بێنە شارەکە، تاکو لە لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و بەرپرسانەوە ڕێگەیان پێ نەدرێت، نەتوانن بێنە ناو شارۆچکەکە، وەک قەڵایەکی هەمیشەیی داگیرنەکراو وایە، دروستکردنی ئەو دیوارانەی مەندەلی لە کۆنەوە سەیر و سەمەرە نەبووە، هەروەها مەندەلیش یەکەمین شار نەبووە لە ناوچەکە و نە لە جیهاندا دیواری بۆ دروستکرابێ، بەڵگەی مێژوویی زۆر هەیە بەدرێژایی سەدەکان لەسەر هەندێک لەو دیوارانەی کە لە مێژوودا باسکراون، بۆ نموونە دیواری گەورەی چین، کە بە یەکێک لە حەوت سەرسوڕهێنەرە کۆنەکانی جیهان دادەنرێت و دیواری قەڵای خەیبەر لە نیمچە دوورگەی عەرەبی.

دیوارەکانی شارۆچکەی مەندەلی بناغە و پێکهاتەی فراوان و پتەو و بەرزی هەیە کە لەو قۆناغە و قۆناغی مێژوودا گەیشتن و پەڕینەوە لێی ئەستەم بووە، دیوارەکان بە سێ لایەکەی هێمایەکی مێژوویین بۆ شارۆچکەی مەندەلی، بەڵام لەرووی چوارەمی شارۆچکەی کە باخچەی میوەی چڕ و ڕەهەندی قووڵی هەیە، وەک دیوارێکی تایبەت و سروشتی دەردەکەوێ، هەر باخچەیەک دیواری تایبەتی خۆی هەیە کە لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوە، دیوارەکانی مەندەلی هەریەکەیان زیاتر لە دەرگایەکی گەورەیان هەیە ، لە نێوان دەرگایەکی بچووکدا کە بە ڕۆژ دەکرێنەوە و

شەوانە لەلایەن پاسەوانە پەیوەندیدارەکانەوە دادەخرێت، لەبەردەم هەر دەرگایەکدا بیرێکی ئاو هەیە.

ئەم دیوارانەی دەوروبەری شارۆچکەی مەندەلی لە سەردەمی ئێستای سەردەمی ئێمەدا هیچیان لێ نەماوەتەوە، نە دەرگاکانی و نە بیرەکانیان، جگە لە وێرانەکان و ڕووخاوییەک نەبێ و شوێنی خۆیان لەسەر زەوی دیارە، هەندێک لە دیوارەکان هێشتا ماونەتەوە پاشماوەی کاریگەرییەکانیان ماونەتەوە، کە شایەتحاڵی مێژووی ئەو دیوارانەن، بەداخەوە هیچ گرنگی پێدانێکمان بۆ چاکردنەوەی ئەو وێرانانە لە بەرپرسان و ئەوانەی پەیوەندیدارن نەبینی، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکانی عێراق، دیوارەکان بەشێکی شوێنەواری مێژووییان هەیە، لە مێژووی شارۆچکەی مەندەلی، باشە و گرنگە کە زۆرترین گرنگی بدرێت بەو شوێنەوارانە تاکو لە فەوتان بپارێزرێن.

ئەمانەی خوارەوە ناوی دەروازەکانی دیوارەکانی دەوروبەری شارۆچکەکەن لە سێ لاوە:

١. دەرگای تاوەری ئەجەم (باب برج عجم).
٢. دەرگای قەڵای بالی.
٣. دەرگای قەڵەم حاجی
٤. دەرگای بەغدا.
٥. دەرگای یەدەگ (سپێر).
٦. دەرگای دەروازە
٧. دەرگای گنگەرە (یان خەلیل ئاغا)، لەناو خەڵکدا پێی دەوترێت (پردی خەلیل ئاغا).

**گۆڕستانەکانی مەندەلی:**

لە شارۆچکەی مەندەلی گۆڕستانی زۆر هەیە، هەندێکیان کۆن و هەندێکیشیان لە سەدەی بیستەمەوە، ناوی ئەو گۆڕستانانە بەم شێوەیەن:

١. گۆڕستانی ئیزی قەرە.
٢. گۆڕستانی سەید ڕەحمان.
٣. گۆڕستانی مەلا عەبدوڵا شێروانی.
٤. گۆڕستانی بابا قودرەت.
٥. گۆڕستانی حاجی مەهدی
٦. گۆڕستانی باخ باکوچ.
٧. گۆڕستانی جوولەکەکان.
٨. گۆڕستانی حاجی یوسف.
٩. گۆڕستانی بابا کۆرجی (کوجی).
١٠. گۆڕستانی قەسەب سانی
١١. گۆڕستانی پێغەمبەری تاران (طهران).
١٢. گۆڕستانی باو کرزەدین (کرزالدین).
١٣. گۆڕستانی عەبدوڵا کوڕی عەلی.
١٤. گۆڕستانی پیر محەمەد.
١٥. گۆڕستانی خەلیل ئاغا.
١٦. گۆڕستانی قاسم حاجی.
١٧. گۆڕستانی شێخ مەندەلی.
١٨. گۆڕستانی قەزانییە.
١٩. گۆڕستانی دووشێخ.
٢٠. گۆڕستانی الصگور.
٢١. گۆڕستانی عەونی کوڕی عەلی
٢٢. گۆڕستانی قزلار ئیمامی.
٢٣. گۆڕستانی بابا حافز (باوە حافز).
٢٤. گۆڕستانی کەناری
٢٥. گۆڕستانی سەید شەعبان

٢٦. گۆڕستانی سەید زەینەدین
٢٧. گۆڕستانی ئیمام مەنسور
٢٨. گۆڕستانی شێخ شەمس.
٢٩. گۆڕستانی داودە (دادە وەلی).
٣٠. گۆڕستانی سەید صالْح.
٣١. گۆڕستانی مەقام عەلی.
٣٢. گۆڕستانی ئیمام عەسکەر.
٣٣. گۆڕستانی سەعدون شێخ قەنبەر.
٣٤. گۆڕستانی بیلقیس (بلقیس).
٣٥. گۆڕستانی گورسەنگ لە ناوچەی عەمریات
٣٦. گۆڕستانی شێخ مەیدان لە سەرەتا ڕووباری جانی و فلشت.
٣٧. گۆڕستانی داوانزە ئیمام (الأثنا عشری) دەکەوێتە قەزای قەزانییە
٣٨. گۆڕستانی حاجی بەگداش (بەگ داش) لە ناو بێسانەکان.
٣٩. گۆڕستانی باوە قوڕەیش لە ناوچەی قەڵای سەفید نزیک گوندی هەواسی.
٤٠. گۆڕستانی کۆمارییەکان لە ناوچەی دروو لە قەزای قەزانییە.
**٤١. ئاشەکانی دەوروبەری مەندەلی**

لە دەوروبەری شارۆچکەی مەندەلی، لە دەیان ساڵەوە تا ساڵی ١٩٦٠ی زایینی، چەندین ئاشی ئاویی هەبوون، کە لەسەر تاڤگەی (چەم) ڕووبارەکان کاریان دەکرد، سەرەڕای کەمی ئاوی لەم دواییانەدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دانانی شازادەی حیجازی فەیسەلی یەکەم وەک پاشا بەسەر عێراقەوە لە ١٩٢٠ی بۆ ١٩٢١ی زایینی، لەلایەن بەریتانیاوە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، ئاو لە ڕووبارەکانیدا دەڕژا، سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاو ساڵ لە دوای ساڵ ، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی پێویستی وڵاتەکەی دابین دەکرد و ئەم ڕێژەی ئاوە دەیتوانی زۆرێک لە ئاشەکانی ئاو لە ڕێگەی تاڤگەکانەوە

بەڕێوە ببات، خەڵکەکەش بۆ دەیان ساڵ دەچوو، پشتیان بە ئاشی ئاویی دەستبوو، زۆریشیان لەو ئاشانە هەبوو، ئەو ئاشانە لە گوند و لادێکانی دەوروبەری شارۆچکەکە پەرش و بڵاوببوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاشانە کۆنن، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی زیاتر لە (٢٠٠) ساڵ پێش ئێستا، بەجۆرێک کە خەڵکەکە ئەوەندە هونەرییانە ئەو ئاشانەیان دروست دەکرد، لە سەر هەر ڕووبارێک و تاڤگەیەک دوو ئاشیان دانا بوو، هەندێجار لە تاکە شوێنێک چوار ئاش دانرابوون، شوێن هەبووە حەوت ئاش لەسەر تاکە ڕووبارێک و چەند تاڤگەیەک یەک لەدوای دانراوە، ئەم حەوت ئاشانە لەلایەن خەڵکەوە بە (حەوت ئاسیاو). شایەنی باسە شەرێک لەنێوان سوپای عوسمانی و لایەنگرانی سلێمان پاشای بابان ڕوویداوە، لایەنگرانی سلێمان پاشا توانیان لەم شوێنە لە نزیک حەوت ئاسیاو (حەوت ئاشەکە) سوپاکەی عوسمانی بشکێنن، کە بەزمانی تورکی پێی دەوترێت یەدی دەکرمان.

خاوەنی ئەم ئاشانە هی زیاتر لە کەسێکن، بەڵکو هەر ئاشێک سەر بە چەند بنەماڵە و کەسێکی بەتوانای خەڵکی شارۆچکەیە، دروستکردنی حەوت ئاشی ئاو لە یەک دەریاچە و ڕووباردا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاو ئەوەندە زۆر بووە کە لە یەک کاتدا توانای کارپێکردنی هەر حەوتیانی هەبووە. بەداخەوە ئەمڕۆ بەتەواوی پێچەوانەی دوێنێیە، لەڕووی ئاستی ئاوەوە، لەشارۆچکەکە و دەوروبەرەکەی، ئاو زۆر کەمیکردووە ، لە هەندێک کاتدا هەر نامێنێت، ئەمەش واقیعی دۆخەکەیە، زیاتر لە (٢٨) ئاشی ئاویی هەیە، ئەو ئاشانە لەو ماوەی ڕۆژانی زێڕینی مەندەلیدا کاریان دەکرد، بەڵام بەشی پێویستی ئاردی خەڵک و خێڵەکان بۆ دابین نەدەکرا، ئەم ئاشانە تا سەرەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئاوەدان بوون و کاریان دەکرد، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاشەکشەی بەخۆوە بینی، لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە و دوای ڕۆیشتنی دەسەڵاتی عوسمانی، دیاردەی کەمی کارکردن بەو ئاشانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ دەستی پێکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا و بێ

بایەخدان، ئەم ئاشە ئاویانە لەناوچوون و نەماون، تەنها وێرانە و یادگاری بەجێماوە، ئەمەش دواجار خەڵکەکەی ناچارکرد داوای یارمەتی بکەن، ئاشی مۆدێرنەکان (ماشینەکان) بە بەکارهێنانی ڕۆنی ڕەش و وەرگیراوەکانی کاردەکەن، لە خوارەوە ناوی چەند ئاشێکی ئاویی (ناسیاو) دەخەینەڕوو لە شارۆچکەی مەندەلی:

١- ئاشی عەلی وەهاب.

٢- ئاشی وەلی خان بابا ئەبیەز.

٣- ئاشی عەلی حەسەن.

٤- ئاشەکانی ئەمین ئاغا، ژمارەیان چوار () بوو.

٥ - ئاشی گوڕە شلە.

٦- ئاشی سەید.

٧- ئاشی بورج عەجەم

٨- ئاشی میرزا، دەکەوێتە سەر ڕووباری قەزانییە.

٩- ئاشی وەهاب عەلی لەسەر ڕووباری باغ.

١٠- ئاشی شیت، لەسەر ڕووباری جنی

١١ - ئاشی گۆڵێ چاوش (گۆلی-چاوش)

١٢ - ئاشی دیوان.

١٣ - ئاشی توت لەسەر ڕووباری سوق.

١٤ - ئاشی خەروە (خەرابە).

١٥- ئاشی ئەحمەد ئاغا.

١٦- ئاشی دەویش شێخ.

١٧- ئاشی خەمیسە.

١٨ - ئاشی عەبدولغەنی لە قەزای قەزانییە

١٩- ئاشی بیچک (بچووک).

٢٠- ئاشی فەریدون.

٢١ - ئاشی عەلی شلفۆنە

بەهۆی زۆری باخچەی میوە و زنجیرە چیاکە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی (چیاکانی حەمرین)، شارۆچکەی مەندەلی و لادێکانی و سنوورەکانی بە درێژایی ساڵ بێبەش نین لە ڕاوکردنی کێوی، کە لە وەرزەکانی جووتبوون و لەدایکبوون و هێلکەدان لە بەهار و سەرەتای هاویندا، کە جۆرەها باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان دەبینین، بەتایبەتی ئاسک، لەو ماوەیەدا خەڵکی بە جلوبەرگی تایبەی ڕاوکردنیانەوە و بە یاوەری باز و سەگەکانیانەوە، زۆرجار سواری پشتی ئەسپ بوون و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە دارستانەوەکان دەخولانەوە، بەڵام ئەمڕۆ و لەم دواییانەدا لە سەدەی بیستەمەوە دوای بەردەستبوونی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل لە شارۆچکەکە و دەرەوەی شارۆچکەکە، ڕاوچییەکان بە ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلەکانیانەوە دەچنە دەرەوە، کە ئامێری جۆراوجۆری ڕاوکردنی مۆدێرنیان پییە، لەو ناوچانە دەسوڕێنەوە کە بێبەش نین لەم باڵندە ئاسک و ئاژەڵە کێوییەکانی دیکە، شەو و ڕۆژ، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی بارودۆخی کەشوهەوا و بارودۆخی کەسی و کۆمەڵایەتی خۆیان، بە یاوەری ئەندامانی ئەو گەشتیارانەی کە لە شارەکانی بەغدا و ئەوانی تردا ئامادەن ئەم هەریمە (مەندەلی) گرنگییەکی زۆری پێدەبەخشێت و بە ناوەندێکی نایاب و گونجاوی دەزانێت لەبەر زۆر هۆکار، لەوانەش سروشتی ناوچەکە بۆ گەشت و پشوو، بوونی دیمەنی سروشتی جوان و سەرنجراکێشی وەک دۆڵ و دەشت و چیا و بێستات و زەوی کشتوکاڵی، بەتایبەت لەمیانەی چیای حەمرین، کە شکۆی خۆی بەسەر شوێنەکەدا دەسەپێنێ، هەموو ئەو جوانیانە بە ئاسانی لە شوێنانی دیکەی عێراق دەستناکەوێ، پێگەی جوگرافی مەندەلی جیاوازە و کاریگەری زۆر لە سەر دەروونی ئەوانەی سەردانی دەکەن یان ئەوانەی تێیدا دەمێننەوە دادەنێ، ئا ئەمەیە سروشتی سیحراوی مەندەلی.

# باسی حەوتەم

## یادەوەرییە کەڵەکەبووە پەرشوبڵاوەکانی نەوەکانی مەندەلی

**یەکەم: سایە میر هاشم... ناونیشانی کوڕدایەتی لە مەندەلی**

چاوپێکەوتنەکە لەلایەن: سوبحی مەندەلاوی... لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامدراوە

ئەگەر کوردایەتی لە شاری مەندەلی وتارێکی هەبووایە، ئەوا گەورە تێکۆشەر و دیارترین دامەزرێنەری ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەندەلی، حاجی سایە میر هاشم، یەکێک لە گرنگترین ئەو ناونیشانانە دەبوو. کە ڕابردوو، ئێستا داهاتووش یادی دەکردەوە.

کاتێک لەگەڵیدا دادەنیشیت، نەک هەر باسی یادەوەرییەکانی ڕابردووت لەگەڵ دەکات، بەڵکو هەست دەکەیت لەگەڵ واقیعی حزبی و ڕۆژانەی تۆدا دەژی، هەڵەکان شی دەکاتەوە، ڕەخنە دەگرێت، هەڵەکان دەستنیشان دەکات، تەنانەت هەڵەکانی نزیکترین کەسەکانیش بێت، ئەو ستایشی تیکۆشەران دەکات، هەرچەندە تەمەنی لە هەشتا ساڵ زیاترە، بەڵام تۆ کە لەبەردەمیدا دەوەستیت سەرسوڕمانی بە زمانەکەی و تێگەیشتنی و مامەڵەکردنی لەگەڵ واقیعدا ئەوە بوو من شەرەفی ئەوەم هەیە زیاتر لە جارێک چاوم پێی بکەوێت، هەر جارێکیش خۆشەویستی و متمانە و سەرسامیم بۆی زیاد دەکات، پێویست بوو گفتوگۆکانمان شریتی یادەوەریەکان و ئەو ڕووداوانەی کە تا ئێستاش لەبەر چاویدایە، ببنە وانە بۆ هەموو کادیرانی حیزب، بەڕاستی بۆ هەر هاوڵاتییەکی کورد، کە شانازی بە نەتەوەکەیەوە دەکات و سەری بەرز دەکاتەوە.

- سەرەتا پرسیارم لێکرد: دەربارەی سەرەتاکانی گەشەی هۆشیاری نەتەوەیی لە کاتێکدا لە کەرکوک بوو؟

وەڵامی دامەوە..... دوای گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و سەردانەکەی بۆ کەرکوک. هاتە گۆڕەپانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کورد کۆبووەوە و جەختی لەسەر مافی کورد بۆ گەیشتن بە خواستەکانی کردەوە، منیش وەک گەنجانی دیکەی کورد کاریگەری ئەم شاخە بەرزە بووم، کە بەبێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکات چووبووە ناو دڵی هەموو کوردەوە. ساڵی ١٩٥٩ داوایان لێکردم بچمە ناو پارتی بە شانازی و خۆشحاڵی زۆرەوە ڕازی بوو بەم کارە، دوای چەندین کێشە، لەوانە دەرکردنم لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک، کەرکوکم بەجێهێشت تا لەگەڵ خێزانەکەم بگەڕێمەوە بۆ شارە خۆشەویستەکەم مەندەلی، بیرم لەم شارە دەکردەوە وەک کوردبوون. منیش پێم سەیر بوو، کە بۆچی شەرەفی بەشداریکردنمان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا نەبێت، وەک چۆن دەبووین، ئەگەر شۆڕش سەرکەوێت پشکێک لەو مافانەمان، کە بە دڵنیاییەوە بەدەستی دەهێنین دەستدەکەوێ؟ هەروەها بۆ ئەوەی مەندەلی لەبیر نەکرێت.

**ئەم ڕێکخستنانە چۆن دەستییان پێکرد؟**

کاغەزەکانم هێنا بۆ گواستنەوەی ڕێکخستنی حزبەکەم لە کەرکوکەوە و بەرەو بەغدا ڕۆیشتم. لەو کاتەدا چوومە بارەگای ڕۆژنامەی تەئاخی و چاوم بە پرۆفیسۆری تێکۆشەر صالح الیوسفی کەوت، زەرفە بچووکەکەم پێدا، بەبێ قسەکردن کردیەوە و چووە ژوورێکی ناوەوە، دوای نزیکەی چارەک سەعاتێک، هاتە دەرەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە پێشوازییەکی گەرمی کرد و وتی: لە سەرەتای دامەزراندنی حیزب و ئەندامی سەرکردایەتییەوە، هیچ کەسێکم نەبینیوە کە نووسراوی گواستەوە ڕێکخستنی حزبی لەگەڵ خۆی هێنابێت، صالح یوسفی ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئێستادا لە مەندەلی ڕێکخراوی حزبی نییە، بەڵام لە کۆلێژەکاندا خوێندکار هەیە لەناو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دەتوانین داوا لە عادل مورادی براماں بکەین.

پاشان تەلەفۆنم بۆ هاوڕێ سۆهراب داراخانی ئەندامی کۆمیتەی بەغدا کرد و لە دۆخەکەم ئاگادار کردەوە، پاشان چوومە ناوچەی ئەلسەباع کە دوکانەکەی لێیە و چاوم پێی کەوت، دڵنیای کردمەوە کە هیچ ڕێکخراوێکی حزبی لە ناو مەندەلی نییە، ڕۆژی دووەم لەگەڵ هەڤاڵ عادل موراد کۆبووینەوە، ناوی برایان بەندەر عەلی ئەکبەر و سەتار سەعدوڵڵای بۆ هێنام.

لەگەڵیان کۆبوومەوە و لێیان نزیک بوومەوە پێویستی پێکهێنانی ڕێکخستنی حیزبی لە مەندەلیم باسکرد، یەکسەر ڕازی بوون، بەڵام تێبینییەکیان هەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خوێندکار و گەنجن، سەختە پەیوەندیکردن یان نزیکبوونەوە لە کەسایەتییە ناسراوەکان، بۆیە پێم وتن ئەم بابەتانە بۆ من جێبهێڵن، تەنها پێویستم بە ئامادەبوونی ئێوەیە لەگەڵ من، لە ڕاستیدا ڕەزامەندیمان دەستکەوت بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەندەلی. بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ عەشیرەت و کەسایەتییەکانی قەرەلۆسی کۆن، تراکتۆرێکی کشتوکاڵیم برد بۆ لابردنی گومان و ئاسانکاری بۆ کاری ڕێکخستن، کۆبوونەوەیەک لە نێوان من و حاجی حەمیدشەفی ڕوویدا، کە کەسێکی جەماوەری بوو و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە ناو جەماوەردا. پەیوەندیمان بە کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراوەوە کرد وماڵەکەمان کە لە ناوچەی لە بازاڕی بچووک ببووە لانەی کۆبوونەوە حزبیەکان، بەمشێوەیە لە ژێر ڕۆشنایی خەباتی نهێنیدا توانیمان دڵسۆزانە سەرکەوین، خەڵک بۆ ڕیزەکانی حزبەکەمان بێنین و لە نێو ڕێکخراوەکاندا مامۆستا، کەریم سەلمان، سەلمان داود، ئەمیر قەوای، تاهیر پاخی، سەردار شاهین و عەلی ئەسعەد، کە لە ناوچەی بتکۆکەر چالاک بوو، هەروەها برایان ئیبراهیم عەلیشەفی بوون و محەمەد زاهیر و سۆبحی بیرام و چەندانی تر.

دوای ماوەیەک ئاگادار کراینەوە کە ڕێکخستنەکانی لقی پێنج کەشف بووینە، سەتار سەعدولڵا و نیعمەت عەلی شا دەستگیرکراون، ناوی نهێنی من سامی هاشم بوو، ئەوانیش ناونیشانی منیان نەدەزانی، بەم شێوەیە توانیم لە مەندەلییەوە هەڵبێم بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی بچمە ناو شۆڕشەوە، ناتوانم ئەوە لە بیر بکەم، کە مۆری لیژنە ناوچە و کاغەزە نهێنیەکان لەلای خاتوونی بەرپرسی ڕێکخستنی ژنان بوو، کە ئەوساکە حاجی (دایکی ئەنوەر) بوو، هاوسەر و هاوڕێبازم بوو، نزیکەی ٢٠ ڕۆژمان لە ماڵی خوشکەکەم بەسەر برد، دواتر گەڕاینەوە، ئیدی حکومەت لەسەر بنەمای داواکاری بارزانی لە کاتی دانوستانەکاندا دەستی کردبوو بە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی لە هەموو لایەنەکان.

**- ئەی چی دەڵێی لەبارەی ئەو تەلەگرامەی کە بۆ هەشتەمین کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان نارد؟**

- بەڵێ هەشتەمین کۆنفرانسی حیزب لە گوندی ناوپردان ناوچەی گەلاڵە لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی بەسترا، ئەوکات تەلەگرامێکم بە ناوی ناوچەی مەندەلی نارد کە ئەمە دەقەکەی بوو:

بەناوی کورد لە قەزای مەندەلی سڵاو لە هەشتەمین کۆنفرانسی پارتیمان و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە کارەکانی بۆ چاکەی گەلی کوردمان و بە سەرکردایەتی کوڕە ڕاستگۆ و تێکۆشەر مستەفا بارزانی.

لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک گرفت لە قەزاکەمان دەخەینە بەر دەستی بەشداربووانی کۆنفرانس، بەهیوای ئەوەی گرنگییان پێبدرێت، بەتایبەتی کە ئەم ناوچەی (مەندەلی) ماوەیەکی زۆرە پشتگوێخراوە.

١. کوردە دڵسۆزەکانی ناو قەزاکەمان هێشتا هەڕەشەی دەسەڵاتیان لەسەرە، تکایە سنوورێکیان بۆ دابنێن.

٢. پەلەکردن لە گۆڕینی دەزگای کارگێڕی، چونکە سەرچاوەی نائارامییە.

٣. کردنەوەی بارەگای پارتیمان و بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.

ئیتر بەرەو پێشەوە لە ژێر ئاڵای پارتی شکۆمەندەکەمان بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا

**سامی هاشم**

**ناوچەی مەندەلی**

**ئەی ڕێککەوتنی مانگی ئازار چی؟...ئایا مەندەلی لەو کاتەدا چۆن بوو؟**

- لە مەندەلی کاری ڕێکخستن بەردەوام بوو، چەند ڕۆژێک پێش ڕێکەوتنامەی مانگی ئازار، سەفەری بەغدام کرد، لەگەڵ برای بەڕێزم بەندەر عەلی ئەکبەر، کاتێک گەڕاینەوە بۆ مەندەلی، بینیمان جەماوەری مەندەلی بە خۆشحاڵییەوە شەقامەکانی شارەکەیان تەنیوە بەبۆنەی ڕێکەوتنەکە، وێنەی بارزانی نەمر و ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆک کۆماری عێراقیان بەرزکردۆتەوە، بە دەوری بینای کۆشکی حکومەت و شەقامەکانی بڵاوبوونەتەوە. بەم شێوەیە خەباتی ئاشکرا لەگەڵ بەعس دەستی پێکرد.

دوای ڕێکەوتنی ئازار، خوالێخۆشبوو صاڵح یوسفی داوای لێکردبووم ناوی یەکێک لە کوڕەکانم پێشکەشی کۆلێژی سەربازی بکەم، منیش پێم گوتبوو کە کوڕەکانم هێشتا گەنجن و برا جوامێرم کاندید کرد، کە شەڕکەرێکی دڵسۆز بوو، ئەویش وەک کوڕەکەم وایە، بۆیە لە کۆلێژی سەربازی وەرگیرا.

دوای نسکۆی ڕێکەوتنامەی ئادار، چۆن ڕووبەڕووی ستەم و زۆری بەعس بوونەوە؟

ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەخت و دژوار بووینەوە، بەتایبەت کە بەعسییەکان دەیانویست بە هەر شێوەیەک بێت ئەو ڕۆحی کوردایەتییەی، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕۆحی خەڵکی مەندەلیدا داکوتابوو، سنووردار بکەن. ئەو

خۆپیشاندانه به هەراوهۆریایەی گەنجان لەبیر ناکەم، که له مەندەلی دەستی پێکرد و بنکەی پۆلیسیش داگیرکرا و کۆنترۆڵی کرا، لەوێشەوه به هەموو هێز و ئیرادەیەکەوە لەگەڵ براکانم وەستام بۆ پاراستنی گەنجان له ستەمی بەعسییەکان و ئێمەش لەگەڵ سەدان کەسی خەڵکی شاری مەندەلی پەیوەندیمان به شۆڕشەوه کرد، دوای ئەوه قۆناغی نسکۆ دەستی پێکرد، دەربەدەر بووین، دوای ئەوه له بەغدای پایتەخت نیشتەجێ بووین، خەونی گەیشتن به چارەنووسمان له دڵماندا هەڵگرتبوو.

بنەماڵەی سایه میر هاشم دوای ئەوەی چوونەته ناو شۆڕشی کوردەوه له مەندەلی دەربەدەرکران و دوای ئەو نسکۆیە دەستییان بەسەر پارەکانیاندا گیرا، دوای ئەوه گەڕانەوە بۆ بەغدا، سەرەڕای هەموو بارودۆخەکە منداڵەکانی توانیان خوێندن تەواو بکەن، هەروەها بچنه ناو ڕێکخستنی نهێنی حزبییەکانی بەغدا، پێش ئازادبوون و دوای ئازادبوون، سەرەڕای ماندووبوونی ساڵان، ئەبو ئەنوەر هەموو چالاکییەکانی نوێ کردەوە، بەشداری له هەموو بۆنەکاندا دەکرد و جارجاره دەهاته بارەگای لقی پێنج و تاوتوێی هەموو بابەتەکانی دەکرد، هەروەها بەشدارییەکی جددی له کۆکردنەوەی جەماوەری له هەڵبژاردنەکاندا دەکرد.

حاجی سایه میر هاشم کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراوی شاری مەندەلی خۆشەویستە، بۆ ئەوەی ببێته نمونەیەک بۆ هەموو گەنجانی کورد، تاکو ئەمڕۆ بەر له هەر شتێک به نەتەوەی خۆیانەوه پابەندبن.

**دووەم: چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرلەمانتار نازەنین حوسێن مەندەلاوی**

ئەم چاوپێکەوتنه له گۆڤاری مەندەلی ژماره (٢) مانگی حوزێرانی ساڵی ٢٠٠٧ وەرگیراوه

ناهی عامری چاوپێکەوتنه ڕۆژنامەوانییەکەی سازکردووه

مەندەلی پارچەیەکە لە بەهەشتی عێراق، لە کەناری ڕووباری گەنگیر هەڵکەوتووە، بە باخ و چەمەکانی دەورە دراوە و سازگاریی ئاوەکەی لە نێوان باوەشی دۆڵ و گوندەکانیدا دەڕژێت، هەناسەکەی بۆنخۆشە بە هەوای گوڵاوی پاک و بێگەرد، بۆنی بەپیتی خاک و گڵەکەی ز دانیشتووانە چاکەکەی، بەقەد چاکی خاکەکەی باشن و بەقەد ئەوەی خودای گەورە خۆشی دەوێن، خۆشەویستن، بۆیە ستەمکاران لێی تووڕە بوون و باخ و بێستانەکانیان وێرانیانکرد و نەوەکانیان پەرش و بڵاوکرد دەکرد، تا وای لێهات شارەکە بوو بە وێرانە و کاول و گۆشەگیر بوو.

دوای بەرەبەیانی ئازادی و ڕووخانی ڕژێمی لەناوچوو لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ی زایینی، مەندەلی لە ئەودیوی ڕووبارەی گەنگیری، سەیری تیشکی خۆری کرد و بۆ ڕۆژێکی نوێ برینەکانی سارێژ کرد، دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ، ئەو ڕۆژ نەهاتبوو کە درەوشاوەیی و چارەنووسی خۆی لە دەرەوەی باڵای خۆی ببینێ و هەستی بەو شکۆمەندییە نەکرد، کە لە چاوی منداڵەکانیدا دەدرەوشایەوە، هێشتا دڵتەنگە بەو بێ بەرهەمەمییەی کە بەسەر خۆی و دانیشتووانەکەیدا هاتووە، چاوەڕێی قۆڵ و باسکێکی بەرهەمدارانە دەکات، کە ئێستای بۆ بنیاتنان مۆمی داهاتووی داگیرسێنێت و ڕابردووی جوانی بە خۆشییەکی زۆرەوە بونیادبنێتەوە.

دەنگێکی زۆر بەرز بووەتەوە و داوای ئاوەدانکردنەوەی مەندەلی و دامەزراندنی ئەو پرۆژانە دەکەن، کە پێویستی پێیەتی، لە نێو ئەو دەنگانەدا دەنگێک بەرزبووەتەوە و لە بەیانییدا دەستنوێژی گرت، بۆ ئەوەی دەنگەکەی بۆ کردار بگۆڕێت، یەکەم بەرهەمی مەندەلی بە هەوڵی نازەنینی مەندەلاوی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستیپێکرد، تاکو لەڕێگەی چەند لێدوان و پێشنیازێکەوە، داوای ئاوەدانکردنەوەی شاری مەندەلی و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری بکات، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی شارەکەدا بگونجێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەشتیارییەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لەو

هەولانەی کە بۆ نۆژەنکردنەوەی مەندەلی دراون، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نازەنین مەندەلاویی پەرلەمانتار بەڕێوەچوو و ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لەگەڵیدا ئەنجامدرا:

**ئایا مەندەلیات خستۆتە ناو بابەتی گرنگی پێدانی خۆتانەوە؟ ئایا هیچ پێشنیارێکتان بۆ ئاوەدانکرنەوە لە بەرنامە و جێبەجێکردندایە؟ تا چ ئاستێک لایەنی پەیوەندیدار وڵامی بۆتان هەبووە؟ ئایا ئێوە چ قوناغ و هەنگاوێکتان بۆ گەیشتن بەمن بڕیووە؟**

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمکاری نیشتمانی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ستەمکار لە ساڵی ٢٠٠٣ زاینی و پاشان پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی، سەرکردەکانی هاوپەیمانی کوردستان هەوڵیان داوە گرنگی بە شاری مەندەلی بدەن، بەو پێیەی شارێکی کوردییە، لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنی و شەڕی ئێران و عێراقدا تووشی وێرانکاری هەمەلایەنە بۆتەوە، سەرەڕای کێشەی زۆر، داواکارییەکی شەخسیمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ تەرخانکردنی پارە، بۆ پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابووری شارەکە، داواکارییەکەمان ئاڕاستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کرد، بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانمان، لەڕاستیدا چەند نوسراوێکی فەرمیم لە وەزارەتی سامانە ئاوییەکان، تەندروستی، شارەوانی، پلاندانان پێگەیشت، کە تیایدا نوسراوێک لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەرچووە بۆ گەڕاندنەوە بنکەی تەندروستی بۆ مەندەلی، کە چەندین ئامێری پێویستی تێدا نییە، لەوانە تیشکی ئێکس، سۆنەر، پشکنینی دڵ و هۆڵی منداڵبوون، ئەمە جگە لەوەی کەمیی کارمەندانی پزیشکی و پەرستاری و خزمەتگوزاری، لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە نوسراوێکی پێشکەشکرد، کە ئاماژەی بەوەدا باخچەیەکی ساوایانی نمونەیی بۆ منداڵانی لە شارۆچکەکە بکاتەوە، هەروەها قوتابخانەی حەران و باڵێکی کارگێڕی قوتابخانەی مەندەلی بنەڕەتی نۆژەنکرانەوە و باشترکران، ئاماژەی بەوەدا، کە خێزانی ئاوارە هەن کە تا ئێستاش لە

هەندێک لە ژوورەکاندا ئەم قوتابخانە دەژین. وەزارەت بەڵێنیدا کە ئەگەر تەرخانکردنی دارایی پێویست بەدەست هات، ئەو قوتابخانەیانەی کە ماونەتەوە، نۆژەن و باشتر دەکرێنەوە.

سەبارەت بە وەزارەتی دارایی، ئەوا ژمارەیەک بیری ئێرتیوازی نۆژەن کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا پاسەوانی بۆ دانەناوە، بۆیە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە شارۆچکەکە تاڵان کراون، هاوکات وەزارەتی شارەوانی و شەقامەکانی قیرتاو کردووە و نۆژەنیان کردووەتەوە ژمارەیەک ڕێگاوبان و بەڵێنی جێبەجێکردنی وێستگەیەکی ئاو لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی هەرێمدا جێبەجێبکەن، جگە لە دامەزراندنی و دابەشکردن ئاوی خواردنەوە لە ڕێگەی تانکی بارهەڵگرەوە بۆ هاوڵاتیان دابین دەکرێت، کە ژمارەیان سێ بارهەڵگرە، ئەمەش بە بەراورد بە پێویستی شارەکە کەمە .

ئەم پڕۆژە و خزمەتگوزاریانە لەلایەن ئێمەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و هیوادارین کار و گرنگیدان بەم شارە وێران بووە بەردەوام بێت.

**ـ ئایا هەوڵەکانتان پێداویستییەکانی شارەکە دابین دەکەن، یان پێویستی بە هاوکاری و هەوڵی دیکە هەیە؟**

ـ مەندەلی تووشی وێرانکاری هەمەلایەنە بوو، پرۆسەی زیندووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی پێویستی بە تەرخانکردنی پارەی زۆر هەیە، ئێمەش کارمان کرد بۆ ئەوەی لەنێو شارە وێران بووەکاندا هەژمار بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی تایبەتی پێدا، سەرەڕای ئەوەی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دا لەنێو ناوچە جێناکۆکەکاندایە لە دەستووری عێراق، پێویستی بە هەڵمەتێکی گەورە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەگەڵ پێویستی جەختکردنەوە لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان و دەرکراوەکان بۆی.

**دواکەوتن و خاوبوونەوەی کارکردن ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کێشە و بەربەست هەیە، کە وادەکەن شارەکە دەستی ئاوەدانی پێنەگات، پێتوایە ئەو بەربەستانە چیین؟**



www.mukiryani.com
info@mukiryani.com
دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی

ـ یەکێک لەو ئاستەنگانە ئەوەیە کە حکومەتی عێراق بچوکترین گرنگی بەم شارە نادات بەو پێیەی ناوچەیەکی کێشە لەسەرە، هەرچەندە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی خۆیدایە، هەروەها ئەو گەندەڵییە ئیدارییە بەربڵاوەی لە دامودەزگا فەرمی و نیمچە فەرمییەکاندا هەیە، بەتایبەتی لە پارێزگای دیالە کە گرنگی تەواوی بەم شارەیان نەداوە، بە هەرحاڵ هەوڵی جددی و ڕاستەقینە هەیە، سەرەڕای سادەییەکەی، گرنگە ئەم شارە گرنگە زیندوو بکرێتەوە، بەو پێیەی ناوچەیەکی سنوورییە و نزیکترینە لە بەغدادی پایتەختەوە، بە زەوییە بەپیتەکانی جیا دەکرێتەوە، هەروەها میراتی کۆن و بوونی ماددە کانزاییە نەدۆزراوەکانی تا ئەمڕۆ تێدایە، وەک نەوت.

لەکۆتاییدا نوێنەری مەندەلاوی ئاماژەی بەوەدا کە خواستێکی گەورە لەناو خەڵکی مەندەلیدا هەیە، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە، بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستانەوە، کە تیایدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە پەیوەستە بەو هەرێمەوە، هەروەها شکستی حکومەتی فیدراڵی لە گرنگی نەدانی تەواو پێی، جگە لەو بووژانەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان لە چاو شتارەکانی دیکەی عێراق بەخۆیەوە دەبینێ.

**بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خوێنەری بەڕێز لە کۆمەڵێک چالاکی کە لەلایەن نوێنەر نازەنین حوسێن فەیزوڵا مەندەلاوی لە دەوروبەری شاری مەندەلی ئەنجامدراون، کە بەم شێوەیە کورتمان کردۆتەوە:**

ـ لەساڵی ٢٠٠٤ وەک یەکێک لە هەزار کەسایەتی عێراقی بۆ پێکهێنانی سیستمی سیاسی نوێ لە عێراق هەڵبژێردرا، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەک ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێردرا، بەهۆی شایستەیی خۆیەوە وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی

عێراق - دانیشتنی یەکەم - بەغدا - ٢٠٠٦ بە تایبەتی لە لیژنەی ئابووری وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە (٢٠٠٦ی زایینی - ٢٠١٠ی زایینی) دیاریکرا.

ڕێکخراوە مەدەنییەکەی ئەو (کۆڕبەندی ژنانی فەیلی) بڕی ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (سەد ملیۆن دیناری عێراقی)ی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق - یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان- وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەسەر خێزانە هەتیو و هەژارانەی بەغدا و مەندەلی دابەش بکرێت، ئەو یارمەتیانە دابەشکرا بەسەر (١٠٠٠) سەد هەزار خێزان بە (١٠٠،٠٠٠) بە بڕی سەد هەزار دینار بۆ هەر خێزانێک.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتی دابەشکردنی بڕە پارەی نەختینی بەسەر کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی تەقینەوە تیرۆریستییەکانی بازاڕی سەدری- بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٧ کرد.

- لە ساڵی ٢٠٠٨ بە هاوکاری لیژنەی کۆچ و ئاوارە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە ئامادەبوونی شەخسی و بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی و کاری عێراق، بڕە پارەی نەختینەی بەسەر خێزانە دەرکراوەکان و ئاوارەکراوەکانی مەندەلییدا دابەشکرد.

- پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی لە شاری مەندەلی لە ساڵی - ٢٠٠٩ دامەزراند.

- ساڵی ٢٠١٠ وەک بەشێک لەو پڕۆژانەی کە ئەنجومەنی شارەوانی پێشکەشی کرد لەسەر داوای بەدواداچوونی کەسی خۆی و بە هاوکاری ئەنجومەن (ئەنجومەنی شارەوانی لە شارەکە) و بە هاوکاری ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، شەقامێک قیرتاو کرا لە شاری مەندەلی.

- هەروەها توانی سەیارەی فریاگوزاری بە تەواوی پێداویستیە بزیشکیەکانی بۆ شاری مەندەلی پەیدابکات لە ساڵی ٢٠١٠ بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی عێراق دابین بکات.

جگە لەوانەی سەرەوە، لێدوانەکانی نازەنین مەندەلاوی کە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا پێشکەشی دەکرد، بەردەوام بوون. ئەم لێدوانانەی یارمەتیدەر

بوون بۆ خستنەڕووی واقیعی وێرانەی شارەکە، هەروەها توانی ڕەزامەندی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەکاتی سەفەری شاندێکی فەرمی حکومەت و پەرلەمان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستبێنێ، بۆ تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی گونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە، بەڵام گواستنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، وایکرد پڕۆژەکانی شارەکە جێبەجێ نەکرێن.

**سێیەم: وتاری ... داواکاری قەرەبووکردنەوەی پێویست**

نووسینی: مادی مەندەلاوی/ وەزیری پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان

شاری مەندەلی تاکە شاری عێراقە کە هێشتا وێرانەیە و ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو پشتگوێخستن مەبەستدارەوە بێت، کە لەلایەن حکومەتە یەک دوای یەکەکان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن هاتوون. ڕاستە زۆربەی خانوو و باخ و بازاڕەکان بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە وێران بوون، بەڵام بەشێکی زۆریانیش لەلایەن ڕژێمەوە وێران بوون، چونکە دانیشتووانەکەیان بۆ ڕژێم دڵسۆز نەبوون و لە شەڕە بێماناکانییدا دژی وەستانەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە لەناوچوون. بە هەر حاڵ، هاوڵاتیانی مەندەلی مافی خۆیانە سکاڵا لەسەر ڕژێمی پێشوو تۆمار بکەن و داوای قەرەبووی پێویست بکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵ و باخ و کێڵگەکانیان.

لەوانەیە پرسیارکەرێک بپرسێت: بەرپرسیارێتی حکومەتی ئێستا چییە بەرامبەر بەو تاوانانەی کە حزبێکی فاشیستی پێشوو بەسەر خاک و خەڵک و هەموو ناوچەکانی عێراقدا کردی؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: حکومەتی ئێستای عێراق میراتگری ئەو دەسەڵاتەیە و هەموو بەرپرسیارێتی و دەرئەنجامی یاسایی لە ئەستۆ دەگرێت، بۆ نموونە حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا هێشتا قەرەبووی جولەکەکان دەداتەوە، کە

دەوترێت لەلایەن نازییەکانەوە کوژراون، بۆچی ئەوەندە دوور بڕۆین، ئەی ئەوە نییە، حکومەتی عێراق ئێستا قەرەبووی هەزاران کۆمپانیا و کەسایەتی دەداتەوە لە هەموو جیهان دەکاتەوە، تەنانەت بە دەوڵەتی کوێتیش بۆ ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی شەڕی دووەمی کەنداودا بەریکەوتووە، هەروەها مافی خۆمانە داوای قەرەبووی مەعقول بکەین بۆ ئەو زیانانەی کە لە سەردەمی شەڕدا بەر ماڵ و موڵکمان کەوتووە، هەروەها بۆ ئەو نادادپەروەرییانەی کە ڕژێم بەرامبەری کردووین، ئەمەش خەڵکی هەڵەبجە و سەید سادق و شارەکانی دیکەی کوردستانیش کردوویانە، داوای قەرەبووکردنەوەیان کرد، بۆ ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی شەڕ و لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا تووشی بوون.

زۆربەی کاربەدەستەکانمان لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە ئێران بوون و بە چاوی خۆیان بینیان، کە حکوومەتی ئێران چۆن قەرەبووی خەڵکی شارە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی کردەوە بۆ ئەو زیانانەی کە تووشی بوون، زۆری نەخایاند پێش ئەوەی دەیان شار و هەزاران گوند لە داروپەردوو هەڵسانەوە و هاوڵاتیانی ئێرانی بگەڕێنەوە شارەکانیان، کاتێکی پێوانەیی بوو، ئەمەش ڕێک یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەتی ئێستای عێراق، بەڵام نەیکردووە و نایکات، بۆیە ئەو بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری مەندەلی ئەرکی داواکردنی قەرەبوو لە ئەستۆ دەگرێت و یەکێک لە پارێزەرە لێهاتووەکان دیاری دەکات، تەنها ئەوە لە هاوڵاتیمان داوا دەکەین، لەڕووی ئەخلاقییەوە هاوکارمان بن لەم ئەرکەدا، دڵنیاین، کە لەم دۆسیەیە سەردەکەوین، کە بە پیرۆزی دەزانین و پێویستە بۆ نۆژەنکردنەوەی شارەکەمان و گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەم بۆنەیەوە داوا لە خوشک و براکانمان دەکەین لە پەرلەمانی عێراق و لایەنەکانی خاوەن کەسایەتییە عێراقییەکان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارمان بن لەم ئەرکە بەرزەدا، بەم زووانە هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی

واژۆ لە هاووڵاتیانمان ئاواتەخوازن دەست پێدەکەین بۆ ئەوەی سکاڵایەکی بەو شێوەیە پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، هەرگیز درێغی ناکەین لە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک، بەتایبەت ڕێوشوێنە یاساییەکان، لەوانەش خۆپیشاندان و دانیشتن بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانمان، ئێمە بەشێکین لە گەلی عێراق و مافی خۆمانە سوود وەربگرین لە بەخششەکانی وڵاتەکەمان وەک گەلانی تری عێراق، مەعقول نییە شارەکانی عێراق سوود لە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری وەربگرن لە کاتێکدا نادادپەروەری و ناعەدالەتی بەرامبەر خەڵکی شارەکانی دیکە بکرێت، بۆیە شارەکانمان بە وێران و وخاپوورکراوی دەمێننەوە، گەشتی هەزار میل دەست پێدەکات بە یەک هەنگاو، یەکەم هەنگاوی گەورە دەنێین و دڵنیاین کە خەڵکی شارەکەمان لەگەڵمان دەوەستن و پشتیوانیمان دەکەن و لەگەڵمان دەڕۆن لەسەر ئەم ڕێگایەی کە دەبێت بیگرینە بەر، چونکە هەموو ڕێگاکانی تریش داخراوە بەڕووماندا. لەگەڵ من بڵێ، هیچ مافێک لەدەست ناچێت، کە داخوازیەکی لەدواوە بێت.

## چوارەم: دیدار..هەڵوەستەیەکی خێرا لەگەڵ کاک عبدالحوسێن عەباس بەڕێوەبەری ناحییەی مەندەلی

- گۆڤاری مەندەلی - ژمارە - ٢ - حوزەیرانی ٢٠٠٩ی زایینی

کاک عەبدولحوسێن عەباس، بەڕێوەبەری ناحییەی مەندەلی، یەکەم بەڕێوەبەری ناحییە لە مەندەلی دوای ئۆپەراسیۆنی ڕزگاری عێراق، هەڵبژێردرا و بەدرێژایی ماوەی ڕابردوو کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ شاری مەندەلی و خەڵکەکەی، سەرەڕای کەمی ئەو خزمەتگوزارییانە .

گۆڤاری مەندەلی بە خێرایی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرد و ئەم دیدارەی لەگەڵدا ئەنجامدا.

**چۆن باسی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی مەندەلی دەکەیت؟**

**سەرەتا:** دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ئازادکردنی عێراق، کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵکی مەندەلی کردووە، لەوانە دابینکردنی مۆلیدەیەکی گەورەی کارەبای (٤٠٠ کەی ڤی) بۆ پاڵنانی ئاو بۆ سەنتەری شارەکانی مەندەلی و قەزانییە. لە هەمان کاتدا تراکتۆرێک و ساحبەیەکی بۆ هەڵمەتی پاککردنەوە بە شارەکە بەخشی، حکومەتی هەرێم (٢٠٠) مامۆستای نێر و مێی دامەزراند، سەبارەت بە پارێزگای دیالە پڕۆژەی دیکەی وەک قیرتاوکردنی (٧)کم و ئاوەدانکردنەوە ئەنجامدا بەشی ئاوەڕۆ و کشتوکاڵ، هەروەها دامەزراندنی (٦) وێستگەی ئاوی پاک، کە خەریکی جێبەجێکردنن. هەروەها کارکردن لە کارەبای ئەلزوهیریە و گەڕەکی بەکر و ئاوەدانکردنەوەی پاشکۆی قوتابخانەی ناوەندیی مەندەلی، بەڵام هەموو ئەو پڕۆژانە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو شارە وێرانە و سووتاوەدا ناگونجێن.

**بەڕای ئێوە پێداویستییە سەرەکییەکانی شارەکە چین؟**

- مەندەلی پێویستی بە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون و گەڕاندنەوەی ژێرخانی شارەکە و گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەیە کە دەرکراون و ئاوارە بوون.

**- دۆخی ئێستای مەندەلی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

دۆخی ئەمنی شارەکە زۆر باشتر بووە، دوای ئەوەی هەمووان لە دژی تیرۆری ڕەش و پاشماوەکانی ئەلقاعیدە یەکتریان گرت، لەناویانبردن و دەرکران، پەیوەندییەکی زۆر باشیش لە نێوان خەڵکی شارەکەدا هەیە.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن... ئازاد حەمید شەفی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی مەندەلی**

مەندەلی پێویستی بە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و گوندی مۆدێرن هەیە

- گۆڤاری مەندەلی - ژمارە ٢ - حوزەیرانی ٢٠٠٩

پێنجەم - ئازاد حەمید شەفی کوڕی شێخ حەمید شەفی، کەسایەتییەکی ڕەسەن و خەباتگێڕ بوو. ئێمە وەک چۆن یادی شارەکە دەکەینەوە ئاواش یادی ئەو دەکەینەوە، ئەمڕۆش ئازاد کەسایەتییەکی ناسراوە و هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات، تاکو دووبارە شارەکە ئاوەدان بکرێتەوە و یارمەتی خەڵکەکەی دەدات، تا لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

**لە مەندەلی چاومان پێی کەوت و باسی ئاوەدانکردنەوەی شارمان کرد، پرسیارمان لێکرد دەربارەی ئەو کێشە و سەختییانەی کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟**

ڕژێمی پێشوو بە ئەنقەست و بە پلان دوکانەکانی نیشتەجێبوونی مەندەلی وێران کرد و بازاڕ و ژێرخانەکانی وێران کرد و گوند و باخ و کێڵگەکانی ڕوخاند، لە ئەنجامدا کۆچی بەکۆمەڵ ڕوویدا و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی ترسناک کەم بووەوە، ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی ١٩٧٧ی زایینی (١٥٠ هەزار) کەس بوو، ئینجا شەڕی ئێران و عێراق تەواو بوو. لەسەر ئەوەی مابووەوە لە شارەکە و سووتاندنی باخەکانی تا ژمارەی خەڵکەکەی لە ساڵی (١٩٨٧ز) گەیشتە چەند کەسێک!!!

سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی زیاتر گوتی، ئەو شەڕە درێژخایەنانەی شارەکە تووشی بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەری سەختی بەسەردا بەجێهێشت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شارێکی سنوورییە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی کۆنترۆڵکردنی مین، شارەکە زیاتر لە ملیۆنێک تۆپ و مینی لەخۆگرتووە، ، لەکاتێکدا ژمارەی قوربانییەکانی گەیشتە سەدان کەس، جگە لە ئیستغلالکردنی لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە، سەرەرای ئەوەش ئێمە هیچ هەوڵێکمان نەبینیوە و نە بیستووە بۆ لابردنی ئەو مینانە، چ لەلایەن دەسەڵاتە بەرپرسیارەکانی عێراقەوە بێت یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

**ئەی پێویستی شارەکە چییە تاکو بۆ سەردەمی جارانی پێشووی بگەڕێتەوە ؟**

مەندەلی پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاترە، کە لەگەڵ پێگەی خۆی وەک قەزایەک بگونجێت نەک ناحییە، وەک دەزانین ڕژێمی پێشوو دوای ئەوەی قەزا بووە، کاریان کرد بۆ گۆڕینی بۆ ناحیە، گومانی تێدا نییە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی دوایی گۆڕانی ڕژێمی پێشوو پێشکەشی شارەکە کرا، زۆر کەم بوو بە بەراورد بەو وێرانکاری و ئاوارەیی و خراپ بەکارهێنانەی کە تووشی بوو، سەرەتا پێویستی بە دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و گوندی مۆدێرن هەیە، هەروەها بۆ هاندانی چالاکییە بازرگانییەکانی پێویستی بە کردنەوەی دەروازە سنوورییەکانی خۆی هەیە، کە تا ئێستا بە هۆکاری سیاسی نەکراوەتەوە، هەروەها پێویستی بە دامەزراندنی کارگە و کۆمپانیا هەیە بۆ نەهێشتنی بێکاری و دابینکردنی ژێرخانی شارەکە، ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە بە ئەنجام گەیشتووە بریتییە لە ڕاکێشانی (٣٠) کم کارەبا، قیرتاوکردنی (٢٠ کم) ڕێگاوبان و دروستکردنی (٨) قوتابخانە و دروستکردنی پرۆژەیەکی گرنگ، کە بریتییە لە بەنداوی مەندەلی لەسەر دۆڵی گەنگیر، کە بڕیارە ساڵی داهاتوو تەواو بێت، بە هەوڵ و تێکۆشانی نازەنین مەندەلاوی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و قیرتاوکردنی (٧,٥کم) ڕێگاوبان دروستکردنی (٦) وێستگەی پاڵاوتنی ئاوی خواردنەوە تەواو بووە، کە زۆر پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی شار.

**سەبارەت بە پێویستی مەندەلی بۆ پشتیوانی لە بواری کشتوکاڵدا، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی لە مەندەلی بە بە پەرۆشەوە وەڵامی دایەوە و وتی؛**

لە ساڵانی پەنجاکانەوە سەرەڕای ئەو شێوازە سەرەتاییانەی کە کشتوکاڵی مەندەلی بەکاری دەهێنن، دانەوێڵە و خورما و میوەی لیمۆ لە

دەرەوەی مەندەلی هەناردە دەکرێن و لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کشتوکاڵ دەستی بە دابەزین کرد، تا گەیشتە خاڵی سفر.

کشتوکاڵی مەندەلی پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و هەوڵی زۆر هاوئاهەنگ هەیە، **یەکەمیان** هەڵگرتنی دەستبەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکانە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەنجامدرا، **دووەمیش** قەرەبووکردنەوەی خاوەن باخەکانی میوە لەو زیانانەی بەریان کەوتووە و پشتگیری جووتیارانیان بکرێت بە دابینکردنی قەرزی ئاسان و دابینکردنی پێداویستی و تۆو و دابینکردنی ئامێرەکانی کشتوکاڵی مۆدێرن بۆیان و بیر هەڵکەنن بۆ ئەو ناوچانەی کە پێویستتانە.

## شەشەم : دیدار لەگەڵ مامۆستای بەڕێز و پەروەردەکار ئیبراهیم عەلی شەفی

چاوپێکەوتنەکە لەلایەن سوبحی مەندەلاوی لەساڵی ٢٠١٥ ئەنجامدراوە

مامۆستا ئیبراهیم لە گوندی بتکۆکەر لە ڕۆژهەڵاتی مەندەلی لە ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، پاشان پەیمانگای مامۆستایان تەواو کردووە، و زیاتر لە چل ساڵ لە بواری پەروەردەدا بەسەر بردووە، جا چ لە شاری مەندەلی بووبێت یان شارەکانی دیکە بووبێت، کە ئەو تێیدا دوورخراوەتەوە و تێیدا ژیاوە، تا دواجار لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و زۆرێک لەو کەسایەتیانەی کە ئەمڕۆ بەشداری لە خزمەتکردنی میللەتدا دەکەن، لە دەستی ئەو دەرچوون.

**ئێمە چاومان بە حاجی ئیبراهیم عەلی شەفی کەوت بۆ ئەوەی سەرەتا پێکەوە بە سەفەری یادەوەریی سیاسیدا تێپەڕین، هەروەها پرسیارمان لێکرد دەربارەی ڕێکخراوە نهێنییەکانی پێش ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لە مەندەلی، و ئایا تۆ ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوویت؟**

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە لە ساڵی ١٩٦٨ی زاینیەوە لە مەندەلی ڕێکخراوی سیاسی نهێنی هەبوون و منیش لەو ماوەیەدا لە گوندی بتکۆکەر لە ڕێگەی پرۆفیسۆری بەڕێز عەلی ئەسعەد ڕوستەم چەرمۆندیەوە شەرەفی ئەوەم هەبوو کە سەر بە ئەوان بووم، هەستی ناسیۆنالیستی و هۆشیاری سیاسی تایبەتمەندییەکی دیار بوو لەم شارە بچووکە بە قەبارە و بەرهەم گەورەیەوە.

**بە نزیکەیی لەو کاتەدا لە ڕێکخستنی نهێنیی چەند کەس دەبوون؟**

بۆ پاراستنی نهێنی ڕێکخراوەکە، ژمارەی ئەندامانی لە ٣٠ تێکۆشەر زیاتر نەبوون.

**- دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ز، ئێوە وەک سەرکردەی ڕێکخراوەکانی مەندەلی، چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەکی ڕژێم دەسەڵاتدار بوون؟**

- پێشبینیمان دەکرد کە ئەوان ڕازی نەبن، بەڵام سیاسەتی ئەمری واقع (دیفاکتۆ) و ڕێنماییەکانی سەرکردەکانیان بەسەریاندا سەپاند بەوەی لە مەندەلی هەیە، ڕازی بن. لەڕاستییدا دوای بەیاننامەکە و لە ڕۆژانی یەکەمیدا، سەخت بوو پی ڕازی بن، بەڵام دواتر ملکەچ بوون و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن لەنێوان ئێمە و سەرکردایەتی بەعس لە مەندەلی سازکرا.

**- تێڕوانینی سەرانی بەعس لە مەندەلی بەرامبەر بە سەرکردەکانی ناوچەی مەندەلی پارتی دیموکراتی کوردستان چی بوو؟**

ڕوانگەی ئاشکرایان سیاسەتی بێنە و بەردە بوو، بەڵام لە دڵیاندا بێزاری و شەڕ و سووکایەتیکردن  و قبوڵنەکردن هەبوو.

**- سیاسەتی بەعسییەکان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی لە مەندەلیدا چی بوو؟**

هەوڵی زۆریان دا و بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانەی شارەکە، بەو پێیەی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شارە کوردن، بە شێوەیەکی زۆرەملێ و ڕەگەزپەرستانە.

**چەند کەس لە مەندەلییەوە هاتنە ناو شۆڕشی کورد، شۆڕشی ئەیلول؟ ئایا تۆش یەکێک بوویت لەوانە؟**

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەندەلی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلولدا پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی قارەمانەوە کرد، ژمارەیان بە ٤٥٠ کەس مەزەندە دەکرا، بێگومان شەرەفی ئەوەم هەبوو لە کۆتا هەفتەی شوباتی ١٩٧٤دا پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد.

**ئەو نووسراو و بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە ڕێکخستنەکانتان لە ناوچەی مەندەلی لە کاتێکدا کە پەیوەندیتان بە شۆڕشی کوردەوە کردووە، چیتان لێکردوون؟**

بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی بەرپرسی ڕاستەوخۆی لقی پێنج، پرۆفیسۆر صالح یوسفی تێکۆشەر لەو کاتەدا، پێویست بوو نووسراو و بەڵگەنامەکان، هەروەها مۆری لیژنەی ناوچە، لەلای یەکێک لە ئەندامە تێکۆشەرەکانی لیژنەکە بێت، دەبێت نهێنی بێت و کە کەس نەدزانێت لای کێیە، من لەلایەن خۆمەوە پرۆفیسۆر حوسێن فەیزوڵام هەڵبژارد و هەموو نووسراوەکان و بەڵگەنامە نهێنییەکانم لەلای داناوە، هەروەها مۆری ناوچەشی لا بوو، بەهۆی باوەڕم پێیەوەیە و بە ئەزموونی من لەگەڵیدا کە شایەنی نهێنی و بەڕێوەبردنە.

**هەڵوێست و کاردانەوەکانتان دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٧٥ چی بوون؟**

- گومانی تێدا نییە کە نسکۆ وەرچەرخانێکی مەترسیداری بۆ هەمووان پێکهێنا، ئێمە بێزار و ناسەقامگیری و بە ئازار و بەر دڵتەنگییەکی گەورە کەوتین، سەرەڕای قەناعەتمان بەوەی کە گەلی کوردمان و سەرکردایەتییەکەی دەبێ سەرلەنوێ هەڵبستنەوە و ئەم ئومێدەش بەردەوام بوو، ئێمە بۆ هەر شوێنێک بچین، کە درک بە ڕاستی ئامانج و ئاواتەکانی ئەم گەلە گەورەیە دەکەین.

**ئێوە بە شێوەیەکی شەخسیی چۆن سەیری نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەکەن لەو ماوەیەدا؟**

- ڕژێمی شاهەنشایی ئێران تەماحی لە عێراقدا هەبوو، بەوەش ناوەستێت، لەوانە هێڵی تالووک تا شەتولعەرەب، لە کاتێکدا ڕژێمی بەعس لە ڕووبەڕووبوونەوەی  شۆڕشی کورد گەیشتبووە ئاستی ڕووخان، هەروەها بە دانپێدانانی سەرکردەکانیان، زلهێزەکانیش بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا هەبوو، هەموو ئەو هەڵوێستانەش گەلی کورد و شۆڕشەکەیان کردە قوربانی.

**- دوای  نسکۆ تۆ گەڕایتەوە عێراق، چیت بەسەر هات و دەسەڵات و ڕژێم چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردیت؟**

ڕاستەوخۆ دوای گەڕانەوەمان بۆ عێراق، لە شارۆچکەی مەندەلی خۆمان دەرکراین و ئاوارەی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بووین و ڕێگریمان لێکرا بگەڕێینەوە یان سەردانی مەندەلی بکەین.

**- هەڵوێستی خەڵکی ناوەند و باشوور چۆن هەڵدەسەنگێنن بەرامبەر بە ئێوە وەک کوردی گەڕاوە؟**

خەڵکی ناوەند و باشوور بە ڕەسەنایەتی و پیاوەتی و بەخشندەیی ناسراون و لە ڕووی مێژووییەوە، هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد و دۆزی کورد، بە تایبەت هەڵوێستی ئازا و بوێرانەی مێژوویی مەرجعی ئایینی سەید موحسین ئەلحەکیم، لە ساڵی ١٩٦٤دا کە بە ڕەهایی ڕەتیکردەوە فەتوا بدات بە شەڕ و کوشتار لە دژی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییەکەی و پێویستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسەکەیان، ئەم هەڵوێستە بوێرانەیە بەڵگەی برایەتی نێوان سەرجەم نەتەوە جۆراوجۆرەکانی عێراق بوو، ئەوان بە ڕێز و پێزانینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا ئێمە دەکرد لە هەموو گوند و لادێکان، وەک ئەوەی بەشێک بین لەوان، ئەوان کەسانی بەغیرەت و بەخشندە بوون.

**ئەی سەبارەت بە شەهیدانی شۆڕشی کورد لە شاری مەندەلی؟**

مەندەلی وەک هەموو گەلی کوردمان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلول و گوڵاندا، کاروانی شەهیدان و کەمئەندامانی زۆری بەخشی، لەگەڵ پێشمەرگەی قارەمان بەشداری زۆرێک لەو شەڕانەیان کرد کە لە دامێنی شاخ و دەشتەکانی کوردستان لە پێناوی دۆزی نەتەوەیی خۆیان ئەنجامدەدران.

**گومانی تێدا نییە کە تۆ خاوەنی کۆگایەکی گەورەی یادەوەری و هەڵوێستی لەبیرنەکراویت، ئایا جوانترینیان چیە؟**

- بەشداریکردنم لەگەڵ براکانم کە نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستانن لە مەندەلییەوە، ئەوانیش پرۆفیسۆر حوسێن فەیزوڵڵا، مستەفا محەمەد، جەلال حەیدەر و ئەحمەد حەمەد، لە کۆنفرانسی یەکێتییەکەدا لە دەڤەری چۆمان لە مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٠ ، گەورەترین خۆشیمان ناسینی سەرکردە نەمر مەلا مستەفا بارزانی بوو، دوای هەوڵ و سەختیەکی زۆر گەیشتینە ئەوێ، بارزانی نەمر پێداگری لەسەر ئەوە کرد، خواردنی نانی نیوەڕۆی لەگەڵدا بخۆین و ئەوە بەتامترین ژەم بوو، کە لە ژیانماندا هەمانبوو، سەرەڕای ئەوەی سادەییەکەی، وێنەی یادگاریمان لەگەڵ جەنابیان گرت، کە هەرگیز لەبیرمان ناچێت، ئەوەی پێی وتین. سڵاوی تایبەتی من بۆ خەڵکی خۆڕاگری مەندەلی بنێرن.

**ئەو زمانەی لە مەندەلی باوە چ زمانێک قسەی پێدەکرێت ؟**

گومانی تێدا نییە کە زمانی کوردی بە شێوەزاری لوڕی یان کەلهوڕی لە زمانی مەندەلیدا باڵادەستە، چ لە ناوەندی شار بێت یان لە گوند و لادێکانی لە ڕۆژهەڵات و باکوور و باشووریەوە بێت، سەبارەت بە دیوی ڕۆژئاواش زمانی عەرەبی بوو باڵادەستە، سەرباری بوونی زمانی تورکمانی و فارسی.

**- سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو و کاریگەرییەکانی شەڕی ئێران ـ عێراق، مەندەلییان کردە شارێکی کارەساتبار و وێرانە ، ئایا پێتوایە شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووی و ئاوەدان دەکرێتەوە؟**

- ئاوەدانکردنەوەی مەندەلی ئاسان نییە، چونکە پێویستی بە هەوڵ و پلانی گەورەی دەوڵەت هەیە و تەنانەت هەوڵی نێودەوڵەتیش بە هەمان شێوە، هەرچەندە هەوڵ هەیە چ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت یان لایەنەکانی تر، بەڵام بەس نین و پێمان وایە کە چارەسەری ڕاستەقینە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، شارەکە دەگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، وەک باقی شارەکانی هەرێم دەبێت، کە ئەمڕۆ دەبینین لە سایەی هەوڵەکانی کەسانی دڵسۆز لە حکومەتی هەرێمدا شارەکان لە چ پێشکەوتنێکدان.

**حەوتەم: دیدار لەگەڵ شێخ تەڵەب عەبدولکەریم شێخی خێڵی نەدا لە مەندەلی**

گۆڤاری مەندەلی: خاوەن ئیمتیاز مادح مەندەلاوی، سەرنووسەری سوبحی مەندەلاوی ژمارە (٢)، حوزەیرانی ٢٠٠٩ی زایینی.

گۆڤاری مەندەلی لەڕێگەی ئاراس مەندەلاویەوە چاوی بە شێخ تەڵەب عەبدولکەریم شێخی خێڵی نەدا کەوت و ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا سازکرد، زانراوە ئەم شێخە بەڕێزە لەبەردەم ئامادەبووانێکی بەرفراوانی خەڵکی مەندەلی وەستا و داوای کرد، کە شارۆچکەی مەندەلی بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

**سەرەتا چی دەڵێیت دەربارەی مەندەلی؟**

- مەندەلی یەکێکە لەو شارە کۆنانەی عێراق، کە دانیشتوانەکەی لە چەند نەتەوە و مەزهەبێک پێکهاتوون و بە تێپەڕبوونی کات ناکۆکییەکی بەرچاو لە نێوانیان و لە ڕێگەی ئەو سیستەمە سیاسی و فەرمانڕەوایە جۆراوجۆرانەی کە حوکمڕانی عێراقیان دەکرد نەبووە، ئێمە وەک دانیشتووانی مەندەلی شارۆچکەی مەندەلی بە دەستکە گوڵێک دەچووێنین، کە بۆنی هەموو گوڵەکانی لێبێت.

بەداخەوە برا کوردەکانمان بە تایبەتی خێڵی قەرەلوس لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە ڕاگوێزران لە شوێنی خۆیان و لەسەر زەویەکانیان و لە گوندەکانی خۆیان لە نەدا و دلفیە و جورانییە دەرکران، ژمارەیەک بنەماڵەی عەرەبیان لە شوێنەکانیان نیشتەجێ کرد. دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ زایینی، بە هۆی پەیوەندییە باش و کۆنی نێوان خێڵە عەرەب و خێلە کوردییەکان، هەموو زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان ڕادەستی خاوەنەکانیان لە خێلی قەرەلۆس بێ کێشە کرانەوە.

